


# پییەر بۆردیۆ

# و

# کۆمەڵناسیی فەلسەفی

# پییەر بۆردیۆ

# و

# کۆمەڵناسیی فەلسەفی

ڕێبوار سیوەیلی

هەولێر- ٢٠١٠

**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەڵاحەددین**
**و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**١٥**

ناوی کتێب: **پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسیی فەلسەفی**

نووسینی: **ڕێبوار سیوەیلی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە )**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **هەردی زیاد صاڵح (دەزگای موکریانی )**

نەخشەسازی ناوەوە: **هاوڕێ ساڵح**

**بەرگ: وریا بوداغی**

ژمارەی سپاردن: ( ٥٠٠ )

تیراژ: ( ١٠٠٠ ) **دانە**

چاپی یەکەم: ( ٢٠١٠ )

نرخ: ( ٤٠٠٠ ) **دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی موکریانی ( هەولێر)**

**هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە بۆ نووسەر پارێزراوە**

# ناوەڕۆك


**پێشەکی:** ئاشتکردنەوەی کۆمەڵناسی و فەلسەفە ............... (٧- ١٨)

**پییەر بۆردیۆ: کۆمەڵناسیی فەلسەفی** ....................... (١٩- ١٠٦)

کورتەی ژیان. مەعریفەتناسیی بۆردیۆ. ساتە گرنگەکانی دوالیزم. خودگەرایی دیاردەناسانە. بابەتگەرایی بونیادگەریانە. پڕۆژەی بۆردیۆ. کایەی کۆمەڵایەتی. هابیتوس. سەرمایە. سەرمایەی ئابووری، سەرمایەی کەلتووری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی ڕەمزی. توندوتیژی ڕەمزی. باڵادەستی نێرایەتی. بیرکردنەوە بە بۆردیۆ. سەرچاوە و پەراوێزەکان.

**کایەکانی دەسەڵات** ............................................ (١٠٧- ١٨٠)

(باسێکی تیۆری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ***حکومەت، خێڵ، شار و خێزان*** لە کۆمەڵگای کوردیدا.

میتۆد. چەمکی *فەلسەفەی سیاسی*، زەبروزەنگ. زەبروزەنگ و گوتار. چوارسنووری دەسەڵات. خێزان، شار/لادێ، خێڵ، حیزب/حکومەت. ئەنجام. سەرچاوە و پەراوێزەکان.

**قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی** ............................... (١٨١- ٢٢٦)

وردبینیی زاراوەکان. کێشە. لێبووردەیی/ توندوتیژی، شوێن وەك ڕێگر. کەلتووری زارەکی. شوێنی بەرتەسك و تەنگەبەر. بەعس و بەکارهێنانی شوێن. هووشیاریی لێبووردەیی. کایەی کۆمەڵایەتی. کایەی سیاسی، کایەی پەروەردەیی. ئەنجام. پەراوێز و سوەرچاوەکان.





**بەربەریەت و قارەمان** ......................................... (٢٢٧- ٣١٤)

( خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ دەستبەسەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالان )

پێشەکی. مۆدێرنیتە و بەربەریەت. قارەمانی کلاسیکی. کاراکتەری سیاسی. گرنگیدان بە تەکنەلۆژی. خەنجەر. ئۆتۆمبیل. ڕاگەیاندن و میدیاکان. جەستە و ئەخلاق. جەستەی قوربانی. دیلبوون لە ئاسمان، دیلبوون لە زەوی. دەستی بەستراو، چاوی بەستراو. بێهۆشکردن، کیمایی بارانکردن: بەتاڵکردنەوەی جەستە. بەجیهانیبوون. سوودوەرگرتن لە بۆردیۆ.

**ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات: دۆستن یان دوژمن؟** ................. (٣١٥- ٣٦٨)

دەستپێك. پەیوەندی و ململانێ. خاڵە هاوبەشەکان. کەشی دیموکراسی و گەشەی ئۆپۆزیسیۆن. ئۆپۆزیسیۆن و دەروەستی. ترس لە بەشداریی سیاسی. لێبووردەیی و لێکبووردن.

**کۆمەڵناسی لە قەیراندا** ......................................... (٣٦٩- ٤٠٢)

قەیرانی کۆمەڵناسی. بەرەوی کۆمەڵناسی. ململانێی بەشەکان. کۆمەڵناسیی ئێواران. نەبوونی کەرەستەی خوێندن. توێژکارەکۆمەڵایەتیەکان. دیواری ئەستووری نێوان زانستەکان. پشتگوێخستنی بەرهەمی کۆمەڵناسان. بەشی کۆمەڵناسی بەبێ میراتی کۆمەڵناسی. پلانی خراپ و دەستێوەردانی سیاسی.

# پێشەکی:
## ئاشتکردنەوەی کۆمەڵناسی و فەلسەفە

نازانم کێ و بە خولیای چییەوە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەو کەسەی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، پێویستە لەم پێشەکییەوە دەستپێکات و ئەگەر بابەتی پێشەکییەکە سەرنجی ڕانەکێشا، ئیتر پێویست ناکات خۆی ماندوو بکات و سەرجەمی بابەتەکان بخوێنێتەوە، چونکە کۆی بابەتەکانی ئەم بەرهەمە بابەتی کۆمەڵناسیانەن، بەڵام بەدیدێکی فەلسەفیانەوە. بۆیە یەکەم هەنگاومان بریتیە لە قسەکردن لەسەر ئاشتکردنەوەی کۆمەڵناسی و فەلسەفە، چونکە ئەم دوو بوارە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، لە ئەنجامی باڵادەستیی سیستەمێکی خوێندنی ئەکادیمی غەیرە ستاندارد، نەك هەر لێکدابڕ کراون، بەڵکو لەسایەی نادانییەکی بەردەوامدا وەکو نەیاری یەکتریشیان لێکراوە.

تەمەنی فەلسەفە لەچاو تەمەنی کۆمەڵناسیدا، وەك تەمەنی درەخت و بەرەکەی وایە. (وابزانم دیکارت یەکەم کەس بوو فەلسەفەی بە درەخت چوواند). درەختەکە زۆر لەپێش ئەوەی میوە دەر بکا، ڕەگوڕیشەی بەخاکدا ڕۆچووە و بەرەکەی ئەنجام و دەرهاویشتەی سەفەرێکی دوور و درێژە لە بوونێکی هێزەکییەوە بۆ بوونێکی کردەکی. بۆیە ئەگەر لە ئێستادا کۆمەڵناسیی بۆ ئێمە بوارێکی خۆش و گرنگ و پێویستە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە میوەی درەختێکی



دێرینەی وەك فەلسەفەیە و ڕۆحی فەلسەفیی لە دەمارەکانیدایە و پەیوەندیشیان بە هەمان شێوەیە: ئەگەر ڕەگوڕیشەی ئەو درەختە پتە و لەسەر خاکێکی بەپیت نەبێت، بەرەکەشی ناتوانێ ساخ و تەندروست بێت. لەبەر ئەوە کاتێ باس لە (ئاشتکردنەوە)ی کۆمەڵناسی و فەلسەفە دەکەین، تەنیا بیر لە ئاشتکردنەوەیەك دەکەینەوە کە بۆ زەمینەی کۆمەڵناسیی لە وڵاتی ئێمەدا شیاوە، نەك شوێنەکانیتر، چونکە بۆی هەیە ئەم گوزارەیە لە کەم شوێنی جیهاندا شیاو بێت و پێویست بێت. هەر لەبەر ئەوەش کاتێ باس لە ئاشتکردنەوەی ئەو دوو دیسپلینە دەکەینەوە، باس لە مەترسیدارترین ڕووداوێك دەکەین کە لە کۆمەڵناسی، ڕوویداوە و خودی ئەم کۆمەڵناسییە وەکئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، ئاگا و هووشیار نیە بەو ڕووداوە.

قسەکردن لەسەر ئاشتکردنەوە، بە مانای ئەوەیە (دابڕان) و (تۆران) و (پچڕان)ێك لە پەیوەندیی ناچاریانەی درەخت و میوەکەیدا ڕوویداوە. بە مانای ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵناسییەکمان هەیە و بەشی کۆمەڵناسیمان هەن، بەبێ فەلسەفە و بەبێ توێژینەوەی ورد و بوونی ئەو وانانەی کە جەخت لەسەر پەیوەندیی جەوهەریانەی کۆمەڵناسیی و فەلسەفە دەکەنەوە. ئەمەش مەترسیدارترین ڕووداوێکی زانستی و لە هەمان کاتیشدا کۆمیدیترین ڕووداوێکە، کە لەهەردوو باردا، ئەو پەیوەندییەش هیچ جێگرەوە و بەدیلێکی نیە.

دەكرێ بپرسین: كۆمەڵناسی كەی فەلسەفیی نەبووە؟ بە مانایەكتر: لە چ قۆناغێكی تەمەنی كورتی خۆیدا، كۆمەڵناسی، دوای جیابوونەوەشی لە فەلسەفە و بوونی بە دیسپلینێكی زانستیی سەربەخۆ لە سەدەی هەژدەهەمدا، توانیویەتی لە دەرەوەی فەلسەفە و و تێڕوانین و جیهانبینی فەلسەفیانە، هەبێت؟ گرنگترین گەورە كۆمەڵناسەكانی جیهان، لانیكەم لە دامەزرێنەرانی ئەم بوارە زانستیە، یا بواری پسپۆڕییان فەلسەفەیە، یان لە هەوڵی دامەزراندن و خەملاندنی بیرۆكەی فەلسەفیدا بوون، یاخود لە ژێر كاریگەریی فەیلەسووفەكاندا بوون. بەهەمان شێوە لە ڕووی میتۆدی و دەستەواژە و سیستەمی زاراوەییشەوە، كۆمەڵناسی و فەلسەفە بوارێكی هاوبەش و كایەیەكی فراوانی كاركردنیان هەیە. بۆیە هەر وەڵامدانەوەیەكی ئەو پرسیارەی سەرەوە، بە ئاراستەی جیاكردنەوە و لێكهەڵاواردن و سەربەخۆییكردنی كۆمەڵناسیی، لە فەلسەفە، جگە لە هەژارییەكی زانستیی و مەعریفی بۆ كۆمەڵناسی و بێبەشكردنی لە مێژوویەكی هاوبەش لەگەڵ فەلسەفەدا، جگە لە دابڕكردنی كۆمەڵناسی لە سەرچاوەیەكی هەرەگرنگیی تێگەیشتن و شیكاریی خۆی لە مرۆڤ و كۆمەڵگا، وەك دوو یەكەی هاوبەشی نێوان فەلسەفە و كۆمەڵناسیی و تەنانەت دەروونناسییش، هیچیتری لێناكەوێتەوە. هەڵبەتە هیچ یەكێ لەم قسانە بەمانای ئەوە نین كە كۆمەڵناسیی هیچ سەربەخۆیی و كایەیەكی تایبەت بەخۆی نیە، یان فەلسەفە لە ڕێگەی كۆمەڵناسییەوە خۆی دەردەبڕێ، بەڵكو بەمانای ئەوەیە كە ونبوونی (كایەی هاوبەش)ی نێوان كۆمەڵناسی و فەلسەفە، لە ڕووی مەعریفی و



پەروەردەیی و میتۆدییەوە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لە پسپۆڕی، كە هەم لە ڕووی فەلسەفی و هەم لەڕووی كۆمەڵناسییەوە، لاسەنگ و لاواز و بێ بناخەیە.

ونبوونی هەڵقەی پەیوەندیی نێوان كۆمەڵناسی و فەلسەفە، نێوان فەلسەفە و مێژوو، نێوان فەلسەفە و دەروونناسی، لە بەشە زانستییەكانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستاندا، وایكردووە هەر یەكێ لەو بەشانە لە هەژارییەكی مەعریفیدا، بەسەر بەرن و هەر ساڵەی دەستەیەك لە قوتابیان و خوێندكاران لەو بەشانەوە دەربچن، كە سەرچاوە و تیۆرە و میتۆدی ئەكادیمیكیانەی ئەو بەشەی لێوەی دەرچوون ئاستێكی ستانداردی ئەوتۆی نەبێت. بەجۆرێ لە داهاتوودا، كۆمەڵە "پسپۆڕ"ێكی ئەو بوارانەمان بۆ پێدەگەن، كە جگە لەبەرهەمهێنانەوەی ئەو ئاستە لە ئەكادیمیەت و لە زانست كە لێرە فێری بوون، هیچ شتێكی تریان لێچاوەڕوان ناكرێت. ئەوانە لە سەدا پێنجی كاتی خوێندنیان لە بواری كایەی هاوبەشی كۆمەڵناسی و فەلسەفەدا نەخوێندووە و قەیرانی هەرە گەورەش لەوێوە دەستپێدەكات، چ بۆخۆیان و چ بۆ كۆمەڵناسی. لەبەر ئەوە، لە ئێستادا و بۆ كەشی زانست لە دواڕۆژی ئەم هەرێمەدا، هیچ شتێ لەوە گرنگتر و پێویستتر نیە كە سەرلەنوێ ئەو پەیوەندییەی نێوان فەلسەفە و كۆمەڵناسی لە بەشە زانستیەكانی زانكۆكانی ئێمەدا چالاك بكرێتەوە و دروستبكرێتەوە. گێڕانەوەی ڕۆحییەتی فەلسەفی و مەنهەجیەتی فەلسەفی و بنەما فەلسەفییەكان بۆ بەشەكانی وەك

کۆمەڵناسی، مێژوو، دەروونناسی و پزیشکی و شوێنەوار و کاری کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن، وەڵامێکی جیدی دەبێت بۆ داهاتووی ئاستی زانستی لە هەر یەکێ لەو بەشانەدا.

***کۆمەڵناسیی فەلسەفی*** ناوی ئەم کتێبەیە کە تیایدا بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی تەرخانکراون بۆ یەکێك لە کۆمەڵناسە هەرە گرنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، کە ئەویش **پییەر بۆردیۆیە**. ناوی ئەم کتێبە بەیادهێنانەوەی ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان کۆمەڵناسی و فەلسەفەیە، کە بۆردیۆ زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە. ئەمەش نەك هەر لەبەرئەوەی بۆردیۆ بۆخۆی فەلسەفەی خوێندبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی دواجار بە بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی فەلسەفیانەوە، تەماشای بابەتی توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانی خۆی دەکرد. ژمارەیەکی زۆر لەو زاراوانەی لە شییکردنەوەکانیدا بەکاردەهێنان، تایبەتبوون بە فەلسەفە و ئەویش بۆچوون و ڕاڤەکۆمەڵناسییەکانی خۆی پێدەوڵەمەند دەکردن.

بەمجۆرەش ئەم کتێبە لەبەر ئەوە ناوی ***کۆمەڵناسیی فەلسەفی*** نیە، چونکە دیسیپلینەکانی وەها بوارێك بە خوێنەر دەناسێنێ و پێماندەڵێت: کۆمەڵناسیی فەلسەفیی چیە؟، بەڵکو کتێبێکە لە شیکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیدا، تێڕوانینێکی فەلسەفیی ئامادەیە تا بوار بۆ خوێنەر بڕەخسێنێت، ئەو شتەی تێگەیشتنی ئاسان نیە، ڕوونتر و خۆمانەیی تر بکات. تاکو لەکاتی



قسەکردنیدا لەسەر بکەری کۆمەڵایەتی[1] و بڕیار و هەڵبژاردنەکانی، بیرمان بخاتەوە ئەم بکەرە کۆمەڵایەتیە مرۆڤێکە و هەر کارێك دەیکات سرووشتێکی مرۆڤانەی لە پشتەوەیە، کە لە هابیتوس و خووپێوەگرتن و میراتی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەکەیەوە، سەرچاوەی گرتووە. مرۆڤیش لە جیهانی کۆمەڵایەتی خۆیدا، یان بۆردیۆییانەتر: (خود)یش لە دنیای (بابەت)یانەدا، لە ناو تۆڕێکی بەرفراوانی **پەیوەندی و دەسەڵاتدایە**، کە ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و پاراستنی **پێگەی** خۆی دەکات. لێرەشەوە، ئەم کتێبە دەخوازێ کتێبێکی بۆردیۆییانەیە بێت و لە نمونەی خۆی و لەناو زمانەکەماندا

---

[1] هەڵبەتە بۆردیۆ لە جیاتی ئەکتەر(acteur)، خود(sujet)، تاک(individu)، هتد، زاراوەی بکەری کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت و بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت: «دەمەویست ئەو بکەرە کۆمەڵایەتیەی کە لیڤی ستراوس و بونیادگەرایەکان، بە تایبەتی ئاڵتۆسیر، لە هەوڵی سڕینەوەیدا بوون و دەیانویست بیکەن بە سێبەری بونیادەکان، بخەمەوە نێو واری سۆسیۆلۆژیاوە. دیارە، کردە تەنها پەیڕەوکردنێکی سادەی ڕێساکان یان تاعەتکردنیان نییە. بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، لە کۆمەڵگا بەراییەکان و لە مانەی ئێستاشماندا، کۆمەڵێ ڕۆبۆت نین، کە لە چەشنی کاتژمێرەدا قورمیشکرابن بە پێی ڕێساکان و بە پێی یاساگەلێکی میکانیکی کە لە دەرەوەی ئاگایی ئەوانە، ڕەفتار بکەن»، «بکەرە کۆمەڵایتیەکان خودێکی بە کۆمەڵایتیکراون»، واتە کەسانێکن جگە لەوەی بە پێی هابیتوسێک یان کۆمەڵێ ئامادەگی بەرجەستەکراو کاردەکەن و ئاراستە دەکرێن دواجار بکەرگەلێکی خەسیو و گەمژە نین بەڵکو خاوەن ستراتیژ و توانستی خۆگونجانن لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا. بڕوانە:

١. پییەر بۆردیۆ، شتە وتراوەکان، پاریس، چاپخانەی منوی، ١٩٨٧، لا، ١٩.
٢. پییەر بۆردیۆ، وڵامەکان، پاریس، منوی، ١٩٩٢، لا،٩٧. (تێبینی کاک هەردی جاسم، فەرەنسا).

هەوڵدانێکی دەگمەنە کە ویستبێتی پەیوەندیی دابڕاوی نێوان فەلسەفە و کۆمەڵناسیی کەمێ ئاشتبکاتەوە.

بیرکردنەوەی بۆردیۆییانە و بیرکردنەوە بە کەرەستە تیۆرییەکانی بۆردیۆ، لە دنیای ئێمەدا بایەخێکی تایبەت و گرنگیی هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکین بە قۆناغی گواستنەوەی کەلتووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕ دەبین، کە **ململانێیەکی** چڕ لە نێوان ***کایە کۆمەڵایەتییەکان*** و **سنوورەکانیاندا** هەیە لەسەر خۆ***جیاکردنەوە***یان لە یەکتر و لە نێوان ئەندامانی پیری خاوەن **سەرمایەی ڕەمزی** و ئەندامانی نوێی گەنجی کەم سەرمایەی هەمان پانتاییشدا لەسەر پاراستن و تووڕدانی بەها کۆنەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. ئەمە جگە لەوەی لە ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، هەوڵدانێکی چڕ لە ئارادایە بۆ دروستبوونی ***تاکایەتی*** و ***خودێتی*** و ڕزگارکردنی لە میکانیزمە کۆنەکانی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ***بەسرووشتیبووی*** ناو جەستەی ***بکەری کۆمەڵایەتی*** و ناو پەیوەندیی دامەزراوەیی وڵاتەکەمان. ئەم خودێتیە بەبێ ئاشکراکردنی ئەو ***پەیوەندییەی*** لەگەڵ واقیعدا هەیەتی و بەبێ کەشفکردنی ئەو میکانیزمانەی کە جۆرە جەبرییەتێك لە ئاست بکەری کۆمەڵایەتیدا بە واقیع دەبەخشن، لەداییك نابێت. ئەوە هەمان جەبریەتیشە کە بەهۆیەوە خودێتی و تاکایەتی مرۆڤ سەرکوت دەکرێ و نۆرمەکانی خۆی لە (***هابیتوس***) و



جەستەیدا بە شێوەیەکی سرووشتی لە ڕێگەی دیسیپلینی سیاسی و پەروەردەیی و ئایینییەوە دووبارە و سەدبارە بەرهەم دەهێنێتەوە.

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆکەی ئێمەدا، کە کۆمەڵێك پارەدار و خاوەن کۆمپانیا کاریگەریان لەسەر داڕشتنی سیاسەتی وڵاتەکە هەیە و بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنی سەرمایە ئابوورییەکانیاندان، بەردەوام تەقەلا دەکەن بۆ گۆڕینی سەرمایەی ئابووری بۆ سەرمایەی ڕەمزی و بەدەستهێنانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی زیاتر، بۆردیۆ یارمەتییەکی باشمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی ئەم سەودا و مامەڵە و گۆڕانکاریانە و ڕەهەندی شاراوەی زۆرێك لەو پەیوەندیانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەتا ئێستا وامان دەزانی ئاسایی و سرووشتین. بە کورتی: لە ئێستادا خودی کوردی سۆژەیەکی بارگاوی بووە بە هابیتوسێك، کە گۆڕینی ئاسان نیە، بەڵام لە هەوڵی گۆڕانیدایە. بۆردیۆ و بیرۆکەکانی یارمەتییەکی زۆرمان دەدەن، بۆ تێگەیشتن لەو هەوڵانە و چۆنێتی گۆڕانیان لە ئاستی تاکەکەسی و کایە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا.

وێڕای ئەو بەشەی کتێبەکەمان، کە تایبەتکراوە بە هزر و تیۆرەکانی پییەر بۆردیۆ، ئەوە لە سەراپای لێکۆڵینەوەکانی ئەم کتێبەدا بۆردیۆ و سیستەمە زاراوەییەکەی ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە وێڕای ئەوەی توێژینەوەکان لەماوەی جیاواز جیاوازدا نووسراون و ماوەی زەمەنیی چەند ساڵە لێکتریان دوور

دەخاتەوە، کەچی لە زاویەی دید و بۆچوونەوە کاریگەریی بۆردیۆ بە هەموویانەوە دیارە و دیدی ڕاڤەکاریانە و ڕەخنەیی بۆردیۆ ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە. جا ئەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانییەوە بێت، یان قسەکردن بێت لەسەریان، یاخود کارکردن و بیرکردنەوە بێت لە چوارچێوەی تیۆرە و زاراوەکانیدا. ئەمەش ئاشکرای دەکات، *من بەبێ ئەوەی بەخۆمم زانیبێ، یان ویستبێتم، بەباش، یان بە خراپ و (بە لێحاڵیبوونەوە، یان بە شێواوی)، بوومەتە* ***بۆردیۆیی*** *و تا ئاستێك لە ڕوانگەی ئەوەوە تەماشای جیهانی کۆمەڵایەتیم کردووە.* بەم مانایەش بیرکردنەوەی بۆردیۆ لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە، هەمان کاریگەریی لەسەر من و فۆرمگرتنی **هابیتوسی مەعریفیانەمدا** هەبووە، کە بۆردیۆ لە شیکردنەوەکانیدا لەسەر سیستەمی پەروەردە، ئاشکرای کردووە چۆن ئەم سیستەمە بەهاکانی دەسەڵات لە هابیتوسی گشت ئەو تاکەکەسانەدا دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە، کە بە فیلتەرەکانی ئەو سیستەمەدا تێپەڕیون.

بەڵام ئایا من بەهۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەوە دەمەوێت چی بکەم؟ بێگومان دەمەوێت لە بەرهەمهێنانەوەی هابیتوسی مەعریفیانەی بۆردیۆییدا بەشداریی بکەم، تاکو ئەمە یارمەتیدەرێك بێت بۆ ئەو خوێنەر و قوتابیانەی دەیانەوێت بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز لەوەی لە زانکۆکان و بەشەکانی کۆمەڵناسیدا دەیخوێنن، لە



جیهانی کۆمەڵایەتی خۆیان تێبگەن. بەڵام نامەوێت بەهۆی ئەم کتێبەوە کەس بکەمە بۆردیۆیی، چونکە لە جیهانێك و لەناو کایەیەکی لاوازی وەك کایەی کۆمەڵناسیی وڵاتی ئێمەدا، کە تیۆرەکانی کۆمەڵناسیی و هزرەکۆمەڵایەتیەکان کەمترین بایەخیان پێدەدرێت و خەڵکانی نەشارەزا دەیانلێنەوە، بۆردیۆیی بوون هیچ مانایەکی نیە، جگە لەوەی هەڵبژاردنێکی مەعریفیانەیە بۆ شیکردنەوەی کایە و کایە کۆمەڵایەتیەکان و ململانێی نێوانیان.

ڕەنگە لە بواری زانست و هزری ئەکادیمیشدا، کە پڕە لە مۆدیل و تیۆری جیاواز، هەڵبژاردنی مەعریفیانە، دیموکراسیترین و ڕاستەقینەترین شێوازێکی خزمەتگوزاری بێت بۆ ئەو خوێنەرانەی عەودالی تێگەیشتنێکی جیاوازن لە جیهانی کۆمەڵایەتی خۆیان. هەڵبژاردنی من بۆ تیۆرە و سیستەمی بیرکردنەوەی بۆردیۆییانە بەدەر نیە لە ئەگەرێکی تیۆری کە بوارمان دەداتێ هەمان شێوازە بیرکردنەوە و پەیوەندی دەسەڵاتمەندانە لە نێوان تیۆری و بابەتی توێژینەوەودا بەسەر بۆردیۆ خۆیشیدا پراکتیزە بکەین و بە چەمك و زاراوەکانی خۆی، ڕەخنە لە بۆردیۆ بگرین.

لە کاتی کارکردنم لەسەر ئەم بەرهەمە، زۆرێك لە کەسان و دڵسۆزان لەگەڵمدا ماندوو بوون، کە تەنیا بە ناوهێنانیانیشیان بێت وەڵامی ئەو

پێزانینە دەدەمەوە، کە لە ئاستیاندا هەستی پێدەکەم، بەڵام ئەوان شایانی لەوەش زیاترن:

خاتوو لوسی داڤیس، کاتێ لە کۆپنهاگن و کۆتایی نەوەدەکاندا، زۆربەی کاتمان بە گفتوگۆ لەسەر سلاڤۆی ژیژەك و پییەربۆردیۆوە بەسەر دەبرد. مراد حەکیم، قوتابی دکتۆرا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، کە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لە هەر کەس زیاتر هاندەرم بووە بۆ پەرەپێدان بە بیروڕا کۆمەڵناسییەکانم.

سوپاس و پێزانینێکی تایبەت ئاراستەی ئاهەنگ تەڵعەت کاوانی دەکەم، کە هەمیشە یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی لە کەشێکی ئاسوودەدا کارەکانم بکەم و لە پەیداکردنی زۆرێك لەو ماتەریاڵیانەی بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانم بەکاریاندەهێنم، کۆمەکم بکات.

هەریەك لە بەڕێزان هیوا حاجی، سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێژی ئەدەبیات و نەوزاد جەمال مامۆستای بەشی فەلسەفە لەهەمان کۆلێژ، چەنددانەیەکی لێکۆڵینەوەکانیان پێش بڵاوبوونەوە ڕەخنەکردوون و جێی خۆیەتی لێرەدا سووپاسیان بکەم. کاك هەردی جاسم، قوتابی دکتۆرا لە فەرانسە، زەحمەتی خوێندنەوەی سەراپای بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی کێشا و چەند تێبینییەکی گرنگی لەسەر باسەکە، نووسی کە هەر بەناوی خۆیەوە و لە پەراوێزدا هێشتمنەوە.



هیوادارم ئەم بەڕێزانە ڕەنگدانەوەی زەحمەتەکانیان لە ناو بابەتەکانی ئەم کتێبەدا ببیننەوە.

ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی باش لە قوتابیانی زانکۆ بەشێوەی جیاواز هاوکارم بوون و هاندەری سەرەکییم بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە، کە پاشتر چەند بەرهەمێکی دیکەشی بەدوادا دێت، وەك کتێبی (***وانەکانی مێژوو و هزری کۆمەڵایەتی، پێش سوکراتیەکان، هیراکلیتۆس و گەڕان بەدوای ناسنامەدا و ئاگۆستین: فەلسەفە و باوەڕ***).

لە کۆتاییدا دەبێت سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەردوو پرۆفیسۆر د. موحسین محەمەد حسین و د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، دابنەوێنم لە ئاست ئەو گرنگیدانەیان بە کارەکانی من، بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکەم لەسەر "*پێشزەمینەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری*" و "*کایەکانی دەسەڵات*". لەناو دنیایەکی ئەکادیمیکی وشکبوودا، ئەوان تاڤگەن و وشکەساڵی ناناسن. تەمەنیان درێژ و سەربەرزییان هەمیشەیی.

ڕێبوار سیوەیلی

٢٠١٠، کوردستان

# پییەر بۆردیۆ:
## کۆمەڵناسیی فەلسەفی

### کورتەی ژیان:

کاتێك پییەر بۆردیۆ (١٩٣٠–٢٠٠٢) کۆچی دواییکرد، هیچ پلە و پێگەیەکی زانستیی کۆلێژ دوفرانسی پاریس نەمابوو، پێی نەگەیشتبێ. بەڵام ئەوە ئەنجامی هەوڵدانێکی زۆری مرۆڤێك بوو، کە دەیویست بە جۆرێکی تر بیر لە سۆسیۆلۆژیا بکاتەوە و خەباتێکی زۆریکرد بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەتناسییەکی سۆسیۆ/فەلسەفی لەسەر کۆمەڵگا و مرۆڤ و پانتایی پڕنەکراوەی نێوانان.

کۆلێژ دو فرانس لە ساڵی ١٥٣٠ دامەزراوە، کە ئەرکی سەرەکیی خۆی، نەك لە وتنەوەی **"زانستە جێگرتووەکان"**، بەڵکو لە گرنگیدان بە **"زانین لە دۆخی بەرجەستەبوون"**دا، دەستنیشانکردووە و درووشمی ئەم کۆلێژە بریتیە لە **"شوێنێ کە هەموو شتێکی تێدا دەگوترێتەوە"** (بۆردیۆ: ٢٠٠٩، ل: ٧). بۆردیۆ ساڵی ١٩٨١ یەکەمین وانەی خۆی لەو کۆلێژەدا پێشکەش کرد.

پییەر بۆردیۆ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ لە شاری (دینگون)، کە شارۆچکەیەکی هەرێمی (بیارن)، لە خوارووی خۆرهەڵاتی فەرانسە هاتۆتە دنیاوە. باوکی کارمەندی دەوڵەت بوو لە پۆستخانە و لە ناوچەیەکی لادێنشین دەژیان، بەڵام ئەوان بە بنەماڵە پتر وردەبۆرژوا بوون، تا گوندنشین. لە ساڵی ١٩٥٠ لە پاریس و قوتابخانەی نورماڵ



سۆپەریۆر دەیخوێند و بە نمرەی زۆر بەرز، بەشی فەلسەفەی تەواو کرد (جنکینز: ٢٠٠٦، ل: ٣٩).

لەو کاتەدا دوو شت زۆر ئازاری بۆردیۆیان دەدا، یەکەم ڕۆحی وشك و دەسەڵاتخوازانەی جۆری ئەو وانانەی لەو قوتابخانەیە دەگوترانەوە و ئەمەش وایلێکرد بڕیار بدات باسی دەرچوونەکەی نەنووسێت. دووەم، ئەو گووشارەی لەلایەن شەپۆلی ستالینیستییەوە دەخرایە سەریان و ئەمەش ناچاریکردن لەگەڵ جاك دێریدا و ئەوانیتردا، کۆمیتەیەکی بەرگریکردن لە ئازادی دابمەزرێنن، کە بووە جێگەی ناڕەزایی دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی نۆرماڵ سۆپەریۆر (جنکینز: ٢٠٠٦، ل: ٤٠).

بۆردیۆ هەر لەسەرەتاوە بەدبین بووە بەرامبەر کەشی ڕۆشنبیریی فەرانسەیی و بە پێچەوانەی زۆرینەی هاوڕێ و هاوتەمەنە ئەکادیمیەکانی خۆیەوە، هەرگیز نەبووە ئەندام لە حیزبی کۆمۆنیستیی فەرانسەدا (شویرە&فونتن: ٢٠٠٦، ل: ١١). ساڵی ١٩٥٦ خزمەتی سوپایی دەستپێکرد و بۆ ماوەی دوو ساڵان لە جەزائیر و لەژێر ئالای سوپای فەرانسەدا مایەوە. بەرهەمی ئەم ماوەیە کتێبێکە بەناوی (***کۆمەڵناسیی جەزائیر ١٩٥٨***)، کە تیایدا باسی نەهامەتیەکانی خەڵکی جەزائیر لەلایەك و ئەو فەرانسەییانەی نیشتەجێی ئەو وڵاتەبوون و گوزەرانیان لە جەزائیرییەکان خۆشتر نەبوو، دەکات.

بۆردیۆ لەپاش ئەم بەرهەمەی هێشتا بۆ ماوەی دوو ساڵی تر لە جەزائیر مایەوە و لە ساڵی ١٩٥٨ تاکو ١٩٦٠ لە کۆلێژی ئەدەبیاتی

زانكۆی شاری جەزایر، دەبێتە مامۆستای یاریدەر و وانە دەڵێتەوە. پاشان (لە ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕانەوەیدا بۆ فەرەنسا دەبێتە یاریدەدەری ریمۆن ئارۆن لە زانكۆی پاریس. دواترش سكرتێر لە "سەنتەری سۆسیۆلۆژیای ئەوروپی". دوای ئەمە لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٦٤، دەبێتە مامۆستای وانەبێژ (مێتر دو كۆنفێرانس) لە زانكۆی لیل و بە هاوتەریبی ئەمەش بەردەوام دەبێت لە وتنەوەی وانەكانی لە زانكۆی پاریس. لە ساڵی ١٩٦٤یشەوە تا ٢٠٠١، بۆردیۆ دەبێتە مامۆستا لە "قوتابخانەی خوێندنی باڵا لە زانستە كۆمەڵایەتییەكان" و لێرە دەمێنێتەوە تا دوا ساتەكانی ژیانی، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٨١ شەوە وەك پرۆفیسۆر لە "كۆلێژ دو فرانس" دەناسرێ و وانە دەڵێتەوە. هەڵبەتە، لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی قوتابیان لەگەڵ رێمون ئارۆن پەیوەندیەكانیان تێكدەچێت و جیادەبنەوە. بۆیە لە هەمان ساڵدا، بۆردیۆ "سەنتەری سۆسیۆلۆژیای پەروەردە و كولتور" دادەمەزرێنێت. پاشان، بۆردیۆ لە ساڵی ١٩٨٥ سەرۆكایەتی "سەنتەری سۆسیۆلۆژیا ئەورپا" ش دەگرێتە دەست. ئەم دوو سەنتەرە بەم شێوەیە هەریەكەیان بە سەربەخۆیی دەمێننەوە و تا ساڵی ١٩٩٧، كە لە سەر داوای "سەنتەری نیشتمانی لێكۆڵینەوەی زانستی (CNRS)" هەردووكیان یەكدەخرێن و لە ژێر ناوی "سەنتەری سۆسیۆلۆژیای ئەوروپا" بەردەوامی بە كارەكانی دەدات.. ئەم سەنتەرە ئێستا لە



بەردەوامیدایە و لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لەلایەن مەدام جیزێل ساپیرۆ، كە یەكێكە لە قوتابیەكانی بۆردیۆ، دەبرێت بەڕێوە. دیارە شوێنكەوتوانی بۆردیۆ ئەم سەنتەرە بە درێژكراوەی ئەوەی ئارۆن نازانن بەڵكو بەوەی لە ساڵی ١٩٦٨دا لە لایەن بۆردیۆوە دادەمەزرێنرێت.) (جنكینز: ٢٠٠٦، ل: ٤٠–٤١). ا)[1]

سەرجەمی بەرهەمی بۆردیۆ، لە بواری كۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و فەلسەفەدا نزیكەی ٣٧كتێب دەبێت، كە ئەو لە میانەی سەفەرێكی مەعریفی دوورودرێژدا لەگەڵ هاوڕێ و هاوكارەكانی بەرهەمی هێنان. ڕاستە بۆردیۆ لە جەزائیر وەك مرۆڤناسێك، دەستی بە توێژینەوەكانی كرد و لە كۆلێژ دو فرانس بووە مامۆستای كۆمەڵناسی، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو دواجار لە ژێر كاریگەری، فەیلەسووفان و بیرمەندانی وەك (پاسكاڵ، لایبنز، كانت و ڤیتگنشتاین)دا وەكو فەیلەسووفێكیش مایەوە. پەیوەندیی بۆردیۆ بە هەندێ بابەتی فەلسەفیی وەك (زەین، هۆكارمەندی، هابیتوس، خودێتی و ..)، بەردەوامییاندا بە گوتارێك، تا یەكبوونێكی بابەتیانە ببەخشێتە كارە ئەزموونگەرا جۆراوجۆر و پەرتەوازەكانی. (جنكینز: ٢٠٠٦، ل: ٤٢). هەر ئەو تێڕوانینە فەیلەسووفانەیەشی بۆ جیهان، لە پشت گرنگیدانەكانیەوەیەتی بە مەعریفەتناسی و میتۆدۆلۆژی، كە دوو كۆڵەكەی گرنگیی تیۆرەكۆمەڵناسییەكانی بۆردیۆن.

[1] ئەوەی لەناو كەوانەكەدایە لەلایەم كاك (هەردی جاسم)ـەوە زیادكراوە.

## مەعریفەتناسی بۆردیۆ:

دانەیەك لەو پێوەرانەی کە پێویستە بەهۆیەوە تیۆرەی بۆردیۆ هەڵبەسنگێنرێت، هەر ئەو ئامانجەی خۆیەتی بۆ تێپەڕین لە دوانەی خودگەرایی و بابەتگەرایی، کە دەیویست بەهۆی ئەو تێپەڕاندنەوە کۆمەڵناسییەك دابمەزرێنێ تا بتوانێ بەشێوەیەکی پێویست بۆشایی نێوان تاکەکەسی بکەر و بونیادی کۆمەڵایەتی پڕ بکاتەوە. هەندێك گوتویانە بۆردیۆ لەمەدا شکستی هێناوە، بەلاّم تێکشکانێکی سەرنجڕاکێش و کاریگەربەخش (جنکینز: ٢٠٠٦، ل: ١٤٥)

یەکێك لە جەنجاڵترین گفتوگۆکانی فەلسەفە و بیری ئەورووپی و خۆرئاوا بەگشتی و، یەکێ لە کۆنترین ئەو کێشانەی هەمان فەلسەفەی بەخۆیەوە خەریککردووە، کێشەی نێوان خود(subjekt)و بابەت (objekt)ـە. ئایا تاك ژیانی خۆی لە کۆمەڵگادا دروست دەکا، یاخود ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی تاکەکانی تیا لە دایك دەبن چارەنووسیشیان دیاری دەکات؟

ئەم پرسیارە هەموو دوالیزمی بیری خۆرئاوایی، بیرێ کە دوو هێزی سەرەکی دەکاتە هۆکاری دروستبوونی جیهان، لە خۆیدا چڕدەکاتەوەو بە درێژایی چەندین ساڵ فەیلەسووف و کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکانی بەخۆیەوە خەریککردووە. لە بواری سۆسیۆلۆژیشدا چەندین (نەریت و پێوەر)ی جیاواز هەن کە لە پێناوی ڕوونکردنەوەی هەمان مەبەستدا بەکاردەهێنرێن. ئەو پێوەرانە بریتین لەو نەخشەو



مەرجانەی دەیسەلمێنن (کاری زانستی) چییە و چۆن کارێك (زانستی) بوونی خۆی دەسەلمێنێ. لەناو ئەمانەدا دوو ئاڕاستەی سەرەکی هەن کە لە زۆر ڕووەوە لە مەسەلەی تاك و کۆمەڵدا بە پێچەوانەی یەکترەوە ئیشدەکەن: ئەو دوو ئاڕاستەیەش بەشێوەیەکی گشتی لەژێر ناونیشانی خودگەرایی (سەبژەکتیڤیزم)و بابەتگەرایی (ئۆبژەکتیڤیزم)دا پۆلێن دەکرێن.

پییەر بۆردیۆ، سۆسیۆلۆژی بەناوبانگی فەرەنسی یەکێکە لەو کەسانەی لە ساڵانی شەستەوە تا ئێستا[1] لە چەندین بواری جیاوازی کۆمەڵگاکانی کۆڵیوەتەوەو بەهۆی کارە تیۆریەکانیەوە گۆڕانی گەورەی بەسەر نەخشەی سۆسیۆلۆژیادا هێناوەو بەیەکێ لە وردبینترین سۆسیۆلۆژە هاوچەرخەکان دادەنرێت، کاتێکی زۆری بۆ تێپەڕین لەم دوانەیە تەرخانکردووە. یەکێك لەو سەرنجانەی کە خوێنەر لەکاتی خۆئامادەکردنیدا بۆ خوێندنەوەی بۆردیۆ لەلای دروستئەبێ، بریتییە لەسەرنجڕاکێشانی بۆ حوکمی ئەو کەسانەی پێشتر لەسەر بۆردیۆیان نووسیوەو لەخانەی ئۆبژەکتیڤیزم دا پۆلێنیان کردووە. بەلاّم بۆردیۆ بۆخۆی جەخت لە سەر شتێکی تر دەکات و ڕێگەنادات هەروا بەئاسانی لەیەکێك لەو دوو ئاڕاستەیەدا خانەنشین بکرێ. کەواتە هێڵی سەرەکی ئەم باسەی لێرەدا وەکو سەرەتایەك بۆ ناساندنی بۆردیۆ بە خوێنەری کورد دەیخەمەڕوو،

[1] ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی ١٩٩٥دا نووسراوە.

بریتیە لەوەی تا ئەندازەیەك ڕوونی بکەمەوە، ئایە بۆردیۆ لەکوێی مشت و مڕی نێوان خودگەرایی و بابەتگەراییدا وەستاوە؟ ئەمەش بەناچاری دەمانخاتە بەردەم پێناسە و ڕوونکردنەوەی هەردوو ئاڕاستەکە، ئەویش تا ئەو شوێنەی لێرەدا پێویستمان پێیەتی. باجارێ لەبۆردیۆ خۆی بپرسین بزانین ئەو کارەکانی خۆی لەکوێدا جیادەکاتەوە:

**«گەر کارەکانم بە دوو وشە پێناسە بکەم، وەك ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرێك دەیکەن و ناودێریان بکەم، ئەوا لە دروستکەریی بونیادگەر یان بونیادگەرای دروستکەر، دەدوێم. هەڵبەتە، وشەی بونیادگەرایی بە مانایەکی زۆر جودا لەوەی لە ترادیسیۆنی سۆسێریدا، یان لێڤی شتراوسدا، پێیبەخشراوە، بەکار دەهێنم. بەهۆی بونیادگەرایی یان بونیادگەر، دەمەوێت بڵێم کە لە خودی دونیای کۆمەڵایەتی خۆیدا، نەك هەر تەنها لە نێو سیستەمە ڕەمزی، زمانی، ئەفسانە... هتددا، بونیادگەلێکی بابەتی هەن کە لە دەرەوەی ئاگایی و ویستی بکەرەکانن و هاوتا توانادارن لە ئاڕاستەکردن و ئیجبارکردنیان لە نێو پراکتیك یان وێناکانیاندا. بە هۆی وشەی (دروستکەریش)وە، دەمەوێت بڵێم تێڕوانین و هزر و کردەوەکانمان کە بیناکەری هابیتوسن لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە، بونیادە کۆمەڵایەتیەکان، بە**



**تایبەتیش ئەو شتەی ناوی دەنێم کایەکان یان گروپەکان، هاوکات ئەو شتەی بە سادەیی ناومان ناوە چینە کۆمەڵایەتیەکان، بە پرۆسەیەکی بیناکردنی کۆمەڵاتیدا تێپەڕ دەبن.» (١)**[1]

لەم دەربڕینەی بۆردیۆدا، کە لەسەمینارێکدا هاتووە، بەئاشکرا هەموو ئەو نازناوانە ڕەتکراونەتەوە کە پێشتر دراونەتە پاڵ ئیشەکانی. لەوە ناچێ بۆردیۆ دژی دەستەبەندیکردن و لەمەحەکدانی کاری زانستی بێت، بەڵام بەتووندی دژی ناو دۆزینەوەیە بۆ ئەو کارانە لەبابەتی وەك بونیادگەرایی، ڕێژەگەرایی و هتد... بۆیە لەم باسەشدا هەوڵدەدەم خۆم بەدووربگرم لەهەموو جۆرە حوکمدانێك و ناو دۆزینەوەیەك بۆ پرۆژەی بۆردیۆ. بەڵام بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونترمان بێتەدەست ناچارین تووێشووی سەفەرێك هەڵگرین و گرنگترینی ئەو ئاڕاستە فیکریانە بەسەربکەینەوە کە بەلانك و سەرچاوەی پرۆژەی بۆردیۆ دەژمێردرێن. سەرچاوەی سەرەکیشم بۆ ئەم کارە وتارێکی سەمینارییە کە بۆردیۆ لەزانستگای ساندیاگۆ ساڵی ١٩٨٦ بەناوی (***کایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزی***)یەوە

[1] ئەم پەرەگرافەی بۆردیۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی کاك هەردی جاسمە، لە زمانی فەرەنسییەوە، لە هەمان سەرچاوەوە کە ئێمە ئاماژەمان پێداوە و بە زمانی فەرەنسی لەم بەرهەمەی بۆریۆدا بڵاوکراوەتەوە:
- پیەر بۆردیۆ: **شتە وتراوەکان**، پاریس، چاپخانەی مینوی، ١٩٨٧، ل: ١٤٧-١٦٦.

پێشکەشیکردووە (٢) (*وەرگێڕانێکی فارسی ئەم وتارە لە بۆردیۆ: ٢٠٠١، ل: ٢٦–٤٥دایە*). ئەو وتارە دوو تایبەتمەندی گرنگی تێدایە کە بەپێویستی دەزانم ئاماژەیان بۆ بکەم. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە وتارەکە زۆربەی ئەو دەربڕینە تیۆری و میتۆدیانە دەگرێتە خۆی، کە بۆردیۆ لە کتێبی (جیاوازی *Distinction*)(٣)دا بەکاری بردوون. ئەمە جگە لەوەی وەڵامی بەشێکی زۆری ئەو ڕەخنانەشی داوەتەوە کە کتێبی ناوبراو ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

خاڵی دووەمیش بریتیە لەزمانی بۆردیۆ کە زمانێکی قورس و پڕە لە دەربڕینی تازەو یاریکردن بەوشە. بەڵام خۆشبەختانە بۆردیۆ لە وتاری ناوبراودا بەزمانێکی شەففافتر لەزمانی کتێبی (جیاوازی) دەدوێت. هەروەها وتاری (کایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزی) بەیەکێ لەو بەڵگانە دائەنرێن کە بۆردیۆ تیایدا شوێنی کارەکانی خۆی لە مشتومڕی نێوان خودگەرایی و بابەتگەراییدا، دەستنیشان دەکات. وێڕای هەموو ئەمانەش دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە هەر خوێندنەوەیەکی بۆردیۆ، بەبێ خوێندنەوەی کتێبی (جیاوازی)، یان بەلای کەمەوە بەشە تیۆرییەکانی ئەو بەرهەمە، خوێندنەوەیەکی ناکام دەبێت.. بەڵام کارێکی سەختیشە ئەگەر بمانەوێت تەنیا لەو کتێبەوە بچینە ناو جیهانی سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆوە.

بۆئەوەی تۆزێ لەو کەلێنەش پڕبکەمەوە، من هاتووم وتارە سەمیناریەکەم کردۆتە بنەما و وەرگێڕانە نەرویجیەکەی کتێبی



جیاوازیشم کردۆتە پشتیوانی سەرەکی باسەکەم(٤) هەروەها سودێکی باشیشم لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە بۆردیۆناسەکان (بەتایبەت (سکەندەناڤیەکان و بەریتانیەکان) نووسیویانن و لەشوێنی خۆیاندا ناویان دێت.

سەبارەت بەو بەشەی باسەکەش کە تایبەتە بۆ بەسەرکردنەوەی هەردوو ئاراستەی سەبژەکتیڤیزم و ئۆبژەکتیڤیزم، جگە لەئاماژەکردنی بۆ ئەو بونیادە فیکریانەی بۆردیۆ ڕەتیاندەکاتەوە یاخود (یەکیاندەخات)، هیچ نیازێکی ترم نەبووەو خۆمم بەرپرسیار نەکردووە بەرامبەر هەموو لایەنێکی ئەو ڕەوتە فیکریانە، کەپێموایە ئەمە شتێکە دەچێتە خانەی مێژووی زاراوەکانی فەلسەفەوە.

کەواتە ئەم باسە بەمجۆرەی خوارەوە دابەشبووە:

بەشی یەکەم: ساتە گرنگەکانی دوالیزم:

– خودگەرایی دیاردەناسانە

– بابەتگەرایی بونیادگەریانە

بەشی دووەم: پرۆژەی بۆردیۆ.

## بەشی یەکەم

**- ساتە گرنگەکانی دوالیزم:**

لە (ئەفلاتوون)ەوە جەستەی مرۆڤ بەنەفرەتکراوێکە و ڕۆح یان (نەفس) ئەو دیلە پیاهەڵگوتراوەیە کە بەناچاری خراوەتە ناو چواردیواری جەستەوە. پێچواندی جەستە بە(بەندیخانە) لەهەمان کاتیشدا دەستنیشانکردنی تەمەن و شکۆی ئەو بەندیخانەیەیە، بەو مانایەی بەندیخانەکان تاسەر بەشکۆداری نامێننەوەو ڕۆژگاری ڕوخاندیان دێت. بەتایبەتیش ئەگەر بەندییەکەی ناوی ڕۆح بێت. ڕۆحیش لای ئەفلاتوون هەرگیز لەناوچوونی بۆ نیە، چونکە بەر لەدایکبوون، شوێنی ڕۆح قەڵەمڕەوی بەرزی ئایدیاڵ بوو. کاتێکیش مرۆڤ دێتە جیهانەوە، بەناچاری ڕۆح دادەبەزێتە سەر زەوی و دەبێتە بەندییەکی ناو بەندیخانەی جەستە.

بەڵام چ بازوویەك دیوارەکانی ئەو بەندیخانەیە دەڕوخێنێ و ڕۆح ڕزگار دەکات؟ ئەفلاتوون (مەرگ) دەکاتە ئەو ڕزگارکەرە، چونکە تەنها مردن دەتوانێ جارێکی تر ڕۆح بەرەو جیهانی کەماڵات بەرز بکاتەوە. ئەم بیرە ئەفلاتوونیە خاڵی سەرەکی یەکێك لەبەناوبانگترین گفتوگۆکانی ئەفلاتوونە کە بە Faidon(5) ناسراوەو تیایدا باس لەمردنی (سوکرات) دەکات.

فەیلەسووفی ڕاستەقینە، وەك ئەفلاتوون لەزمانی سوکراتەوە دەڵێ، ئەو فەیلەسووفەیە کە بەدوای مەرگ دا عەوداڵە. چونکە تەنیا لەو



بارەدا کە مرۆڤ خۆی لەبەندیخانەی جەستە ڕزگارکردووە، دەشتوانێ لە حەقیقەتی ئایدیا ئەبەدییەکان بگات.

بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست ئەم بیرە بووە ناوەندی گفتوگۆ: ئەگەر جەستە کەمتربێت لە نەفس و بەندیخانەی ڕۆح بێت، ئەوە پێویستە بەپێی توانا خۆمانی لێڕزگار بکەین. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی بێبەزەییانەی جەستە و ڕەتکردنەوەی حەز و پێویستیەکانی و هێنانە خوارەوەی ئاستی چێژبینینی بۆ پلەیەکی زۆر نزم.

لە دیکارتەوە (١٥٩٦–١٦٥٠) کێشەی دوالیزم ئاستێکی تری بەخۆیەوە گرت. بەلای دیکارتەوە مرۆڤ لە دوو ڕاستی درووستبووە: هوشیاری (ڕۆح) و جەستە، کە ئەم دوانەش نەك هەردوو ڕاستیی جیاوازن بەڵکو لەهەندێ ڕووەوە دژی یەکتریشن(٦). مرۆڤ بەهۆی هەستکردنەوە دەتوانێت چاودێری جەستەی خۆی بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە توانای نییە بەهۆی هەمان ئەو هەستانەوە چاودێری (نەفس)ی خۆی بکات. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین هەروا هەست بەخۆشی، دڵتەنگی و بریندارbوونی یەکتری بکەین، بەڵام توانای ئەوەمان هەیە کە نیشانەکانی خۆشی، دڵتەنگی و برینداری لەسەر جەستە ببینینەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە (ڕۆح)و جەستە سەر بەدوو جیهانی جیاوازی دەرککردنن و خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندی جیاواز و دژ بەیەکیشن. بۆیە لای دیکارت گرنگترین بەشی حەقیقەتی

مرۆڤ ئەقڵ و هوشیارییەتی کە لەجەوهەری ڕاستی نزیك دەخاتەوە، نەك هەستەکان کە ڕێگەی بەڕاستیگەیشتنی لێهەڵە دەکەن.

ئەم سەرەتاگە فەلسەفییە بواری ئەوەی هێناوەتە پێش باس لەدوو جۆر دوالیزم بکرێ کە بەتوندی بەستراون بەیەکترەوە. دوالیزمی خود (subject) بابەت (objekt) وەك دوو جیهانی جیاواز و لێکدابڕکراو. یان دوالیزمی فێنۆمینۆلۆژیانە کەنەك هەر قایل نییە خود و بابەت جیابکاتەوە، بەڵکو بەهەردوو دیوی یەك جیهانیشیان دەزانێت کەناکرێ دابڕبکرێن. بۆیە دوالیزم هەر تەنیا وەك کێشەیەکی فەلسەفی نەمایەوە، بەڵکو بووە کێشەیەکی سەرەکی لەبواری زانستەکانیشدا. چۆن بەرهەمی زانستی چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات و پێناسەی جیهانی خود و بابەت دەکات، ئەمە بووە پرسیاری هەموو توێژەرەوەیەکی جیدی و خەسڵەتی هەر پڕۆژەیەکی زانستانە. بێگومان کارەکە هێندە سادە نییە کە مارکسیزمی تەقلیدی پێشنیاری دەکرد، بەوەی کەتوێژەر (بابەتی)بێت و بابەتیانە بۆ مەسەلەکان بچێ.. لەم ڕێگەیەشەوە خود و ئاگایی خود ڕیزپەڕکات. چونکە ئەمە لەمامەڵەکردنێکی ئایدۆلۆژیانە زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت کە لە دوائەنجامدا جیهانی دەرەوە (کۆمەڵگا) دەکاتە بنەما و بڕیاردەری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ. لەلایەکی ترەوە کارەکە هێندەش سادە نییە، وەك خودگەراکان بانگەشەی دەکەن و دەڵێن: بونیادە دەرەکییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە بۆ تێگەیشتن لەمرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی. بەڵکو کاری زانستی لەسەر بڕوا بوون بەمرۆڤ وەك



بکەرێکی هووشیار، دروستئەبێت و لێکۆڵینەوە لە(هوشیاری) ئەرکی یەکەمی هەر پڕۆژەیەکی زانستیانەیە.

لەکەرتی زانستە کۆمەڵایەتیەکانیشدا کێشەی دوالیزم مشتومڕێکی تیۆری زۆری لەسەر هاتۆتە ئاراوە و تاڕادەیەکی زۆر سۆسیۆلۆژ و شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی کردۆتە دوو بەشەوە. بەڵام زۆربەی بۆردیۆناسەکان و خودی بۆردیۆش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم دوالیزمە دەبێ تێکبشکێنرێ و پرنسیبە تیۆرییەکانی ڕەتبکرێنەوە. چیدی نابێت سۆسیۆلۆژیا ببێتە کایەیەك بۆ شەڕکردنی خودگەرایی لەدژی بابەتگەرایی، بەڵکو دەبێ ببێتە کایەیەك بۆ یەکخستنی ئەم دوالیزمە کۆنەساڵە و خۆ ڕزگارکردن لە سنوورەکانی.

ئەوەی بۆردیۆ پێشنیاری دەکات بریتیە لەزانستێ کە بتوانێ بیر لەپەیوەندییەکانی ئەم دوالیزمە بکاتەوە و ئەو زانستەش ناودەنێ ***پراکسیۆلۆژی***، یان (کردارناسی)، واتە زانستێ کە لەپراکتیك و هەڵسوکەوتی تاکەکانی ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە نوێیەش پێشینەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بۆردیۆ لە سەمیناری (*کایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزی*)دا هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدات و پاشانیش لەو پێشەکیە تایبەتیەدا کەبۆ تەرجەمە نەرویجییەکەی کتێبی ***جیاوازی*** نووسیوە درێژە بەهەمان باس دەدات.

لەو ئاوڕدانەوەیدا، بۆردیۆ ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی فینۆمینۆلۆژیای هوسرل (١٨٥٩–١٩٣٨) و بونیادگەرایی، بەتایبەتی لەشێوازە

شتراوسییەکەیدا، دەکات. چونکە بەلای بۆردیۆوە یەکەمیان نوێنەرایەتی دیدێکی خودگەراییە و دووەمیشیان ئاڕاستەیەکی بابەتگەرا. ئەمجا با بەتۆرە بزانین بۆردیۆ دەڵێ چی و چ سەبژەکتیڤیزم و ئۆبژەکتیڤیزمێ لە فینۆمینۆلۆژیاو بونیادگەریدا ڕەتدەکاتەوە؟

**- خودگەرایی دیاردەناسانە:**

کێشەی دوالیزم لە دوای دیکارتەوە، لەسەر دەستی فینۆمینۆلۆژەکان بەتایبەتیش (ئیدمۆند هوسرل) شێوازێکی دیکەی بەخۆیەوە گرت. زاراوەی فینۆمین کە لەوشەی (phainomai)ی گریکییەوە هاتووە، بەمانای دیاردە، ئەوەی بەدیاردەکەوێ، ئەوەی دێتە بەرچاو یان خۆ لەبەردەم هووشیاریدا بەدیار دەخات، دێت(٧). بەپێچەوانەی دیکارتەوە، دیاردەناسەکان پێیانوایە ناکرێ بابەت و خود لێکدی جودا بکرێنەوە. هوشیاری و ئەو شتانەی لەدەرەوەی هوشیاریدان لێکدی دابڕناکرێن، چونکە هەموو هووشیارییەك هووشیارییەکی ئاڕاستە کراوە بەرەو شتێ لەدەرەوەی خۆی:

**"مرۆڤ ناتوانێ ببینێ بەبێ ئەوەی شتێ ببینێ، ناتوانێ عاشق بێ بەبێ ئەوەی عاشقی کەسێك نەبێت، ناشتوانێ بیر بکاتەوە بێئەوەی بیر لە شتێ نەکاتەوە"(٨)**

فینۆمینۆلۆژەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کەجیهانی دەرەوە یان بونیادە دەرەکیەکان لەپێش هووشیاریی تاکەوە هەن، چونکە هووشیاری هووشیارییە بەرامبەر بە شتێ کە پێشتر لەدەرەوە و لەشێوەی



دیاردەیەکدا خۆی بەدیار خستووە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، بەر لەوەی تاك وێنەیەکی سەربەخۆی ڕوون و ئاشکرا لەسەر جیهانی دەرەوە دروستبکا، ئەوە جیهانی دەرەوە بوونی نیە. تەنیا دوای بەدەروونیکردن و ئاگابوونی تاك لەجیهانی دەرەوە، ئەو جیهانە دەبێتە جیهانێکی سەبژەکتیڤ. دەبێتە جیهانی خودی تاکەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ. ئەگەر خودێکی هووشیار نەبێت کە جیهان و دیاردەکانی ببینێ، ئەوە جیهان لەدەرەوەی تاکەکان دەمێنێتەوە و بەنیسبەت تاکەکانەوە مانایەکی نابێت..

تەنیا ئەو کاتەی جیهان خۆی بۆ هووشیاری دەنوێنێ، تێگەیشتنی تاك بۆ جیهان سەر هەڵدەدات. ئەمەش بەمانای ئەوەیە جیهان ئەو جیهانیەیە کە ئەوەتا لە هووشیاری تاکەکاندایە و لێرەیشەوە فینۆمینۆلۆژەکان ئەوپەڕی گرنگی دەدەن بەهووشیاری تاکەکان بۆ خستنەڕوویەکی سەبژەکتیڤانەی جیهان و دەوروبەر و واقیع.

ئەو ئاڕاستە سۆسیۆلۆژیەش کە بە(سۆسیۆلۆژیای دیاردەناسانە) بەناوبانگە و کۆمەڵناسی نەمسایی (ئەلفرید شوتز) زۆرترین کاری تێدا هێناوەتە بەرهەم، زۆربەی بۆچوونەکانی خۆی لە فەلسەفەی دیاردەناسییەوە وەرگرتووە. خاڵی هەرە دیاری نێوان بۆچوونە فەلسەفییەکە و بۆچوونە سۆسیۆلۆژیەکەش بریتیە لەبڕوای تەواو بەهووشیاری تاك. یاخود وەك بۆردیۆ دەڵێ خاڵی هاوبەشیان:

**"بڕوا کردنە بە ئەزموونە سەرەتاییەکان و بارودۆخە نائیرادییەکان و لەپڕەکانی مرۆڤ"(٩).**

ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە لەلای فینۆمینۆلۆژەکان دەروازەی تێگەیشتن لە واقیع بریتیە لە گرنگیدان و لە بەرچاوگرتنی ئەو سەرنجە سەرەتایی و لەپڕانەی تاکەکان لەسەر واقیع لە لایان دروست ئەبێ. لێرەوە تێگەیشتنی تاك لەواقیع دەبێتە پێشزەمینەی کۆمەڵناسی، یاخود دەبێتە مەرجی یەکەم بۆ بەرهەمهێنانەوەی تیۆریانەی ئەو واقیعە.

بۆردیۆ پێیوایە ئەم بڕوابوونە ڕەهایە بە هووشیاری تاك، خۆبەخۆ سۆسیۆلۆژیای دیاردەناسانەی کردۆتە ئاڕاستەیەکی خودگەرا و ئەم ئاڕاستەیەش بەڕوونترین شێوە لای (شوتز) دەردەکەوێ. لای (شوتز) هوشیاری و ئاگایی بەرامبەر بەدیاردەکان بەدوو قۆناغدا تێپەڕدەبێ: قۆناغی یەکەم ئەو قۆناغەیە کە خەڵکی لەبواری ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و لەگەڵ یەکتردا، کاروبارە مرۆییەکانی خۆیان وێنا دەکەن و پاشانیش بەهۆی پرۆسەی کارلێکی نێوان مرۆییەوە (Inter Subjectivity)یەوە تێڕوانینێکی هاوبەش دروست ئەکەن. لە قۆناغی دووەمیشدا سۆسیۆلۆژ دێت تا ئەوەی خەڵکی وێنایان کردووە ناسبکات و لێیبکۆڵێتەوە و شرۆڤەی بکات(١٠).

بۆردیۆ ئەم پەراوێزە لە شۆتز وەردەگرێ:

> **"... ئەو بیرە بابەتیانە کە لەلایەن شارەزایانی کۆمەڵناسییەوە بەرهەمهێنراون، ئامانجیان ئەوەیە کە دەربڕی واقیعی کۆمەڵایەتی بن و لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی ئەقڵییەت و تێڕوانینی تەندروستانەی ئەو**



> **خەڵکەوە بیناکرابن کە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە کایەی کۆمەڵایەتیدا بەسەر دەبەن"(١١)**

بەمانایەکیتر، بیرە بابەتیەکان ئەو بیروڕا و تێڕوانینە هاوبەشانەی خەڵکین بۆ ژیانی خۆیان کە کۆمەڵناس دووبارەیان دەکاتەوە. ئەقڵییەتی تەندروستیش بریتیە لەو مانا هاوبەشانەی ئەندامانی کۆمەڵگا سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە هەیانە. واتە لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان لە پرۆسەی گوزەراندنی ژیانی ڕۆژانەماندا، کەم تازۆر کەوتوینەتە ژێر کاریگەری هەندێ حوکم و بۆچوونی گشتیەوەو، وەك بەشێ لە واقعییەت و حەتمیەتی ڕەتنەکراوەی ژیانی کۆمەڵگا تەماشایان دەکەین. کاتێ سۆسیۆلۆژ دێت و تەفسیری تێگەیشتنی ئێمە دەکات، لای بۆردیۆ ئەمە دەبێتە ***دووەمین پلەی بەرهەمهێنانەوە***. واتە ئەوەی کەسی شارەزا دەیکات دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتیە بەوجۆرەی کە تاکەکان تێیگەیشتوون. یاخود بەرهەمهێنانەوەیەکە لەزمان تاکەکانەوە.

ئەمجۆرە ئیشکردنە لای بۆردیۆ زیان بەپرانسیب و بنەماکانی کاری زانستی دەگەیەنێت و هیچیش نیە بێجگە لە *بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمهاتوویەك*:

> **"زانستی فینۆمینۆلۆژیانە، ئەزموونە سەرەتاییەکانی تاك بەرجەستە ئەکا، بەڵام تێگەیشتن لەجیهانی کۆمەڵایەتی وەك بارودۆخێکی سروشتی سەلمێنراو، تێگەیشتنێك**

**نییه خۆی بخاته ژێر پرسیارەوە و بەربەستێکە له بەردەم هەموو پرسیارکردنێك له بارەی هەل ومەرجی سەرهەڵدانی خۆیەوە" (١٢)**

مەبەست چییە لەوەی که بۆردیۆ دەڵێ "*تێگەیشتن له جیهانی کۆمەڵایەتی.. تێگەیشتنێك نییە خۆی بخاته ژێر پرسیارەوە؟*" ئەم دەربڕینه بەمانای ئەوەیه که تاکەکەس له کاتی ویناسازی و بەرهەمهێنانەوەی جیهانی کۆمەڵایەتیدا، بیر لەڕوانگەی خۆی ناکاتەوە. ئەزموونە سەرەتاییەکانیش ئەو ئەزموونه خاو و لەپڕانەن که تاکەکەس له ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەدەستیاندەهێنێ. بەڵام ئەم ئەزموونانە بەرەو بیرکردنەوەی قووڵی نابەن، بەڵکو وەك حەتمیەتێکی سەلماوی سروشتی وەریاندەگرێ و بەسەریا تێپەڕدەبن. بەزمانێکی تر دەتوانین بڵێین: ئەزموونه سەرەتاییەکان ڕێگه به تاکەکان نادەن پرسیار له هەلومەرجەکان بکەن و تێبگەن لەوەی، چ هەلومەرجێکی تایبەت دەبێته هۆی سەرهەڵدانی ئەم ئەزموون یا ئەویتریان. یاخود بپرسن بۆچی من ئەم ڕووداوە بەمجۆرە ئەزموونەکەم، بۆچی هەڵسوکەوتەکانی من ئەم، یان ئەو شێواز بەخۆیانەوە دەگرن؟

لەڕاستیدا ئەم ڕوونکردنەوەیەی بۆردیۆ بۆ ئەو مەبەستە نییه که تێگەیشتنی دیاردەناسانە لە کۆمەڵگا ڕەتبکاتەوە، چونکە پێیوایە ئەم تێگەیشتنە یارمەتیدەرە بۆ لێدوان لە جیهانی کۆمەڵایەتی. بەڵام جەخت لەسەر ئەوەشدەکاتەوە که تێڕوانینی نێوبراو بەتەنیا بەس نییه بۆ



ڕاڤەکردنێکی زانستیای ئەو جیهانە. تێگەیشتنی تاکەکەس لە جیهانی کۆمەڵایەتی خۆی، تێگەیشتنێکی سنووردارە، هەر بۆیەشە بۆردیۆ ئاگادارمان دەکاتەوە لە مەترسیداریی ئەو بڕە زانینە سۆسیۆلۆجییە عەفەویەی بکەرەکان لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکان هەیانە.

کەواتە تا ئێرە دەتوانین بڵێین: بۆردیۆ هەم بە فینۆمینۆلۆژیا بیردەکاتەوە و هەم لە دژیشی دەهەزرێ. ئەمەش خاڵێکە دەتوانین بەهۆیەوە لە ڕەوتی خودگەرایی (سەبژەکتیفیزم)ەوە بەرەو لایەنی دووەمی کێشەی دوالیزم هەنگاو بنێین، یاخود بپەڕینەوە بۆ ئەو بابەتگەراییە (ئۆبژەکتیڤیزم)ەی کە بۆردیۆ لە بونیادگەریدا، دەستنیشانی دەکات.

**- بابەتگەرایی بونیادگەریانە:**

وشەی بنەما، یان بونیاد، هەتا سەدەی حەڤدەهەمیش تەنیا لەبواری میعماریدا بەکار دەهێنرا و پاشان لەسەر دەستی هربەرت سپنسەر لەسەدەی نۆزدەدا چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسیانەی پێ بەخشرا. ئەمەش لەکاتێکدا بناغەداڕێژەرەکانی کۆمەڵناسی، وەك مارکس، دۆرکهایم و ڤیبەر ئەم وشەیەیان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنا (حجازی: ٢٠٠٨). بونیادگەری زاراوەیەکە لە زمانی کوردیدا لە جیاتی (البنیویە)ی عەرەبی و ستراکچرالیزمی نێو زمانە ئەوروپاییەکان بەکارهاتووە. ئەم بەکارهێنانەی نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤناسی گەورەی فەرەنسی

شتراوس، کەپاشان لەلای بارت و دێریدا و فۆکۆ و ئالتۆسێریش وەك ئاراستە و ڕەوتێکی لێهات.

جگە لە کوردینەبوونی ئەم زاراوایە، کێشەیەکی تریش هەیە کە پەیوەندیی بەپاشگری (گەری) یەوەیە، کە دیسانەوە لە فارسییەوە پێمانەوە لکاندووە. بەو جۆرەش زاراوەی (بونیادگەری) لە زمانی ئێمەدا بۆتە ناوی ئەو ڕەوتی توێژینەوە زانستیەی زمان، کە فردینان دی سوسێر (١٨٥٧–١٩١٣) دایمەزراندووە و ئاماژەیە بە ***ڕۆڵی دەستنیشانکەر و جەبریانەی بونیادەکان*** لە ژیانی بکەردا.

بەسادەترین دەربڕین دەشێت بگوترێ، بونیادگەری ئەو ئاڕاستەیەی ڕاڤەکردنی زانستیانەی زمانە کە خودی زمان وەك بونیادێکی یان ستراکچەرێك تەماشا دەکات. لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە ئاڕاستەی ناوبراو کاریگەرییەکی زۆری کردە بەشێکی بەرچاوی بوارە زانستییەکانی دیکە، بەتایبەتیش لە بواری مرۆڤناسیدا لەلایەن (کلود لیڤی شتراوس)ـەوە بەجۆرێکی تایبەت دەخرێتە کار و لە ئاستێکی بەرفراواندا گەشەی پێدەدرێ. لێرەیشەوە، بونیادگەری دەبێتە بەشێکی گرنگ لەزانستە کۆمەلآیەتی و مرۆییەکان(١٣).

بونیادگەری پێیوایە بیرۆکەی خود (سۆبژێکت) بیرۆکەیەکی نوێیە و بەپێی هەلومەرجی مێژوویی تایبەت هاتۆتە ئاراوە. ئەم بیرۆکەیە بەرهەمی مەزەندە و بیرکردنەوەی ڕووتە و هەر لەبەر ئەمەیشە کە ناشێت وەك نوێنەر و دەربڕی واقیع تەماشای بکەین. (میشل فۆکۆ)



لە کۆتایی کتێبی (*وشەکان و شتەکان*)دا، مرۆڤ (خود) بەدیاردەیەك و بەرهەمی مۆدێرنتیە لە قەڵەمدەدات، کە ماوەیەکی کەم بەسەر لە دایکبونیا تێپەڕیوەو پێدەچێ بەزووییش لەناو بچێ(١٤). ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی ئەو گرنگیپێدانەیە کە دیاردەناسەکان دەیاندایە خود و هووشیاریی تاك.

بەمانایەکی تر، خاڵی بنەڕەتی لە بونیادگەریدا گومانکردنە لە تاك، لە (سۆبژێکت) و کار و ڕاڤەکردنی زانستیش ئەو کارەیە لە بونیادە دەرەکیەکانەوە دەست پێبکات.. بەوجۆرەش بونیادە بابەتیەکان دەکرێنە مەرجی تێگەیشتن لە کۆمەڵگا و دیاردە و مرۆڤەکان، چونکە ئەو بونیادانە لە هەمانکاتیشدا ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان جڵەو دەکەن (١٥)

وەك بۆردیۆ دەڵێ، بونیادگەری هەڵەیەکی مەزن دەکا، بەوەی یەکسەر لە (دەرەوە) دەڕوانێتە مرۆڤ و پراکتیکەکانی. نمونەیشی بۆ ئەم هەڵەیە لە کایەی سۆسیۆلۆژیادا، بریتیە لە ڕێسا بەناوبانگەکەی (دۆرکهایم)، کە دەڵێ:

> **"ئێمە پێمانوایە، ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ، ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ نەك هەر لەڕوانگەی تاکەکانەوە ڕاڤە بکرێ، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارە قووڵانەدا کە لەدەرەوەی هووشیاری مرۆڤن، تاکە بیرۆکەیەکی بە بەرهەمە" (١٦)**

یاخود وەك سۆسیۆلۆژی بەریتانی (ئەنتۆنی گیدنیز) لە شیکردنەوەی هەمان ئەو ڕێسا دۆرکهایمیەدا، دەنووسێ: **"ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان دەکەونە دەرەوەی تاکەکانەوە"**(١٧).

بۆردیۆ لەو بڕوایەدایە ئەم دەربڕینە دۆرکهایمیە یەکێکە لە سەختگیرترین گوتارەکانی بابەتگەرایی و بونیادگەراکان. ئەمەش لەبەر ئەوەی بە ئاسانی ڕێگە بەکۆمەڵناسەکان دەدات تاوەکو چاو بپۆشن لە ئەزموونی سەرەتایی و بەرایی تاکەکان و تێگەیشتنیان بۆ ژیانی خۆیان و ئەزموونی کۆمەڵایەتییان. ئەمە جگە لەوەی هەمان ئەو دەربڕینە جیهانی "واقیعی کۆمەڵایەتی" بچووك دەکاتەوە بۆ ڕەهەندێ کە تیایدا شارەزای زانستی ئەو جیهانە بە شێوەیەکی (بابەتیانە) دەبینێ. بۆردیۆ دەنووسێ:

> **"کاری زانستانەی بابەتگەرا (مەوزووعی)، تەنیا توانای دیتنی بونیادە بابەتیەکانی جیهانی کۆمەڵایەتی هەیە و حەقیقەتی ئەزموونە سەرەتایی و سادەکانی (بکەرەکان لەگەڵ ئەو جیهانەدا) لەبیر دەکا"** (١٨)

کەواتە خاڵی بنەڕەتی بەلای بابەتگەراکانەوە، ئەزموونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا نییە، بەڵکو پەیوەندی ئەو تاکانەیە بەبونیادە بابەتیەکانەوە. ئەمەش بەو مانایەی کە پراکتیکی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، هەمیشە لەبەر ڕووناکایی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی ـ بەتایبەتیش ئابووریەکاندا، (وەك ئەوەی لای مارکسیزم دەبینرێ)، لێیان دەکۆڵرێتەوەو، ئەو هەلومەرجانە بەشێوەیەکی میکانیکی دەکرێنە سەرچاوەیەکی ڕێسایی



بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی پراکتیکەکان. بۆردیۆ دەڵێ، مەرج نیە بکەرەکان (تاکەکان) لەسەر ئەو بونیادە دەرەکیانە هوشیارییان هەبێ، کە بەلای بونیادگەراکانەوە دەستنیشانی پراکتیك و هەڵسوکەوتیان دەکەن. بەڵام کاتێ سۆسیۆلۆژە بونیادگەراکان بە میتۆدی ئۆبژەکتیڤانەوە پەلاماری کۆمەڵگا دەدەن، لەڕاستیا چاو دەپۆشن لەو تێگەیشتنە (سەرەتایی و خاوەی) کە هەر بکەرێ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی هەیەتی. چونکە ئەوان (سۆسیۆلۆژەکان) یەکسەر بەدوای ئەو هۆکارە حازربەدەستانەدا عەوداڵ دەبن، کە دەیانباتەوە سەر جۆرێ لە هەڵسوکەوتی تایبەت.

لەو پێشەکیە گرنگەدا، کە بۆردیۆ بۆ چاپە نەرویجییەکەی کتێبی ***جیاوازیی*** نووسیوەو، من چەندجارێکی تریش بۆی دەگەڕێمەوە، ڕاڤەکردنی بابەتگەرایانە بەڕاڤەکردنێکی بونیادمەند (*substansial*) ناوزەد دەکات و دەڵێ، ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە هۆکارەکان، وەکو هۆکاری ئەبەدی و نەگۆڕ دەبینێ. بۆ ڕزگاربوون لەمجۆرە بیرکردنەوەیەش، بۆردیۆ میتۆدێکی تری بیرکردنەوە پێشنیار دەکات کە ناویدەنێ میتۆدی بیرکردنەوەی پەیوەنددارانەRelationelle:

> **"لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ فەلسەفەیەکی زانستە، کە دەتوانین پێی بڵێین پەیوەنددارانە، ئەوەش لەو ڕووەوە کە گرنگیی بە پەیوەندییەکان دەدات .. ئەم فەلسەفەیە بە دەگمەن لە بواری زانستەکۆمەڵایەتییەکاندا بەکار هاتووە، بێگومان هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە**

**ڕووبەڕووی ئەو لایەنانەی بیری تەقلیدی جێگرتوو (یان نیوە زانستی) جیهانی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، کە لە پرۆسەی تێگەیشتنی زانستیانەدا زیاتر بایەخ بە واقیعییەتە جەوهەرییەکانی وەك تاکەکان، گرووپەکان و ئەو جۆرە شتانە دەدات، تاکو بەو پەیوەندییە بابەتیانەی کە نە دەکرێ پیشان بدرێن و نە بە پەنجەش هەستیان پێبکرێ، بەڵکو پێویستە بەدەستبهێنرێن و بە هۆی کاری زانستانەوە ئیعتیبارییان پێبدرێت" (بۆدیۆ: ٢٠٠١، ل: ٢٠-٢١)**

دژایەتی و ناکۆکی نێوان بونیادمەندی و پەیوەنداری دژایەتیەکە بە توندی لای بۆردیۆ ئامادەیە. بونیادمەندی بیرێکە پیوایە ئێمە دەتوانین بەبێ هیچ جۆرە ڕامانێکی ئەقڵی و بەبێ هیچ ئەزموونێکی زانستی، واقیع بەوشێوەیە بناسین کەخۆی پیشاندەدات. ئەمەش کەسی شارەزا (سۆسیۆلۆژ) دەکاتە کۆیلەی تێگەیشتنێکی چاوبەستانە لەواقیع، واتە لەمجۆرە تێگەیشتنەدا ڕەهەندی زانستی و کاریگەرییەکانی لە تێگەیشتنماندا بۆ واقیع، لە بیردەکرێت. چونکە هەموو ئەنجامەکانی لە پێشەوە پابەندی بنەماکان دەکرێن. وەك بۆردیۆ دەڵێ، کەسی شارەزا ڕاڤە دەکات بەڵام ئەنجامی ئامادەکراویشی هەیە و دەزانێت کە چ بەرهەمێکی دەستدەکەوێ:

**"پەیوەندی نێوان بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو بونیادانە دەشارنەوە کە لەناویاندا پەیوەندیەکان جێبەجێدەکرێن.**



**ئەمەش یەکێکە لەو بارودۆخانەی کە دیاردەکان، واتە ئەوانەی بەچاودەبینرێن، ئەو نادیارانە دەشارنەوە کە (لەهەمان ئەو پەیوەندیانەدا) بڕیاردەرن. هەر بۆیەشە ئەوە لەیاد ئەکرێ کە حەقیقەتی پەیوەندییەکان هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو لەخودی پەیوەندیەکەدا نادۆزرێتەوە، بەڵکو لەکاتی خستنە ڕووی زانستیانە و چاودێرکردندا زیاتر شیاوی دۆزینەوەیە"(١٩)**

ئەو میتۆدی بیرکردنەوەیەی کە چاودەپۆشێ لەو بونیادە نادیارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر پەیوەندی بکەرەکان لەگەڵ یەکتردا، میتۆدێکە گرنگی پەیوەندییەکان لەکایەی کۆمەڵایەتیدا لەبیر دەکات. چونکە ئەگەر هات و لەخستنەڕووی کێشەکاندا سادەکاربووین، ئەوە هەرگیز حەقیقەتی پەیوەندی تاکەکانیش بەیەکترەوە دەرك ناکەین. بەلای بۆردیۆوە مەسەلەکە لەوەدا کۆتایی نایەت، بۆ نمونە، هەژاری وەك خەسڵەتێکی بونیادی و بڕیاردەر لای چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی شییبکەینەوە. بەڵکو گرنگی لەوەدایە کەبتوانین ئەو پەیوەندییە ڕاڤەبکەین کە ئاماژە دەکات بۆ شوێن و پلەی هەژارێك و دەوڵەمەندێك. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە بیرکردنەوەی پەیوەندارانە، واقیعی کۆمەڵایەتی وەکو تۆڕێکی پەیوەندی دەبینێ کە هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێدەدات، نەك وەکو سیستەمێکی خاوەن یەکەی سەربەخۆ و دابڕاو لەیەکتر. بەمانایەکی تر، واقیع سیستەمێکە لە خەسڵەتی پڕ گرێ و گۆڵ دروستبووە کە لەڕوانگەی

پەیوەندییان بەیەکترییەوە، ڕاڤەدەکرێن، نەك لە ڕوانگەی پێگەیانەوە لەبەرامبەر یەکتردا، ئەمەش لەبەر ئەوەی **"واقیعییەت تۆڕێکە لە پەیوەندی"** ( بۆردیۆ: ٢٠٠١، ل: ٢٩ )

میتۆدی بیرکردنەوەی پەیوەندارانە تاڕادەیەك بۆردیۆ لەگەڵ دیاردەناسەکاندا ئاشتدەکاتەوە، چونکە وەك لەپێشاندا باسمکرد، بەلای دیاردە ناسەکانەوە خود و بابەت، هووشیاری و دیاردەکان دوو جەمسەری پێکەوە گرێدراون و لێکدی دابڕ ناکرێن. بەڵام بۆردیۆ لەسەر ئەوەش جەختدەکاتەوە، ئەگەر بمانەوێ تێگەیشتنێکی دەقاو دەقی ڕێژەییمان لەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی هەبێ،

> **"پێویستە دەست لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی تاکەکان (تەنیا لەڕوانگەیەکی خودگەرایانەوە)، یان (تەنیا لە بۆچوونێکی بابەتگەرایانەوە)، بەربدەین. لە جیاتی ئەو تاکڕەهەندییە باشترە تەماشای ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان خود و بابەت بکەین"**( ٢٠ )

## بەشی دووەم: پرۆژەی بۆردیۆ

بینیمان بۆردیۆ بونیادگەرەکان بە بابەتگەرا ( ئۆبژەکتیڤیست ) ناوەزد دەکات، چونکە هەموو هەوڵدانێکیان بۆ ئەوەیە هەڵسوکەوتی تاکەکان لەبەر ڕۆشنایی بونیادە دەرەکیەکاندا ڕەڤە بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان ئەو بونیادانە بەهێزی بڕیاردەر دەزانن لە پڕاکتیکی تاکەکەسەکاندا. هەروەها بینیمان چۆن بۆردیۆ فینۆمینۆلۆژەکان بەوە تاوانبار دەکات، هەردەم وا دەزانن هەڵسوکەوتی تاکەکان ئەنجامێکی سرووشتیی هووشیاری و ئیرادەی خۆیانە، ئەمەش بۆردیۆ دەگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێت:

> **"ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بدوێین، ئەوە دەڵێین، زانستی کۆمەڵایەتی لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، هەروەکو لە سۆسیۆلۆژی و بواری مێژوودا، لەنێوان دوو ڕوانگەی ناتەبادا ئەخولێتەوە، دوو گۆشە نیگای دژ بەیەکی جیاواز کە ئەوانەش خودگەرایی و بابەتگەراییین"( ٢١ )**

بەلام بۆچی بۆردیۆ دژی ئەم دوو جەمسەرییە دەوەستێتەوە؟ بێگومان لەبەر ئەوەی ئەم دوو جەمسەرییە کێشەیەکی زانست خۆیەتی و ئەگەر کەسێ شێلگیرانە ئیش بکا، پێویستە بەجیدیش ئاوڕ لەم کێشەیە بداتەوە. کێشەکە لەوەدایە، کە هەر دوو ئاڕاستەی خودگەرایی و بابەتگەرایی بە جیا و هەردووکیشیان بەناوی



( پڕاکتیکردنی زانست )ـەوە ئەنجامدەدرێن. کە ئەمەش ئەنجامدانێکی ناڕەوایە چونکە جیهانی کۆمەڵایەتی لە دوو پانتایی ( خود ) و ( بابەت ) دروستبووە و، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لە چڕی و ئالۆزکاوی کۆمەڵگای مۆدێرن بگات، ئەوە ناشێت بە پەنابردن بۆ تەنیا یەکێك لەو دوو کایە، تێگەیشتنێکی زانستیانەی دەروەست بخاتەڕوو. کەواتە ئەرکی بنەڕەتی کەسی شارەزا و مرۆڤی زانستکار بریتیە لە ڕەتکردنی ئەو دوو جەمسەرییە، کە ئەمەش خوازیاری میتۆدی نوێیە. یەکێك لەو میتۆدانەش کە بۆردیۆ پێشنیاری کردووە، میتۆدی ( پراکسیۆلۆژی )یە:

> **"لەگەڵ ئەو مەترسییەشدا کە مەسەلەکە زۆر ئالۆز نەبێ، دەمەوێ هەموو ئەو ڕاڤەکارییەی ئەمڕۆ کاری تیا دەکەم لە دەربڕینێکی کورتدا کۆبکەمەوە: لەلایەکەوە ئەو بونیادە دەرەکیانەی کە سۆسیۆلۆژ بەرهەمیان دەهێنێ – ئەویش بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی نوێنەرایەتی سەبژەکتیڤانەی بکەرەکان لەساتە بابەتیەکاندا – بناخەن بۆ نوێنەرایەتیکردنی سەبژەکتیڤانە و لەهەمان کاتیشدا زەبری ئەو بونیادە دەرەکیانەش بەدیار دەخەن کەکار دەکەنە سەر پەیوەندی تاکەکان بەیەکترەوە. بەلام لەولای ترەوە: دەبێ هەمان ئەو نوێنەرایەتیکردنانەش لە یاد نەکرێن، بەتایبەتیش کاتێ مرۆڤ دەیەوێ زیاتر لەهەرشتێکی دیکە**

**گرنگی بدات بەو ناکۆکییە تاکی و بەکۆمەڵیانەی ڕۆژانە کە دەوریان هەیە لە گۆڕین و هێشتنەوەی بونیادەکاندا"**(٢٢)

ئەمە یەکێك لەقورسترین دەربڕینەکانی بۆردیۆیە کە بەرەو ڕووی خوێنەر دەبێتەوە. با بەهێمنی بزانین لەپشت ئەم دەربڕینەوە چی هەیەو چۆن دەکرێ پەیوەندی خۆمانی لەگەڵدا دەستنیشان بکەین.

بەشێوەیەکی ڕوونتر، بۆردیۆ دەڵێت، کاتێ سۆسیۆلۆژ مەبەستی بێت وێنەیەکی وردی ئەو کۆمەڵگایە بەرهەم بهێنێتەوە کە کاری تیا ئەکا، دەبێت دوو شتی لە بیر بێت: لەلایەکەوە پێویستە بونیادە دەرەکیەکان بەپێی هەلومەرجی بابەتی بەرهەم بهێنرێنەوە و لەلایەکی تریشەوە و (لەهەمان کاتیشدا) کە هەڵدەستێ بە بەرهەمهێنانەوەی یەکەم، نابێت بیرکردنەوە و دەوری تاکەکانیشی لەسەر هەمان ئەو بونیادە دەرەکیانە لەبیر بچێت. چونکە نەبونیادە دەرەکیەکان لە (دەرەوە)ی تاکەکانن و نە تاکەکانیش بێکاریگەرن لەسەر ئەو بونیادانەی ئەوانی لە خۆگرتووە. بەم پێیەش پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نەپسا و لەنێوان خود و بابەت دا دەستنیشان دەکات.

بەزمانێکی تر، بۆردیۆ دەیەوێ میتۆدێ بهێنێتە بەرهەم کە ڕوانگەی هەردوو لایەنی خود و بابەت ڕەنگپێبداتەوە. لایەنێکی تری میتۆدی بۆردیۆ ئەوەیە کە هەوڵدەدات هەردوو لایەنی خودگەرایی و بابەتگەرایی لەگەڵ ڕەهەندێکی تردا یەکخات کە پێیدەڵێ: ڕەهەندی



پراکتیکی. ئەمەش ئاسۆیەکە هیچکام لە لایەنگرانی دوولایەنی نێوبراو نەیانبینیوە و بەداهێنانێکی بۆردیۆیی لە قەڵەمدەدرێت.

بۆردیۆ بەم جۆرە بەرگری لە تێزی (ڕەهەندی پراکتیکی) دەکات و ڕوونیدەکاتەوە خاڵی بنەڕەتی لەڕوونکردنەوەکەدا ئەوەیە کە دەڵێ: بکەرە کۆمەڵایەتیەکان (تاکەکان)، هەندێ ستراتیژی ئەوتۆ بەکاردەهێنن کە ئەو ستراتیژانە تەنیا لەو کاتەدا سەرهەڵدەدەن کە بکەرەکان خۆیان لەناو جەرگەی مامەڵە و هەڵسوکەوتێکی نوێدا دەبیننەوە. ئەمە جگە لەوەی هەموو باروودۆخێکی تازەش پراکتیکی نوێ بەرهەمدەهێنێ کە لەلایەن هەستی پراکتیکییەوە (praktisk sans) جڵەو دەکرێت. واتە کاتێ بکەری کۆمەڵایەتی خۆی لە باروودۆخێکی نوێدا دەبینێتەوە، باروودۆخەکە، (کە دەشێت باروودۆخێکی نیمچە چاوەڕوانکراو بێت)، لای خۆی هەڵدەسەنگێنێ و هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکات. ئەمەش پراکتیکێکی تازەی بێ پێشینە بەرهەمدەهێنێ. هەستی پراکتیکی خاوەنی چەند فاکتەرێکی پێش هووشیارییە، کە ئاشکرانین و نیشانەی دیاریان نییە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەشمانکرد کە تاکەکان تێگەیشتنێکی سادەیان (یاخود ڕووکەشیان) لەبارەی هەڵسوکەوتی خۆیانەوە هەیە، ئەمجا ڕەهەندی پراکتیکی دێت بۆئەوەی هەوڵبدات بچێتە ئەودیو ئەزموونی لەپڕ و ڕووکەشی بێئیرادەی بکەرەکانەوە و فاکتەرە سادە و نادیارەکان بدۆزێتەوە. ئەمەش دەقاودەق دابڕانێکە لە میتۆدی خودگەرایی، هەرچەندە لێرەدا

کەسی شارەزا دێت و ئەو مافە لەتاك دەستێنێتەوە، کە خۆی بەتاقە کەسێ بزانێ بۆ تێگەیشتن و چوونە ناو جیهانی واقیعی خۆیەوە.

بەزمانێکی سادەتر و بۆ زیاتر تەواوکردنی ئەو مەبەستانەی پێشوو دەتوانین بڵێین، هەندێ فاکتەر (هۆکار)ی چەپاو هەن کە پراکتیك و وێناکردنی بکەرەکان بۆ جیهان و (لەجیهاندا) جڵەو دەکەن. ئەمە ئەو فاکتەرانەن کە بۆردیۆ ناویان دەنێ: هەستی پراکتیکی. ئەم هەستە پراکتیکیانە بەهەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەستراون و هەروا بەساناهیش لەبەردەم کەسی شارەزادا بەدیار ناکەون، چونکە شتێ نین بەشێوەیەکی بەرجەستە و کۆنکرێتی دەستنیشان بکرێن. بەڵکو هەر لەبەرەبەیانی منداڵیی تاکەکانەوە بناخەیان دارێژراوە و بەردەوامیش لەگەڵ پرۆسەی (بەکۆمەڵایەتیبوون)ی ئەو تاکانەدا گەشە دەکەن و گۆڕانیان بەسەرا دێ. ئەمەش دروست ئەو لایەنەیە کە دیاردەناسە خودگەراکان گوێی پێنادەن و تەنیا دڵی خۆیان بەئەزموون و تێگەیشتنە سەرەتاییە سادەکانی تاك لەسەر واقیعی خۆی، خۆشدەکەن.

بۆئەوەی کەسی شارەزا و پسپۆڕ بتوانێ چاودێری ئەو فاکتەرە چەپاوانە بکات، پێویستە ساتە بابەتیەکان بخاتە خزمەتی شیکردنەوەکانیەوە.. پێشتر هێمام بۆ ئەوەکرد، کە تیۆرەکانی بابەتگەرایی هەر لەسەرەتاوە بەدوای ئەو هۆکارانەدا وێڵن کە هەڵسوکەوتی چاوەڕوانکراو بەرهەمدەهێنن. ئەو هۆکارانەش هۆکاری دەرەکین و بە زەرورەتیش بۆ بکەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆشن نین، هەر



لەبەر ئەمەیشە کە دەبێت لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەکاندا ئاوڕیان لێبدرێتەوە و گرنگییان پێبدرێ. بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاشکراکردن و ڕاڤەی ئەو هۆکار و هەلومەرجە کۆمەڵایەتیە دەرەکیانەی بکەرەکان لە ئاستیاندا ناهووشیارن، بەس نین بۆ تێگەیشتنێکی ورد.

بۆردیۆ لێرەدا ئەو مەرجە دەخاتە بەردەم کەسی شارەزا، کەدەبێت ئەو پەیوەندییەش لەبەرچاو بگرێ، کە ئەو خۆیشی وەك ئەو کەسانەی لێیان دەکۆڵێتەوە، بوویەکە بەپرۆسەی (بەکۆمەڵایەتبوون)دا، ڕابردووە. واتە پێویستە ئاگاداری ئەو خاڵە بێت، *ئەو بۆ خۆیشی وەکو بکەرە کۆمەڵایەتیەکانی دی، چاوەڕێی لێدەکرێ بەرژەوەندی و وێناکردنەکانی خۆی سەبارەت بەجیهانی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەشیکردنەوە و ڕاڤەکردنەکانی بکات*. مادام ئەم مەترسییە لە ئارادایە پێویستە کەسی شارەزا ڕوانگەی بابەتگەرایانەش ڕەتبکا و لە کارەکەیدا ڕوانگە تایبەتی و تیۆریەکانی خۆیشی پەرچکاتەوە، چونکە دواجار ناتوانێت لەو ڕاستیە دەربازبێت کە *هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیهان لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوەیە*:

**"سۆسیۆلۆژی دەبێ سۆسیۆلۆژییەك بێ لەبارەی تێگەیشتنی جیهانی کۆمەڵایەتیەوە. واتە سۆسیۆلۆژییەك بێ لەسەر ئەو جیهانبینییەی کە خۆی بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانەوەی جیهانبینییەکدا.**

*(جیهانبینی یەکەم هی کەسی شارەزا و پسپۆڕەکانە کە*

*سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تیۆری جیهانبینی تاکەکان بەرهەمدەهێنێتەوە - ڕیبوار س)* **ئەو ڕاستیەشمان لە بیرنەچێ، وەختێ ئێمە هەڵدەستین بە بەرهەمهێنانەوەی کایەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەوەش دەزانین، کە ڕوانگەمان، هەروەکو لەزاراوەکەدا دیارە: ڕوانینێکە لە خاڵێکی تایبەتیەوە ئاڕاستە دەبێ، واتە لە پێگە و پلەیەکی تایبەتی پانتایی کۆمەڵایەتیەوە. هەروەها دەشزانین کە دەشێت ڕوانگەکان جیاواز و تەنانەت دژ بەیەکتریش بن، چونکە ڕوانگە و جیهانبینیەکانیش پابەندی ئەو پنتەن کە لێوەی دەڕوانن" (٢٣)**

ڕەهەندی پراکتیکی جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە:

یەکەم: نابێت کەسی شارەزا هەڵسوکەوت و مامەڵەی تاکەکان تەنیا بە ئەنجامی جەبری یاسا دەرەکییەکان بزانێت،

دووەم: نابێت هەمان ئەو هەڵسوکەوتانەی تاکەکان پێیان هەڵدەستن بە کردەیەکی خۆکار (ئۆتۆماتیکی) لەقەڵەم بدات، چونکە ئەو هەڵسوکەوتانە لەلایەکەوە، بەرەنجامی ئەو پەیوەندیی و ململانێیان کە تاکەکان لەناو تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا تیایاندا دەژین و لەلایەکیتریشەوە، بەرەنجامی هابیتوسێکی تایبەتن کە لە دەرەوەی ویستی تاکەکان حوکم بەسەر خوو و ڕەفتار و چێژ و میزاجیانەوە دەکەن.



تاکەکان لەساتی مامەڵە و هەڵسوکەوتدا بەتەواوی ئاگا نین بەرامبەر ناوەڕۆکی ئەوەی دەیکەن، بەڵکو لەو ساتەدا لەلایەن ئەو هۆکارە پیشئاگاییانەوە جڵەو دەکرێن کە لە ڕێڕەوی (بە کۆمەڵایەتیبوون)دا بەدەستیان هێناون. واتە لەو ساتانەدا کە تاکەکەس هەڵسەکەوتێك دەکات، پرسیار لەخۆی ناکات: بۆچی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە؟ بۆچی من ئەوە دەکەم کە دەیکەم؟ کەواتە کەسی شارەزا و پسپۆڕ، نەك هەر دەبێ تێگەیشتن و وێناکردنی خودگەرایانەی تاکەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو دەبێت جۆری تێگەیشتن و شێوەی بەرهەمهێنانەوەی خۆیشی بۆ ئەو وێناکردنەی تاکەکان لەسەر جیهان، بخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر دەتوانین بڵێین: ئەرکی سەرشانی مرۆڤی زانستی ئەوەیە لە هەموو هەنگاوێکیدا بۆ کەشفکردنی جیهانی تاکەکان، هەنگاوێکیش بەرەو جۆری تێگەیشتنی خۆی لەسەر جیهانی خۆیی و تاکەکان هەڵهێنێتەوە، چونکە نابێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بابەتی زانستەکەیدا پشتگوێ بخات.

کارێکی گرانە بڕیاری ئەوە بدەین، ئاخۆ بۆردیۆ بە خستنەڕووی (تیۆری) پراکسیۆلۆژی، لەدوا ئەنجامدا دەکەوێتە چ خانەیەکی دوالیزمی (خود/ بابەت)ەوە. گرنگترین شت ئەوەیە لەبیرمان بێ: پڕۆژەی بۆردیۆ بە نیازی تێکشکاندنی ئەو دوالیزمە هاتۆتە ئاراوە کە زانست خۆی بەرهەمی هێناوە. لێرەوە، پراکسیۆلۆژی بریتیە لەبڕینی مەودای خود و بابەت. ئەمە جگە لەوەی کە پراکسیۆلۆژی تیۆرەیەکی

ڕەخنەییە سەبارەت بەڕاڤە و توێژینەوە زانستیەکان، ئاواش هەوڵدانێکی تیۆرییە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان. خاڵی سەرەکیش لەو ڕوونکردنەوەیەدا ئەوەیە، کە نە بەو شێوەیە تەماشای هەڵسوکەوتی تاکەکان بکات وەك ئەوەی تەنیا ملکەچی بونیادە دەرەکیەکانن، نە بەو چاوەش کە هەڵسوکەوتی سەربەخۆ و دابڕاون لەو شوێن و کاتەی تیایدا ئەنجامدەدرێن. بەڵکو پێویستە وەك پرۆسەیەکی دوو جەمسەر بیانبینیێ کە تیایدا:

**"هەم بونیادە دەرەکیەکان دەبنە بەشێ لە ناوەوەو هەم ناوەوەش لە ناو بونیادەکانی دەرەوەدا ڕەنگدەداتەوە"( ٢٤ ).**

بەکورتی، بکەرەکان لە ژێر کاریگەریی بونیادە دەرەکیەکاندا پرۆسەی (بەکۆمەڵایەتیبوون)یان تەی کردووە و هەر هەمان ئەو بکەرانەش بەهۆی هەڵسوکەوتی خۆیانەوە گۆڕانیان لە بونیادەکانی دەرەوەدا کردووە. ئەمەش ئەو پەیوەندییە دوو لاییەیە، کە بۆردیۆ ناوی ناوە: دیالێکتی نێوان سەبژەکتیڤیزم و ئۆبژەکتیڤیزم.

هەموو ئەوەی لەمەوبەر باسیکرا هەوڵدانێ بوو بۆ ئاشکراکردنی ئەو خاڵەی بۆردیۆ چۆن بیر لە کۆمەڵناسی زانستیانە دەکاتەوەو، چ ئەرکێك دەخاتە سەر شانی کەسی شارەزا و کام میتۆد دەتوانێ ڕزگارمان بکات لە دوالیزمی خودگەرایی/ بابەتگەرایی. بەڵام ئەوەی پێویستە لێرە بەدواوە سەرنجی بدەین، ئەو کۆمەڵە زاراوەیەن کە لەمیتۆدی پراکسیۆلۆژی بۆردیۆدا، کلیلی تێگەیشتنێکی وردو



زانستیانەمان لە بارەی واقیعی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی بکەرەکانەوە دەدەنە دەست.

لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لەسەر زاراوە تیۆرییەکانی بۆردیۆیان نووسیوە، پێیانوایە شۆڕشی بۆردیۆ لە جیهانی کۆمەڵناسیدا، دەگەڕێتەوە بۆ سالانی شەست: کاتێ کە بۆردیۆ لە جەزائیری داگیرکراوی ئەو سەردەمەدا خزمەتی سەربازیی بە دوماهی گەیاندبوو و کەوتبووە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی ژیانی هۆزە جەزائیریەکانەوە (بڕوانە: برۆدی Broady 1989، کالۆارت Callewaert 1994).

وەختێ ئەم ئاماژەیە دەکەم مەبەستم تەنیا ئەوەندەیە کە بەخوێنەر بلێم: بۆردیۆ لە تیۆرەیەکی ئامادەوە ڕووبەڕووی واقیعی کۆمەڵگا نابێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی بەخەرجدانی هەستیارییەکی لە ڕادە بەدەرەوە، دەستدەکات بە بەرهەمهێنانەوەی واقیعی کۆمەڵگا و ئەو تیۆرەیەش دەهێنێتە بەرهەم کە لەتوانایدایە حەقیقەتی ئەو واقیعە ڕاڤە بکات. لە وتاری (***سێ شێوە تیۆرەی زانستی***)دا بۆردیۆ شتێ دەڵێ کە تەواوی ئەو مەبەستەی پێشوو ڕووندەکاتەوە:

**"تیۆری بەبێ توێژینەوەی مەیدانی لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، تیۆرییەکی بەتاڵە، ئەمە لە کاتێکدا توێژینەوە لە کایەی کۆمەڵایەتی بەبێ تیۆری، توێژینەوەیەکی نابینایە"**

هەرچۆنێ ڕاڤە و پێناسەی تیۆرییەك بكەین هێشتا نابێ چاو لەو ڕاستیە بپۆشین كە تیۆری لەدوا ئەنجامدا ڕوانینێكە لە ڕوانینەكان بۆ جیهان و دەوروبەر، نەك دەقێكی ڕەها كە دوا ڕاستیمان لە بارەی جیهان و دیاردەكانەوە پێدەڵێ. زاراوە تیۆرییەكانیش ئەو هۆكارانەی بیركردنەوەن كە پرۆسەی شیكردنەوەمان لە بوارێك لە بوارەكاندا بۆ ئاسان دەكەن. بەزمانێكی تر، *پێویستە زاراوە تیۆرییەكان گەیەنەر و ڕوونكەرەوە و دەربڕی ڕاستییەكانی واقیع بن، نەك خودی ئەو ڕاستیەبن.*

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵدەدەم بەهێمنی هەنگاوێ بەرەو ناساندنی گرنگترین ئەو زاراوانە هەڵبێنمەوە، كە لەتیۆرەی پراكسیۆلۆژی بۆردیۆدا گرنگی تایبەتیان هەیە. ئەو زاراوانەش بریتین لە: پانتایی كۆمەڵایەتی، هابیتوس و جۆرەكانی سەرمایە كە هەوڵدەدەم بەشێوەیەكی سیستەماتیزەكراوی یەكبەدوای یەكدا ڕوونیان بكەمەوە.

### كایەكان، یان كایەی كۆمەڵایەتی:

زۆرێك لەو ناوبانگەی بۆردیۆ هەیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانەكانی لە بواری چەمكسازی، یان بەكارهێنانی چەمكەكان لە دەرەوەی زمانی باو، یان بوارە تەقلیدیەكەی كە تیایدا بەكار هاتوون، یاخود نوێكردنەوەی بەكارهێنانی چەمكەكان، جیاواز لەوەی لەلای فەیلەسووف و كەسانیتر بەكارهێنراون. ئەمە جگە لەوەی هەندێك لەو چەمكانەی بۆردیۆ وەك چەمكی تیۆری و فەلسەفی بەكاریان دەهێنێت،



پێشتر تەنیا لەناو زماندا وشەگەلێكی ئاسایی بوون، نەك كۆمەڵێ چەمكی ئەوتۆ كە بتوانرێ دیاردە و پەیوەندییە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكانیان پێ بخوێندرێتەوە. بۆیە كاتێ دەڵێین: بۆردیۆ داهێنەری چەمكە تیۆرییەكانی خۆیەتی، بەو مانایە ناڵێین كە زۆرینەی ئەو چەمكانە پێش بەكارهێنانە بۆردیۆییەكەیان نەبوون، بەڵكو بەو مانایەی ئەو زیندووی كردوونەتەوە و مانای تایبەت و قووڵتری پێبەخشیون.

وشەی كایە، كە بە زمانی سادەی ڕۆژانەی فەرەنسی پێیدەگوترێ ( champ )، لە بنەمادا و لە بواری كشتوكاڵدا بە پارچە زەوییەك گوتراوە كە بۆ كێڵان و چاندن و بەكارهاتووە و پاشان لە بەكارهێنانی نوێتردا بە شوێنێك گوتراوە بۆ پەروەردەكردنی پەلەوەر و ماسی و مریشك. بۆردیۆ ئەم وشەیەی لەو بەكارهێنانەوە گواستۆتەوە بۆ بواری سۆسیۆلۆجی و ئەكادیمی، تاكو بتوانێ بەهۆیەوە باس لە بواری ژیانی كۆمەڵایەتی بە هەموو وردەكارییەكانییەوە، بكات.

چەمكی ( champ )، كە ئێمە بۆ دوورخستنەوەی وشەكە لە بواری كشتوكاڵییەوە و بۆ بەكارهێنانی لە بواری سۆسیۆلۆژیدا بە ( كایە ) ناوی دەبەین، یەكێكە لەو چەمكانەی كە بۆردیۆ نەك هەر لە بەكارهێنانە باوەكە ڕزگاریكردووە، بەڵكو زۆر قووڵتر و فراوانتریش خستوێتیە خزمەتی بیركردنەوە تیۆرییەكانی خۆیەوە. واتە بۆردیۆ وشەی كایە بە شوێنێكی كۆمەڵایەتی دەڵێت، كە تیایدا دەسەڵات و سەرمایە و پەیوەندییەكانی هێز، ململانێكان لە پێناوی مانەوە و گۆڕینی پەیوەندییە چەقبەستووەكاندا دێنە ئەنجام ( بۆردیۆ: ٢٠٠١،

ص: ٧٣- ٧٨ ). پێناسەی بۆردیۆ بۆ چەمکی کایە لە ئاستێکی شیکاریانەوە دەستپێدەکات و وەك چنینی پەیوەندیی بابەتیانە لە نێوان پێگەی جیاوازدا دەیخاتە ڕوو. بوونی پەیوەندیە جیاوازەکان سەربەخۆیە لە هووشیاریی تاکەکان و ئیرادەی تاکەکەس، چونکە ئەو پەیوەندیانە لە نێوان پێگەی جیاوازدان. هەروەها پێگەکانیش بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە لەناو ئەو قەیدوبەند و ئەبێ و نابێیانەدا ئامادەن کە چالاکیی تاکەکان و دامەزراوەکانی ناو هەمان کایە سنووردار دەکەن ( Bourdieu: 1996, 84 ).

کۆمەڵگای هاوچەرخ بەلای بۆردیۆوە، کۆمەڵگایەکە لەچەندین کایە پێکهاتووە. واتە لە زنجیرەیەك کایەی سنوردار و نیمچە سەربەخۆ کە هەریەکەیان یاسا و شێواز و گەمەی تایبەت و بەرژەوەندیی بابەتیانەی خۆیان هەیە. کایەیەکی کۆمەڵایەتی بریتیە لە *پانتاییەك، یان قەڵەمڕەوێك، کە لەناویدا جەنگێکی واقیعی لەسەر کەرەستە و دەسەڵات بەرپا دەبێ*. کایەی کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەو شتەی ململانێکەی لەسەر دەکرێ، پێناسەش دەکرێ. جا دەشێت ئەو ململانێیە لەسەر پارە، دەسەڵاتی سیاسی، شەرەف، پێگەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و هتد. بێت و ئەمەش بەمانای ئەوەیە، دەتوانین باسی کایەی ئابووری، کایەی سیاسی، ڕۆشنبیریی، کایەی پەروەردەیی، کایەی ئەکادیمی و.. بکەین. بۆردیۆ بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆی سوود لە دیمەنی یارییەك وەردەگرێ: لە هەر کایەیەکدا وەك هەر یارییەك، لەنێوان پێگە و بەشداربووی جیاوازدا،



ململانێیەك هەیە، کە هەریەکەیان هەڵگری ڕستێك شارەزایین کە لە کایەکەی خۆیاندا کاریان پێدەکرێت. ئەمەش وا دەکات هەندێ نۆرم و نەریتی جیاواز لەوەی یاسای یارییەکە دەیخوازێ، لە لای بەشداربووان ئامادەییان هەبێت و بەشێوەیەکی نائاگایانە کار بکەنە سەر یاسای یارییەکە و گۆڕینی. ئەوەی لەو یارییەدا هەوڵی بۆ دەدرێت بریتیە لە دەسەڵاتی نێوان پێگە جیاوازەکان. ئەو کارتانەی یارییەکەیان پێدەکرێت، بریتین لە سەرمایە جیاوازەکان، کە بەشداران لە هەوڵی زیادکردن و پاراستنیدان، یاخود هەوڵدەدەن نرخە ڕێژەییەکەی بگۆڕن ( Bourdieu: 1996, 85-86 ). هێزی نێوان یاریکەران و بە جووڵەخەری یارییەکە بریتیە لەو دەسەڵاتەی لە نێوان پێگە جیاوازەکاندا هەیە. بۆیە مانەوە و بەردەوامی یارییەکە، یان کایەیەکە پەیوەستە بە ململانێی ناوی و سووربوونی لایەنەکان لەسەر بردنەوە و بالادەستکردنی ئەو نۆرم و بەهایانەی خۆیان بڕوایان پێیەتی ( Bourdieu: 1996, 90 )

بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هەر کایەیەك، بۆردیۆ سێ قۆناغ دیاریدەکات.

**یەکەم:** پێویستە ئاستی کایەیەکە لە پەیوەندیدا بە کایەی بڕیاردەرەوە، کە کایەی سیاسیە، دەستنیشان بکرێت، چونکە ئەمکارە ڕوونیدەکاتەوە ئەم کایە چ مانایەك و گرنگییەکی لەبەرامبەر کایەکانیتردا هەیە.

**دووەم:** پێویستە لەپاش ئەمە، وێنەیەکمان لەسەر پەیوەندییە بابەتیەکانی نێوان پێگە جیاوازەکان بێتە بەرچاو، کە لە کایەیەکەدا هەن. واتە پێویستە بزانین شەڕە ڕەمزییەکانی دەسەڵاتی ناو کایەیەکە لەسەر چین.

لە قۆناغی **سێیەمیشدا** دەبێت لە هابیتوسی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵینەوە. واتە پێویستە بزانین چ هەڵوێستێك لەناو کایەکەدا بڕیاردەرە و توانای دەستنیشانکردنی جۆرەکانی سەرمایەی ناو کایەکەی هەیە ( Bourdieu: 1996, 91 ).

بە مانایەکی تر: کاتێ دەستنیشانی کایەیەك دەکەین و سنوورە ڕێژەییەکانی دەناسین، ئەمجا دەتوانین بەشێوەیەکی بونیادگەرانە یاسا و شێوازەکانی ئەو کایە ڕاڤەبکەین. ئەم یاسایانەش هەر تەنیا پێکهێنەری کایەکان نین، بەڵکو هەمان ئەو یاسایانە مەرجیشن بۆ بوونە ئەندام لە کایەیەکی تایبەتدا و بەکارهێنانی ئەقڵییەتی ناو ئەو کایەیە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، کایەکان لەگەڵ ئەوەشدا سنوورێکی ڕێژەییان هەیە، بەڵام بەهۆی سەربەخۆییبوونەکەیانەوە لە دواجاردا قەڵەمڕەوێکی داخراوی کۆمەڵایەتین و خۆبەڕێوەبەرن (*شوێرە & فونتن: ٢٠٠٦، ل: ١٣٨*).

ئەوە ڕاستە کایەکان سەربەخۆیی خۆیانیان هەیە، بەڵام قەڵەمڕەوێکی داخراو نین، چونکە سنووری کایەیەك پڕە لە جووڵە و لە میانەی ئەو ململانێیانەی لەلایەن ئەندامەکانەوە، ( کە جیاواز و ناکۆکن لەسەر بەها و پێگە و ئەزموونەکانیان )، کایەیەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و



سنوورەکانی لە کرانەوە و کشانەوەدان. بەمجۆرەش سنووری کایەکان بە تەواوی داخراو نین و دینامیکین ( Bourdieu: 1996, 90-91 ). لەگەڵ ئەوەشدا بۆردیۆ پێیوایە دەکرێ کایەیەکی کۆمەڵایەتی تەنیا لە میانەی توێژینەوەی مەیدانیدا سنووردار بکرێت. بەپێی ئەمە بێت، سنوورەکانی کایەیەك تا ئەو شوێنە درێژ دەبنەوە کە کاریگەریی و توانای کایەیەکە دەیگاتێ و هەر لەوێشدا کۆتاییان پێدێت. ئەمەش ئەو شوێنەیە پێویستە توێژینەوە مەیدانییەکە بایەخی پێبدات( Bourdieu: 1996, 88 ).

لەلایەکی دیکەوە کارکردن و مانەوە لەهەر کایەیەکدا پێویستی بە زانین و شارەزایی هەیە لە بەکارهێنان و کارکردن بەیاسا و ڕەمز و زمانی ئەو کایەیە و، کەسێك بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی لە کایەیەکەوە باز بداتە ناو کایەیەکی تر و ببێتە ئەندام تیایدا. چونکە لەناو هەموو کایەیەکدا یاسای تایبەت ئامادەن، کە دەستنیشانی دەکەن، چۆن ململانێ لەسەر دەسەڵات و کەرەستەکان ئەنجام بدرێ. واتە بە زمانێکی تر دەتوانین بڵێین: لەو دیو هەموو هەڵسوکەوتێکی ناو کایەکانەوە ئەقڵییەتێك هەیە کۆنترۆڵ و جڵەوی هەڵسوکەوتەکان دەکات.

بەڵام ئەگەر کایەکان ئەو قەڵەمڕەوە سەربەخۆیانەی کۆمەڵگان، کە ئەقڵییەت و یاسای تایبەت بەخۆیانیان هەیە، ئایە دەشێت باس لە یەکسانی هەمان ئەو کایانە لەگەڵ یەکتردا بکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەرچۆنێ بدرێتەوە هێشتا مەسەلەی یەکسانی بۆ کایەی (دەسەڵات) دەست نادات. کایەی دەسەڵات هەمیشە کایەی

بالادەستە، کایەی بالادەستیش ئەو کایەیە کە شوێنپەنجەی خۆی لەسەر هەموو کایەکانی تر بەجێدەهێڵێت و مەرجەکانی خۆی لە ڕێگەی یاسا و دامەزراوە پەروەردەیی و میدیاکانەوە، لە فۆرمی توندوتیژیی ڕەمزیدا، بەسەر ئەوانیتردا دەسەپێنێ.

لەلایەکی ترەوە، کایەکان بەپێی هەلومەرجی مێژوویی دروست دەبن و لەناو دەچن. یاخود ڕاستر وایە بڵێم: لەژێر کاریگەری هەڵسوکەوتی ئەندامەکانیدا هەم ڕەهەندە مێژووییەکەیان دەگۆڕدرێ و، هەم ئەو ڕەهەندەش کە لە(ئێستا)دا هەیانە. هەر لەبەر ئەوەیشە کە بونیادی هەر کایەیەك تەنیا ئەوکاتە شیاوی لێتێگەیشتنە، کە توانیمان پایە پێکهێنەرەکانی و ئەو دژایەتیانەش پێناسەبکەین، کە هەم لەنێوان پلەو پێگەی دەسەڵاتی ناو ئەو کایە و هەم لە نێوان ئەو کایە و کایەکانی تردا ئامادەن. لەبەر ئەوەش کایەکان دروستبووی پرۆسەی مێژووین ئەوە بەپێویست هەڵگری ئەو ڕەگەزانەشن کە لە ململانێکانی پێشتری ناو ئەو کایەوە بەمیرات ماونەتەوە بۆ ئێستای. بۆیە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی کایەکان  لە ساتی ئێستایاندا، گەڕانێکی فزوولیانەشە بۆ پاشماوەی ئەو جەنگانەی کە لەڕابردووی ئەو پانتاییانەدا بەرپابوون. هەروەها دەبێ ئاماژەش بەو دژایەتی و پەیوەندیانەی دەسەڵات بکرێ کە لەئێستای کایەکاندا بەرجەستە دەبێت، چ هێزێ لەناو کایەکاندا هێزی کۆنەخوازە و چ هێزێکیش هەوڵی گۆڕان و دەسکاریکردنی بونیادەکانی کایەیەکە دەدات.



هەروەکو لە بەشی (هابیتوس)یشدا دەگەڕێمەوە سەری، لەلای بۆردیۆ پێناسەیەکی تەواوبووی چەسپاوی چەمکەکان کارێکی زۆر سەختە. ئەو هەستیارییەی بۆردیۆ هەیەتی ڕێگە نادات ئاماژە بۆ پێناسەیەکی کۆنکرێتی چەمکەکان بکەین. سەبارەت کایە دەتوانین بڵێین: سەرەتاییترین مەرجی پێکهاتنی هەرکایەیەك بریتییە لەوەی بەلای کەمەوە دوو ئەندام لەسەر ئەوە تەبابن کە: (ناکۆکن!). واتە ناکۆکی بزوێنەری جیهانی کایەکانە و ئەو هێزەیە مانەوە و گۆڕانی کایەکان دەستەبەر دەکا. هەتا بکەرە کۆمەڵایەتیەکان ناکۆك بن، ئەوە کایەکان لە جموجووڵ و خۆ تازەکردنەوەدان، بەڵام هەرجۆرە تەباییەکی ئەندامان دەبێتە هۆی کوشتنی وزەی ئەو کایە. چونکە لەو بارودۆخەدا هێزی دژ و بەرەنگارکەر و گۆڕانخواز لە ئارادا نامێنێ و ئەمەش بەمانای ئەوەیە کایەیەکە بەرە و هەڵوەشانەوە دەچێت.

کایە، هەمیشە کایەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بونیادێکی سەربەخۆی هەیە و لەناو ئەو بونیادەشدا چەندین ئاست و پلەی جیاوازی دەسەڵات هەن، کە لەلایەن ئەندامەکانەوە بەڕێوە دەچن. بەڵام ئەندامبوونی کۆمەڵێ مرۆڤ لە کایەیەکدا بۆ نمونە (کایەی ڕۆشنبیریی)، بە مانای ئەوە نیە کە هەموو ئەندامان لەگەڵ یەکتردا تەبان و ناکۆکیان لە نێواندا نیە. بەپێچەوانەوە، ئەوان ناکۆکن و شەڕ لەسەر شتێ دەکەن، یان لەپێناوی مەبەستێکدا ململانێ دەکەن، کە بەلایانەوە گرنگە.

بۆچی ئەندامانی ناو کایەیەکی تایبەت پلە و پایەی جیاوازیان هەیە؟ لەبەرئەوەی هەر ئەندامێ لەسەر ئاستی ڕێژەی ئەو سەرمایەوە کە لەو

کایەدا کەڵەکەی کردووە، پلەو پێگە و شوێنیش وەردەگرێ. بۆ نمونە بۆردیۆ لە نامیلکەی (***توندوتیژی ڕەمزی: توێژینەوەیەك لە بارەی سۆسیۆلۆجیای پەروەردەوە*** )( ٢٥ )، کە یەکێکە لە قورسترین و ئاڵۆزترین دەقەکانی، کایەی پەروەردە وەك قەڵەمڕەوێك پێناسە دەکا، کە لەناوخۆیدا دوو دژی کۆکردۆتەوە: لە لایەکەوە کەسانێ هەن نەرێتی ئەو کایە دەپارێزن و ئەمانە پێیانوایە دەزانن ( پەروەردە ) چییە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە لەقۆناغێکی دیاریکراوی پەروەردەییدا زۆرترین سەرمایەی ڕۆشنبیرییان لەبارەی ( پەروەردە )وە هەیە. ئەم سەرمایە ڕۆشنبیرییە لەناو هەمان  ئەو کایەدا گەشەی پێدراوە و ئەنجام و بەرهەمی ئەو شەڕانەیە کە پێشتر بەرپابوون. کەواتە ئەوانەی نەرێتی کایەیەکە دەپارێزن لەهەمان کاتیشدا بەرگریی دەکەن لەو دەسەڵاتەی بۆیان ماوەتەوە و نایانەوێ تەختی پاشایەتی و بڕیاردان چۆڵ بکەن و دەیپارێزن.

لە بەرامبەر ئەم گروپەدا، کە دەشێت ژمارەیان زۆر کەم بێت، لەناو هەمان کایەدا، گروپێکی تر هەن کە دژی ستراتیژی کۆنەخوازەکان و نەرێتپەرستەکان دەوەستنەوە و لە ژێر کاریگەریی ئەو بەهایانەی بڕوایان پێیانە و بەکاریگەریی هابیتوسەکەیان، گەرەکیانە ڕووخسارێکی دیکە بدەنە کایەکەیان. ئەمانەش بە زۆری گەنجترین و تازەترین ئەندامانی کایەکەن و ڕەنگە خاوەنی سەرمایەیەکی ئەوتۆی ڕۆشنبیریش لەبارەی پەروەردەوە، نەبن. بەڵام خودی بەرەنگاربوونەوەکەیان دەبێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندی نێوان ئەوانەی



لە کایەکەدا بڕیاریان لەدەستدایە و ئەوانەی بڕیارەکان ڕادەپەڕێنن: ئەنجامی ئەو گۆڕانەش لە پەیوەندیەکاندا بەوە دێتەوە، کە سەرمایەی ڕۆشنبیریی ناو پانتایی ( بۆ نمونە ڕۆشنبیری یان پەروەردە ) سەرلەنوێ دابەش بکرێتەوە و جێگۆڕکێ لەنێوان پلە و ئاستەکاندا ڕوویدات. بەواتایەکی دی، دەشێت لەهەمان پانتاییدا چەندین تیورەی پەروەردەیی و ئاڕاستەی ڕاشەکردنی پەروەردە بکەونە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا و هەریەکەیان هەوڵبدات پلە و پایەی خۆی لەچاو پلەو پایەی تیۆرەکانی تردا بباتە سەر. لەئەنجامی بەردەوامبوونی ئەم شەڕانەوەیە، کە ئەندامەکان بەسەر دوو لایەنی دژبەیەکدا ( تەقلیدی و تازەگەر، نەرێتخواز و نوێخواز) دابەش دەبن و ململانێی نێوانیان دەبێتە هۆی نوێ بوونەوەی وزەی کایەکەیان. واتە هەم نوێبوونەوە لەخودی هەر کایەیەکدا و هەم نوێبوونەوەی کایەکانیش لەبەرامبەر یەکتردا ڕوو دەدات. پێموایە ئەم خاڵەش دەروازەیەکی لەبارە بۆ چوونە ناو باسی چەمکی هابیتوس( Habitus )ەوە.

## هابیتوس:

چەمکی هابیتوس، لە بنەمادا زاراوەیەك نیە بۆردیۆ دایهێنابێت، بەڵکو چەمکێکی ناو نەرێتی فەلسەفییە و بۆردیۆ زیندووی کردۆتەوە ( ریتزر: ١٩٩٠، ل: ٧٢٠ پ ). بەلای بۆردیۆوە، واقیعی ژیانی کۆمەڵگا دوو ئاستی هەیە، یاخود دوو ( بوون ) دەژی. یەکەمیان کایە کۆمەڵایەتیەکانن، کە وەك گوترا دەکەونە دەرەوەی تاکەکانەوە و بونیادی سەربەخۆی

خۆیانیان هەیە. ئاستی دووەمیش بریتیە لە واقیعی کۆمەڵگا لە ژیانی تاکەکاندا، بەم پێیەش ***هابیتوس لەیەك کاتدا بوونی واقیعی کۆمەڵگا و کایەکانە لە جەستەی تاکدا.*** ئەمەش تەنیا پێناسەیەکی هەژارانەی چەمکی هابیتوسە، چونکە بۆردیۆ نەك هەر تەنیا پێناسەیەکی کۆنکرێتی بۆ هابیتوس نەکردووە، بەڵکو بەدەگمەن لەدوو بەرهەمیشیدا بەهەمان مانا بەکاری هێناوە (کالۆارت: ١٩٩٤، ل: ٤٣).

لەباشترین شێوەدا، بۆردیۆ (هابیتوس) بە ***سیستەمێك پێناسە دەکا، کە تاکەکان لەڕێگەیەوە لە جیهانی دەرەوە تێدەگەن و بەهۆیەوە هەڵیدەسەنگێنن.*** بەڵام لەهەمان کاتیشدا، هابیتوس سیستەمێکیشە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی پراکتیکی تاکەکان خۆیان(٢٦). بۆردیۆ ڕێگەی ئەوەمان لێناگرێت، کە چەمکی هابیتوس بە سیستەمی نۆرم و بەها، خووی کەلتووری، یان سیستەمێکی هەڵوێستوەرگرتن پێناسە بکەین، کە تاکەکەسێك و زۆرێك لە تاکەکەسەکان لە ژیانی کۆییاندا، لەسەری دەڕۆن. بەمجۆرەش هابیتوس بونیادێکی جەستەیی و بڕیار لەسەر دراوە، کە بۆتە بناخەی ئەو هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە و جۆری هەڵبژاردنانەی مرۆڤ لە ژیانی کردەییدا پێیان هەڵدەستێت (Bourdieu: 1996, 106).

لێرەوە، دەتوانین لەسەر هەوڵدان بۆ ناساندنی چەمکی هابیتوس بەردەوام بین بەبێ ئەوەی دوا پێناسەمان کردبێ. دەمەوێ بڵێم: پێناسەکان بۆ چەمکی ناوبراو لەگەڵ یەکدا ناکۆك نین، بەڵام هیچکامێکیشیان بەتەنیا ناتوانن پێمانبڵێن لەدوا ئەنجامدا هابیتوس چییە؟



ئەگەر لەو پێناسەیەی بۆردیۆ، کە دەڵێ، هابیتوس سیستەمێکە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی تاکەکەس، زیاتر قووڵ ببینەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو سیستەمەی بۆردیۆ باسیدەکات، سیستەمێکی (بەجەستە بووە). واتە لەناو یەك بەیەکی ئێمەدا ئامادەیە و دەوری دەزگایەك دەبینێ کە بەرنامە و پلانی تاکەکان لەناو کایەکاندا جڵەو دەکا. هابیتوس لە یەك کاتدا دەستنیشانی دەکات، کە ئێمە چۆن لەجیهان و دیاردەکان تێبگەین و هەڵیانسەنگێنین، لەهەمان کاتیشدا ئەو پرانسیپانەمان بۆ دەستنیشان دەکا، کە پێویستە لە هەڵسوکەوت و پراکتیکماندا ڕەچاویان بکەین.

بەڵام خۆ ئێمە لەهەموو کاتێك و بارودۆخێکی پراکتیککردندا، بەرامبەر بە بڕیار و چۆنێتی جیاکردنەوەی دیاردەکان و دەستەبەندیکردنیان هووشیار نین. بەڵکو زۆرجار ئەو هۆکارە شاراوانەش دەور لە بڕیارەکانماندا دەبینن کە پشتاوپشت بۆمان ماونەتەوەو لە ساتێك لە ساتەکانی پراکتیککردنماندا سەرلەنوێ بەگەڕ دەکەونەوە و کاریگەریی نادیاری خۆیان جێدەهێڵن. ئەمەش بەبێ ئەوەی پرسیار لەخۆمان بکەین بۆچی ئەو کارەمکرد؟ بۆچی ئەو بڕیارەمدا؟ بۆچی ئەو شتەم هەڵبژارد؟ بۆچی چێژم لەو خواردنە و لەو ڕەنگە بینی و هتد.

ئابەم پێناسەیە بێت، لێکچوونێك هەیە لەنێوان چەمکی (هابیتوس) و چەمکی (کۆنەست) لەی لای کارڵ گۆستاف یۆنگ. بەڵام من نامەوێ زیاتر لەسەر ئەمە بڕۆم و بەوەندە دەیبڕێنمەوە کە

تێگەیشتن لە چەمکی (کۆنەست)، تێگەیشتن لە چەمکی هابیتوسیش ئاسان دەکات، یاخود بەلای کەمەوە بەراووردی ئەو دوو چەمکە باسێکی سەرنجڕاکێشە.

پێشتر ئاماژەم بۆ ئەقڵییەتی ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان کرد و گوتم، کارکردن بەو ئەقڵییەتە پێشمەرجە بۆ ئەندامبوون لە کایەکەدا. ئێستا دەتوانین دووبارەی بکەینەوە و بڵێین، یاخود بهێنینە پێشچاوی خۆمان، کە پانتایی کۆمەڵایەتی کایەیەکی یاریکردنە و مەرجی بەشداربوونیش لەو یارییەدا بریتیە لە شارەزایی لە یاساکانی ئەو یارییەدا. بەم پێیەش تاکەکان دەبنە ئەو یاریکەرە شارەزایانەی ناو کایەکان، کە یاسا و نەریتی ئەو کایانە چۆتە جەستەیانەوە و (تێکەڵ بە لەشیان) بووە. پرۆسەی بە جەستەبوون لەلای بۆردیۆ گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە ئەو پێی وایە زۆرەکان و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا بۆسەر تاکەکەس، چ لە شێوە ڕەمزییەکەیاندا (وەك تانە لێدان، تەریقکردنەوە، ڕووشکاندن، هەڕەشەلێکردن و قسە پێبڕین) و چ لە ئاستە فیزیکیەکەیاندا (وەك لێدان، پەلامار، سزا و بێبەشکردن)، سەرەتا کاریگەریی خۆیان لەسەر جەستەی مرۆڤ بەجێدەهێڵن. واتە فۆرمێکی تایبەت بە جەستە دەبەخشن. تاکەکەسانی بەردەسەتی دەسەڵات، ژێردەستەیی کۆمەڵایەتیانەی خۆیان لەڕێگەی بەجەستەییکردنەوە و لە شێوە جوڵەی ناشیانەی لەش و شەرم و کەمڕووییەوە، دەکەنە دۆخێکی دەروونیی خۆیان (شویرە&فونتن: ٢٠٠٦، ل: ٧١). بۆ نمونە توندوتیژیی ڕەمزی، وەکئەوەی لە



تووڕەبووندا هەیە و کاریگەریی خۆی بەبێ هیچ جۆرە گوشار و کردەیەکی فیزیکی بۆسەر جەستەی بەرامبەر ئەنجامدەدات، زۆربەی کات بیسەر دەخاتە بارودۆخێکی جەستەیی نائارامەوە (شویرە& فونتن: ٢٠٠٦، ل: ٧٢). هابیتوس وەك ئامادەکەرێکی یاخود پاڵنەرێکی تاکەکان ئیش دەکات، کە هانیان دەدات بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا، کە لەناو کایەکاندا لەسەر دەسەڵات دەکرێ. واتە هابیتوس لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژ و شێوەی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنەی بارودۆخەکاندا خۆی دەردەبڕێ کە ئەندامانی هەر کایەیەك لەکاتی شەڕکردنیاندا لەناو هەمان ئەو پانتایدا، بەکاریان دەهێنن. بەم پێیەش، چەمکی هابیتوس، ئەو دیاردەیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە مرۆڤ دەتوانێ ژیرانە ڕەفتار بکات، بەبێ ئەوەی زۆر ئەقڵانی بێت. مرۆڤەکان بەپێی داخوازی و نۆرمی ئەو کایەی تێیدا ئەندامن هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە، *کایەی کۆمەڵایەتی، هابیتوس وەك بەرهەمێکی زەرووڕەتە نەگۆڕەکانی خۆی بونیاد دەنێتەوە و لەلایەکی تریشەوە، هابیتوس بۆخۆی بەشدارە لە بیناکردنەوەی کایەکەدا وەك جیهانێك کە مانا و نۆرمی خۆی هەیە و دەهێنێ کەسەکان لە پێناویدا هەوڵ و تەقەلا بدەن* (Bourdieu: 1996, 112).

بەمانایەکی تر، هابیتوس سیستەمێکە بۆ بەرهەمهێنانی هەڵسوکەوت و وێناکردن، کە لەژێر کاریگەری هەلومەرجە مادییەکانی ژیاندا دروست دەبێت و لە سەرەتای ژیانی تاکەکانەوە، واتە لە قۆناغی بە

کۆمەڵایەتیبوونیاندا، هەندێ بناغە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی دادەڕێژێ. واتە هەندێ کارەکتەر دروست ئەکا کە ئەم کارەکتەرانە لە هەمان کاتیشدا تایبەتن بەشێوە ژیانی خێزان و چینێکی تایبەتیەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە تاك وەك نوێنەری چین و خێزانێکی کۆمەڵگا، بەشێ لە سیستەمی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەو خێزان و چین و کۆمەڵگایەش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دووبارەیان دەکاتەوە.

جۆرج ریتزەر، هابیتوس وەك باڵاخانەی زەینی پێناسە کردووە و نوسیویەتی: هابیتوس **"بەو بونیادە زەینی، یان ناسکارانە دەگوترێ، کە مرۆیەکان لە ڕێگەیانەوە ڕووبەڕووی جیهانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە"** (ریتزر: ١٩٩٠، ل: ٧٢٢-٧٢٤). هەرچەندە ڕیتزەر دەیەوێ ئەم زاراوەیە ڕوونتر بکاتەوە، بەڵام لەو پێناسەیە دەردەچێ کە هابیتوس وەك *میراتێك* بۆ تاکەکەس لە پێشچاو دەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕیتزەر نمونەیەکی لەم بابەتە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی هابیتوس لە ژیانی تاکەکەسدا دەهێنێتەوە: ئەگەر کەسێکی گوندنشین لە کۆمەڵگایەکی پێش سەرمایەدارییەوە ناچاربێت بچێت لە لەندەن کار بکات، ئەوە ئەو هابیتوسەی ئەم کەسە لە کۆمەڵگایەکی پێش سەرمایەداریدا بەدەستیهێناوە، یان بەسەریدا سەپاوە و تیایدا پەروەردە بووە، ڕێگەی پێنادات بە چاکی خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژیانی لەندەن، بگونجێنێ (ڕیتزەر: ١٩٩٠، ل: ٧٢٢). بە مانایەکی تر، ئەو هابیتوسەی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا بونیادی زەینی مرۆڤ دادەڕێژێت، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێژەی سەرکەوتن و



تێکشکشانی هەمان کەس لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازتردا. بۆ نمونە هاتنی گەنجێك لە ژینگەیەکی لادێنشینی کوردەوارییەوە، کە تۆڕێکی پەیوەندیی عەشیرەیی تیایدا زاڵە، بۆ ناو زانکۆیەك لە شارەکانی کوردستاندا، کاریگەریی هەیە لەسەر ڕێژەی سەرکەوتن و خۆگونجاندنی لەناو کەشی زانستی زانکۆ و لە پەیوەندیدا لەگەڵ قوتابیانی تر و مامۆستاکان و سیستەمەکەشدا. بەهەمان شێوە، ڕێژەی خۆگونجاندن و دەستکەوت و سەرکەوتنی ئەو هەزاران پەنابەرانەی لە وڵاتی خۆیانەوە دەچن بۆ وڵاتانی تر، بێ پەیوەندیی نیە بە جۆری ئەو هابیتوسەی ئەوان لەگەڵ خۆیاندا بردویانە و داڕێژەری کەسایەتی و خوو و ڕەفتار و بیرکردنەوەیانە.

کەسانیتر، وەك ستیڤن سیدمەن، بەمجۆرە باس لە پەیوەندیی *هابیتوس، چینی کۆمەڵایەتی و کردەی تاکەکان* دەکەن:

> **"ئەو تاکەکەسانەی کە سەر بە هەمان چینی کۆمەڵایەتی، یان پێگەی بونیادین لە کۆمەڵگادا، دەبنە خاوەنی ئەزموونگەلێکی دووبارەوە بوو، کە ئەم ئەزموونانەش بە نۆرەی خۆیان دەبنە هۆی دروستکردنی هابیتوسێکی هاوبەش. ئەم هابیتوسەش دیسانەوە بونیاد دەبەخشێتەوە بە کردەی کۆمەڵایەتی تاکەکان، ڕەچەتەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ ڕێکدەخات و سنووریان بۆ دادەنێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بە نوێبوونەوەی تاکەکەسیانە دەدات.**

**لێرەشـەوە، تاکەکەسـەکان نـە بکـەرێکی کۆمەڵایـەتی بەتـەواوی مانـا ئـازادن و نـە بەتـەنیاش بەرهـەمی بێدەسەڵاتی بونیادە کۆمەڵایەتیەکانن"** (سیدمن: ٢٠٠٧، ل: ١٩٧– ١٩٨).

بەم مانایەش بێت، ژیانی کۆمەڵایەتی نە بەتەنیا ئەو شتەیە کە لەناو زەین و بیرکردنەوەی تاکەکەسەکانی ناو هەمان کۆمەڵگادایە، نە بەتەنیاش هەر پابەندی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیانەیە کە تاکەکەسەکان تیایاندا هەڵدەستن بە چالاکیەکانی خۆیان. هابیتوس هەم بەرهەمی پێگە و ئەو کایە کۆمەڵایەتیەیە کە تاکەکەس تیایدا ئەندامە، هەم بەرهەمی هەوڵدانەکانی تاکەکەس خۆیشین بۆ گۆڕینی جۆرایەتی ژیانی خۆی لە میانەی ئەو ململانێیانەی لە پێناوی پێگە و بەرژەوەندیەکانیدا، دەیانکات.

ڕەخنەگرەکانی بۆردیۆ ئەم پرۆسەی دووبارەکردنەوەیە بە(**جەبرییەتی هابیتوس**) ناو دەبەن. بەڵام بۆردیۆ ناوی دەنێ (*ئامادەیی بونیادە دەرەکیەکان لە ناوەوە و (ناوەوەی تاک) و ئامادەیی ناوەوەش لەناو بونیادە دەرەکیەکاندا*) (Bourdieu: 1996, 111). ئەم دوو جۆرە ئامادەبوونەش بەهیچ جۆرێ لەسەر ئاستێکی میکانیکییەوە ڕوونادات. چونکە هەبوونی بونیادە دەرەکیەکان لە هابیتوسی تاکەکاندا، بەمانای ئەوە نییە کە تاکەکان وەك ڕۆبۆت لە ژێر فەرمانی ئەو بونیادانەدا کاردەکەن. چونکە هابیتوس لەهەمان کاتیشدا بوارێکی کراوەیە لەبەردەم تاکەکاندا، تا بتوانن بەشێوەیەکی هووشیارانە



وێناکردن و تێگەیشتنی نوێ بەرهەم بهێنن و بەتەنیا پابەند و گرێدراو نەبن بە پێشنووسەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیەوە.

لەبەرئەوە، ئەو هەڵسوکەوت و بڕیارە هوشیارانەی تاکەکان پێیان هەڵدەستن، دواجار لەسەر بونیادەکانی دەرەوە ڕەنگدەداتەوەو گۆڕانیشیان بەسەردا دێت. لێرەدا هابیتوس وەك ناوبژیکەرێك لەنێوان بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵسوکەوتی تاکەکاندا خۆی پیشاندەدات کە، لەیەك کاتا "***هەم دروستکەرە و هەم دروستیش دەکرێ***"(٢٧). هەم تاك لە لیستی بونیادە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگونجێ و هەم ئەو بونیادانەش ئازادیی دەدەنێ خۆی بونیادی نوێ ساز بکات. بەم پێیەش هەم جەبریەتی بونیاد، لەلای بونیادگەراکان لەدەسەڵات ئەکەوێ و هەم بەسەنتەرکردن و بڕیاردانی تاك لەلای دیاردەناسەکان. ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین دەستکەوتە تیۆرییەکانی بۆردیۆ، لەو دیو ئەو گفتوگۆیانەی بونیادگەراکان لەوبارەیەوە کردویانە (ڕیتزەر: ١٩٩٠، ل: ٧٢٣)

بەمانایەکی تر، هابیتوس ئەو خەزێنەیەیە کە پڕە لە ستراتیژی جۆراوجۆر، تاك لەهەر بارودۆخێکی تایبەتدا یەکێك، یان زنجیرەیەك لەو ستراتیژیانە هەڵدەبژێرێ و کاریان پێدەکات. (دۆنالد برۆدی) کە یەکێك لە بۆردیۆناسەکانی سوێدە و چەندین کاری بەسوودی لەمەڕ تیۆرەی پراکسیۆلۆژییەوە بڵاوکردۆتەوە، چەمکی هابیتوس بە چەمەدانێك، (باوەڵ، یان سندووقێك) دەچووێنێ پڕبێت لە پلانی جۆربەجۆر کە دەستنیشانیدەکەن چۆن تاك بەپێی پێویستی

بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوت بکا، بیربکاتەوە، تێبگات و شتەکان بنرخێنیٚ( ٢٨ ).

ئەوەی کە ئێمە شتێ، هەڵسوکەوتێ، یاخود بڕیارێك بە( باش ) یان ( خراپ ) دەقەبڵێنین، پەیوەندییەکی نەپساوی هەیە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی چ هابیتوسێکین. دەتوانین سوود لە زمانی میتافۆر وەربگرین و بڵێین: هابیتوس ئەو ( دووربین )ـەیە کەئێمە لەپێشینەکانمانەوە بەمیرات بۆمان ماوەتەوە و بایی ئەوەش کە میراتیە، ناچارین لێوەی بڕوانینە جیهان و شتەکان. بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بەهۆی ئەو ئازادییە ڕێژەییەی هەمانە، چاوی دووربینە میراتیەکەمان بەپێی کات و هەلومەرج و شوێنەکانمان سەرلەنوێ میزان بکەینەوەو هەم لێوەی بڕاوانین و هەم پێی بڕوانین. وەلێ بیرۆکەی تووڕدانی یەکجارەکی دوور بینەکە، شتێکی مەحاڵە، چونکە:

**"بەشێوەیەکی هێندە سروشتی بۆتە بەشێ لەئێمە و تێکەڵمان بووە، کە هەرگیز گومانی لێنەکەین و بەردەوام وەك حەتمیەتێك تەماشای بکەین" ( ٢٩ )**

هابیتوس، وەك بونیادێکی زەینی، ئەو بنەمایانە پێکدەهێنێ کە مرۆیەکان بەهۆیانەوە دەتوانن هەڵبژێرن و ئەو شێوازی خۆئامادەکردنانەش بناسن کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا پەنایان بۆ دەبەن. بەمجۆرەش بۆردیۆ، مرۆڤەکان وەك کەسانی "خەڵەفاو" تەماشا ناکات، بەڵام ئەوان بەتەواویش بوونەوەری ئەقڵانی نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای بۆردیۆوە کەسەکان بەشێوەیەکی ژیرانە هەڵسوکەوت



دەکەن و پەیڕەوی لە لۆژیکێکی کرداری ( پراکتیکی ) دەکەن، کە هەمان "لۆژیکی کرداره". ئەمەش بەمانای ئەوەیە، هەرچەندە کەسەکان هووشیار نین بە هەبوونی بونیادی زەینی و چۆنێتی کارکردنی، بەڵام ئەم بونیادە زەینییە، کە هابیتوسەکەیانە، لە زۆرینەی چالاکیەکانیاندا، وەك شێوەی نانخواردن، بە ڕێگادا ڕۆیشتن، قسەکردن و تەنانەت تووڕەبوونیشیاندا وەك بونیادێکی بڕیاردەر کاری خۆی دەکات ( ڕیتزەر: ١٩٩٠، ل: ٧٢٣ )

ئەوەی پێویستە لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە بۆردیۆ جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە، ئەم بیرمەندە پتر چاوی لەسەر کایەی کۆمەڵایەتیە نەك تاکەکەس. ئەمەش بۆ بەکارهێنانی چەمکی هابیتوسیش ڕاستە، ئەگەرچی وا دەردەکەوێ ئەم چەمکە زیاتر دەربڕی قەڵەمڕەوی تاکەکەسە نەك کایەی کۆمەڵایەتی. بەڵام بەوەدا کە بۆردیۆ دواجار هابیتوس وەك ( خودێتییەکی بەکۆمەڵایەتیبوو socialiseret subjektivite ) باس دەکات، ئەوە قەڵەمڕەوی تاکایەتی، تایبەت و سۆبژە وەك مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆیی تەماشا دەکات. خاڵە گرنگەکە لەوەدایە کە بۆردیۆ پێیوایە هووشیاریی مرۆڤ بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. ئەمەش بەو مانایەی ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ئەو بیرۆکە و پرانسیپە زانستیانە و تەنانەت دۆخە زەینیانەدا هەیە کە هەموویان بەرئەنجامی پێشینە و باکگراوندی تاکەکەسن کە لە میانەی پەروەردە و خوێندنەوە، وەریگرتوون ( Bourdieu: 1996, 111 ).

## سەرمایە:

بۆردیۆ لەو بڕوایەدایە، بەبێ قسەکردن لەسەر سەرمایە لە هەموو شێوەکانیدا، ئەویش نەك تەنیا لەو شێوەیەیدا کە بەهۆی تیۆرەی ئابووریناسییەوە، ناسراوە، ڕوونکردنەوەی بونیاد و کارکردی دنیای کۆمەڵایەتی، کارێکی نەشیاوە و ئەگەری تێگەیشتنی لاوازە.. تێڕوانینی ئابووریناسانە بۆ سەرمایە، تێڕوانینێکی بەرتەسکە، چونکە *تیۆرەی ئابووریناسی، بەهۆی کورتکردنەوەی جیهانی ئاڵوویر و سەودا لە ئاڵوویری بازرگانیدا، جۆرەکانی تری ئاڵوویر، بە نائابووریانە و لەوێشەوە بە بێ بایەخ ناساندوون* (بۆردیۆ: ٢٠٠٦، ل: ١٣٤–١٣٥).

تێڕوانینی بۆردیۆ بۆ سەرمایە زۆر فراوانترە لەو تێڕوانینەی لە نەریتی ئابووریناسی، بەتایبەتی ئابووریناسی مارکسیدا دەبینرێتەوە و ئەوەی بۆردیۆ لە چەمکی سەرمایەدا، وەك بەدیهێنەری پەیوەندی و ئاڵوویر و سەودا، دەیبینێتەوە، زۆر سوودمەندترە بۆ تێگەیشتن لە دنیای کۆمەڵایەتی. لێرەشەوە، بۆردیۆ جیاوازیی لەنێوان چوار جۆر سەرمایەدا، دەکات:

جۆری یەکەم: بریتیە **سەرمایەی ئابووری**، کە بەبێ وەستان و چاوەڕوانی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە پارە و بۆی هەیە لە شێوەی مافی خاوەندارێتیدا دەربکەوێت.

جۆری دووەم: بریتیە لە **سەرمایەی کەلتووری**، کە بۆی هەیە لە سێبەری چەند هەلومەرجێکدا ببێتە سەرمایەی ئابووری. سەرمایەی



کەلتووری پێش هەموو شتێك کۆمەڵە سەرمایەیەکی ڕەمزین، کە هەندێکیان پەیوەستن بە دەروونی تاکەکەسەوە، هەندێکیان پەیوەستن بەوەی کە تاك بۆتە خاوەنیان و هەندێکیشیان تاکەکەس بە دەستیهێناون. بۆردیۆ سێ دۆخی ئەم جۆرە سەرمایەیە دەستنیشاندەکات:

(أ) **دۆخی بەرجەستەبوو:** یان سەرمایەی بەرجەستەبوو لە کەسایەتی تاکدا بەپێی تێپەڕینی کات. بۆردیۆ دەڵێت: ئەمجۆرەی سەرمایە، ئەو شتەیە کە "***تاکەکەس لە گیرفانی خۆی بەهاکەی دەدات***" (بۆردیۆ: ٢٠٠٦، ل: ١٣٩). ئەمجۆرەی سەرمایە بریتییە لە سەرمایەیەکی بەدەروونیبوو، یان (بەناوەکی بوو intériorisation)، کە پەیوەستە بە (***زیرەکی و شارەزایی تاکەکەس لە فڵان و فیسارە بوار، زمانپاراوی، خاوەن سەلیقەیی و لێهاتوویی، زوو هاتنە دەست، هەڵوێستوەرگرتن لە جێگەی خۆیدا، بوێری، ناسینی جیهانی کۆمەڵایەتی و ڕەمزە کۆمەڵایەتیەکان هونەری ژیانکردن، خۆشیرینکردن و جێی خۆکردنەوە***) لە کۆمەڵگادا. (شویرە& فۆنتن: ٢٠٠٦، ل: ٩٧).

ئەمانە ئەو شتە تایبەتیانەن کە تاکەکەس بۆخۆی خاوەنیانە و لە دوای مردنی خۆی نادرێن بەکەسی تر و خەسڵەتگەلێکن، تایبەتمەندی دەدەنە خاوەنەکەیان و متمانەی بۆ بەدەستدەهێنن.

(ب) **دۆخی بابەتیانە:** ئەمە ئەو دۆخەیە کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی مادییانەی تاکەکەسەوە، سەرمایەی ئابووری دەبێتە میراتێکی کەلتووری و لە شێوەی خاوەندارێتی (*تابلۆی هونەری، کتێب،*

*قامووس و ئینسکلۆپیدیاکان، کەرەستە، ئامێرەکان و شتی عەنتیکە و گرانبەها و دەگمەن و .. )*، دەردەکەوێت ( بۆردیۆ: ٢٠٠٦، ل: ١٤٤ ).

( ج ) **دۆخی دامەزراوەیی:** ئەمە ئەو دۆخەی سەرمایەی کەلتوورییە، کە لە شێوەی ( ناونیشان، بڕوانامەی خوێندن، سەرکەوتن لە پێشبڕکێی خۆپاڵاوتن بۆ کارێك، بەدەستهێنانی مەدالیا، بوونە ئەندامی شانازی و .. )، کە توانایی و لێهاتووییەکانی تاکەکەسی تێدا بەرجەستە دەبێت ( بۆردیۆ: ٢٠٠٦، ل: ١٤٦ )، لەلایەن کۆمەڵگا، یان دەوڵەتەوە نرخی خۆیان بۆ دادەنرێت و دەبێتە هۆی بەخشین و پێشنیارکردنی پۆست و پێگە بە تاکەکەس ( لەم ڕێگەیەشەوە ئەم جۆرە سەرمایەیە بە دامەزراوەیی دەکرێت ) و ئەمەش دەیکاتە بۆ نمونە: ( مامۆستا، مامۆستای زانکۆ، دادوەر، کارمەندی حکومەت و ڕاوێژکار و هتد. ) .

سەرمایەی کەلتووری بەبێ هەوڵدانی تایبەتی تاکەکەس بەدەستنایەت و بە میراتیش بۆ کەس نامێنێتەوە. بەڵکو هەوڵدانی تایبەتی بکەری کۆمەڵایەتی دەوێت، کە بەهۆیەوە بتوانێ ئاستی فێربوونی خۆی بەرز بکاتەوە و ئەو سەرمایە کەلتووریە بکاتە هی خۆی، یان لەخۆیدا جێی بکاتەوە تاکو بەهۆیەوە بوونی کۆمەڵایەتیانەی خۆی بگۆڕێ ( شویرە& فۆنتن: ٢٠٠٦، ل: ٩٨ ).

جۆری سێیەمی سەرمایە، بریتیە لە **سەرمایەی کۆمەڵایەتی**. مەبەست لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ( نفوز ) و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تاك و ئەو دەسەڵاتەی بەهۆی ناسیاوی و خزمایەتیەوە بەدەستی دەهێنێ. ئەم پەیوەندیە بەرامبەریانەی تاك بە ئەوانیترەوە، بریتیە لە



تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆی سەرمایەی گشتییەوە، پشتیوانی لە تاکەکەس دەکات و ئیعتیبار دەداتە هەر ئەندامیکی خۆی ( بۆردیۆ: ٢٠٠٦، ل: ١٤٧ ). بەمجۆرەش، سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە کۆمەڵێك پەیوەندی، خزمایەتی، ناسیاوەتی، دۆستایەتی و داواکاری کە دەبنە هۆی بەخشینی سەنگی کۆمەڵایەتی کەم و زۆر بە بکەری کۆمەڵایەتی، بەخشینی دەسەڵاتی کردەیی و پەرچەکرداری کەم و زۆر بەپێی چەندایەتی و چۆنایەتی تۆڕی پەیوەندییەکان، واتە ئەو پەیوەندیانەی کە ئەو دەبەستنەوە بە کەسانیترەوە ( Bourdieu: 1996, 105، شویرە& فۆنتن: ٢٠٠٦، ل: ٩٨ ).

**سەرمایەی ڕەمزیش**، چوارەمین جۆری سەرمایەیە لای بۆردیۆ. سەرمایەی ڕەمزی هیچ نیە لە سەرمایەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری زیاتر، کاتێ ئەمجۆرانەی سەرمایە بە پێی شێوازێکی تایبەتی وەرگرتن، بە ڕەسمی دەناسرێن و دانیان پیادەنرێت ( بۆردیۆ: ٢٠٠٩، ل: ٧٤ ). لەبەر ئەوەی هەر جۆرێکی سەرمایە ( ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی ) بە پلەی جیاواز، وەکو سەرمایەی ڕەمزیش بەرجەستە دەبن، ئەوە دەکرێ قسە لەسەر کاریگەرییە ڕەمزییەکانی گشت جۆرەکانی سەرمایە بکرێت ( بۆردیۆ: ٢٠٠٦، ل: ١٠٠ ).

هەموو ئەم جۆرانەی سەرمایە شێوازی جیاجیای دەسەڵات و باڵادەستێن و پەیوەندییەکی تەواویشیان بەیەکترەوە هەیە. واتە بۆی هەیە سەرمایەی ڕەمزی ببێتە هۆی زیادەبوونی سەرمایەی ئابووری و

سەرمایەی ئابووریش، سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی و کەلتووری زۆر بۆ خاوەنەکەی دروست بکات و بهێنێتە دەست( ٣٠ ).

بۆئەوەی بەشێوەیەکی شارەزایانە بەشداری لە شەڕی ( لێرەدا وشەی شەڕ مانایەکی مەجازیانەی هەیە، دەکرێ بشگوترێ: ململانێ )ی نێو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەین، هەروەکو پێشتر لە باسی کایەی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەمان پێدا، بۆردیۆ دوو مەرج دەستنیشان دەکات:

یەکەم ) پێویستە ئەندامی هەر کایەیەك کەسێکی زیرەك، چووست و زانابێت بە یاساکانی ناو ئەو کایەی خۆی تیادەبینێتەوەو،

دووەم ) پێویستە ئەو کەسە خاوەنی هەندێ سەرمایەش بێت کە بتوانێ لە خەزێنە و بانکی هاوبەشی کایەیەکی تایبەتدا، دایبنێ.

ئەو ململانێیەی لەناو کایەکاندا لەسەر دەسەڵات بەرپادەبێ، ململانێیەکی یەکسان نییە، بەو مانایەی ئەندامەکان هەموویان شەڕکەرن، وەلێ بەئاستی جیاواز و ڕاددەی بەشداربوونی جیاواز. هۆی ئەم نایەکسانیە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، هەندێ لە شەڕکەران لێزانترن و توانایەکی باشتریان هەیە بۆ بردنەوە. واتە لە بەکارهێنانی یاسای ناو کایەکاندا شارەزاترن و ئەمەش فرسەتیان بۆ دەڕەخسێنێ ڕێژەیەکی زیاتر لەو شتە بکەنە هی خۆیان کە لەناو کایەکەدا شەڕی لەسەر دەکرێ. بەڵام ئەو تواناو لێزانیە لە هەمەن کاتیشدا ئازادیەکی پتریان دەداتێ لەچاو ئەو ئازادیەی یاسا و سیستەمی ناو کایەکەیان ڕێگەی پێدەدات. وەلێ وا تۆ شارەزا و



لێزانیش بوویت، کە سەرمایەت نەبوو لە خەزێنەدا کەڵەکەی بکەیت بە چیدەچێ؟! کەواتە هەبوونی سەرمایەش هێندەی لێزانی و زیرەکی بۆ بەشداربوون لەو ( شەڕ/ یاری )یەدا گرنگە.

ئەو ( سەرمایە پێویستە )، دەشێت کەلوپەلی ماتریاڵ بێت، پارەبێت، سەیارەبێت، هەروەکو چۆن دەکرێ سەرمایەی کەلتوورییش بێت. واتە ئەو شارەزایی و هەڵسوکەوتە دانپیانراوانە بێت کە پلەو ئاستێکی تایبەتی خوێندەواری و هونەروەری کەسێکمان پێدەناسێنن( ٣١ ).

لە هەموو کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا جۆرێکی تایبەت لە جۆرەکانی سەرمایە، لە مەترسیدایە ( Bourdieu: 1996, 86-87 ). ئەمەش بەمانای ئەوەیە، مەرج نیە ئەو سەرمایەیەی لە کایەیەکدا دەیبەینەوە ببێتە هۆی ئەندامبوونمان لە کایەیەکی تردا. وێڕای ئەمەش هەموو پلە و پایەیەکی ناو کایەیەك لە کایەکان، پێویستی بە جۆرێ لەسەرمایەی تایبەت هەیە کە نرخی ئەم سەرمایەیە بەپێی بەرزبوونەوەی پلەوپایە و پێگەی تاکەکەسیش زیاد دەکات. هەتا پلەو پایەی بەرزتر بەدەست بهێنین، زیاتر دان بەسەرمایەکانماندا دەنرێ و زیاتر ڕەوایەتی وەردەگرین. بەڵام هەروەکو چۆن سەرمایەی ناو کایەیەك بە پێویست و زەروورەت نابێتە سەرمایەی دان پیانراوی ناو کایەکانی تر، ئاواش سەرمایەیەك ناگۆڕدرێتەوە بەجۆرێکی تری سەرمایە: کەس ناتوانێ بەپارە ( ڕۆشنبیریی و کەلتوور ) بکڕێ و هیچ ڕۆشنبیرێکیش بەپێویست لەبەر ڕۆشنبیرییەکەی پارەدار نیە. مەرج نیە پارە خەرجکردن بۆ کەسێ، ئەو کەسە بکاتە هاوڕێ و برادەرمان و لەمێژە گوتراویشە

"سەربەرزی" و پرستیژ بەپارە نایەتە دەست؟ ئەمانە هەموویان پێویستیان بەجۆرێکی تایبەت لە سەرمایەدانان هەیە، کە بۆردیۆ ناوی دەنێ سەرمایەی ڕەمزی.

سەرمایەی ڕەمزی بریتیە لەو نرخ و بەهاو دانپیانانەی (اعتراف) کە سەرمایەیەکی تایبەت لەناو کایەیەکی تایبەتدا بەدەستیهێناوە. واتە ئەوەی شوێن گرنگی و شایانی دانپیانانە بریتیە لە (نرخ)ی ڕەمزیانەی سەرمایەکە و هەر ئەم نرخە ڕەمزییەشە کە لەشەڕی ناو کایەکاندا دەبرێتەوە، یان دەدۆڕێنرێ.

لێرەوە پێویستە بزانین ئەو شەڕەی لە کایەکاندا لەسەر دەسەڵات دەکرێ، هەر تەنیا بۆ ئەوە نیە سەرمایەی ڕەمزی پتر بێتە دەست، بەڵکو بۆ ئەوەیشە هەندێ (سامان و توانا)ی تریش وەك سەرمایەیەکی ڕەمزی دانیان پیابنرێ.

هەروەکو لە پێشاندا باسی لێوەکرا، لە ناو کایەکاندا پلەوپایەی جیاواز لەئارادان و پێویستە ئەو (جیاوازی)یە دەستنیشان بکرێ. واتە دەبێ هەندێ نیشانە هەبن تا لەڕێگەیانەوە جیاوازییەکان ئاشکرابن و پلەوپایەکان لێکدی جودا بکرێنەوە. دەشێت ئەو نیشانانە زۆر شت بن، وەك خانوو، کێڵگە و ماڵات، ئوتومبیل، کارگە و هتد.. هەروەها ڕێی تێدەچێ جۆرێ لە چالاکی تایبەتیش بن (ئەسپسواری، ڕاوە تاژی...).

گرنگ خودی نیشانەکان نین، گرنگ توانای نیشانەکانە بۆ جیاکردنەوەی خەڵکانێك لە کەسانێکی تر. ئەو کەسەی ئەسپ سواری بەچالاکیەکی باشتر بۆ (نمونە شەڕە کەڵەشێر) دەزانێ، خۆشی لە هەموو ئەوانە



جیادەکاتەوە کە پێیان وایە شەڕەکەڵەشێر خۆشترین سەرگەرمیە. لێرەدا وشەی (باشتر)، (خۆشتر)و وشەگەلی لەم بابەتە دەربڕی وێناکردنێکی تایبەتیشن بۆ جیهان. دەلالەت لە دوو وێنا (تصور) کردنی جیاواز، لە دوو تێگەیشتن و چێژبینینی جیاواز لە جیهانش دەکەن(٣٢) کەواتە شەڕی ناو کایەکان هەر بەتەنها شەڕ نیە لەسەر ماتریاڵ و سامان و پلەوپایەکان، بەڵکو شەڕیشە لەسەر تێگەیشتن و جیهانبینی و وێناکردنەکانیش، شەڕێکە بۆ خۆجیاکردنەوە (٣٣).

جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ هابیتوس. پێشتر ئەوە گوترا کە لەلای بۆردیۆ هابیتوس سیستەمی هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی تاکەکانە لەسەر جیهان. بەڵام لەهەمان کاتیشدا سیستەمێکە بۆ خۆجیاکردنەوە و دەستبەندیکردن و پۆلێنکردن:

**بە مانایەکی تر: هابیتوس"ئامادەبوونی بکەرەکانە بە باشترین تواناکانیانەوە"(٣٤)**

ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە دوو گۆشەی تێڕوانین دەستنیشانی جیهانبینی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان دەکات: یەکەم، ئەو پلەو پێگەیەی لە کایەکاندا هەیانە و دووەم: هابیتوسەکەیان. ئەمە چۆن لێك بدەینەوە؟

پێشتر بە دووروودرێژی لەوە دوام کە (ناکۆکی) داینەمۆی تازەبوونەوەی کایەکانە و مەرجی دروستبوونی پانتاییشە. ئێمە کاتێك ناکۆکین بەمانای ئەوەیە هەریەکەمان جیهان بەجۆرێك و لە گۆشەیەکەوە دەبینین. لە پانتای کۆمەڵایەتیدا جیاوازی هەیە و ئەندامبوونمان لە کایەیەکدا نابێتە هۆی سڕینەوەی جیاوازییەکانمان،

چونکە ئێمە بە(یەکسانی) لە کایەکاندا نین و پێگە و شوێن و دەسەڵاتی جیاوازمان هەیە. کەواتە بە پێویست وێناکردنی جیاوازیشمان بۆ جیهان هەیە. ململانێی ناو کایەکان، چ لەناو ئەندامە نەرێتپارێزەکانی هەمان پانتایی و چ لە نێوان ئەندامە نوێخواز و گۆڕانخوازەکانی هەمان پانتایی و چ لە نێوان نەرێتخواز و گۆڕانخوازەکاندا، ململانێیە لەسەر خۆ جیاکردنەوە و پاراستنی جیاوازی و ئەو بەرژەوەندییانەی لەمەوە ئاڵاون.

لەو پێشەکیە تایبەتیەی چاپە نەرویجیەکەی کتێبی (***جیاوازی***)دا بۆردیۆ چەمکی (چینی کۆمەڵایەتی) بە تێگەیشتنە مارکسییەکەی، واتە وەك ئۆرگانیزەبوونی گرووپێك لە پێناوی ئامانج و خواستی هاوبەش و لەدژی چینێکی کۆمەڵایەتی تر، دەخاتە ژێر پرسیارەوە:

**"چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نیە... ئەوەی کە هەیە کایەیەکی کۆمەڵایەتیە، کایەیەك، کە لەجیاوازی پێکهاتووە"**(٣٥)

ئەوەی کە ئێمە لەژیانی ڕۆژانەدا هەڵسوکەوت ئەکەین، ئەوەی کە چالاکین و بەرنامەمان بۆ ژیان هەیە، ئەوەی کە حیسابی هەندێ لایەن دەکەین و لە پلانەکانمان ورد ئەبینەوە، هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ هەبوونی تێگەیشتنێك و وێناکردنێکی تایبەت لەسەر جیهان. ئێمە ڕێکوڕاست بۆ دروستکردن و پاراستنی جیهانێك تێدەکۆشین کە یەکسان و هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو وێنەیەی دەیکەینە بناخەی هەڵسوکەوتەکانمان. واتە چالاکی و هەڵسوکەوتەکانی ئێمە لەدوا



ئەنجامدا جەخت لەسەر ئەو وێناکردنانە دەکەنەوە کە بۆ جیهانمان هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە لەپێشاندا جیهان وێنا دەکەین، پاشانیش کار دەکەین و تێدەکۆشین و خەبات دەکەین بۆ ئەوەی (وێناکەمان) ببێتە (جیهانەکەمان). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، بۆردیۆ نمونەیەکی سەرنجڕاکێش لە مێژووی بیرکردنەوەدا دەهێنێتەوە تا بیسەلمێنێ، چۆن وێناکردنێکی جیاوازی جیهان، چۆن تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی تایبەتی جیهان، دەشبێت ببێتە جیهانیەکی واقیعی، چۆن تیۆرەیەك دەتوانێ جیهانێکی ڕاستەقینە بەرهەم بهێنێ:

مارکس لە قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا وێناکردنێکی تایبەتی لەبارەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە هەیە، کە ئەو کۆمەڵگایە لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتووە. بۆردیۆ ئەم دابەشکردنە ناو دەنێ، دابەشکردنی یاخود (***چینایەتیکردنی تیۆریانە***) کە لەسەر بنەمای جیاوازییە دیار و ئاشکراکانی ناو کۆمەڵگاوە دروستبووە. بەڵام وەك بۆردیۆ دەڵێ، چینایەتیکردنی تیۆریانەی جیهان (***شتێکە تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە***)، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئیرادەی تیۆریزان وادەخوازێ، نەك لەبەر ئەوەی واقیعی کۆمەڵگا و جیهان بەوجۆرەیە کە تیۆرییەکە دەیڵێ! خاڵی سەرەکی بۆردیۆ لێرەدا ئەوەیە، کاتێ کۆمەڵگایەکمان خستە سەر کاغەز و نەخشەیەکی تیۆریانەمان بۆ کێشا مەترسی ئەوە دێتە پێشەوە کە ئەو خستنە سەر کاغەزەی کۆمەڵگا و چینەکان لەدوا ئەنجامدا (***وەك چینی ڕاستەقینەو واقیعی حیسابیان بۆ بکرێ***) (٣٦)

دابەشکردن و ڕاڤەی مارکس بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری هێندە بەقووڵی ڕەگ و ڕیشەی داکوتا و هێندە کاریگەریی کردە سەر وێناکردنی مرۆڤەکان بۆ جیهانی کۆمەڵایەتیان، کە خەڵك لەوەدوا پراکتیکی خۆیان بەجۆرێ ئاڕاستە کرد کە ئەو چینە کۆمەڵایەتیانە لەواقعیشدا دروست ببن.

ئەو شەڕەی لەپێناوی وێناکردن و تێگەیشتنێکی تایبەت لەجیهان بەرپا دەبێ، شەڕێکە لە پێناوی ڕکێفکردنی ئەو هەلومەرج و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەش بەرپادەبێ کە بەلای چینێکی کۆمەڵگاوە (باشترین) هەلومەرجن. بەڵام خۆ ئەوکاتەی چینێك یان گروپێك باشترین هەلومەرجەکان دەخاتە خزمەت مەبەستەکانی خۆیەوەو پێناسەیان دەکا، شەڕەکە کۆتایی پێنەهاتووە. بەردەوامبوونی شەڕ لەوەدا خۆی دەبینێ کە ئەو هەلومەرج و پەیوەندیانە لای سەرجەمی خەڵکانی تر بە بەهۆی ئایدیۆلۆژیای چینی باڵادەستەوە، بکرێنە هەلومەرج و پەیوەندی (ئاسایی)و سروشتی و بگشتێنرێن، ئەمەش بەوەی بکرێنە بەشێ لە(هابیتوس)ـەکەیان.

## توندوتیژیی ڕەمزی:

چەمکی توندوتیژیی ڕەمزی، چەمکێکی سەرەکی بۆردیۆیە لەکاتی توێژینەوەی لە پەیوەندیە بڕیاردەر و باڵادەستەکاندا، کە ئەمەش هەر لە پەیوەندیی باڵادەستانەی نێوان نەتەوەکانەوە دەگرێتەوە، تاکو پەیوەندیی باڵادەست و دۆمینانتی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ.



گرنگە لێرەدا مەبەستی بۆردیۆ لە وشەی (دۆمینانس)، کە ئێمە بە بڕیاردەر و باڵادەست وەریدەگێڕین، ڕوون بکەینەوە. بۆردیۆ وشەی باڵادەست لە ئەنجامی بەراووردکردنی (زۆر) و (ئیرادەی ئازاد)ـەوە بەکار ناهێنێ. بەڵکو بە بەرهەمی جۆرێ لە چاوپۆشین و نا ڕیفلێکسیو، یان لەخۆڕانەماوی تاکەکەسی دادەنێ (Bourdieu: 1996, 52). توندوتیژیی ڕەمزی لە میانەی پەیوەندیی نێوان بکەری کۆمەڵایەتی و لایەنی بڕیاردەدا کە هیچ تێڕامانێکی بۆ بەرامبەرەکەی نیە، دروستدەبێت و بەمجۆرەش بەسەرییەوە دەبێتە باڵادەست (Bourdieu: 1996, 151). هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بە هەڵە تێگەیشتنی بکەری کۆمەڵایەتی، یان تاکەکان، کاتێ ڕووبەڕووی توندوتیژیی ڕەمزیی دەبنەوە، ئەم توندوتیژییە بە توند و تیژی نازانن و تەنیا وەك دۆخێکی ئاسایی و سرووشتی وەریدەگرن و قەبووڵی دەکەن. واتە بکەری کۆمەڵایەتی وەك شتێکی سرووشتی بارودۆخەکان وەردەگرێت و پێیوایە ژیان بۆخۆی ئاوایە و پێویست ناکات پرسیار لەبارەی هەموو شتێکەوە بکرێ. بەڵام ئەم لێکدانەوەیەی تاکەکەس لە کوێوە هاتووە؟ بۆردیۆ لەو بڕوایەدایە ئەمە لە پرۆسەی بەدەروونیبوون و ناوەکیبوونی ئەو بونیادانەوە هاتووە کە لە دنیای دەروبەریدا ئامادەییان هەیە (Bourdieu: 1996, 152). ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ژێردەستان بۆخۆیان ئەو کاتیگۆریانە بەکار دەهێنن کە دەربڕی تێڕوانینی باڵادەستانن و بەمجۆرەش ئەوان بۆخۆیان

پەیوەندیی باڵادەستانەی باڵادەستان بەرهەم دەهێننەوە کە خۆی لە توندوتیژیی ڕەمزیدا بەرجەستە دەکات ( Bourdieu: 1996, 49 ).

بەلای بۆردیۆوە، توندوتیژی ڕەمزی لە بواری پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا بەرهەم دێت و لەهەر شوێنێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان بکەراندا بێتە ئاراوە، ئەگەری توندوتیژی ڕەمزی لە ئارادایە. هەر لەبەر ئەوەشە بۆردیۆ لەو بڕوایەدا نیە هاوسەنگی و یەکسانی و هاوبەشییەکی زمانی لە نێوان مرۆیەکاندا بوونی هەبێت ( Bourdieu: 1996, 130 )، چونکە زمان بۆخۆی دەسەڵات و سامانێکە، بۆ هەمووان وەك یەك نیە و هەموو ئەوانەی دەتوانن بئاخڤن، ناتوانن بڕیاردەر و باڵا دەست بن. هەر لەبەر ئەمەش هەموو بکەرانی کۆمەڵایەتی وەکو یەك هەمان ئیمکانیەتیان نیە تاکو توندوتیژیی ڕەمزیی لە ئاست ئەوانیتردا بەکار بهێنن. تەنیا ئەوانە نەبێت کە لە پێگەیەکدان، کە ڕێگەیان پێدەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە و ئەوەش پەیوەستە بەو دەسەڵاتەی لەناو کایەیەکی کۆمەڵایەتی و بڕی ئەو سەرمایەی لەو کایەیەدا کۆیکردۆتەوە و هەیەتی.

کاتێ پێناسەی هەلومەرجەکانی واقیع بەدەست کەسانێکی تایبەتەوەیە، سیاسەتی ئەو کەسانە، ئەوەیە کە بەردەوام و لەڕێگەی بەسروشتیکردنی نایەکسانی و جیاوازییەکانەوە، خەڵکی لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن کە بارودۆخی خۆیان وەك بارودۆخێکی ***سروشتی و ڕەوا*** ببینن و تەسلیمی ببن. لە ڕیزی ئەو کەناڵانەی بۆ بە سرووشتیکردنی ئەم دۆخە بەکار دەهێنرێن بریتین لە دامەزراوەکان. لێرەوە قوتابخانە



و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردە دێن، تا ئەو ڕەوایەتیە بۆ پێگە و پەیوەندی و پێناسە و ئەخلاقی چینی باڵادەست دەستەبەر بکەن و هەموویان لە خزمەت ئەو ئایدیۆلۆژیا و خەونەدا کار بکەن، کە خەون و ئایدیۆلۆژیای باڵادەستیی کۆمەڵگایە.. ئەم دەزگا و دامەزراوانە پرۆسەی *بەسرووشتیکردن* لە ئاستێکی ئایدۆلۆژیی ڕووتەوە دەگوێزنەوە بۆ جەستەی مرۆڤەکان و لەناو جەستەی سەرجەمی کۆمەڵدا دەیانتوێننەوە. بۆردیۆ ئەم پرۆسەی بەجەستەکردنە ناودەنێ (توندوتیژی ڕەمزی) و سیستەمی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی دەکاتە لانکی ئەو پرۆسەیە:

**"بەسرووشتیکردن لە قوتابخانەی سەرەتاییدا وەك سەرەتایەکی پێویستە بۆ هەموو بەسروشتیکردن (تطبیع)ەکانی لەوە دوا"(٣٧)**

ئێمە وەك بکەرانی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی باو و ئاسایی، توندوتیژی وەك کردەیەك ئەزموون دەکەین، کە لەدژی سرووشتی خۆمان و هەر شتێکە لە دەرەوەڕا بەسەرماندا بسەپێنرێ. بەڵام هەر جۆرە توندوتیژییەکی دەرەفیزیکی لە هەمانکاتیشدا توندوتیژییەکی ڕەمزییە، کە بەهۆی ئامرازە پەروەردەییەکان و ئایدیۆلۆژییەوە برەویان پێدەدرێت و تەڵقین دەکرێن. ئەمجۆرە توندوتیژییە بە لای بۆردیۆوە، توندوتیژییەکی "ناسك" و هەستپێنەکراو و نادیارە، تەنانەت بۆ قوربانیەکان خۆشیان. لێرەشەوە بۆردیۆ ڕەخنە لە مارکسییەکان دەگرێت، کە چۆن لە شرۆڤەکردنیاندا بۆ توندوتیژی،

تەنیا باسی توندوتیژی مادی و ئابووریان کردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدەن، کە توندوتیژی ڕەمزی تەنانەت لە بواری ئابووریشدا کاریگەریی خۆی هەیە. بۆ نمونە ئەو کەلوپەلانەی لە ئامرازەکانی گەیاندنەوە ڕیکلامیان بۆ دەکرێت، یان جاران لە مەزادی ئاشکرادا وەڕوو دەخران، دەبنە هۆکاری خرۆشاندنی حەزی کڕین لەلای مرۆڤ و لاوازیی هێزی کڕین و بێدەسەڵاتی ئابووریانەی بیر دەخەنەوە، لەو ڕێگەیەشەوە وەك توندوتیژی ڕەمزی دەردەکەون. بەمجۆرەش توندوتیژی ڕەمزی بە ویستی بکەرانی کۆمەڵایەتی بێت، یان بە پێچەوانەوە، کاریگەریی دەکاتە سەریان، چونکە ئەوان بە زۆری وەك شتی بەڵگەنەویست تەماشای ئەو جۆرە توندوتیژییە دەکەن، کە لە ڕێگای پەروەردە و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون و جۆرەکانیتری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە، وەریدەگرن و بەسەریاندا دەسەپێت.

لەبەرئەوە کاریگەریی دامەزراوە پەروەردەییەکان، وەك بۆردیۆ لە (Bourdieu: 1994، 1996) باسیکردووە، بەلای دەسەڵاتەوە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە بۆ چەسپاندنی باڵادەستی و قاییمکردنی پێگەی خۆی، ئەویش بە پیادەکردنی زیرەکانە و نادیارانەی توندوتیژیی ڕەمزی لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا. ئەمەش بەو ئامانجەی کە دەسەڵات بتوانێت، بە بەردەوامی و بە کەمترین خەرجی، زۆرترین ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت. واتە زۆرترین بکەرانی کۆمەڵایەتی ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی ئایدیا و مەرامەکانی خۆی.



لەبەر ئەوە، بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕەمزی، ململانێیی بەردەوام و بێ پچڕانی دەسەڵاتە بۆ بە سرووشتیکردنی شێوازێکی تایبەت لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردن، کە جۆرێکی تایبەتیش لە مرۆڤ دروستبکات تەبا لەگەڵ ئامانجە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی. لەبەر ئەوە زۆر جار و بۆ شاردنەوەی زیاتری توندوتیژی ڕەمزی، ئەمجۆرە توندتیژییە لە شێوەی توندوتیژییەکی پیرۆز و بۆنەییدا خۆی بەدیار دەخات، وەك ئەوەی لە یاد و بۆنەکاندا دەیبینین، یان لە زیارەتکردنی گۆڕی کەسایەتیەکاندا.

ئا بەم جۆرە بۆردیۆ کایەی پەروەردە بەیەکێ لە کایە سەرەکیەکانی بەسرووشتیکردنی دەسەڵات و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی چینی باڵادەست، لە قەڵەم دەدات. چونکە پانتایی ناوبراو بەهۆی دەزگاکانیەوە لە توانایدایە بە باشترین شێوە بەرژەوەندی و نیەتی چینی باڵادەست بکاتە شتی بەدیهی ناو هابیتوسی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا. ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەیە کە ئێمەی کورد لەسەر قوتابخانە و پەروەردە هەمانە.

سۆسیۆلۆژیای پەروەردە لەلای بۆردیۆ، وەك ئەوەی بەردەوام لە جیهانی ئەم بیرمەندە کۆمەڵناسەدا دەیبینینەوە بریتیە لە بەسەرهاتی دەسەڵات و شوێنەکانی چاودێریکردن، چیمان لێدەکات، لە چی پێکدێت و لە هەموویشی گرنگتر: چۆن لەناو کایە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابوورییەکاندا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

## بالادەستی نێرایەتی:

ناکرێت لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوادا، کە بەزمانێك دەنووسرێت کە زمانی نێرینەییە، کتێبی (بالادەستیی نێرایەتی) پییەر بۆردیۆ لە بیر بکرێت[1]. بۆردیۆ لەم بەرهەمەیدا، بە پلەی یەکەم قسە لەسەر جێندەر، یەکسانی و جیاکارەیی دەکات و ئامانجی ئەوەیە لەو توندوتیژییە رەمزییە بکۆڵێتەوە، کە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە.

بۆردیۆ لە دوو گۆشەنیگاوە تەماشای ڕەگەز دەکات، یەکەمیان جیاوازیی بایۆلۆجیانەی ڕەگەزەکان، کە خۆی لە جیاوازیی ئەندامەکانی جەستەدا، وەك کۆئەندامی مێینە و نێرینە و شیردەردا، بەیاندەکات. دووەمیان بریتییە لە بەهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیانەی ڕەگەزەکان، کە بۆخۆی دیادەیەکی مێژووییە و ئەو هێزەیە کە لە پشت بە نێرینەکردن و مێینەکردنی تاکەکەسەکانەوەیە ( Bourdieu: 1999, 10-11). سنووری نێوان ئەم دووجۆرەی ڕەگەزەکان، بەلای بۆردیۆوە سنوورێکی زۆر دابڕاو نیە. بەڵکو ئەو لەو بڕوایەدایە کە پرۆسە و ڕەوەندێکی دووروودرێژی مێژوویی لە ئارادایە کە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیانەی ڕەگەزەکان بەشێوەیەکی پەیوەندارانە (relationelt) تیایدا هاتۆتە ئەنجام و وەك جیاوازیی سرووشتی قەبووڵکراون، نەك بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیانە (Bourdieu: 1999, 16). لێرەدا بۆردیۆ پێیوایە، بەدرێژایی مێژوو

[1] لێرەدا سەرچاوەی سەرەکیمان بریتیە لەم بەرهەمەی بۆردیۆ:
- Bourdieo, Pierre (1999): **Den Maskuline Dominans**. Tiderne Skifter: Kobenhavn.



ڕەوتێك لە ئاستی نائاگایی و بەرهەستدا لە ئارادابووە، تاکو نەهێڵێ هەندێ یەکسانیی لە نێوان ڕەگەزەکاندا سەرهەڵبدەن و لە جیاتی ئەمە جەختکراوەتەوە سەر جیاکارەکان. ئەم هۆکارە لە درێژەی مانەوەی خۆیدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی سەنتەریزمێکی بالادەستانە، کە لەسەر جیاکارەیەکی پێشینەیی و قەدەریانە لە نێوان ڕەگەزی پیاو و ژن، بەندە. واتە وەك هێزێك بۆ جیاکردنەوە کاری کردووە، نەك یەکسانی. بەپێی ئەم تێڕوانینە، مێینەیی وەك بابەتێکی پاسیڤی پەرەسەندن تەماشای کراوە و نێرینەییش وەك بکەرێکی چالاك و ئاکتیڤ (Bourdieu: 1999, 18).

بەمجۆرەش بۆردیۆ مەسەلەی ڕەگەزایەتی وەك فۆرمێکی هابیتوس دەبینێ، کە بەهۆی بەرهەمهێنانەوە کۆمەڵایەتیانەکەی نیشانە جەستەییەکانەوە، جۆرێ لە توندوتیژیی ڕەمزی دەخاتە کار، کە کاریگەریی هەیە لەسەر ئیمکانیات و شانس و سنووری هەریەکێ لە ڕەگەزەکان و توانا و سنووری توانایی تاکەکەسی سەر بەهەریەکێ لە ڕەگەزی نێر و مێ، لەسەر بنەمای جیاوازیە بایۆلۆجی و جەستەییەکانەوە، لە پێشەوە سنووردار و قاڵبڕێژ دەکات (Bourdieu: 1999, 22-24).

بۆردیۆ لەکاتی توێژینەوەی لەسەر ڕەگەزەکان، بە توندی لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە نابێت سوود لەو پۆلێنکردنە ناهووشیارانە و بەناوەکی و بەدەروونیبووە وەربگرین، کە بۆخۆی ئەنجامی بالادەستی نێرایەتیە. بە مانایەکی دی، بۆ ئەوەی توێژەر لەوکاتەدا بتوانێ خۆی لە هەر پۆلێنکردن و بڕیاردان و داوەریکردنێکی بالادەستانەی نێرایەتی

بپارێزێ، پێویسته لەکاتی پراکتیکی زانست و توێژینەوەدا، بەشێوەیەکی بابەتیانە مەودا و دووری بگرێ لە بابەتی توێژینەوەکەی (Bourdieu: 1999, 12). ئەو توێژەرەی نایەوێت لەکاتی توێژینەوەدا ناسنامەی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، ناشتوانێ ئەو میکانیزمانە ببینێ کە لە ئاستێکی قووڵدا پەیوەندیەکانی نێوان بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و هابیتۆسی بکەری توێژەر ببنێ، کە چۆن دووبارە هەمان بونیادی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە و بەناوی زانستەوە، بەرهەمدەهێنێتەوە. بەمجۆرەش بە سرووشتیکردنی جیاکارە ڕەگەزییەکان کاریگەرییەکی ڕەمزی بەخۆیەوە دەگرێت و لە ڕێگەیەوە سیستەمی نێرایەتی ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت و لێرەشەوە پێویستی بەوە نابێت خۆی پاساو بۆ ڕەوایەتی خۆی بهێنێتەوە، چونکە هەمیشە دەتوانێت ئاماژە بە جیاکارە "سرووشتییە"کانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بدات (Bourdieu: 1999, 16-17).

لەلایەکی ترەوە، بۆ سەلماندنی باڵادەستیی نێرایەتی لە دنیای هاوچەرخدا، بۆردیۆ ئاماژە بۆ گوتاری ئازادی ئافرەتان دەکات کە گوایە جەستەی خۆیان لەو نۆرم و بەها باڵادەستانە ڕزگار کردووە، کە مێیینەیی دەخەنە لاوە و بەپەراوێزی دەکەن.. بۆردیۆ لەو بڕوایەدایە، کە ئازادبوونی جەستەیی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی تێڕوانینی نێرانەدایە، چونکە ئەو ئافرەتانەی گوایە ڕزگار بوون، هێشتاکەش پەنا بۆ شێوازگەلێکی وەك (سەرنجڕاکێشان، گیرۆدەکردن و ڕەتکردنەوە و قەبووڵ و چاوچاوێنی، فریودان، سەندنەوەی پێکەنین و هتد) دەبەن، کە



بەشێوەیەکی نەرێتی ئەم شتانە لە ڕوانگەی نێرایەتیەوە، هەموویان بە فەزیلەتی مێیینەیی دەژمێردرێن و بەبەشێ لە تێڕوانینی باڵادەستانەی نێر لەسەر مێیینە حسابدەکرێن، کە بەهۆیانەوە خۆی هەمان تێڕوانینی باڵادەستانەی نێرسالاری لەسەر خۆی دەسەلمێنێ و هەمان پەیوەندیی دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە (Bourdieu: 1999, 42-48). لێرەدا بۆردیۆ ئەوە ئاشکرا دەکات، کە چۆن ستەملێکراو، یان قوربانی و بڕیارلەسەردراو بۆخۆی بەشێوەیەکی نائاگایانە بەشداریدەکات لە بەکارهێنانی ئەو خشتەی پۆلێنکردن و جۆری بیرکردنەوانەی کە توندوتیژی ڕەمزی لە دژی خۆی بەرهەمدەهێنن. بەمکارەشی بۆخۆی بەشدارە لە بڕیاردان و هێشتنەوەی خۆی لە سایەی باڵادەستیی نێرایەتیدا (Bourdieu: 1999, 53). ئەوەی لێرەدا بۆ بۆردیۆ گرنگە، بریتیە لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی ڕەمزیانە، کە چۆن ناکرێ بەبێ بەشداریکردنی ئەوانەی ئەم دەسەڵاتەیان بەسەردا دەسەپێنرێت، یان بەبێ بەشداریکردنی قوربانیەکان لە بەرهەمهێنانەوەیدا، پراکتیزە بکرێت و بوونی هەبێت (Bourdieu: 1999, 55).

هەرچەندە بۆردیۆ ئاگادارە لەوەی کە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پەیوەندی نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هاتۆتە ئاراوە (مافی دەنگدان، خوێندن لە هەموو پسپۆڕییەکاندا و هتد)، بەڵام هێشتاکە توندوتیژی ڕەمزی بەردەوامە. ئەمەش لە ڕێگای خۆبەدوورگرتن و دوورەپەرێزی مێیینە لەو بەشانەی کۆمەڵگا کە پیاو تیایاندا باڵادەستە، وەك بواری کارکردن و خوێندن، کە ئەمەش بۆخۆی بەرئەنجامی تێگەیشتنێکی

جیاکارەیی ڕەگەزییە، کە خودی کۆمەڵگا لە نێوان نێر و مێدا دروستیکردووە. بۆردیۆ هەنگاوی یەکەم بۆ گۆڕانکاری لەوەدا دەبینێت، کە چیدی باڵادەستی نێرایەتی وەك شتێکی ئاسایی نەبینرێت (Bourdieu: 1999, 113). بەڵام ئەم قسەیە بەو مانایە نایەت، کە هووشیارکردنەوە بەتەنیا بەس بێت بۆ نەهێشتنی ئەو توندوتیژیە ڕەمزییەی بەسەر مێیینەدا باڵادەستە. بۆردیۆ ڕەخنەی توند ئاراستەی مارکسیست و فیمینیستەکانیش دەکات، کە لەو بڕوایەدان بەئاگاهێنانەوە و هووشیاری بەس بێت بۆ نەهێشتنی باڵادەستی نێرایەتی و دەنووسێت:

**"ئەوە بڕوابوونێکی چاوبەستانەیە گەر وا بزانرێ دەتوانین بەهۆی چەکی ئاگایی و ئیرادەوە بەسەر توندوتیژی ڕەمزیدا سەرکەوین، چونکە کارگەرییەکەی و هەلومەرجی پیادەبوونی کاریگەرییەکەی لە قووڵاییەکانی جەستەدا و لە شێوەی تێڕوانینەکاندا جێگیر بووە"** (Bourdieu: 1999, 54).

## دواسەرنج: سوودوەرگرتن لە بۆردیۆ

لەسەرەتای کتێبی (***جیاوازی***)دا، بۆردیۆ خاڵێکی زۆر گرنگ ڕووندەکاتەوە:

**"ئەم کتێبە باسی وڵاتێك دەکات کە من زۆرباش دەیناسم، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی تیایدا لەدایکبووم،**



**یاخود بەزمانەکەی دەدوێم، بەڵکو لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژە لێیدەکۆڵمەوە. فەرەنسا ئەو وڵاتەیە. ئایە ئەمە بەمانای ئەوەیە باسەکەم تەنیا بە وڵاتێکی تایبەتەوە سنووردار ئەکەم؟ بڕوا ناکەم. چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ویستومانە مۆدێلێکی پانتایی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی بخەینەڕوو، مۆدێلێ کە من لەسەر کۆمەڵگای فەرەنساییەوە بەرهەمهێناوەتەوە، ئەوە هەمیشەش کۆمەڵگاکانی ترم لەبەرچاو بووە و باسیان دەکەم (..) بەڵام لە ئاستە کۆنکرێتیەکەیدا دەتوانم بڵێم کارەکەی ئێمە توێژینەوەیەکە لەسەر کایە کۆمەڵایەتیەکانی فەرەنسای ساڵانی حەفتا( ٣٨ ).**

ئەم ڕوونکردنەوەیەی بۆردیۆ زۆر گرنگە، چونکە پێماندەڵێ چۆن ئیش بە بونیادە تیۆری و میتۆدییەکانی بۆردیۆ بکەین. بە بڕوای من دەشێت بەمجۆرە لەو ڕوونکردنەوە تێبگەین: پڕۆژەی بۆردیۆ تیۆرەیەکی (چەسپاو) یان (تەواو بوو)نیە لەبارەی (کۆمەڵگاکانەوە)، بەڵکو بەر لەهەر شتێ هەوڵدانێکی تیۆرییە بۆ توێژینەوەی قۆناغێکی تایبەت لە ژیانی کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، کە لەهەڵبژاردنی بۆردیۆدا ئەو کۆمەڵگایە فەرەنسای ساڵانی (٧٠)یە. بۆیە وەك بۆردیۆ دەڵێ، هەموو هەوڵدانێ بۆ سەپاندن و گشتاندنی چەمکەکانی ئەم تیۆرەیە بەسەر کۆمەڵگای تردا، بەبێ لەبەرچاوگرتن و ناسینی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کارێکی دوور لە بەرپرسیاریی زانستیە.

ئەو چەمکانە چوارچێوە نین بۆ هیچ کۆمەڵگایەك، بەڵکو هۆکارێکن تاکو هەم بیریان پێبکەینەوە و هەم لەگەڵیاندا بیر بکەینەوە.. ئیتر سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە یەکێ لە بونیادەکانی کۆمەڵگا وەك (ژێرخان)و هۆی بنەڕەتی ئۆرگانیزەبوونی لایەن و بونیادەکانی تر لێکبدەینەوە. چونکە کاتێ تاقە بونیادێکمان کردە بونیادی سەرەکی و باڵادەست، بۆ نمونە (ئابووری)، ئەوە سەربەخۆیی ڕێژەییانەی بونیادەکانی تر و لۆژیکی ناو کایەکان پشتگوێ دەخەین و بونیادە شاراوە و کاریگەرەکانی ناو کایەکان نابینین. کایەکان لە یەکدی دابڕکراو نین بەڵکو لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕدان. بۆردیۆ بەشێوەیەکی تیۆری بواری ئەوەی ڕەخساندووە هەم سەربەخۆیی کایەکان و هەم ئاڵوگۆڕی نێوانیان لە بەرچاو بگیرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پنتی بەهێزی کارەکانی بۆردیۆ زۆر و جۆراو جۆرن، که کۆمەڵناسانی کۆمەڵگا جیاوازەکان، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی که پەیوەندییەکانی دەسەڵات و سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری تیایاندا قۆرخکراوە، ناتوانن پشت لە بۆردیۆ بکەن. ئێمە لێرەدا و وەك کۆتاییهێنان بەم باسە، بە پەیڕەوی لە (جنکینز: ٢٠٠٦، ل: ٢٦٤-٢٧١)، هەوڵدەدەین بەشدارییە تیۆریانەی بۆردیۆ لە بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا، دیسان بە لەبەرچاوگرتنی دیدی فەلسەفیانەی بۆردیۆ، لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: ڕەتکردنی تێگەیشتنی بکەر بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و گرنگیدان بە چۆنێتی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵناسان و پسپۆڕان بۆ ئەو



تێگەیشتنەی بکەری کۆمەڵایەتی لەسەر چالاکی و بڕیار و کردەوەکانی خۆی، لە میانەی پراکتیکی کۆمەڵایەتیانەی خۆیدا، بۆی دروستدەبێت. واتە ڕەتکردنەوەی هەر دیدێکی سەبژەسەنتەرانەی تاك بۆ کردە کۆمەڵایەتیەکانی و بەهەند گرتنی دیدی کەسانی پسپۆڕ، بەبێ ئەوەی ڕوانگەی پسپۆڕانە ڕێگەمان پێبدات واقیعییەتی کۆمەڵایەتی ژیانی تاکەکان، لە دەربڕینی تیۆریدا کورت و پوختە بکەینەوە. یان بەبێ ئەوەی بۆردیۆ ڕێگەبدات کەسانێك بە ناوی پسپۆڕییەوە و بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی پسپۆڕی و داتا و سەرژمێری و پرسیارنامە و ئەو شتە تەکنیکیانەوە، بەناوی واقیعییەتی ئەو بابەتەی لێیدەکۆڵنەوە، بدوێن. چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە ڕەهەندی مەعریفەتناسانەی توێژینەوەکان بە شێوەیەکی ڕوون و بەڵگەدار و میتۆدیانە بخرێنە ڕوو، بەڵام نابێت کاریگەریی ئەو میتۆدانەی بەکار دەهێنرێن، لەسەر بابەتی توێژینەوەکان پشتگوێ بخرێن، هەر لەبەرئەوەی میتۆدی پسپۆڕانەن و تیایاندا ڕەچاوی "بنەما زانستیی و ئەکادیمییەکان" کراوە. بۆردیۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەرپرسیاریەتی داڕشتنەوەی دنیای کۆمەڵایەتی، وەك بابەتی شیکردنەوە، لە ئەستۆی توێژەرە.

دووەم: بۆردیۆ داوای جۆرێ لە هاوبەشیکردنی توێژەر و پسپۆڕی کۆمەڵایەتیش لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەکات و بە "بەشداریکردنی خۆخستنەبری" ناوی دەبات. پێویستە بەرهەمهێنانەوەی پسپۆڕان بۆ کۆمەڵگا، هەر تەنیا

بەرهەمهێنانەوەیەکی تیۆری نەبێت، بەڵکو هەوڵدانێکیش بێت بۆ خۆخستنە شوێنی بکەرانی ئەو بابەتەی لێیدەکۆڵرێتەوە. لەم ڕێگەیەشەوە، بۆردیۆ ئاراستەیەك بۆ زەروورەتی پێکەوەبەستنی تیۆری و پراکتیکی و میتۆد، لە توێژینەوە ئەزموونییەکاندا پێشنیار دەکات و لەو ڕێگەیەشەوە، هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە دەدات کە لە بواری مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا، کەوتۆتە نێوان تیۆرە و ئەزموونی توێژینەوە.

سێیەم: بەلام بۆردیۆ بۆ ساتەوختێکیش لەسەر مەسەلەی زمانی ئاسایی و زمانی ئەکادیمی، سازش ناکات و گرنگیی شێوازی دەربڕین و خستنەڕووی بابەتەکان بە هەند وەردەگرێت. لێرەدایە کە بۆردیۆ دژایەتی خۆی بۆ زمانی ئاسایی ڕۆژانە ڕادەگەیەنێت و لە کارەکانی خۆیدا هەوڵێکی زۆر دەدات تاکو خوێنەرەکانی بۆ ساتەوەختێکیش بیریان بۆ ئەوە نەچێت، کە ئەوەی لەبەر چاویاندایە و دەیخوێننەوە، "خودی واقیع نیە"، بەڵکو دەربڕینە لەسەر واقیع و ئەم دەربڕینەش لە پێگەیەکی تایبەت و ڕوانگەیەکی تایبەتەوەیە بۆ ئەو واقیعەی بۆتە بابەتی توێژینەوەکە.

مانگی ٧ی ١٩٩٥ / کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ دانمارك

سەرلەنوێ پێداچوونەوەی ٢٠١٠

کوردستان



## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1-Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, sid 52.

2-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٢–٦٩

3- Bourdieu، Pierre: (1984): **Distinctiion**، asocial critigue of the judgement of tast) aeangland: Routlege.

4 - Bourdieu، Pierre: (1995) "**Distinksjonen -en sociologisk kritikk av dommekraften**". Pax, Oslo.

5- Platon:(1963): "**Faidon**". Kobenhavn: Hans Reitzels Forlag, 1993

6-دکارت، رینیی: تأملات، ص١٤

7- Kemp، Peter: (1972): "**Sprogets dimensioner**". Kobenhavn, Berling ske forlag: s.17

8- Fink، Hans (Og de andre Fofatter) (1993): "**Menneske, Samfund & Natur**. indforing i filosofi". Kobenhavn: Gyldendalske bohdndel, s. 43-73

9- Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, s. 59

10– ابراهیمی، پریچهر: **پدیدار شناسی**. تهران: نشر دبیر، ١٣٦٨( ١٩٨٩ )، ص١٢٦–١٢٧.

11- Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, s. 54

12- Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, s.72

13- سەرچاوەیەکی گرنگ لەم بارەیەوە کتێبەکەی (ئیدموند لیچ) ـە. بڕوانە:

-A. Leach، Edmund (1970): **Claude Levi Strauss**"
Kobenhavn: Haslev.

هەروەها وەرگێڕانە فارسییەکەی ئەم بەرهەمە: ادموند لیچ: "لوس استروس " ت: د. حمید عنایت، تهران، چ دوم ١٣٥٨( ١٩٧٩ ). جێگەی سەرنجە کە (لیچ) یەکێکە لە مرۆڤناس و سیۆسیۆلۆژەکانی بەریتانیا و لەبارەی کوردیشەوە لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە.

14- بابك احمدى: **حقيقت و زيبايي** ( درس هاى فلسفه‌ى هنر، تهران: نشر مركز ١٣٧٤ (١٩٩٥ ) ص٣١٨–٣١٧
15- Gregersen، Frans og Koppe: "**Ide- historie، ideer og stromninger I det 20aarhundrede**" bd.1. Kobenhavn,: Amanda. S.145-175
16- Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, s.53
17- انتونى گيدنز: **دوركم**. ت: يوسف ابازرى, تهران: خوارزمى. ص٣١
18- Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, s.72
19- Bourdieu، Pierre (1994): Ibid. s 56
20- Bourdieu، Pierre (1994): Ibid. s 72
21- Bourdieu، Pierre (1994): Ibid. s 53
22- Bourdieu، Pierre (1994): Ibid. s 54-55
23- Bourdieu، Pierre (1994): Ibid. s 59
24- Bourdieu، Pierre (1994): Ibid. s 72
25 -بيربورديو: **العنف الرمزي** (*بحث في اصول علم الاجتماع التربوى)*. ت: نظير جاهل ط:١، ١٩٩٤ المركز الثقافي العربي، بيروت–لبنان.
26- Bourdieu، Pierre (1994): **Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori**, s 60
27 (a) - Bourdieu، Pierre: (1984): **Distinctiion**، asocial critigue of the judgement of tast) aeangland: Routlege. P. 170
(b) - Bourdieu، Pierre: (1995) "**Distinksjonen -en sociologisk kritikk av dommekraften**". Pax, Oslo.s 37.
28- Broady، Donald: **Kapital، Habitus och Felt** s. 21.
29-بيير بورديو: **الرمز والسلطة**. ت: عبدالسلام بنعبد العالي. دار التوبقال للنشر، مغرب، دار البيظاء، ١٩٩٥ ص٧٧
30- (a) Fischer، Jean: (1987) **Er Framtiden stadig mulig?** Kobenhavn. S 31-35
(b) محمود روح الاميني: **زمينه فرهنگ شناسى**. تهران ١٣٦٥ (١٩٨٦ ). ص١١٦–١١٨



31- Bourdieu، Pierre: (1984): **Distinctiion**، asocial critigue of the judgement of tast) aeangland: Routlege. P. 112-113
32- Bourdieu، Pierre: (1995) "**Distinksjonen -en sociologisk kritikk av dommekraften**". Pax, Oslo.s. 232.
33- Bourdieu، Pierre: (1995) Ibid. s.238
34- Bourdieu، Pierre: (1995) Ibid. s. 232
35- Bourdieu، Pierre: (1995) Ibid. s. 42
36- Bourdieu، Pierre: (1995) Ibid. s. 39
37- Bourdieu، Pierre: (1995) Ibid. s. 30

## هەندێ سەرچاوەی تر کە سوودیان لێوەرگیراوە:

- Bourdieu, Pierre & Wacquant, Loic J.D (1996)" **Refleksiv sociologi**. Hans Reitzels Forlag, Kopenhavn.
- Bourdieu, Pierre: (1999) **Den Maskuline dominans**. Tidende Skifte, Kopenhavn.
- Lobcke، poul: (1988): **Vor tids filosofi**, bd: 1 og 2. Kobenhavn: politikens forlag.
- Andrsen، Heine: (1992) **Sociologi- en grundbog til et fag**. Kobenhavn, Hans R. Forlag.
- Callewaert، staf: (1992) **Kultur، pedagogik og videnskab** - om pierre Bourdieus habitusbegreb og praktikteori, viborg: Akademiske forlag 1992.
- Osterud، Svein: **Handlingsteori**: Fra livsverden, tid habitus" i: (Politica arg. 26، nr.4، 1994s. 404 -419.
- Sestoft، Carsten: "**Kultur og klasse- igen**"
-Kultur og klasse. 75/21 arg. nr.1، S 117-136
-مەریوان وریا قانع: "***شەڕی ناوخۆ: خێڵ، حیزب، سیاسەت***"، گۆڤاری ڕەهەند ژ١/١٩٩٦ ل: ٥٥–١٧

-مجله الكرمل: "**اين هى حدودك يا اوروبا؟**" العدد٤٤، ١٩٩٢ ص ٦٤–٨٠

- Dahl, Henrik: "***Nogle erfaringer med at oprrationalisere Bourdieu"*** i Media Kultur 24/1996. s. 5-19.

– هاشم صالح: في: محمد اركون: الفكر االاسلامي، نقد واجتهاد. ص٣٠ هامش رقم ٢٠

– د. أكرم حجازي: البنيوية التركيبية – فلسفة بيير بورديو Pierre Bourdieu. انترنت.١٨ أيار (مايو) ٢٠٠٨

– فيليب كابان & جان فرانسوا دورتية: علم الاجتماع. من نظريات الكبرى الى الشؤون اليومية (أعلام و تواريخ و تيارات). ت: الدكتور اياس حسن، دمشق، دار الفرقد، ٢٠١٠.

– پير بورديو: **درسى درباره درس**. ت: ناصر فكوهى, تهران: نشر نى، ٢٠٠٩

– پير بورديو: **نظريهء كنش**. (دلايل عملى و انتخاب عقلانى)، ت: مرتضى مرديها. تهران: انتشارات نقش و نگار، ٢٠٠١

– پير بورديو: "***شكل هاى سرمايه***" لە: كيان تاجبخش: **سرمايه اجتماعى: اعتماد، دموكراسى و توسعه**. ت: أفشين خاكباز و حسن پويان، تهران: شيرازه، ٢٠٠٦.

– كريستى بن شويره& اوليويه فونتن: **واژگان بورديو**. ت: مرتضى كتبى. تهران: نشر نى، ٢٠٠٦

– ريچارد جنكينز: **پير بورديو**. ت: ليلا جوافشانى و حسن چاوشيان. تهران: نشر نى، ٢٠٠٦

– استيون سيدمن: **كشاكش ارا در جامعه‌شناسى**. ت: هادى جليلى، تهران: نشر نى، ٢٠٠٧

– جورج ريتزر: **نظريه جامعه‌شناسى در دوران معاصر**. ت: محسن ثلاثى، تهران: چاپ ٤، ١٩٩٠

# کایەکانی دەسەڵات:

## باسێکی تیۆری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان (حکومەت، خێڵ، شار و خێزان) لە کۆمەڵگای کوردیدا

"ڕۆژگارێ ژیانی مرۆڤ (...) هیچ ڕێکخستن و ئاساییشێکی تێدا نەبوو و بەپێی حاکمییەتی زۆرداری بەڕێوە دەچوو. ڕۆژگارێ مرۆڤە چاکەکارەکان هیچ دەستخۆشانەیان لێنەدەکرا و مرۆیە خراپەکانیش سزا نەدەدران. ئیتر ئەوکاتە، بەباوەڕی من، ئینسانەکان یاساگەلێکیان بۆ سزادان دانا، تاکو عەدالەت دەسەڵات بگرێتە دەست و تاوانکاری جڵەو بکات و ئەو کەسەش ها خراپەی کرد، سزا بدرێت. لەوە بەدوا یاساکان بوونە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەئاشکرا زەبروزەنگ بەکار بهێنێ، وەلێ بەدزییەوە هەر بەردەوام بوو" ***یۆربیدس، شانۆنامەی سیسۆفۆس(١)***

### بەشی یەکەم:

هەردوو بواری شیکردنەوەی ستاتیکی و شیکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لەباسی تیۆرەی پەیوەندیکردن، یان Communicationـەوە، گرنگییەکی زۆر بە مەسەلەی (پێگە) (position)ی قسەکەر، یاخودبکەری کۆمەڵایەتی، دەدەن. بەهۆی ئەم چەمکەوە، واتە پێگەی قسەکردنەوە، تێدەگەین، کە نەك هەر تەنیا گرنگی دەدرێ بەوەی کە (چی دەگوترێ)، بەڵکو گرنگیش دەدرێ بەوەی لە (پێگەی جیاواز)دا، دەتوانرێ چیش بگوترێ. واتە ئەو پێگە و



کایەی بکەر، یان تاکی کۆمەڵایەتی تیایدا دەئاخڤێ، دەستنیشانی جۆری ئاخاوتنەکەی دەکات و دەتوانین بڵێین: نەك هەر لەهەموو شوێنێکدا هەرچی بمانەوێ ناگوترێ، بەڵکو ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین، ئەگەر لە شوێنی خۆیدا نەگوترا، هیچ بایەخێکی نابێت. چونکە ئەگەر لەهەر شوێنێکدا، هەموو شتێکمان گوت، ئاژاوە بەرپا دەبێت و ئەگەر لەو شوێنانەشدا کە پێویستە قسان بکەین، هیچمان نەگوت، ستەمکاری و سەرکوتانەوە سەرهەڵدەدات.
زەبروزەنگ لەو شوێنەدا لە دایك دەبێت، کە لەلایەکەوە: تاکەکەس، یان بکەر و بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بیانەوێت لە هەموو کاتێکدا وەك (بکەری قسەکەر) دەربکەون و گوتاری خۆیان باڵادەست بکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەوکاتە زەبروزەنگ لە کۆمەڵگادا ئامادەیە و تەراتێنی خۆی دەکا، کە هیچ بکەرێکی کۆمەڵایەتی بەپێویستی نەزانێت قسان بکات و گوتاری خۆی بەرهەم بهێنێ. دیارە ئەم بێدەنگی و بێموبالاتیەش بۆشاییەکی فراوان دەخاتە بەردەم دەسەڵات تاکو گوتاری خۆی بەسەر کۆمەڵگا و ئەندامەکانیدا بگشتێنێ و فەرزی بکات. چونکە هەموو بێدەنگییەك، دەشێت وەك نیشانەی ڕازمەندی لێکبدرێتەوە و ئاماژەیەك بێت بۆ دەسەڵات تاکو (بە دڵنیاییەوە لەسەر پرۆژە و پلانەکانی خۆی بەردەوام بێت). ئەم دۆخە دۆخێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، کە هەم زیان بە کایە کۆمەڵایەتیەکان و ژینگەی تاکەکان دەگەیەنێت و هەم زیانیش لە حکومەت و دەسەڵات خۆی

دەدات و کاراکتەرێکی دیکتاتۆرانەی پێدەبەخشێت. کەواتە ئێمە لەم ڕوانگەیەوە باس لە پەیوەندیی نێوان زەبروزەنگ و گوتار، واتە شێوەی ئاخاوتن دەکەین، کە ئەمەش لەهەمان کاتدا بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕاڤەیەك لەسەر کایەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا. بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە باسەکە بدەین، دەڵێین: هەریەك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتیمانی کورد، ڕاپەڕینی ١٩٩١، فیلمی (خولەپیزە) و پاشماوەی بینایەی شیراتۆن لە هەولێر، کە چەند دیاردەیەکی ناو مێژوو و کولتور و کۆمەڵگای تازەی ئێمە بوون، لەیەك خاڵدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش بریتیە لە بەشداریکردنیان لە (بەگوتارکردنی زەبروزەنگ)دا. بە درێژایی تەمەنی شۆڕشی ئازادیخوازیی ئێمە، لیژنەیەك دادەمەزرێ کە ناوی لێدەنرێت (لیژنەی ئیغتیالاتی ناو شار) و دەیان گەنج لەم پێناوەدا مەشقیان پێدەکرێت و تەکنیکی جۆرەکانی کوشتن دەبێتە (پسپۆڕیی شۆڕشگێڕانەیان). لە ساتەوەختە حەماسییەکانی ڕاپەڕیندا، کە ساتی وەدیهاتنی ئازادییمان بوو، بەدوور لە هەستی عەدالەتخوازی و کۆویژدانی نەتەوەیی و ئینسانی، چەندین سەر دەپەڕێنرێن. لە فیلمی خولەپیزەدا کوشتن و بڕین و هێزی تۆڵەکردنەوە ستایش دەکرێت و قارەمان دەبێتە ئەو کەسەی زۆرترین قەتڵ بە دەستی خۆی بکات و ڕۆحییەتی تۆڵەسەندنەوە، کە خەسڵەتێکی کۆمەڵگا و عەقڵییەتی خێڵە، زیندوو دەکرێتەوە. بینایەی شیراتۆن، کە بینایەیەکی جوان بوو، ناشیرین دەکرێت و پاشانیش دەبێتە یەکێك



لە ڕەمزە دزێوەکانی شەڕی ناوخۆ (کە تاکو کاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلاوەیەك بوو، پاشان کرایەوە بە هوتێل شیراتۆن).
ئەم نمونانە هەریەکەیان لە بەرهەمهێنانی زمانێك و شێوەیەکی ئاخاوتندا بۆ زەبروزەنگ، بەشداربوون و لە دروستکردنی ڕەوایەتییەکی سەپاودا بۆ هەبوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، دەستیان هەبووە. هەریەکەیان بەپێی ماوە و هێزی خۆیان، مانایەکیان بە زەبروزەنگ بەخشیوە و گوتاری زەبروزەنگاویان هێناوەتە ئاستی پراکتیکی، ئەگەرچی مەرج نیە لە بنەمادا زەبروزەنگ ئامانجیان بووبێت. بەکورتی: ئەگەرچی ئەو دیاردانەی ناوم بردن، فرە و جیاواز و ئەرکی جۆربەجۆریشیان کەوتۆتە ئەستۆ، وەلێ لە دوا ئەنجامدا بوونەتە نیشانەیەکی دیار لەسەر ئەوەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا شتێك هەیە بەناوی زەبروزەنگ. لێرەوە دەمەوێت بڵێم، زەبروزەنگ، ناسنامە و مانایەکی جێگیری نیە و بۆی هەیە لە هەموو ئاستەکانی پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، دەربکەوێت و شوێنی خۆی داگیر بکات. بۆیە بە گرنگی دەزانم قسە لەسەر ئەم بێناسنامەییەی نێوان زەبروزەنگ و گوتار بکرێت، هەم بۆ ئەوەی لە زەبروزەنگ و هەم لەبەرئەوەش کە لە گوتار تێبگەین.

پرسیاری هەرە سەرەکیی ئێمە لەم باسەدا ئەوەیە: ئایا لە کوێدا حکومەت یان حیزب (٢) دەتوانێت خۆی لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ

( Violence ) و هێز ( Power ) بەدوور بگرێت و لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە( authority ) ڕەوایەتی زیاتر بۆخۆی بەدەست بهێنێت و گوتاری دەسەڵات بەرهەم بهێنێت؟ لێرەوە ئێمە دەمانەوێت بڵێین: هێز و زەبروزەنگ، دوو ناکۆك و دژن بە ڕەوایەتی دەسەڵاتی حکومەت، یان بە هێزی حیزبی سیاسی و ڕێگرن لەبەردەمیاندا بۆ ئەوەی ببنە **دەسەڵات** و شەرعیەتی خۆیان لەڕێگەی ئیدارەکردنی سیاسیانەوە بەدەست بهێنن، نەك لەڕێگەی سەپاندن و بەکارهێنانی هێزەوە. زەبروزەنگ و هێز دوو کردەی سیاسی نین، بەڵکو دوو ئامرازن کە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆیان تووشی لادان دەکەن. بۆیە یەکەم مەبدەئی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی ڕەوا، ئەوەیە چۆن خۆی بەدوور بگرێت لە بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگی ناڕەوا؟

ئەم باسە جگە لە پێشەکی و ئەنجامگیرییەکانی کۆتایی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم بریتیە لە چوار بڕگەی کورت، کە تیایاندا بە پوختی و بەپێی پێویستیی باسەکە و بۆ بەرچاو ڕوونیی زیاتری خوێنەر، تیشك دەخرێتە سەر چەمکی فەلسەفەی سیاسی و پەیوەندی ئەم لایەنە بە دەسەڵاتەوە. پاشان پێناسەیەك بۆ چەمکی زەبروزەنگ ( Violence )دەکەم و بەهۆی خوێندنەوەی هێڵکارییەکەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە کێشاومانە، لە پەیوەندیی نێوان زەبروزەنگ و گوتار ڕادەمێنین.



لە بەشی دووەمدا باس لە چوار سنووری دەسەڵات لە کۆمەڵگای خۆماندا دەکەین، کە هەریەکەیان پێگەی گوتاریانەی خۆیانیان هەیە. واتە هەریەکەیان قسەی تایبەت و لێکدانەوەی تایبەتیان لەسەر دنیای دەوروبەر هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە: ***خێزان، شار، خێڵ و حکومەت***.

هەر لە سەرەتاوە پێویستە بگوترێ: لەم باسەدا ئایینمان وەك کایەیەکی سەربەخۆ پیشان نەداوە و وەك کایەیەکی جیاواز توێژینەوەمان لەسەر نەکردووە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە پێماندەڵێت: ئەگەرچی ئایین خاوەنی دامەزراوەی تایبەت بەخۆیەتی و بەپلەی یەکەم دەبوو لەو دامەزراوانەدا پراکتیزەی کەش و نۆرمەکانی خۆی کردبا، وەلێ بەهۆی ئەو تێکەڵبوونەی ئایین و ئەو ئامادەییە بەرجەستەیەی لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەیەتی، بەپێویستمان نەزانی وەك کایەیەکی دابڕاو لە کایەکانی تر قسانی لەبارەوە بکەین. بە بڕوای من ئایین لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەم بەشێکە لە دەسەڵاتی سیاسی، هەم لە دەسەڵاتی خێڵ و شار و هەم بەشێکیشە لە دەسەڵاتی خێزان. لە هەموو ئەم پانتاییانەدا ڕۆژانە و بەپێی ڕێوڕەسمی گونجاو، دەسەڵاتی ئایینی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و زیندوێتی خۆی لە ناو کایەکانی دیکەی دەسەڵاتدا دەپارێزێت و زۆرجاریش دەیانکاتە پاشکۆی دەسەڵاتی خۆی. بەمانایەکی تر: دەسەڵات و گوتاری ئایینی لە ناو هەموو کایەکانی کۆمەڵگای

ئێمەدا ئامادەییەکی بەهێزی هەیە. ئایین شەرعیەت دەدات بەخێزان و بەشێکە لە پەروەردەی خێزانی، بەشێکی گرنگ لە ڕێوڕەسمەکانی خێڵ، ڕێوڕەسمی ئاییین، بۆنە و ئاهەنگە ڕەسمییەکانی شار بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان دەستپێدەکەن ڕۆژانە لە مزگەوتەکانەوە ئایین دێتە ئاخاوتن و هەروەها لە هەموو دانیشتن و کۆبوونەوە و مەراسیمەکانی حکومەتیشدا ڕەچاوی یاسا ئایینیەکان دەکرێت. هەموو ئەمانە پێماندەڵێن، ئایین لە گشت کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی تایبەتی و گشتی ئێمەدا خاوەنی قسەیە و گوتاری خۆی لە ڕێگەی پانتای جۆربەجۆرەکانەوە بەرهەم دەهێنێتەوە. بۆیە باسکردنی هەر پانتای و کایەیەکی کۆمەڵایەتی، خۆی لە خۆیدا باسکردنی ئایین و گوتارەکانیشێتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا

بەمانایەکی دیکە، ئایین لە هەر یەکێك لەو سنوورانەی دەسەڵاتدا، کە ئێمە لێیاندەکۆڵینەوە، ئامادەیی خۆی هەیە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئێمە وەك کایەیەکی جیا باسی نەکەین.

ئەگەرچی ئەم باسە سوودێکی زۆری لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، کە لە کۆتاییدا ناویان براوە و هەندێکیان وەك مۆدێلێك لەبەردەم توێژەردا بەکارهێنراون و زانیاریان لێوەرگیراوە، وەلێ لەسەرجەمی لێکدانەوەکاندا ویستومانە بیروڕای خۆمان بەرجەستە بکەین و بە نموونەهێناوە لە گۆڕانە بەرچاوەکانی ناو کۆمەڵگای خۆمانەوە، دەوڵەمەندی بکەین. هیوادارین ئەم باسە بەرچاو ڕوونییەکی پتر



ببەخشێتە لایەنە پەیوەندارەکان و کەسانێك کە گرنگی بەمجۆرە خوێندنەوانە دەدەن..

## چەمکی فەلسەفەی سیاسی:

ئەگەرچی لە چەند شوێنێکی ئەم باسەدا پشت بە هەندێ خوێندنەوە و لێکدانەوەی مێژوویی و سۆسیۆسیاسی دەبەستین، بەڵام ئەم باسە بە پلەی یەکەم لەسەر بواری فەلسەفەی سیاسی (political philosophy) حساب دەکرێت. ئێمە لێرەدا چەمکی فەلسەفەی سیاسی بە مانای (***مێژووی هزرە سیاسیەکان بەکار ناهێنین، بەڵکو بەمانای بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لە سیاسەت بەکاری دەهێنین***)(٣) چونکە خاڵی بنەمایی تیایدا بریتیە لە قسەکردن لەبارەی چۆنێتی کارکردن و دابەشبوونی دەسەڵات لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا و پەیوەندی ئەمەش بە سەرهەڵدانی گوتارەوە. ئەوە خەمێکی گەورەی فەیلەسووف و هزرڤانانی سیاسیە، کە تێمانبگەیەنن، دەسەڵات چۆن ڕەوایەتی وەردەگرێت و جیاوازیی نێوان زەبروزەنگی ناڕەوا و ڕەوا لە چیدایە.

زاراوەی فەلسەفەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و لەهەمان کاتیشدا تەقلیدیانە، زاراوەیەکە بۆ ناسینەوەی زنجیرەیەك کێشەی بەهامەند (normative)(٤) و مەعریفی لەمەڕ کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە. گرنگترین پرسیار بۆ فەلسەفەی سیاسی ئەوەیە کە دەپرسێت:

**"چ کردار و کامە ڕەفتارەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕەوا، یان بەپێی مافی خۆی لە جێبەجێکردنیاندا زۆر و ستەم بەکار بهێنێت و ئەو دەزگا و دامەزراوانەی پشتیوانی لە مافی خستنەکاری ستەمکاری دەکەن و زۆر بەکار دەهێنن، چ خەسڵەت و کاراکتەرێکیان هەیە"**( ٥ و ٦ ).

جیاکارەی دەوڵەت وەك دامەزراوێکی ڕەوای بەکارهێنانی زۆر، ئەوەیە کە دەوڵەت مافی ئەوەی پێدراوە"**چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ژێر سایەیدان بەهۆی پەنابردنە بەر بەرژەوەندیە واقیعیەکان، یان وەهمیەکان یاخود بەهۆی پەنابردنە بەر زۆر و ستەمکاری، کۆنترۆڵ بکات**"( ٧ ). بۆ ئەمەش زۆرجاران زەبری فیزیکیانە، یاخود لێدانی جەستەیی لەئاست هاووڵاتیاندا دەخاتە کار. بەپێی ئەم تێڕوانینە، دەوڵەت دامەزراوەیەکی ڕەوایە و مافی بەکارهێنانی زەبروزەنگیشی هەیە.

بەپێچەوانەی ئەم تێڕوانینەوە، ئانارشیستەکان بڕوایان وایە ناکرێت بەرگری لە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت بکرێت و ئەم دامەزراوەیە بە ڕەوا بدرێتە قەڵەم، ئەوان بە پێداگرتنەوە دەڵێن: " **تاکە شێوەیەکی پێکڤەیی و بەکۆمەڵبوون کە لەڕووی ئەخلاقییەوە دەشێت بەرگریی لێبکرێت، پێکڤەبوون و بەکۆمەڵبوونێکە کە تیایدا هیچ کەسێ، یان هیچ دامەزراوەیەك فەرمانێك دەرنەکات، کە پشتیوانەکەی سوود وەرگرتن بێت لە هێز**"( ٨ ) بەم پێیەش



بزووتنەوەی ئانارشیزم هەموو جۆرەکانی بەکارهێنانی هێز و زۆری دەوڵەت ڕەتدەکاتەوە و بەوجۆرەش دەتوانین بڵێین: لەلای ئەوان خودی بیرۆکەی دەوڵەتیش شتێکی ڕەتکراوەیە، کە ئەمەش مانای سەرەکیی زاراوەی (ئانارشی)یە کە دەکاتە (بێدەوڵەتی) ( ٩ ).

لە فەلسەفەی سیاسیدا ئەم پرسیارە هەمیشە دووبارە دەکرێتەوە: ئەگەر دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە سوود لە زەبر و زۆر وەربگرێ، ئایا سنوورەکانی ئەم مافە کامانەن و ئەو مافە چۆن دەسەلمێنرێت؟ بەپێی لێکدانەوەی ئاراستەی لیبرالیزم، دەوڵەت مافی هەیە تەنیا ئەو کەسانە ناچار و ملکەچ بکات، کە مافی کەسانێکی دیکەیان پێشێلکردووە( ١٠ ).

ئەرکی سەرەکی و وەزیفەی بنەمایی دەسەڵاتی دەوڵەت لەوەدایە "**پارێزگاری لە ئاسایش و یاسا بکات، پارێزگاری لە مافە سرووشتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا بکات و ببێتە هۆی دروستکردن و پاراستنی هەستی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنەری لانیکەمی خۆشگوزەرانی بۆ هاولاتیان**" ( ١١ ). ئەمەش بەمانای ئەوەیە، ئەرکی سەرەکیی دەوڵەت بریتیە لە دڵنیاکردنەوەی تاك لە مافەکانی خۆی. کەواتە دەسەڵاتی دەوڵەت شتێکە لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەبەخشرێت و شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت. ئەو دەوڵەتەی نەتوانێت مافی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دابین بکات، کە فەرمانڕەوایی تیادا دەکا، ناشتوانێت پاساوێکی ڕەوا بۆ ئەو هێز و زەبرە بهێنێتەوە کە لە ڕێگەی یاساکان و گشتاندنیانەوە، پیادەی

دەکات. بەم پێیەش وەزیفەی یەکەمی دەوڵەت دەبێتە پارێزگاریکردن لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی(١٢).

بەلای پەیڕەوکارە کۆنپارێز (کۆنسێرڤاتیڤ) و سۆشیالیستەکانەوە، دەوڵەت ئامانجێکی گەورەتری گرتۆتە ئەستۆی خۆی، کە بریتیە لە چەسپاندن و ئاراستەکردنی هزرگەلێکی تایبەت لەپێناوی ژیانێکی باشدا(١٣). بەپێی ئەم تێگەیشتنە، هەوڵدەدەرێ ئەو هزر و بیرۆکانە لەڕێگەی دەوڵەتەوە و بەپێی دەستێوەردانی ئیجابیانەی دەوڵەت، بهێنرێنە دی. بۆ نمونە بەهۆی یاسادانانەوە، لەوانەش یاسای تایبەت بە دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی، یاخود دەستبەسەراگرتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن دەوڵەتەوە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیە گشتییەکانی هەمووان(١٤). ئەو هۆیانەی کە مافی ڕەوایەتی دەدەنە دەوڵەت بۆ ئەوەی دەستبخاتە ناو کاروباری ژێردەستەکانیەوە، بەمەبەستی ئاراستەکردنیان بەرەو ژیانێکی باش، زۆر و فرە چەشنن.. لە فەلسەفەی سیاسیدا باس لە چەند شێوازێکی دەسەڵاتداری دەکرێ و هەریەکەشیان سەرچاوەکی ڕەوایەتی(شرعیە)ی بۆخۆی دەستنیشان کردووە.

یەکەم: هەندێك باس لە سەرچاوەی (فەرمانڕەوایی یەزدانی) دەکەن و بڕوایان وایە، کەسانێ دەتوانن بەشێوەیەکی ڕەوا فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکەوە بکەن، کە فەرمانەکانیان سەرچاوەیەکی یەزدانی و بان مرۆییان هەبێت(١٥).

دووەم: کەسانێکی دیکە باس لە (باڵادەستی سرووشتیی) دەکەن



و بڕوایان وایە، فەرمانڕەوایان لە سرووشتی خۆیاندا ئەو خەسڵەتانەیان تێدان کە مافی فەرمانکردنیان بەسەر کەسانێکی دیکەوە، پێبدات. واتە ئەوە سرووشت و تەبعی، یان (هابیتوس)ی کەسەکانە بڕیاری داوە هەندێك ببنە فەرماندار و هەندێکی تریش ببنە فەرمانبەردار(١٦).

سێهەم: بەشێکی دیکە، لە پێش هەمووشیانەوە ئەفلاتوونی فەیلەسووف، بڕوایان بەوەیە، کە فەرمانڕەوایی حکومەتداران سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (عەدالەتی کۆمەڵایەتی) و ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە ڕاددەی زانین و شارەزایی فەرمانڕەواوە(١٧). بەپێی ئەم تیۆرەیە، تەنیا ئەو کەسە دەتوانێت بەسەر کەسانێکی ترەوە ببێتە فەرمانڕەوا کە زانیارییەکی زیاتر، یاخود پسپۆڕییەکی زۆرتری لەبوارێکی تایبەتدا هەبێت و ئەوانیتر نەیانبێت. بەلای ئەفلاتوونەوە ئەو دەستەیە بریتین لە فەیلەسووفەکان، چونکە ئەوان لە بوارەکانی ژیاندا کەسانێکی دەستەبژێری دانا و لێهاتوون(١٨).

چوارەمین جۆری فەرمانڕەوایی سیاسی ئەوانەن کە بڕوایان بەوەیە، دەبێت هەرجۆرە دەسەڵاتداری و فەرمانڕواییکردنێك لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی ئەو هاووڵاتییانەوە بێت، لە چوارچێوەی ئەو مەڵبەندەدا دەژین کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەیانگرێتەوە(١٩).

بەپێی ئەم تێگەیشتنە، سەرچاوەی ڕەوای هەر حکومەتێك بریتیە لە (ڕێککەوتنێکی بەکۆمەڵیی خەڵك)، یان (پەیمانێکی کۆمەڵایەتی) و بڕیاردانیان لەسەر دامەزراندنی جۆری ئەو حکومەتە مەشروتەیەی (constitution) کە دایدەمەزرێنن.

بەلای ئەریستۆوە، کە بنەمای تیۆریی ئەم جۆری حکومەتدارییە دەگەڕێتەوە بۆ بیرا سیاسیەکانی ئەو، بڕیاری خەڵك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، پەیوەندیی هەیە بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانەوە(٢٠). لێرەوە ئەو حکومەتەی کە خەڵکانێکی کۆمەڵگایەکی تایبەت دایدەمەزرێنن، شەرعییەتی خۆی لەو ڕێککەوتنەوە وەردەگرێت کە ئەوان لەسەری پێکهاتوون و بەو پێیەش هەندێکیان بوونەتە فەرماندە و هەندێکیان فەرمانبەردار و جۆری حکومەتەکەش دەبێتە حکومەتێکی (فەرمان ـ ڕەوا). واتە ڕەوایەتی فەرمانەکانی حکومەت پێشتر بڕیاری گشتیی لەسەر دراوە، لەلایەن یەکەیەکی مرۆیی هاوبەرژەوەندەوە، نەك لەلایەن سەرچاوەیەکی دیکەوە(٢١). لە هەموو ئەو لێکدانەوە خێرایانەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە لە فەلسەفەی سیاسی و تاڕادەیەکی زۆریش لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا، سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت فرە و جۆربەجۆرن. دەسەڵات، ئەگەر بیەوێت ڕەوا بێت و کارا بێت، ناتوانێت تەنیا لە دەستی دەسەڵاتدارانی حکومەتدا بێت و حکومەتیش ناتوانێت بەبێ وەرگرتنی ڕەوایەتی لەوانەی لەژێر سایەیدان و حوکمیان دەکات،



گوتارێکی سەربەخۆی هەبێت. لەم حاڵەتەدا ئەو حکومەتە سیمایەکی ستەمکارانە بەخۆیەوە دەگرێت و ئەمەش زیانێکی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆسەر ئەو پەیمانە هاوبەشەی کە پێشتر ناومان برد. بۆ خۆبەدوورگرتنیش لە ستەمکاری پێویستە لە چوارچێوەی هەر حکومەتێك یان دەسەڵاتێکدا، چەند کایەیەکی تریش دەستنیشان بکەین، کە خاوەنی دەسەڵات و گوتاری خۆیانن و لە ململانێکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئامادەیی خۆیانیان هەیە و پێویستیشە ڕەچاوی خواست و نۆرم و بەهاکانیان بکرێت، دەنا وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێت، ئاژاوە بەرپا دەبێت.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت ئەو ڕاستییە سۆسیۆ سیاسیە بەدیار بخەین کە پێماندەڵێت: جگە لە ئامادەیی دەسەڵاتی حکومەت یان حیزبی سیاسی، لە کۆمەڵگای ئێمەدا سێ جۆری تریش لە دەسەڵات باڵادەستن و جیهانبینی و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان لەسەر کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنن و بەهۆی نۆرمەکانیانەوە ئەندامەکانی خۆیانی پێ گۆش دەکەن. ئەو سێ کایەش بریتین لە (دەسەڵاتی خێڵ) کە دەتوانین بە دەسەڵاتی گرووپی ئەتنیکیش ناوی بهێنین، (دەسەڵاتی شار) و دواجار (دەسەڵاتی خێزان). لەهەر یەکێك لەو پانتاییانەدا، واتە خێڵ، شار و خێزاندا، کۆمەڵە و یەکەی مرۆیی دەژین و پەیڕەوی لەو یاسا و نۆرمانە دەکەن کە لەو شوێنانەدا ئەوانی کۆکردۆتەوە و هاوبەندیی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر کردوون. سادەترین ڕاستی کە پێویستە لێرەدا بگوترێ

ئەوەیە: ئەگەر ئەم گرووپ و یەکە مرۆییانە لەگەڵ یەکتردا کۆك بن، ئەوە ئاسوودەیی ڕوو لە کۆمەڵگا دەکات، ئەگەریش ناکۆك بن و بکەونە دژایەتیکردنی یەکتری، ئەوە کۆمەڵگا بەرەو ئاژاوە و هەڵوەشاندنەوە دەبەن و زەبروزەنگ دەبێتە سیما و ناسنامەی باڵادەست و پەیوەندی حکومەتیش بە هەر یەکێ لەو پانتاییانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی مەترسیدار لە دژی مانەوەی ئەو حکومەتە، یاخود حیزبە دەسەڵاتدارەی کە دەسەڵاتی لەدەستدایە.

## چەمکی (زەبروزەنگ):

دوای ئەوەی گوتمان حکومەت ئەو دامەزراوەیە کە مافی بەکارهێنانی زەبروزەنگی ڕەوای هەیە و چارەنووسی بەستراوە بەو ڕەوایەتیەوە کە ڕەزامەندیی هاووڵاتیان بەو حکومەتەی دەبەخشێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەم برگەیەی باسەکەماندا باس لە چەمکی زەبروزەنگ بکەین و لە برگەی پاشتریشدا باس لەوە بکەین ئایا چۆن زەبروزەنگی حکومەت لە کردەیەکی ناڕەواوە دەبێتە کردەیەکی ڕەوا؟

لێگەڕێن پێش هەموو شتێ بەکورتی پێناسەی زەبروزەنگ (Violence) بکەین بەوجۆرەی ئێمە لێی تێدەگەین. دیارە لە پێش هەموو شتێکدا، زەبروزەنگ دیاردەیەکی نائاسایی ژیانی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە کاتێ ئەم مانایەی زەبروزەنگمان



لەبەرچاوە، باس لە زەبروزەنگی نێوان مرۆڤەکان دەکەین، نەك زەبروزەنگی بوونەوەرەکانی تر، یان زەبروزەنگی سرووشتی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە بەلای ئێمەوە، زەبروزەنگ هەرتەنیا بەکارهێنانی هێزە مادییەکان ناگرێتەوە، وەکئەوەی هەندێ پێناسە جەختی دەکەنەوە سەر(٢٢)

بیرمەندی سیاسیی بەریتانی، جۆن کەین، پێناسەیەکی ڕوونی ئەم تێرمە بەمجۆرە دەکات: **"زەبروزەنگ بریتییە لە دەستدرێژیکردنی فیزیکانەی گرووپەکان یاخود تاکەکان بۆسەر جەستەی ئەوانیتر و مەرگیش دوایین ئەنجامی شاراوەی زەبروزەنگە"**(٢٣).

گرنگترین شت لەم پێناسەیەدا ئەوەیە کە دەیەوێت بڵێت، تێگەیشتن لە زەبروزەنگ دەبێت لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە جەستە و پێگەی جەستە لە پانتایی و فەزای کۆمەڵایەتیدا، بهێنرێتە بەرهەم. زەبروزەنگ لەم پێناسەیەدا هێزێکە ئاراستەی جەستە دەکرێت و تا سنووری کوشتن و سڕینەوەی ئەو جەستەیەش کار دەکات. بەمجۆرەش، پێناسەکەی (کەین) پێناسەیەکی پێشگوتارییە. پێناسەیەکی ئەوتۆش کە بە تەنیا لەسەر جەستە و شوێن دامەزراوە، ناتوانێت پانتایی نۆرمەکان و دیاردەکانی وەکو (نایەکسانی) بگرێتە خۆی، واتە ناتوانین بەپێی ئەم پێناسەیە بڵێین: نایەکسانی جۆرێکە لە زەبروزەنگ کە لەلایەن دەستەیەکی کەمی کۆمەڵگاوە، کە ئابوورییان کۆنترۆڵکردووە، ئاراستەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا کراوە. یاخود

ئەم پێناسەیە ناتوانێت ئاماژە بکات بە (زەبروزەنگی بونیادی و زەبروزەنگی کەلتووری)، وەك ئەوەی (یۆهان گالتۆنگ) توێژینەوەی لەسەر کردووە(٢٤).

بەهەرحاڵ، دەکرێت بۆ توێژینەوە لە سەر پانتایی جەستە، پێناسەیەکی ئەزموونگەرایانە لەسەر زەبروزەنگ بکرێ و ئەو کایە بکرێتە پێوەر بۆ ئاماژەدان بە هەبوونی زەبروزەنگ. دەمەوێت روونتر بڵێم: بۆ ناسینەوەی هەبوونی زەبروزەنگ لە کۆمەڵگایەکی مرۆییدا، جەستە و پێگەی جەستە لە شوێندا، ئەو کایەیە کە دەمانباتەوە سەر زەبروزەنگ. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، توێژینەوە لە جەستە و پۆلێنکردنی جەستەکان لەو پێگە جیاوازانەدا کە وەریانگرتوون، ئاستی توندوتیژیی زەبروزەنگی ئەو کۆمەڵگایەمان بۆ ئاشکرا دەکات. بۆنمونە ئەگەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا، پانتایی سیاسی نەیتوانیوە پێگەیەکی گونجاو و شیاو بۆ گرووپی گەنجەکان لە کۆی سیستەمی ئیداری و سیاسییدا، دابین بکا، ئەوە نەیشیتوانیوە کایەیەك بۆ لاوان بەرهەم بهێنێت تاکو ئەوان بتوانن لەبواری ئیشکردن لەو کایە کۆمەڵایەتیەدا بوونی چالاکانەی خۆیان بسەلمێنن. بەمانایەکی دیکە: زۆریی رێژەی بێکاری لەناو گەنجەکاندا، بۆخۆی جۆرێکە لە زەبروزەنگ لە دژی ئەوان لە پانتایی گشتیی کۆمەڵایەتیدا. وەك ئەوە وایە جەستەی ئەوان لە بەندیخانەیەکدا دەستبەسەر کرابێت، کە هیچ قفڵێکی نیە، وەلێ هەموو دەرگاکانیش بە روویاندا داخراون.



بۆیە پێویستە ئەو پێناسەیەی پێشوو لەو چەمکانە جیا بکەینەوە، کە زۆرجار لەگەڵ چەمکی زەبروزەنگدا تێکەڵ دەکرێن، بۆ نمونە چەمکی هێز (Power)، یان دەسەڵات (Authority). زەبروزەنگ نە هێزە و نە دەسەڵاتیشە، بەڵکو ئەوپەڕی خراپەی دەسەڵاتە و لە پەراوێز و لە ژێر کۆنترۆڵی هێزیشدایە. (هانا ئارنت)ی خانمە فەیلەسووف، لە کتێبەکەیدا: (لەبارەی زەبروزەنگەوە On Violence)، ئەنجامگیری ئەوە دەدات بەدەستەوە کە:

**"دەسەڵات لە توانای ئینسانەوە بۆ هەستان بە کردەی کۆنکرێتی پەیدا دەبێت.. بێ مانایە بگوترێ دەسەڵات و زەبروزەنگ یەك شتن. دەسەڵات و زەبروزەنگ دژ و پێچەوانەی یەکترین و لەو شوێنەدا یەکێکیان ببێتە فەرمانڕەوای ڕەها، ئەوی دیکەیان لەناو دەچێت)(٢٥)**

لێرەدا ئارنت زۆر بەڕوونی ململانێی نێوان دەستە، کۆمەڵە، یان گرووپی دامەزراو لەسەر بنەمای پراکتیکیانە و ئەزموونگەرایانەی گوتارەوە، جیا دەکاتەوە لەو گرووپەی کە لەسەر بنەمای زەبروزەنگەوە، دامەزراوە. هەرکاتێ گفتوگۆ لەبارکەوت و ئیفلیج بوو، زەبروزەنگ پەلدەکێشێ و پەرەدەستێنێ. گوتار، دەسەڵاتی گفتوگۆیە، شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەتە لەبارەی دنیاوە، لە کاتێکدا زەبروزەنگ کردەیەکی هێز و زۆرلێکردن و ستەمکارییە. بەلای هانا ئارنتەوە، دەسەڵات یەکسانە بە ئاڵوگۆڕ و قسەکردن و پەیڤینی

بەردەوام لەسەر دنیای دەوروبەر(Communication)، واتە یەکسانە بە گوتار، ئەگەرچی ئەو خۆی ئەم چەمکە بەکارناهێنێ. واتە ئارنت دەسەڵات بە هێزێکی بیناکەر و شەرعی ناو دەبات و زۆر و زەبروزەنگیش بە هێزێکی وێرانکەر و نا شەرعی دادەنێت.

بە واتایەکی دیکە: ئارنت، زەبروزەنگ و دەسەڵات لێکدی جیادەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لەهەمان کاتیشدا زەبروزەنگ لە پانتایی سیاسیدا دەکاتە دەرێ. واتە ئەو لەو بڕوایەدا نیە کە ئەوە کەشوهەوای دەسەڵاتە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ و دەڵێت: ئەم دوانە دژی یەکترین و لەو شوێنەدا دەسەڵات فەرمانڕەوا بێت زەبروزەنگ لەناو دەچێت و لەو شوێنەشدا زەبروزەنگ بێتە ئاراوە، دەسەڵات نامێنێت(٢٦).

من دەمەوێ لێرەدا بەڵگە بۆ ئەوە بهێنمەوە کە بۆ پەرەپێدانی مانایەك لەسەر زەبروزەنگ، خاڵی گرنگ ئەوەیە دیسانەوە پەیوەندیی نێوان زەبرورزەنگ و دەسەڵات بدۆزینەوە بەبێ ئەوەی ناسنامەیەکی چوون یەکیان پێ ببەخشین. کێشەکە بۆ ئێمە و لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەوەدایە، کە دەسەڵات و زەبروزەنگ هەرگیز لێکدی جیا نەبوون و تەواوکەری یەکتر بوون. لەلایەکەوە، گوتاری دەسەڵات نەیتوانیوە سنوور بۆ زەبرەکانی زەبروزەنگ دابنێت و لەو لای دیکەیشەوە زەبروزەنگ هەردەم بەناوی جۆرێ لە دەسەڵاتەوە خۆی ئاشکرا کردووە و بۆ ساتێك کۆمەڵگاکەمانی جێنەهێشتووە. کەواتە ئێمە لە مێژووی کۆمەڵگای خۆماندا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت،



ناتوانین باس لە دەسەڵات بکەین بە بێ ئەوەی ئاماژە نەدەین بەو ڕاستییەی کە لەلایەکەوە: دەسەڵات بۆتە سەرچاوەی زەبروزەنگ و لەولای تریشەوە: زەبروزەنگیش توانیویەتی لە شێوەی دەسەڵاتدا خۆی بنوێنێ. یەکێك لەو نموونانەی دەکرێت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە باسی بکەین، مێژووی شۆڕشەکانی کوردە، کە تیایدا هەم دەسەڵات و هەم زەبروزەنگ شانبەشانی یەکتر ئامادەبوون و بۆساتێکیش لە یەکتر جیانەبوونەوە. زەبروزەنگی شەڕی ناوخۆیی لە هەناوی ئەو دەسەڵاتەوە دروستبوو کە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١وە، هێنایە ئاراوە. هەروەکو چۆن زەبروزەنگی هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکانیش لەناوچەی بیارە و هەڵەبجە، دەمامکی دەسەڵاتیان پۆشیبوو. پرۆسەی ئافرەتکوشتنیش لە هەرێمی کوردستاندا، کە شێوازێکی ئاراستەکراوی زەبروزەنگە، بەبەرچاوی دەسەڵاتەوە بەردەوامیی خۆی وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی دەسەڵات لەبەرامبەر ئەو سەرچاوانەی هانی ئافرەتکوژی دەدەن، (بۆ نمونە هێزە کۆمەڵایەتیە نەریتییەکان و هەندێ ئاراستەی ئایینی)، هەڵوێستی جیدی و یاسایی بگرێتە بەر. لەلایەکی ترەوە، هەندێکی زۆر لە نوسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران، هەم لەلایەن دەسەڵات و هەم لە سایەی دەسەڵاتدا ڕووبەڕووی جۆرەکانی زەبروزەنگ بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی حکومەت لەم نێوانەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبووبێت. ئەمانە هەموویان نمونەی ئەو پەیوەندییە ڕیشەییەی نێوان زەبروزەنگ و دەسەڵاتن لە هەرێمی کوردستاندا.

## زەبروزەنگ و گوتار:


لەم باسەدا زاراوەی (گوتار)مان بە مانای شێوازێکی قسەکردن بەکارهێناوە، کە لەهەمان کاتیشدا ئەو شێوازی قسەکردنە جگە لەوەی کە فۆرمێکی زانینە، ئەوە هەڵگری دەسەڵاتێکیشە. لەمانای قامووسیدا، زاراوەی گوتار وشەیەکی لاتینیە و لە وشەی (discursus)وە وەرگیراوە، کە بەمانای ئاخاوتن، گفتوگۆ، بڕیاردان، هێنانەپێشچاو، یان خستنەڕووی هزرێك و شێوەیەکی بیرکردنەوە لە ڕێگەی زنجیرە وشەیەکەوە، بەکاردێت(٢٧).

بە مانایەکی دیکە: گوتار ئەو فۆرمەیە کە گوزارەیەك لە ڕێگەیەوە دەردەبڕدرێت، بۆنمونە باس لە گوتاری زانستی، گوتاری سیاسی و گوتاری ئایینی دەکرێت، واتە ئەو شێوازی قسەکردن و دەربڕینەیە کە تایبەتە بە زانست، سیاسەت و ئایین و لەهەمان کاتیشدا فۆرمێکی زانین لەبارەی ئەو شتەوە پێکدەهێنێت کە قسانی لەسەر دەکات(٢٨). ئێستا بۆ ئەوەی بتوانین جیاوازیی نێوان زەبروزەنگ و دەسەڵات ڕوونبکەینەوە و ڕۆڵی گوتار لەو نێوەندەدا دەستنیشان بکەین، دەڕوانینە هێڵکارییەکەی خوارەوە:



**هێلکاری یەکەم:**

**A: (لە زەبروزەنگەوە بۆ دەسەڵات)**




**(هێڵکاری ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زەبروزەنگ و دەسەڵات)**

ئەگەر تەماشای هێڵکاریەکە بکەین دەبینین، حکومەت، یان حیزبی دەسەڵاتدار لەساتەوەختی هاتنەسەرکاری خۆیەوە لەبەردەم سنوورێکدایە کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەو لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حکومەت و حیزبەکانی دی جیا دەکاتەوە. ئەرکی یەکەمی ئەو حکومەت/حیزبە، بریتیە لە پاراستنی ئەو سنوورە لە ڕێگەی شێوازێك لە شێوازەکانی زەبروزەنگەوە. بۆیە هەمیشە بزاڤی نیوە بازنەی یەکەم بزاڤێکی زەبروزەنگاویە و تێدەگەین، چۆن زەبروزەنگ لە ڕێگەی ئەو سەفەرەوە کە دەیکات، دەبێتە دەسەڵات. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، حیزب یان حکومەت لە جوڵەی یەکەمەوە و لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە سنووری خۆی دروستدەکات و بەرهەمی دەهێنێتەوە. زەبروزەنگیٚ کە بەرەو جەستەی مرۆڤەکان ئاراستە

دەکرێ بۆ ئەوەی لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا پێگەی تایبەت قەبووڵ بکەن و لەوێدا نیشتەجێ ببن.

بەم پێیەش زەبروزەنگ بریتیە لە تێکترنجاندنی جەستەی مرۆڤەکان لە شوێنی تایبەتدا، کە بۆیان نیە بە ئارەزووی خۆیان لێی دەربچن. دواتر بە وردی دێمەوە سەرباسکردنی ئەو سنوورانە، بەڵام یەکێکیان لای هەمووان زۆر ناسراوە: کە سنووری حیزب/حکومەت خۆیەتی و ئیشکردنی ئەم سنوورەش ئەوەیە کە حیزب/حکومەت، جەستە جیاوازەکان ناچاردەکات (لەم دیو)، یاخود (لەودیو) سنوورەکەیەوە بمێننەوە.

**"هەر نەتەوەیەك دوو شوێنی هەیە: یەکێکیان بریتیە لەو خاکەی کە بەسەریدا دەڕوات و ئەویتریشیان شوێنی نەتەوە هاوسێکەیەتی کە پەیوەندیی لەگەڵیدا هەیە"**(٢٩)

ئەمدیوی سنوورەکە، واتە ئەو فەزایەی کە سنوورەکە بەدەوری خۆیدا دەیکێشێ، پەرەی پێدەدات و تیایدا گوتارێکی تایبەت، هاوپەیمانێتییەك و بەگرووپەبوونێکی پێکڤەیی سەرهەڵدەدات، کە لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێت. ئیشی ئەم گوتارە ئەوەیە کە مەشرووعیەت ببەخشێتە شێوەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ ئەوەی سنوورەکە بەپایەداری و بەدوور لە هەڕەشەی دەرەکی بمێنێتەوە. دەکرێ ئەمە لە شێوەی بازنەیەکدا، یاخود پرۆسەیەکی مێژوویی بەردەوام دووبارەوەبوودا بهێنینە پێشچاوی خۆمان.



سەبارەت بە تاکە مرۆڤی سادەی وەکو ئێمە، سنووری بازنەکە لە جوڵەی دووەمەوە دەستپێدەکات، واتە لە پێگەی تاکەکەسێکی بچووکی ئەندامەوە، کە هەمیشە کەوتۆتە ناو ئەتمۆسفێر و کەشوهەوای گوتاری دەسەڵاتەوە. بەڵام سەبارەت بە حیزب/حکومەت مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە: بۆ حیزب، یان بۆ حکومەت بازنەکە لە جوڵەی یەکەمەوە دەستپێدەکات، چونکە حیزب یان حکومەت هەمیشە لە ململانێیەکی ئامادەکراودایە لەگەڵ حیزب و حکومەتەکانی دیکەی چواردەوری، کە مەرج نییە ئەم ململانێیە بە قۆناغی تەقینەوەی خۆی گەیشتبێ و تیایدا هێز و زەبروزەنگی سەربازی خرابێتە گەڕ(٣٠) بەمجۆرەش پێگەی حیزب، پێگەیەکە هەرگیز و هیچکاتێ وەکو کەشێکی (ڕاستەقینەی) بەر لەدۆخی زەبروزەنگ نیشانە نەکراوە. هەموو گوتارەکان، واتە هەموو شێوازی ئاخاوتن و قسەکردنەکان، بە سنوورەکانیانەوە چەپێنراونەتە کەشێکەوە، یان فەزایەکەوە، کە سنوور لە دژی گوتارەکانی تری شوێنەکانی تر سازبکەن. جوڵەی یەکەمی ناو بازنەی دووەم، جوڵەیەکی مات و بێدەنگە، زەبروزەنگی بێ وشەیە کە سنووربەندی کۆمەڵە و گرووپە ناوخۆییەکەی دەکات، واتە سنووری بەدەورا دەکێشێ و دەیکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو، دەیکاتە گرووپێکی یەك دەنگ لە دژی ئەو گرووپانەی کە دەکەونە دەرەوەی بازنەکەوە و بە بێگانە حسێب دەکرێن. ئەم جوڵەیە پێمان دەڵێت: ئێمە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکداین و هەریەکەمان شوێن و پێگەی تایبەت بەخۆمانمان هەیە و بەپێی

چالاکی و تاوانەکانمان پاداشت دەکرێین و سزا وەردەگرین. وەلێ جوڵەی دووەمی بازنەکە جوڵەیەکی قسەکەرە، دەئاخڤێ و دەسەلاتێکی گوتارمەندە، کە ئیشی ئەوەیە وێنای تایبەت بەو یەکە یەکگرتووە بهێنێتە بەرهەم و مەشرووعیەت بداتە زەبروزەنگ لەدژی ئەوانیتری دەرەوەی سنووری بازنەکە. لەناو ئەو جوڵەیەدا پێمان دەگوترێ کە ئێمە میللەتێکین و تایبەتمەندیی خۆمانمان هەیە و خاوەنی مێژوو و ڕەمزەکانی خۆمانین و بەپێی وەفاداریمان بۆ ئەو مێژووە و ئەو ڕەمزانە، یان لاساری و بێ ڕێزیمان لە ئاستیاندا، لەلایەن دەسەلاتەوە، پاداشت و سزا وەردەگرین.

دەکرێت وەکو شێوە ئەنجامگیرییەکی خێرا بۆ ئەم بەشەی باسەکەمان بڵێین: زەبروزەنگ و دەسەلات هاوناسنامە نین. دەسەلات بوارێکی ئاڵوگۆڕکردنە، کایەیەکی پەیوەندی دروستکەرە لە نێوان مرۆڤەکاندا و ژیانیان بەڕێوە دەبات. واتە گوتارێکی پراکتیکییانەیە و شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی زانین. زەبروزەنگ و گوتار پتر لە شوێندا پەیوەندی دروستدەکەن وەك لە کاتدا. پەیوەندیی نێوانیشیان بازنەییە نەك تەریبی. زەبروزەنگ هەم لەپێش و هەم لەدوای گوتارەوە ئامادەیە، گوتارەکەش هەم لەدوای زەبروزەنگ و هەم لە پێشیدا ئامادەیە. سەبارەت بە تاکە مرۆڤەکان لە پێشدا گوتار و ئەمجا زەبروزەنگ ئامادەیە. لەکاتێکدا سەبارەت بە حیزب/حکومەت بە پێچەوانەی ئەمەوەیە: یەکەمجار زەبرورزەنگ دەردەکەوێت ئەمجار گوتارەکە بەدوای ئەمدا دێت. ماوەی زەمەنیی نێوان زەبروزەنگ و



گوتار لە بارودۆخێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت: لەبارودۆخێکەوە کە تیایدا شەڕفرۆشێ لەسەر جادەیەك شانێکت لێ ئەدا و پێت ئەڵێ: (لاچۆ لەسەر ڕێگاکەم) و پاشان ئەو زەبروزەنگەی لە ئەنجامی ئەمەوە پەیدا دەبێت، تا بارودۆخێکی درێژخایەنی دوور لە زەبروزەنگ و پێکەوە ژیانی دوو گرووپی جیاواز، بۆنمونە: بارودۆخی بەبێ زەبروزەنگی نێوان سنووری پورتوگال و ئیسپانیا، یاخود (چیك) و (سلۆڤاکی)(٣١) لەهەردوو بارودۆخەکەشدا هەمان پەیوەندیی بازنەیی لەنێوان زەبروزەنگ و گوتاردا ئامادەیە، کە پێشتر باسمانکرد. بەلام لەکاتێکدا لە بارودۆخی شەڕفرۆشی سەرجادەکە، بێمەبەست و بێتوانا بوو لەوەی سنوورێ پێکبهێنێ، ئەوە لەبارودۆخی دووەمدا و لە کاتی خۆیدا، ئامانجێکی هەبوو کە: توانی سنوورێ لەنێوان پورتوگال و ئیسپانیادا بهێنێتە بەرهەم. بۆی هەیە هەموو ڕۆژێ شەڕ فرۆشێ بە بیانووی ئەوەی لەسەر ڕێگاکەی وەستاوین، زەبروزەنگمان لەدژ بەکار بهێنێت بەبێ ئەوەی سنوورێك هەبێت بەرگریمان لێبکات. وەلێ دوو حیزب، یان دوو حکومەت کە هەریەکەیان سنوور و گوتاری خۆیانیان هەیە ناتوانن لە هەر ساتێکدا شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن، چونکە دەسەلات ڕێگە بەمە نادات و ڕێگای دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەدۆزێتەوە، وەك جیابوونەوەی چیکەکان و سلۆڤاکیەکان لە دەیەی نەوەدەکاندا.

+ + +

لە بەشی پێشوودا هەندێ چەمکی فەلسەفەی سیاسیمان باسکرد و ڕوانگەی چەند ئاراستەیەکی سیاسیمان لەبارەی چۆنێتی شەرعییەتی دەوڵەتەوە خستەڕوو، هەروەها باسمان لە جیاوازی نێوان دەسەڵات، هێز و زەبروزەنگ کرد و ئەوەشمان ڕوونکردەوە کە لە وڵاتی ئێمەدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا ناکرێت. واتە سنوورێکی دابڕاو لە نێوانیاندا نیە و لەهەموو کاتێکدا کە دەسەڵات دەکەوێتە گەڕ لەگەڵ خۆشیدا زەبروزەنگیش دەهێنێت و هێزیش فاکتەرێکە لە نێوانیاندا. ئێستا دەمانەوێت لەم بەشەدا، وێڕای بەبیرهێنانەوەی هەندێ خاڵی گرنگ، بچینە سەر باسکردنی کایەکانی دەسەڵات و ڕۆڵی هەر یەکەیان شرۆڤە بکەین.

بەبڕوای ئێمە، باسکردنی (خێڵ، شار و خێزان) لەپاڵ باسکردنی حکومەتدا، وەك پانتایی دەسەڵات، گرنگییەکی زۆری هەیە. چونکە ئەم باسکردنە تێگەیشتنێکی وردبینانەترمان لەسەر چۆنێتی دابەشبوونی دەسەڵات و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و هەر یەکێ لەو پانتاییانەش دەداتێ و وامان لێدەکات بەجۆرێکی تر بڕوانینە کۆمەڵگاکەمان. پێویستە ئەوەش بگوترێ، کە بوونی حکومەت وەك دەزگایەکی مۆدێرنی دەسەڵات لە وڵاتی ئێمەدا، نەبۆتە هۆی نەهێشتنی جۆرەکانی دیکەی دەسەڵاتی تەقلیدی (وەك دەسەڵاتی خێڵ و تایفە و بنەماڵەکان) لە کۆمەڵگادا. ئەوە ڕاستە کە ئەم دوو جۆرە لە دەسەڵات لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازن و بە شێوازی جیاوازیش تەعبیر لە خۆیان دەکەن، بەڵام هێشتا لە کۆمەڵگای ئێمەدا دابڕانێکی ئەوتۆ دروست نەبوە لە نێوان جۆرەکانی دەسەڵاتی



تەقلیدی و جۆری دەسەڵاتی مۆدێرن کە لە حکومەتدا بەرجەستە دەبێت. بۆیە من لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کوردستان باس لەو چوار دەسەڵاتە و سنوورەکانیان دەکەم.

## چوار سنووری دەسەڵات:

ڕاستە ئێمە دەڵێین یەکەمین سنووری نێوان حکومەت یاخود حیزبی دەسەڵاتدار، سنوورە لەگەڵ حکومەت و حیزبە بێگانەکانی تردا، ڕاستە کە ئێمە گوتمان ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەك گوتارێکی تایبەت لەسەر کۆمەڵگاکانی دەرەوەی سنووری خاکی خۆیان بەرهەم دەهێنن و لەوێوە تەماشایان دەکەن کە ئەو گوتارە بۆیان وەسف دەکات، وەلێ ئەمانە هیچیان بەمانای نەبوونی ناکۆکی و ململانێ نیە لە دروونی ئەو یەکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کەوتۆتە (ئەمدیو) سنوورەکەوە. ناکرێت هیچ حکومەتێ یاخود هیچ حیزبێك تەنیا بریتیبێت لە یەکەیەکی تەبای بێ ناکۆکی و دژایەتی دەسەڵات، کە لە شێوەیەکی تایبەتیی زەبروزەنگ پێکهاتبێ و دروستبووبێ، بۆ نمونە زەبروزەنگی شەڕ، یاخود یەك تاقە گوتار تیایدا ئیش بکات، بۆنمونە گوتاری ناسیۆنالیزم. بەمانایەکی تر: هیچ یەکەیەکی دەسەڵات، یان بە زمانی بۆردیۆ، هیچ کایەیەکی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا بەرژەوەندی هەیە، بەتەواوی مانا ناتوانێت بەبێ ناکۆکی و دژایەتی و ململانێی ناوخۆیی بێت و، هیچ


دەسەڵاتێکیش نیە تاقە یەك گوتار تیایدا باڵا دەست بێت، بەبێ ئەوەی زەبروزەنگی بەرهەم نەهێنا بێت. هەمیشە لەناو یەکەیەکی دەسەڵاتدا، هەرچەندەش کۆنترۆڵکەر بێت و پارێزەری سنوورەکانی خۆی بێت، وردەناکۆکی و دژایەتی ئەوتۆ هەن، کە یەکێتی و تەبایی ئەو دەسەڵاتە دەخەنە ژێر پرسیارەوە و گومانی لەسەر دروستدەکەن و دواجار لەناوەوەڕا هەڵیدەوەشێنن و دایدەڕزێنن.

ڕژێمی بەعس لە عێراقدا نمونەیەکی نزیکە لێمانەوە: وێڕای هەموو بانگەشەکانی ئەو ڕژێمە بۆ یەکێتی و تەبایی خۆی، وێڕای خستنەکاری دەیان و سەدان سەنتەری کۆنترۆڵکردن و سەرکوتانەوە و ئینکارکردن و شاردنەوەی دژە ناوەکییەکانی، وێڕای دەستێوەردانی سەرۆکی کۆمار لەهەموو تەفاسیلەکانی دەزگاکانی حکومەت بەنیازی بەرزەفتکردنیان، جگە لە هەوڵدانە هەمەلایەنەکانی ئەو ڕژێمە بۆ نەفیکردنەوەی هەموو هێز و جەمسەر و کایە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراقدا، دواجار نەیتوانی بەرگەی ئەو شیرپەنجەیە بگرێت کە لەناوەوە دایدەڕزاند. شیرپەنجەیەك کە تەنانەت بنەماڵەی خودی دیکتاتۆریشی گرتەوە و فەسادی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی گەیشتە ئەو شوێنەی کە ژمارەیەك لە کەسە نزیکەکانی ئەو بنەماڵەیە گوللەباران بکرێن.

من دەمەوێ ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە جگە لە فەزای دەسەڵاتی حیزب، یان حوکمەت، لە هەرێمی کوردستاندا، سێ پانتایی دیکەی دەسەڵات



ئامادەن و شایانی توێژینەوەی وردن کە ئەوانیش بریتین لە: پانتایی خێڵ، پانتایی شار و پانتایی خێزان. ئەمانەش هەروەکو حیزب/حکومەت فەزای کۆمەڵایەتی خۆیانیان هەیە و واقیعێکی بەدیهێن کە کاریگەری دەکەنە سەر بڕیارە سیاسیەکان. هەریەکەیان سنووربەندی خۆی دەکا و جەستەی مرۆڤەکان بەپێی (ناوەوە) و (دەرەوە)ی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و ڕێکدەخاتەوە. (ناوەوە)ی هەموو سنوور و کایەیەك، ئەگەرچی ململانێی خۆی تێدایە لەسەر پێگە و بەها و بەرژەوەندییەکان، بەڵام بەگشتی شوێنی ئاساییشە بۆ ئەندامەکانی و (دەرەوە)یشی شوێنی مەترسی، بۆیە دەتوانین بڵێین: خاڵی هاوبەشی ئەو پانتاییانە بریتییە لەوەی کە هەموویان سنووری بۆ مرۆڤ دەکێشن تا لە سایەی (ئارامیی ناوەوە)دا، لە (ئاژاوەی دەرەوە)ی بپارێزن. بۆ ئەوەی کارەکە ئاسان بکەین، لێرەدا هێڵکارییەك بۆ ئەو چوار کایە دەکێشین کە لەشێوەی خانوویەکی چوار نهۆمیدا بەدیار دەکەوێت:




(هێڵکاریی توێژەر بۆ ڕوونکردنەوەی بالاخانەی چوار نهۆمی)



وەك لە هێڵكاریەكەدا دیارە، هەر نهۆمێكی خانووەكە تەعبیر لە سنوورێكی كۆمەڵگا دەكات و بۆ زیاتر بەرجەستەبوونیش سنوورەكانمان بەپێی ئەو پەیوەندییەی باسیدەكەین، تۆختر پیشانداوە. ئێستا ئەگەر بمانەوێ لەسەرەوە بۆ خوارەوە هێڵكارییەكە بخوێنینەوە دەتوانین ئەم سەرنجانە لە بارەیەوە تۆمار بكەین:

یەكەم: **پەیوەندیی نێوان حكومەت/حیزب لەگەڵ جەستەدا، پەیوەندییەكی پراگماتیە**: ئەگەر بەشێوەیەكی پراكتیكی وەری بگرین، ئەوە هەموو ئەوانەی لە پانتایی حیزب/حكومەتدا دەژین بەشێكن لە نەتەوە، ئەمەش پەیوەندییەكی بەیەكداچووە: چونكە هەموو ئەوانەی لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتێكدا دەژین، پێویستە هاوئاهەنگییەك لە شوناسیاندا هەبێت، یاخود ئەمە ئەو شوناسەیە كە دەرەوە پێیاندەبەخشێت. بۆنمونە وشەی (ئێرانیەكان) جۆرە هاوئاهەنگییەك لە نێوان هەموو ئەو نەتەوە و ڕەگەزانەدا دروستدەكات، كە لە چوارچێوەی جوگرافیای ئەو وڵاتەدا تەواو لێكدی جیاوازن. بەم پێیەش جەستەی تاكەكەسیانەی ئێمە هەمیشە بەشێكە لە جەستەیەكی گەورەتر كە جەستەی نەتەوەیە. لەدەرەوەی سنووری حیزب/ حكومەت، حیزبەكانی تر و حكومەتەكانی تر و پانتایی شەڕ هەیە.

دووەم: **پەیوەندیی نێوان پانتایی خێڵ و جەستە پەیوەندییەكی جەوهەرییە**: واتە لەسەر بڕوابوون بە جەوهەرەوە دروستبووە. ئەم بڕوایە دەڵێت: تەنیا جەستە پاكەكان و لەشە خاوێنەكان بۆیان هەیە لەسەر زەوی ئێمە بژین (جا جەوهەرەكەیان بەهۆی ئینتیمای ئەتنیكیانەوە،

بەهۆی ڕەگەزەوە، بڕوای ئایینییەوە، مێژوو، زمان )، یاخود بـەهۆی هـەر شـتێکی دیکـەوە پێناسـە کرابێـت. تـەنیا ئەوانـەی دەتـوانن لـەڕووی جەوهەرەوە خۆیان بە یەکێك لە ( ئێمە ) دابنێن، سەر بەخۆمانن و خوێنی پاك لە دەمارەکانیاندایە، دەنا لەدەرەوەی پانتایی خێڵ، خێڵە بێگانەکان دەژین، چونکە بێگانەکان جەوهەرێکی هاوبەشیان لەگـەڵ ئێمـەدا نییـە و بۆیان نیە پێیان بخەنە سەر عەردی ئێمە !

سێهەم: **پەیوەنـدیی نێـوان شـار و جەسـتە پەیوەندییـەکی ئەرکدارە (فۆنکشیۆناڵ):** واتە وەزیفەی بەرهەمهێنان، سەوداو مامەڵە و دووبارە بەرهەمهێنانـەوە گـرنگن، نـەك ئـەوەی کـام جەسـتەیە هەڵدەسـتێ بـە جێبەجێکردنی پەیوەندییەکان. شار قەبووڵی جەستەی تەمبـەڵ و بـێ بەرهەم ناکات، هەر بۆیەشە بێکاربوون لـە شـاردا زۆر ناخۆشـترە وەك لـە لادێـدا. بەمانایـەکی دیکـە: شـار وەك ئـامرازێکی چـالاك تەماشـای جەسـتەی مـرۆڤ دەکـات، کـە پێویـستە لـە دابینکردنـی ژیـانی شـاردا بەشداری بکات و ئـەو جەسـتەیەی بەشـداری نـەکات بـە جەسـتەیەکی مـشەخۆر لەقەڵـەم دەدرێـت. لـەدەرەوەی سـنووری شـار، ناشـار، سرووشت، یاخود لادێ هەیە.

چوارەم: **دواجار، پەیونـدیی نێـوان خێـزان و جەسـتە پەیوەندییـەکی ئۆرگانیکیە(عضوي):** لە ناوەوەی خێزانەکاندا پەیوەندیی جەسـتەکان بەیـەکترەوە، پەیوەندییـەکی خوێنیـە لـەنێوان ژن و پیـاو و دایکـان و باوکان و منداڵەکانیاندا. چـەمکەکانی وەکـو (ژن)، (منـداڵ) و (پیـاو) لەسەر بنەمای جیاوازیی بایۆلۆژییەوە بەندن. ئەم جیاوازیە بایۆلۆژیانە



لەکاتی لەدایکبوونەوە نیشانەیان دەردەکەون و لەلایەن کۆمەڵگاشەوە وەکو ڕەگەز و نەوەی جیـاواز پێناسـە دەکـرێن و هـەر لەسـەر هـەمان پێناسەشـەوە پـەروەردە دەکـرێن. واتـە خێزانـەکان نـەوەکانیان بـەوجۆرە پـەروەردە دەکـەن کـە ببنـە (کـچ) یـان (کـوڕ). دیـارە لەدەرەوەی سنووری هەر خێزانێك خێزانەکانی تر هەن.

ڕاسـتە ئێمـە توانیمـان سـنووری نێـوان ئـەو پانتاییانـە بکێـشین و پەیوەندییان بە دەرەوە و ناوەوەی خۆیان ڕوونبکەینەوە، بەڵام ئەمـە بەمانای ئەوە نیە کە مرۆڤ دەتوانێت تـەنیا لـەو سـنوورەدا بمێنێتـەوە کە تیایدا چالاکە و پێگەی خۆی بۆ دانداراوە. ئێمە لەناو سیستەمێکی (کاست)یدا ناژین، تا کاستەکە ببێتـە ڕێگـر لەبـەردەم تاکەکەسـدا بـۆ بەزاندنی سنوورەکان، وەك ئەوەی لە هیندستانی کۆندا باو بوو. بەڵکو بۆی هەیە هەر تاکەکەسێ لەهەمان کاتدا لەهەر چوار پانتایی ناوبراودا بژی: بۆنمونە کەسێ ئەتوانێت ڕەگەزنامەکـەی عێراقـی بێـت (سـنوری سیاسی)، کوردێك بێت (سنووری نەتەوەیی)، زاخۆیی، یـان هـەولێری یـاخود سـلێمانی بێـت (سـنووری ئیـداری) و لـە خێزانێکیـشدا بـژی (سنووری ئۆرگانیکی). هەریەك لە پانتایی حیـزب/حکومـەت، پانتـایی خێڵ/ئەتنیك، پانتایی شـار و خێـزان، پانتاییگـەلێکی پەیوەندیـدارن و تەنیا لە ڕەنگدانەوەیاندا لەبەرامبـەر و لەپەیوەنـدییان بـەو ڕووبـەرەی کـە ڕەنگدانەوەکـەیان ئاشـکرا دەکـا، بوونیـان هەیـە. واتـە بـوونی حکومـەت پەیوەنـدارە بـە بـوونی پانتـایی نەتـەوەوە، بـوونی خێـڵ پابەندە بە بوونی پانتایی گوندەوە و بوونی شـاریش پەیوەنـدی هەیـە

به بوونی دامەزراوەکانەوە، لەوانەش بوونی خێزان. لەهەمان کاتیشدا ئەم پانتاییانە بەسەر یەکترەوەن و لەناو یەکتردان و کاریگەری و پەرچەکرداریان بۆسەر یەکدی و لەئاست یەکتردا هەیە. بەبێ ناکۆکی و کاریگەریی نێوان گوند و شار، نە شار و نە گوند ناتوانن خۆیان بەرهەم بهێننەوە و سنووری خۆیان بپارێزن. حیزبی نەتەوە، یان حکومەتی میللی پەنا بۆ ئەو تاکانە نابات کە بێ سەرەوبەرەن و بەملاولادا دەسووڕێنەوە و هیچ شوناسێکیان نیە، بەڵکو ئەو تاکانەی بەلاوە مەبەستن کە لەلایەن تواناگەلێکی ترەوە، جگە لە تواناکانی حیزب/حکومەت خۆی، ئامادە کراون و شوناسیان پێدراوە. (بۆنمونە هەمیشە تاکی سەر بە عەشیرەتێك یان خێڵێك بەلای حیزب/حکومەتەوە گرنگترە و باشتر دەستنیشانی ناسنامەکەی دەکرێ، وەك لە کەسێك ناسنامەکەی ڕوون نەبێت).

ئەو پانتاییانە (خێزان، خێڵ و شار)، لە ڕووی مێژووییەوە ڕەگوڕیشەیان لە ڕەگوڕیشەی خودی حکومەت/ حیزب زۆر قووڵترە و هەموویان خاوەنی ڕابردووی جیاواز و شێوەی پێکهاتەی ناسنامەی جیاوازن و وادە و مژدەی جیاوازیشیان پێیە بۆ ئەوەی بڵێن داهاتوو چۆن دەبێت، واتە خاوەنی یۆتۆپیای جیاوازن. بۆ نمونە هەر عەشیرەتە بنەچەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بە شێوازێکی تایبەت پێناسەی خۆی دەکات و ئەسڵ و فەسڵی خۆی دیاریدەکات و بەزمانێکی تایبەتیش باس لە داهاتوو دەکات. خاڵە گرنگەکە لەوەدایە بتوانرێ ئەم فرەیی و جیاوازیانە وەسف و دەستنیشانبکرێن بەبێ ئەوەی بچووکبکرێنەوە بۆ ژێر زەبری چەمکێکی تایبەت.



## کایەکانی دەسەڵات:

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ڕوونیبکەینەوە مەبەستمان چییە لە چەمکی حیزب/حکومەت، پانتایی خێڵ، پانتایی شار و پانتایی خێزان؟ بۆ ئەمەش لە پێشاندا تەماشای هەمان هێڵکارییە چوار نهۆمیەکەی پێشوو دەکەین و ئەمجارەیان لە خوارەوە دەیخوێنینەوەو بەقسەکردن لەسەر پانتایی خێزان دەستپێدەکەین و لە پانتایی حیزب/حکومەتدا کۆتایی پێدەهێنین.

### خێزان:

لە شوێنێ لەشوێنەکانی مێژوودا گریمانەی ئەوە دەکرێ خێزان و حکومەت، یان حیزب یەك مێژوویان هەبێت، یاخود لە یەك مێژووەوە هەڵتۆقیبن! بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش دەڵێین: هەرسێکیان بەپێی سیستەمێکی هەرەمیانە بەڕێوە دەچن کە (ڕابەر)، (سەرۆك) و (باوك)، قوتبەکانی ئەو هەرەمە پێکدەهێنن. ئەوەی ئارکیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا پێماندەڵێ ئەوەیە، لە هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا (نەرێت) توانیویەتی جیاوازیی بایۆلۆژیی نێوان پیاو و ئافرەت، وەك پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیانەی دەسەڵات، بەرهەم بهێنێ (٣٢).

هیچ کۆمەڵگایەکمان نییە بەدەر بێ لەم جیاوازییە قەبووڵکراوە و تیایدا جیاوازی بایۆلۆژی نێر و مێ نەچووبێتە خزمەت پەیوەندیەکانی

دەسەڵاتەوە. لەهەموو کۆمەڵگاکاندا دەتوانین ئەو سنوورانە بدۆزینەوە کە ڕەگەز (جنس)ـەکان لەناو پانتایی شوێندا نیشتەجێ دەکات. لە هەندێ شوێنی دنیادا خێزانی پیاوان و خێزانی ژنان لێکدی جیاوازن، ئێمە لە خێزانی کوردیدا، ژووری ژنانمان هەیە و ژووری پیاوان، شوێنمان هەیە تیایدا ڕەگەزی مێ باڵادەستە و شوێنمان هەیە ڕەگەزی نێر. لە مەتبەخدا ڕەگەزی مێ باڵادەستە و لە دیوەخاندا ڕەگەزی نێر. ئەگەر ئاگردانمان کردە سنوور، ئەوە دەبێت بزانین کە لە خێزانی تەقلیدخوازی کوردییدا (خوارەوە)ی ئاگردان تایبەتە بە ئافرەتان و (سەرەوە)ی تایبەتە بە پیاوان(٣٣).

دەسەڵاتی نێوان پیاوان و ژنان، نێوان نێر و مێ، لە سەر ئەم سنوورانەوە دەگۆڕدرێتەوە و خۆی ئاشکرا دەکات. بەڵام لەهەمان کاتدا کە دەسەڵاتی ڕەگەزەکان لە ململانێی ناو گرووپێك و چۆنێتی ڕاگرتن و بەڕێوەبردنی خێزاندا دابەش دەبێت، ئەوە لەناو لەشی گەورەی کۆمەڵیشدا دەبێتە خانەیەکی بەرهەمهێن. جیاوازیی تەمەن و نەوەکانیش حەقیقەتێکی دیکەی بایۆلۆژی و زگماکیانەی ئێمەن. ئەم ڕاستییەش لە سنووره تایبەتییەکانی نێوان جەستەی مرۆڤەکاندا خۆی دەردەبڕێ و خۆی بەدیار دەخات. (تەمەن) و (نەوەکان)، بەرهەمهێنراوێکی کۆمەڵایەتین، یاخود نوێنەری هەلومەرجە بایۆلۆژییە هاوبەشە مرۆییەکانمانن، کەئەمەش بۆ نمونە خۆی لە نیشتەجێکردنی منداڵ لەناو خێزاندا و لە ڕێ و ڕەسمی قۆناغەکانی گەشە و قەبووڵکردن و بە کۆمەڵایەتیبوونی سەرەتاییدا دەردەبڕێت(٣٤).



لە سەردەمێکی دیکەی مێژووییدا، حیزب/ یان حکومەت لە خێزان جیادەبێتەوە و سنووری سێهەم دێتە دی، کە سنووری نێوان حیزب یان حکومەت و خێزانە. ئێمە پێویستە بزانین خێزان چەندین فۆرمی مێژوویی خۆی هەبووە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بووە، کە شێوە خێزانی باوکسالاری یەکێکە لەوانە. بۆیە ئەگەر باوکسالاری فۆرمێکی خێزان بێت، ئەوە بەدرێژایی چەندین سەدەی مێژوویی، (خێزانی باوکسالاری) لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئاسایی بووە و ئاستی مانەوەشی هەمیشە بەرەو گەورەبوونی قەبارەکەی چووە. دەتوانین نەجیبزادەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیە بهێنینە پێشچاوی خۆمان کە لەیەك کاتدا بۆی هەبووە دەسەڵاتی هەبێ بەسەر ژنەکان، منداڵەکان، خزمەتکارەکان، پاسەوانەکانی و ئاژەڵەکانیشیدا. لێرەوە دەتوانین ئەنجامگیری ئەوە بکەین، کە لە مێژووی ئێمەدا نمونەی زۆرمان لەبەردەستایە پیشانیدەدات یەکەی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی تاکەکەس، خێزان بووە، نەك چینەکان یاخود حکومەت و حیزب. هێشتاش لە گوندەکانی ئێمەدا، وەك گوندەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا(٣٥)، بچووکترین یەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، خێزانە نەك تاکە کەس.

سنووری نێوان حیزب/ حکومەت و خێزان، دەکرێت بە شێوەیەکی ورد و تایبەت بە ماڵ یان خانوودا، دەستنیشان بکرێت. ڕەمزی ئەم جیابوونەوەیەش بریتیە لە دەرگای سەرەکیی ماڵ، یان دیواری حەوشە

یاخود ئەو پەرژینەی بە دەوری خانوودا چنراوە. هەریەکە لەم ڕەمزانەش (واتە: دەرگای سەرەکی، دیواری حەوشە و پەرژین) تەعبیر لەو سنوورە دەکەن کە (ناوەوە) لە (دەرەوە) جیا دەکاتەوە و ناوەوە دەکاتە شوێنی حەوانەوە و دەرەوەش بە شوێنی هەڕەشە و مەترسی. کێشەی حیزب یان حکومەتی نەتەوەیی بەهەموو جۆرەکانیەوە ئەوەیە کە لەهەر شوێنێکدا خانووی تێدا بەرزبووبێتەوە، خێزان وەك دوژمنێکی گریمانەکراوی حیزب /حکومەت ئامادەیە. لەهەموو ئەو شوێنانەشدا سنووری نێوان حیزب/ حکومەت و خێزان، لەسەر ئاستی دەسەڵاتەوە بەندە، یاخود پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی دەسەڵاتمەندانەیە. حیزب/حکومەت بەهەزاران شێوە دەیەوێت و توانیویە چواردەوری خانووە گەورە پڕ دەسەڵاتەکەی خاوەنزەوی بگرێت و بیهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دەسەڵاتەکەی لەکاتی پێویستدا، پووچ بکاتەوە. مەبەستی سەرەکی ئەوەبووە کە خەڵك سەربەخۆ بن، وەلێ دابەش بکرێن بەسەر خانووی بچووك بچووکدا، نەك لەیەك خێزانی گەورەدا نیشتەجێ بن و یەکەی گەورەتر لە حیزب/ حکومەت بوونیان هەبێت، چونکە ئەوە مەترسی بۆ حیزب یان حکومەت دروستدەکات. نموونەی دیاری ئەم پەیوەندییە دەسەڵاتمەندانەیەی نێوان سنووری خێزان و سنووری حیزب/حکومەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە ئاستی کۆمەڵایەتی/سیاسیدا بریتیە لە باڵاخانەی میر، خێزانی ئاغای دێ و سەرای خان، یاخود خێزانی پیاوماقووڵی شار و لە ئاستی دینیشدا بریتیە لە سنووری دەزگاکانی حکومەت و بارەگاکانی حیزب لەگەڵ



ماڵی خوادا، واتە لەگەڵ مزگەوتدا. حیزب/حکومەت لە لادێدا هەتا نەچێتە دیوەخانی ئاغاوە و هەتا سنووری خێزانی میر نەبڕێت، نەچۆتە ناو دێوە. یاخود چوونی حیزب بۆ دێ بەپلەی یەکەم چوونە بۆ ماڵی ئاغا، چونکە ئاسانترە لە ماڵی ئاغاوە، کە لەهەمان کاتدا سنووری ڕەمزیانەی دێ و خێڵیشە، بچێتە ناو دێوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بەیادی خوێنەر بهێنینەوە، کە بەدرێژایی ساڵەکانی خەباتی چەکداری حیزبە کوردییەکان، مزگەوتی گوندەکان و دیواخانی ماڵی خاوەن زەوییەکان دوو شوێنی گرنگی حەوانەوە و کۆکردنەوەی خەڵك و ئاراستەکردنی پەیامەکان بوون بۆ خەڵك.

لێرەوە تێدەگەین حیزب وەك کایەیەکی سەربەخۆ و یەکەیەکی تایبەت، دان دەنێت بە پانتایی و یەکەیەکی سەربەخۆی تردا، کە ماڵی ئاغای لادێ و خێزانی پیاوماقووڵی شارە. چونکە ئەم دانپیانانە نیشانەیشە بۆ ڕەچاوکردنی سنووری دەسەڵاتی حیزب خۆی و سنوورەکانی دەسەڵاتی خێڵ، کە ئاغا و میر و پیاوماقووڵ دەسەڵاتی تەواویان هەیە بەسەر ئەندامانی خێڵ و بەرهەم و تواناکانیدا. لێرەوە دەکرێ بەڵگە بهێنرێتەوە بۆ خاڵێکی گرنگ، ئەویش بریتییە لەوەی کاتێ حیزب/حکومەت دان بەسنووری ماڵی ئاغا و خێڵ و ماڵی خوادا دەنێت و لەو ڕێگەیەوە، گرژیی نێوان سنوورەکانی خۆی و سنوورەکانی دەرەوەی خۆی کپ دەکاتەوە و بەمانایەك لەخۆیدا نیشتەجێیان دەکات، ئەوە لەهەمان کاتدا دوو مافیش دەداتە خاوەن مڵکانی لادێ و ئەندامی گرووپە ئایینییەکان. چونکە ئەوان بەوەی

دەبنە بەشێ لە حیزب مافی ناو سنوورەکانی خۆیان نەك هەرلەدەست نادەن، بەڵکو مافێکی دیکەش بەدەستدەهێنن کە حیزب پێیان دەبەخشێ، کە ئەویش بریتیە لە دەسەڵاتی پێگە ئیدارییەکەیان. مەلایەك لە وەزارەتی ئەوقافدا، یان لە حیزبێکی ئایینیدا هەمیشە مافی زیاترە لە مەلایەك، کە هەر لەمزگەوتا بێت. خاوەن زەوییەکیش لەناو حیزب/حکومەتدا هەمیشە مافی زیاترە لەو خاوەن ملکەی تەنیا لە ناو سنووری دێدا بمێنێتەوە. لێرەدا دەشێت بڵێین: لەو دیو هەموو هەوڵدانێکی حیزب/حکومەتەوە بۆ بەرفراوانکردنی مافەکانی خێڵ، تەکتیکێك ئامادەیە، کە دەنگی زیاتر بۆ حیزب/حکومەت لەبەرامبەر حیزبەکانی تر و ململانێی حیزبی تردا لە ناو بۆ نمونە: پەرلەماندا، بهێنێتە دەست. هەروەها دەشێت حیزب/حکومەت مافی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دابین بکات، چونکە ئەو خۆی دەبێتە باوکسالارێکی بەدەسەڵات و وەك باوکسالاری بەدەسەڵاتیش دەتوانێت، بۆ نمونە لەڕێگەی ناردنی ژمارەیەکی زۆری گەنجانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ و ناردنە دەرەوەی ئافرەتان بۆ ناو کارگەکان، کۆمپانیاکان، سەنتەر و بارەگاکان، خێزانی باوکسالارە تەقلیدیەکانی خێڵ برووخێنێ..

به مانایەکی تر، پێویستە حیزب/حکومەت بتوانێت سنوور دابنێ بۆ هەموو دەسەڵاتێکی باوکسالاری تەقلیدی، تەنانەت لەناو چواردیواری خێزانی خۆیشیدا، خێزانێك کە بەلای خۆیەوە بەشێکە لە پانتایی تایبەت. ڕادیکاڵترین جۆری ئەم سنوور بۆ دانانە و ئەم ململانێیەی



نێوان حیزب/حکومەت و خێزانی خێڵ/شار، ئەوەیە، کە حیزب/حکومەت بتوانێ پانتایی خێزان بەوجۆرە پارچەپارچە بکا، کە (پیاو، ئافرەت، و منداڵ) پێش هەموو شتێ ببنە تاکەکەسی سەربەخۆ بۆ حیزب/حکومەت، گرنگیی خێزانیش لەوەدا ببینێت کە ببێتە شوێنێ بۆ چاودێریکردن و پاراستن و ئاسایشی جەستەکان..

بۆئەوەی قسەکان کورتبکەمەوە دەڵێم: بەدرێژایی سەدەکان، بەلای کەمەوە لەوکاتەوە کە دیاردەی نیشتەجێبوون جێگەی کۆچەری گرتۆتەوە، ماڵ شوێنێك بووە باوکسالار دەسەڵاتی تەواوی هەبووە بەسەر ئافرەتان و منداڵ و بەردەستەکانیدا، بەهەمان شێوەی کە دەسەڵاتی هەبووە بەسەر خێزان و ملك و ئاژەڵەکانیدا و کەسیش نەبووە لەمەدا ڕێگەی لێبگرێ.

## شار/لادێ:

مێژوونووسانی کۆن( ٣٦ ) کاتێ هاتوونە سەر باسکردنی شار، پتر جەختیان لەسەر شاری خۆرئاوایی کردۆتەوە و شاری ژیارەکانی دیکەیان پشتگوێ خستوون. وەلێ مێژوونوسە تازەکان پێمان دەڵێن، دیاردەی شار دیاردەیەك نیە تایبەت بێت بە ژیاری خۆرئاوا، هەموو ژیارێك، لەهەر کوێیەك بێت، خاوەن شاری خۆیەتی( ٣٧ ).

شار تەمەنی هەرچەندێ بێت و کەی دروست بووبێ بۆ ئەم باسەی ئێرە گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سنووری یەکەمی شار،

سنووره لەگەڵ خانووەکاندا. بەم قسەیەش ئێمە دەکەوینە خوێندنەوەی نهۆمی دووەمی هێڵکاریەکەمان لە خوارەوە. شار بە توێخێکی تەنك سنووری خۆی لەگەڵ سنووری تایبەتیی خەڵکدا، جیاکردۆتەوە، واتە سنووری خانووەکان. شار هەمیشە بەهۆی زنجیرەی خانووە زۆرەکانی و پانتایی گەڕەك و کۆڵانەکانییەوە، وەکو دەوڵەتێك وابووە لەبەرامبەر تاقە خێزاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی، یان شار بۆخۆی دەوڵەت بووە، ***دەوڵەتشار*** بووە(٣٨)، واتە ئەو سیستەمە سیاسیە بووە کە "**تیایدا چالاکیە سیاسیەکان لە چوارچێوەی شارێکدا جێبەجێ کراون**"(٣٩)، وەکو لە سەردەمی یۆنان و تا ئەندازەیەك لەلای خۆشمان لەسەردەمی ئەمارەتەکاندا، یاخود لەبەرئەوەی شار لەژێر دەسەڵاتی حکومەت و حیزبدا بووە و یاساکانی شار لەلایەن حیزب و حکومەتەوە داندراون. هەروەها پەیدابوونی دامەزراوی پۆلیس و یاساکانی کۆنترۆڵ و سزاش هەر لە شاردا سەریان هەڵداوە(٤٠)، کە ئەمەش پەیوەندیی هەیە بە بوونی دەسەڵاتی حیزب/ حکومەتەوە.

دووەمین سنووری شار، سنووره لەگەڵ حیزبدا، یان حکومەتدا. بۆنمونە سنووری نێوان خانووەکانی حکومەت/حیزب خۆی و نێوان شار، وەك سنووری نێوان سەربازگەکان و شارەکان، یاخود سنووری نێوان قەیسەریەکان و بەندیخانەکان و هتد. جگە لە مۆدێلی (دەوڵەتشار) ئەوە هەمیشە شار بچووکتر بووە لە حیزب و حکومەت، چونکە حیزب/ حکومەت زیاد لە شارێکدا ئامادەبیان هەبووە و



دەسەڵاتی ئەم دوو یەکەیە بە فراوانی ئەو خاکە هەڵسەنگێنراوە کە لە ژێر دەستیاندا بووە.

فیرنان برۆدڵ لە لێکۆڵینەوە جیهانییەکەیدا لەمەڕ (***سەرمایەداری و ژیانی مەتریاڵی***)یەوە، سێ جۆر شار لە مێژووی جیهاندا، بەتایبەتی تا سەدەی هەژدەیەم، دەستنیشان دەکات.

**یەکەم) شاری کراوە**: وەکو شارە کلاسیکییەکانی یۆنان و ڕۆم.

**دووەم) شاری بەسەرخۆدا داخراو، یان شاری هەرچوارلا گیراو:** وەکو شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا و شارقەڵاکانی لای خۆمان.

**سێهەم) شاری گووشارهێنەر**: لە شێوەی شارەکانی قۆناغی سەرەتای مۆدێرندا(٤١)، کە وەکو واڵتەر بنیامین دەڵێت: شاعیرێکی وەك بۆدلێریان هەراسان کردبوو(٤٢).

برۆدڵ پێیوایە ئەم پۆلێنکردنە هەر تایبەت نیە بە شارەکانی ناو ژیاری خۆرئاوا، بەڵکو بۆی هەیە بەسەر هەموو ژیارەکاندا پراکتیزە بکرێت(٤٣).

لەناو ئەم جۆری شارانەدا سنووری نێوان حیزب/حکومەت و شار، بەدەگمەن لەڕێگەی زەبروزەنگەوە دەستنیشان کراوە. ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە: یەکەم، لەبەرئەوەی حیزب/حکومەت خۆی لەناو شاردا نیشتەجێ بووە، ئەگەر شار سنووری خۆی بەڕووی حکومەتدا دابخات، ئەوە کێشەی گەورە سەرهەڵدەدەن، بۆ نمونە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستانی باشوور نمونەیەکی زیندووە لە ئێمەوە. ڕاپەڕین بریتیبوو لە داخستنی سنووری شار بەسەر حکومەتدا، ئەو

ساتەوەختە بوو کە شار دەرگای سەرەکی خۆی پێوەدا و ئەمەش تۆڵەی شار بوو لە زەبروزەنگی حکومەتی بەعس لە عێراقدا. دووەمین هۆی گرنگ بریتییە لەوەی کە شار بۆخۆی سەرچاوەی دەوڵەمەندی و بژێوی حکومەت/حیزبە. شار و سەرمایە لێکدی جودا ناکرێنەوە، برۆدیل دەنووسێ: "کاپیتالیزم (پارە) و شارەکان لێکدی دابڕ ناکرێن"(٤٤)، هەر بۆیەشە زۆر مەترسیدار بووە حیزب/حکومەت دەست لە شار هەڵبگرێت یاخود بەزۆر دەسەڵاتی خۆی بەسەر شاردا بسەپێنێ، یاخود لە دەستی دەربچێت. هەربۆیەشە لە میانەی شەڕی ناوخۆدا، زەبروزەنگاویترین شەڕەکان لەسەر گرتنەوەی شارەکان بەرپا دەبوون و بۆ ئەمەش سڵ لە هیچ جۆرە هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ هێزی بێگانەشدا نەکراوەتەوە. بەڵام پێویستە شار خزمەت بکرێ و حیزب/حکومەت بتوانێ زۆرترین و باشترین خزمەتگوزارییەکان بۆ شار دابین بکات، چونکە بۆی هەیە شار لەبەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزاریدا، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە حیزب/حکومەت نەدات و پشتی تێبکات.

بەبڕوای من دەستەمۆکردنی شار پرۆژەی بەردەم هەر دەسەڵاتێکە، کە نایەوێت سەرچاوە ئابوورییەکەی خۆی لەدەست بدات و بە دەستی خۆی چاڵ بۆ پووکانەوەی خۆی هەڵبکەنێت. بۆ نمونە، ڕژێمی بەعس دەیویست لە کۆمەڵگای کوردیدا بەهۆی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای جیاخوازی و سیاسەتی نایەکسانی "***بەئەویترکردن***"، (کە لەسەر بنەمای وێنای دووژمن بۆ "*ئەویتر/الاخر*" دروستکردن و سەپاندن



بەسەریدا)، ئیشدەکات، لەشاری کوردیدا ئامادە بێت و لەهەمان کاتیشدا ئەم شارانە سەرچاوەیەکی ئابووری بن بۆ دەزگاکانی. لەم بارودۆخەشدا، شار شەڕەکەی بردەوە و بەعس دەرکرا. نمونەیەکی باشتر سیاسەتی ئاپارتایدی ئەفریقای خوارووە. لەوێ، ***ئاپارتاید*** دەیویست بەهۆی جیاوازیی ڕەگەزی و دەرکردنی ڕەشپێستەکان، شار و سەرمایە کۆنترۆڵ بکات، وەلێ:

**"کاتێ هەلی گونجاو هاتە پێشەوە، ئاپارتاید ڕما و شار گرەوەکەی بردەوە: لێرەدابوو ئەو سپی پێستانەی کە تا دوێنێ پشتگیرییان لە سیاسەتی چەپەڵی ئاپارتاید دەکرد، ئەمڕۆ دەیانویست بە دەوڵەمەندی و سامانی خۆیانەوە لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا بمێننەوە و هەڵبکەن، نەك لە ئەفریقیایەکی هەژاردا بژین و خۆیان ناچار بن کار بکەن"(٤٥)!**

لەگەڵ ئەو قسانەی سەرەوەشدا هیچکامێ لە سنوورەکانی شار لە بەرامبەر تاقە ماڵ و لەبەرامبەر دەزگا و ماڵەکانی حیزب/حکومەتدا، شار ناکەنە شار. ئەوەی شار دەکاتە شار سنووری سێهەمە، واتە سنووری نێوان شار و لادێ.

شار تەنیا لەبەرامبەر ژیانێکی ئاست نزمتر لە شێوە ژیانی خۆی (لە ئاست شێوە ژیانی عێل و گوند)دا دەبێتە شار (٤٦). ئەم سنوورەی نێوان شار و لادێ، بەحوکمی خواردن و بژێوی ژیان دروستبووە و وەزیفەیەکی جیاکەرەوەی دێرینەی هەیە و ئەوانە جیادەکاتەوە کە

(دەخۆن و مەسرەفدەکەن)، لەوانەی (بەرهەم) دەهێنن. ڕێکخستن و پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتەی کە پێویستە، بۆ ئەوەی سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان شوێنی بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی خواردەمەنی (لادێ) و ئەو شوێنەی خواردەمەنیەکەی لێ ساخدەکرێتەوە (شار)، هەبێ، ئەرکێکە، پێویستە شار بیگرێتە ئەستۆی خۆی. واتە هەموو شارێك پێویستی بە ئاستێکی زەبروزەنگی ئەوتۆ هەیە تا لەئاست گوندا و لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بەکاری بهێنێت . ئەمە مەرجێکی جیاکارەیە کە شار دەکاتە شار و جیای دەکاتەوە لە ناشار، کە لادێیە(٤٧).

لە ڕووی مێژووییەوە ڕاستییەك هەیە پێماندەڵێت: مرۆڤ هەردەم لەسەر خواردەمەنی بەشەڕ هاتووە و لە پێناوی ئەمەشدا ئامادە بووە زەبروزەنگ بەکار بهێنێت. وەکو برۆدڵ دەڵێ: **"ململانێی نێوان شار و لادێ یەکەمین و کۆنترین شەڕی چینایەتیە لە جیهاندا"**(٤٨).

ئەگەر ململانێی نێوان شار و لادێ بە شەڕی چینایەتیش ناو نەبەین، ئەوە دەکرێ بڵێین پێش مەرجێکە بۆ دروستبوونی ململانێی نێوان (زار) و (زەوی)! شار دەتوانێ بە جۆرەها شێوە لادێ ناچارکات تاکو خۆی پێ تێرکات و مانەوەی خۆی دابین بکات، بۆ نمونە: لە ڕێگەی لێسەندنەوە و بێبەشکردنی گوند لە ڕێگاوبان و خزمەتگوزاری کشتوکاڵی و تەندروستی و پەروەردەییەوە.

خێزانەکانی ناو شاری ئێمە هێندە لەیەکەوە نزیکن و گەڕەکەکان بەجۆرێ دابەشبوون، کە زەمینەیەکی لەباریان ڕەخساندووە تا گرووپەکان بتوانن خۆیان لەناو چوارچێوەی دیکەدا، کە جیاوازە لە



چوارچێوە باوکسالارییە تەقلیدیە دێرینەکەی جاران پێناسە بکەنەوە. واتە فەزایەکی تازە هاتۆتە ئاراوە کە دەبێتە زەمینەی سەرهەڵدانی گوتاری نوێ و قسەکردنی نوێ لەسەر دنیا و ئەم گوتارەش جیاوازە لەو گوتارەی کە مرۆڤی بۆ هەمیشە دەبەست بەو زەوییەوە، کە کاری لەسەر دەکرد. ئەمڕۆ شتێکی ئاساییە بیرۆکراتەکان، مووچەخۆرەکان، بازرگانەکان، پیشەییەکان و کرێکارەکان لەو گەڕەك و ناوچانەدا نیشتەجێ ببن، کە لە پێشدا بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوپیشەی وەك خۆیان و هاوچینی خۆیان، نەك ئەوانەی بە سیلەی ڕەحم و پەیوەندیی خزمایەتی و خوێنی لێیانەوە نزیکن. لێرەوە دەتوانین لەناو شار خۆیدا باس لە چەندین دابەشبوونی جۆربەجۆر بکەین، کە زۆرجاران لەئاستە زمانیەکەدا خودی ناوی گەڕەك و ناوچەکان هەڵگری گەلێ دەلالەتن بۆ ئەم دابەشبوونە. گەڕەکی (عەقاری) لە شاری سلێمانی هەشتاکان و گەڕەکی (دۆلاراوا)ی هەولێر دوو نمونەی دیارن بۆ ئەم مەبەستە. لێرەوە دەتوانین بەپێی شوێنەکان باسی هەمەجۆریی گوتارەکانیش بکەین، چونکە شوێن بڕیاردەدات چی بگوترێ و ئەمەش ئیمکانی ئەوە دەداتە سەرهەڵدانی گوتاری نوێی جیاواز لە گوتارە کۆنەکەی، کە خەڵکی دەبەست بە ژیانێکی ئۆرگانیکیانەی نزیك لە زەوییەوە.

شار، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئیمکانی ئەوەی ڕەخساندووە کە خەڵك لەسەر شەقام و مەیدانەکاندا بە ئاشکرا باس لە گۆڕان و بەرژەوەندیی خۆیان بکەن (وەك لە یۆنانی کۆندا) و ئەگەر پێویستیش بێت، (شۆڕش)

بەرپابکەن (وەك ئەوەی لە ساڵانی نەوەدی سەدەی بیستەمدا لە مەیدانی شاری پەکین روویدا). ئەمە جگە لەوەی مەیدانی شار گەلێك جاریش بۆتە گۆڕەپانی کوشتن و لە سێدارەدان وەکئەوەی لە مەیدانی چوارچرای ساڵانی چلی شاری مەهابادا روویداوە.

ئێمە دەزانین کە لەلادێ، چین ئەو مانایەی نیە کە لەشاردا هەیەتی، بەڵکو خێزان هەیە کە هاوتەرییە بەپێکهاتەی سیستەمی باوکسالاری و لەو سیستەمەشدا پلە و پێگەی جیاواز هەیە، نەك دابەشبوونی چینایەتی(٤٩). بێگومان نابێت لە بیرمان بچێت لە لادێ خانووی بچووك و خانووی گەورە هەیە و هەندێکیان گرنگییان لەوانیتر زیاترە، بەڵام ئەوان لەیەك شتدا کۆکن و یەکدەگرنەوە کە ئەویش پابەند بوونە بە بونیادە ئۆرگانیکیەکەیانەوە: واتە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت خواردن بەرهەم بهێنن، بیخۆن و زاووزێ بکەن لە پێناوی خۆ بەرهەمهێنانەوەدا. بەمانایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین: خێزانەکان لە ناو لادێدا سەر بە یەك چینن: ئەوان ئەو چینە کۆمەڵایەتیەن لەو شوێنەدا دەژین کە خۆراکی لێبەرهەم دێت. هەموو چینەکانی دیکە شارستانین و لەسەر ئەوە کۆك و تەبان کە بە جیا لەدەرەوەی ئەو سنوورە بژین کە خواردنی لێوە دێت.. لەبەرامبەر لادێدا، شار هەمیشە لە تەنگانەدایە و شەڕی لەلادێوە هاتن بۆ شاریش هەمیشە شەڕێکی قورس بووە. سنووری نێوان شار و لادێ ئەو سنوورە زەبروزەنگاویەیە کە پێناسەی شار دەکات. بەبێ دەستنیشانکردنی ئەو سنوورە شار ناتوانێت ببێتە خاوەنی ناسنامەی خۆی. بۆیە دەکرێت بڵێین ململانێی چینایەتی بە



پلەی یەکەم ململانێی نێوان شار و لادێ بووە، ململانێ لە نێوان چینێکدا کە خۆراك بەرهەم دەهێنێت و چینێك کە دەیەوێت ئەو خۆراکە بخوات. ڕەنگە تۆقێنەرترین نمونەی ئەو ململانێیەی نێوان شار و لادێ، پرۆژەی ڕژێمی بەعس بێت بۆ بەزۆر ڕاگوێزانی دێهاتەکانی کوردستان بەپاساوی دابینکردنی ژیانێکی (هاوچەرخ) بۆیان و کۆنترۆڵکردنی ژیانیان لە ئۆردووگا زۆرەملێکاندا. ململانێی چینایەتی بە پلەی دووەم ململانێ بووە لە نێوان چینەکانی ناو شار خۆیدا، وەلێ نەك بەهەمان ئاستی توندوتیژی ململانێی نێوان شار و لادێ. ڕاستە چین و شەڕی چینایەتی لە شاردا هەیە، وەلێ ئەمە لەچاو مێژووی دوورودرێژی ململانێی نێوان شار و لادێدا، شتێکی تازەیە.

ئەمڕۆ شاری ئێمە سنووری تری بۆ گرووپەکانی دەرەوەی شار دەستنیشان کردووە، کە دەبێت لە ڕوانگەی ترەوە لێیان بکۆڵرێتەوە. ڕەنگە دزێوترینی ئەو سنوورانەش سنووری نێوان شار و قەراخشار بێت. سنووری نێوان سەنتەر و کەنار، نێوان گەڕەکە جەماوەری و گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکان و سنوورەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و سەرو و خوارووی شار(٥٠).

بەڵام سنووری نێوان شار و لادێ هەمیشە سنوورێکی ڕەها نییە و پلاستیکییە، واتە دەتوانین بەئاسانی سنوورەکانی لادێ لە شاردا بناسینەوە، ئەگەرچی پێچەوانەکەی ڕاست نییە. لەم ڕووەوە شاری هەولێر نمونەیەکی بەرجەستەیە: یەکێك لەو خاڵانەی زەبروزەنگی خێڵمان لەناو شاردا بۆ ڕووندەکاتەوە، زیادبوونی کوشتنی ئافرەتانە

لەناو شارەکاندا بە پاساودانەوەی هەمان بەڵگەکانی خێڵ و خێزان و عەشیرەت لە لادێکاندا. لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانین بڵێین: لەهەندێ شوێندا هەندێ گوتار باڵادەستن و شوێنی قسەکردن گرنگە بۆئەوەی بتوانرێ چی بگوترێ. وەلێ ئێمە دەزانین، ئەو زەبروزەنگەی بۆ دەستنیشانکردنی سنووری شار پێویستە و پێشتر لێی دواین، بەهۆی گوتارە وەزیفیەکانەوە ڕەوایەتی پێدەبەخشرێ، نەك بەهۆی گوتارە جەوهەریەکانی خێڵ و عەشیرەتەوە. بۆیە ئەو فەزایەی کە گوتاری خێڵ تیایدا سەرهەڵدەدات، ناشارە، یان دەرەوەی شارە، واتە لادێیە.
لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: هەولێر لەهەمان کاتدا کە شارێکی دێرینەیە و هەنگاوی باش دەنێت تاکو بەپێی پۆلێنکردنەکەی فرنان برۆدڵ کە پێشتر باسمانکرد، لە شارێکی (بەسەرخۆ داخراو)ەوە ببێتە (شارێکی کراوە)، ئەوە لەبەردەم هەڕەشەی بە لادێبوونیشدایە، چونکە فەزایەکی بەرفراوان هەیە بۆ ئەوەی خێڵ بتوانێت گوتاری جەوهەرگەرای خۆی تێدا بەرهەم بهێنێتەوە کە لەسەر بنەمای تۆڵەسەندنەوە بەندە و ئەمەش ڕاستەو ڕاست دژی گوتاری وەزیفیانەی شارە. لەگەڵ ئەوەشدا کە شار دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی بەلادێبوون، وەلێ نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە بەڕاستیی لادێیی لە شاردا هەمیشە لە شەڕێکی نایەکساندایە و زەبروزەنگی شار هیچکاتێ لەسەر لادێی کەم نەبۆتەوە(٥١).
سەبارەت بە مرۆڤی لادێی کورد، زەبروزەنگی شار لە دوای قۆناغی بەزۆر ڕاگواستنی لادێکان (تەرحیل) و پاشان لە قۆناغی شەڕی



ناوخۆدا، ئاستێکی دیکەی بەخۆیەوە بینی و چووە قۆناغێکی دڕندانەترەوە، کە هەتا ئێستا توێژینەوەی لەسەر نەکراوە. ڕەنگە لە ئێستادا باشترین ڕێگر لەبەردەم بەلادێبوونی شار و زیندووبوونەوەی گوتاری خێڵ لە شاردا، بریتی بێت لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەك و ناوچە لادێیینشینەکانی شار و بەستنەوەیان بە تۆڕی خزمەتگوزاریی سەنتەری شارەوە. ئەمە جگە لەوەی، پێویستە پرۆژەی پەرەپێدان و دابینکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بۆ لادێ، لە پێشەوەی پلانەکانی حوکمەتدا بێت.

## پانتایی خێڵ:

لە هێڵکارییەکەی ئێمەدا سێهەمین نهۆمی باڵاخانە گریمانەکراوەکەمان ناوناوە ***پانتایی خێڵ***، کە زۆر بەکورتی هەوڵی خوێندنەوەی دەدەین. لە ڕاستیدا مەبەستمان لە پانتایی خێڵ، هەمان پانتایی ئەتنیکییە کە زۆر جەخت دەکاتەوە سەر (***ناسنامەیەکی هاوبەشی جەوهەریانە و پاکژ***) لە نێوان ئەندامانی گرووپ و شوێنەکاندا، کە بێگومان ئەمەش گومانێکی زۆری لەسەرە و هۆکەیشی ئەوەیە کە (ئەتنیك) ناسنامەیەکی دەستنیشان نەکراوە، فەزایەکی بۆشە کە بەردەوام پێویستی بە پڕکردنەوەو چاو پێداگێڕانەوە هەیە. بۆ نمونە: ئەگەر ناسنامەی خۆمان لەسەر ڕەگەزی شارێکەوە پێکهێنا و ئینتیمامان بۆ ئەو شارە کردە خاڵی هاوبەشیی ناسنامەی خۆمان، ئەوە هەموو

باسكردن و يادكردنەوەو قسەكردنێكمان لەسەر ئەو شارە لەهەمان كاتدا هەوڵدانيشە بۆ پڕكردنەوەى بەردەوامى ئەو (بۆ شاييەى) لە ناسنامەى خۆماندا هەستيپێدەكەين و دەبێت بەردەوام دروستيبكيەنەوە و لە ڕێگەى گوتارەكانەوە سنوورەكەى بپارێزين، چونكە بەردەوام مەترسيى ئەوەمان لەسەرە كە ئەو سنوورە لەبەرامبەر هەڕەشەى وێناى ئەوانيتر بۆ شارى خۆيان و ناسنامەى خۆيان، لە دەست بدەين. لەمبارەيەوە فەيلەسووف و نيشانەناسى دانماركى (پيە ئۆوە بغاند) دەنووسێ:

**"(من) ڕقم لە (ئەوان)ـە چونكە پێويست بوو (ئێمە) قوربانييەكى زۆر بدەين تا بەڕاستى ببينە "خۆمان"**(٥٢)

بەماناييەكى ديكە، بوونى (ئەوان) لە بەرامبەر (ئێمە)دا بەردەوام ناچارمان دەكات ئاگادارى ئەو سنوورە بين كە لە ئەوانمان جيا دەكاتەوە و ئەمەش زۆرجار قوربانيدانى گەرەكە. بەڵام ئەوەى گوتمان بەماناى ئەوە نييە گرووپى ئەتنيكى ناتوانێت لەڕێگەى زەبروزەنگەوە سنوورى خۆى بكێشێ. بەپێچەوانەوە، دەكرێت ئەتنيسيتى خۆمان لەڕێگەى دەستنيشانكردنى زەبروزەنگانەى سنوورەوە بەرهەم بهێنينەوە، كە هەميشە جۆرێكيشە لە ڕێككەوتن لەتەك بيرۆكەى (پاكژيى ڕەها)دا. بيرۆكەيەك، كە پێمان دەڵێت: تەنيا ئەوانە بۆيان هەيە لە چوارچێوەى سنوورى ئێمەدا بن، كە وەكو خۆمان خاوێن و پاكژن. ئەگەرچى هەرگيز ناتوانرێ بە ڕوونى دەستنيشان بكرێ كام گرووپە لە (جەستە پاكژەكان)



دەبێت لەكوێدا بێت؟ هەر بۆيەشە سنوورى نێوان خاكى ئێمە و خاكى بێگانە، واتە خاكى ناپاك، هەردەم سرووشتێكى دووجەمسەرى وەردەگرێت. چونكە هەميشە بە گەڕانەوەمان بۆ چەند نەوەيەكى پێشتر لە خۆمان، بۆمان دەردەكەوێ كە (خوێنى ناپاك) لە ئێمەشدا هەيە و ئێمەش هەرگيز بە شێوەيەكى ڕەها پاكژ نين!

دەمەوێ بڵێم، بەهەمان شێوە كە ناسنامەى ئەتنيكى بوونێكى دەرەكيانە و بابەتيانەى نيە، ئەوە پانتايى ئەتنيكيش نا بابەتيانەيە و ئيمكانى نيە و تەنيا بەهۆى بەردەوام بەرهەمهێنانەوەى خۆيەوە، بوونى خۆى بەدەست دەهێنێت، نەك بە گەڕانەوەى بۆ بنەچە و سەرچاوەى خوێنێكى پاكژ. پێدەچێت ئەوەى پێى دەگوترێ (ناسنامەى ئەتنيكى)، زياتر لەوەى شتێكى دەرەكيانەى سەلمێنراو بێت، شتێكى **باوەڕ پێهێنراو** و **پيرۆزكراوە** لەلايەن ئەندامانى گرووپەكەوە. بەڵام ڕاستييەكەى ئەوەيە، كە هيچ گرووپێكى ئەتنيكى نەيتوانيوە سنوورگەلێكى پايەدارى نوێ بەرهەم بهێنێت و بە نەگۆڕى مابێتەوە و پێويستى بە بەرگرى لێكردن نەبێت. هەموو ململانێى گرووپە ئەتنيكيەكان بۆ سەلماندنى سنوورەكانيان ئەنجامى ئەو ئاژاوانەن كە حكومەت و دەسەڵاتەكانى پێشوو بۆ جياكردنەوەى سنوورى دەرەكى و ناوەكيى خۆيان، دروستيان كردوون. شەڕەكانى خێڵ و ئەندامانى گرووپە ئەتنيەكان، سنوورەكانيان لەوێوە دادەمەزرێنن، كە شوێنپەنجەى هەموو ناپاكەكان بسڕنەوە و خاكى نيشتيمانى خۆيان لە جەنگێكى خۆ كوژانەدا لە بێگانە پاك بكەنەوە.

لەبەرامبەر ئەمەشدا هەر بۆخۆیان ئەو کایە دەسازێنن کە دەتوانن لێوەی باسی ئەفسانەی (جەوهەر)ی خۆیان بکەن و گوتارێکی دەسەلاتمەند لەسەر ناسنامەی خۆیان بەرهەم بهێنن، کە بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ مەیسەر نابێت.

## حیزب/حکومەت:

پێش ئەوەی بچینە سەر باسکردنی چوارەمین نەزمی هێلکاریەکەمان، کە لەسەرەوەی هەموو چینەکانی دیکەوەیە و کۆنترۆلکەری هەموو نەزمەکانی دیکەیە، بەپێویستی دەزانم پێناسەیەکی چەمکی حکومەت و حیزب بەگشتی بکەم و پاشان ڕوونیبکەمەوە بۆچی من لەم باسەدا و لەکاتی قسەکردن لەسەر ئیدارەی سیاسی باشووری کوردستان، هەمیشە زاراوەی حیزب/حکومەت پێکەوە بەکار دەهێنم.

زاراوەی حکومەت کە لەبەرامبەر (government)دا بەکار هاتووە بەمانای:

**"چالاکی یاخود پرۆسەیەی حوکمکردن دێت. واتە ئەو چالاکییەی کە بەهۆیەوە ئەوانیتر چاودێری دەکرێن و ناچار دەکرێن بەشێوەیەکی تایبەت و لە کاتی پێویستدا هەندێ ڕەفتار و کرداری تایبەت بنوێنن"** (٥٣)

بەپێی ئەم پێناسەیە حکومەت دەسەلاتێکی جێبەجێکەرە و ئاماژەیە بە سیستەمێك، یان جۆرێکی تایبەت لە فەرمانڕەوایی، بۆ نمونە حکومەتێك



کە پابەند بێت بە یاسای بنەماییەوە (constitutional government).

کاتێك دەڵێین حکومەت دەزگایەکی جێبەجێکەرە، ئەوە مەبەستمانە بڵێین

**"حکومەت لە کۆمەڵێ دەزگای ئیداری، سیاسی، سەربازی و خزمەتگوزاری پێکهاتووە، کە لەلایەن کابینەیەکەوە یاخود ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڕێوە دەبرێت و بەپێی یاسا داندراوەکان، ئیدارەی وڵات دەکات"** (٥٤)

بێگومان لەسەرووی ئەو ئەنجومەن و کابینەیەوە کەسێك هەیە کە بە سەرۆکی حکومەت ناو دەبرێت.. کەواتە چەمکی حکومەت بۆی هەیە هەم بە مانای کردەی حوکمکردن بێت و هەم بەمانای ئەو کۆمەڵە دامەزراوەیەش بێت کە حوکمەکان جێبەجێ دەکات. یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی حوکمەت بریتیە لە یاسادانان و پاشان کارکردنە بەو یاسایانە(٥٥).

ئەرکی دیکەی حکومەت بریتین لە دانانی بودجە و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ گشت هاووڵاتیان و پاراستنی ئاسایش و دابینکردنی عەدالەتی یاسایی و کۆمەڵایەتی. لەکاتی کەمتەرخەمیکردندا لە ئاست ئەم ئەرکانە، مانای چەمکی حکومەت دەگۆڕێت. بۆ نمونە بۆی هەیە حکومەت بە ستەمکار، ئەریستۆکراسی، حکومەتی زۆرینە، حکومەتی پەرلەمانی و حکومەتی یاسایی وەسف بکرێت. ئەوەی پێویستە لێرەدا بە بیری خوێنەری بهێنینەوە ئەوەیە، حکومەت تا ئەوکاتە بە حکومەتێکی یاسایی دەژمێردرێت، کە کردار و چالاکیەکانی

لەگەڵ خواستی هەمە لایەنە و زۆرینەی میللەتدا تەبا بێت و وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکانیان بێت. ئەو حکومەتەی نەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان کردارەکانی و خواست و چاوەڕوانی زۆربەی خەڵکدا دروست بکات، بە حکومەتێکی ستەمکار و دیکتاتۆر ناو دەبرێت (٥٦). لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە پێویستە حکومەت وەك دەزگایەکی یاسایی دانی پێدا نرابێت و ڕەسمییەتی خۆی هەبێت (٥٧).

حیزبیش چەمکێکە دەلالەت لە ڕێکخراوێك دەکات خاوەن ئایدیۆلۆژی، کە ژمارەیەکی زۆری تاکەکان لەسەر هەندێ بنەمای پەیوەندیەکانی دەسەڵات، تیایدا کۆبوونەوە و لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیاندان(٥٨). بەم پێیەش حیزب گرنگترین ڕێکخراوی سیاسی مۆدێرنە کە یەکەمین دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا (٥٩). ئەگەرچی تا ئەندازەیەکی شیاو بۆمان هەیە لەم پێناسانەوە بڕوانینە ئەزموونی حکومەتداری کوردی لەم ساڵانەی دواییدا، بەڵام لە زۆر شوێنیشدا ناتوانین ئەم ئەزموونە بەپێی پێناسە تیۆریەکان بخوێنینەوە، چونکە لەئاستی پراکتیکیدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە ڕێگەمان پێنادات هەمیشە لەبەر ڕۆشنایی پێناسە تیۆری و پەسەند کراوەکاندا هەڵیسەنگێنین.

بەبڕوای ئێمە سێ خاڵی سەرەکی ڕێگرن لەبەردەمدا بۆ ئەوەی نەتوانین ئەم ئەزموونە لە ئاستە تیۆرییەکەیدا بە ئەزموونی حوکمەتداری تەواو لەقەڵەم بدەین (ئەم نووسینە لە ساڵی ٢٠٠٤دا نووسراوە).



یەکەم: بەشێکی لەبەر ئەوەی دنیای دەرەوە هەتا ئێستا دانی بەم ئەزموونەی کورد، وەك ئەزموونێکی حکومەتداریی سەربەخۆ، نەناوە و ماف نێونەتەوەیی و نێو دەوڵەتی نەدراوەتێ و یاسایەکی لەبارەوە دەرنەچووە.

دووەم: حکومەت لە کوردستانی باشووردا دوو ئیدارەی هەیە و هەر یەکەیان یاسای خۆی دەردەکات و شێوەی جێبەجێکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە هەر ئیدارەیە جۆرێ لە ڕەفتاری تایبەت بەسەر هاووڵاتیاندا دەسەپێنێت جیاوازە لەوەکەی تر.

سێهەم: (کە لەهەموویان مەترسیدارترە و لەماوەی ڕابردوویشدا سیستەمی حوکمداری ئێمە باجەکەیشی داوە) ئەوەیە: سنووری دەسەڵاتی حیزبی و سنووری دەسەڵاتی حکومی جیانەکراوەتەوە، زۆربەی دەسەڵاتدارانی ناو حیزبەکان، خاوەن پلەی ئیداری بەرزی حکومەتیشن و زۆر یاسا دەردەچن کە نەك هەر چاوەڕوانی زۆرینەی خەڵك ناهێننە دی، بەڵکو تەواو لە خزمەتی بەرژوەندی حیزبایەتیدان. بەجۆرێ دەتوانین بڵێین حیزب خاوەنی حکومەتیشە.

بۆیە ئێمە لەم باسەدا و لە پێناوی ئەوەی وێنەیەکی ڕوونترمان بێتە دەست، لەهەر شوێنێکدا باس لە حکومەت دەکەین لە پاڵیشیدا دەنووسین **حیزب** تاکو شەفافیەتی سنووری نێوان ئەم دوو لایەنەمان پیشاندابێت.

ئەزموون و مێژوو پێماندەڵێن، واچاکە حکومەت/ حیزب بەیەك چاو تەماشای ئەندامانی هەموو کۆمەڵگا بکات و سنووری ناوەوەی خۆی لەسەر بنەمای دابەشبوونی خێڵ و گرووپە ئەتنیکیەکانەوە،

دەستنیشان نەکات. واتە گرنگیی زیاتر بە شارێکی تایبەت، ناوچەیەکی تایبەت و دیالێکتێکی تایبەتی زمان نەدات و بیسەپێنێت بەسەر شار و ناوچە و دیالێکتیکەکانی دیکەی هەمان زماندا. چونکە ئەگەر وایکرد مانەوەی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و لەم ڕووەیشەوە نمونەگەلێکی زۆر لەبەردەستایە. نزیکترین گریمانە ئەوەیە کە دەڵێت: ئەگەر حیزب یان حکومەتێك خەسڵەت و بەها و شێوەزاری ناوچەیەکی فەرز کرد بەسەر ناوچەیەکی دیکەی وڵاتدا، ئەوە بۆی هەیە ئەو ئەوکارە بە شەڕی ناوخۆیی دوایی بێت. بۆیە پرۆژەی سەرەکیی حیزب/حکومەت ئەوەیە، هەمیشە سنووری دەرەکی خۆی دەستنیشان بکات، واتە سنووری نەتەوەیی، چونکە ئەرکی بنەمایی حیزب ئەوەیە کە بتوانێ خۆی لە حیزبەکانی تر بپارێزێ هەروەکو چۆن ئەرکی حکومەتیش ئەوەیە خۆی لە حکومەتەکانی تر بپارێزێت (٦٠)

بەمانایەکی تر: ئەرکی حیزب/حکومەت ئەوەیە پانتایی و قەڵەمڕەوی خۆی بەجۆرێ ڕێکبخاتەوە، کە بتوانێت توانای بەرگرییکردن لە خۆی، لەبەرامبەر هێرشی حکومەت و حیزبەکانی تردا ڕابگرێت. لە دەوڵەتی دیموکراسیەتی نەتەوەییدا، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکە سەربەخۆکان و پانتایی بە دەزگابووی حکومەتدا، دابەشبووە. بەجۆرێ دەتوانین بڵێین حکومەت هەم بۆتە بەشێك لە جەستەی هاووڵاتیان و هەم بۆتە بەشێکیش لە پانتایی جەستەی نەتەوە.




سنووری نێوان پانتایی تایبەتی هاوڵاتیان و پانتایی گشتیی حکومەت بە ناو ئەو هەموو پەرژینانەدا ڕادەبووریٚ کە ئەم دوانە لەدەوری یەکتر دەیکشن و ناهێڵن لەدژی یەکتر جەبهە دروست بکەن. چونکە بەرلەوە، گفتوگۆ و کارلێککردنی دوولایەنی وەك هێزێك خۆی لە کۆمەڵگادا سەپاندووە و بەرگری دەکات لەوەی ناکۆکی و دژایەتیەکان بە قۆناغی تەقینەوە بگەن.. وەلیٚ ئەمە بەمانای ئەوە نیە لەنێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا سنوورێکی جیاکارە نەماوە. لە ڕاستیدا سنووری نێوان حکومەت/ حیزب لە گۆڕەپان و پانتایی شوێنە گشتییەکانی شارەوە دەستپێدەکات، کە تیایدا مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکان و بەرپەرچدانەوەکان ڕوودەدەن و دەبنە هۆی سازدانی جەبهەیەکی کاتی لە دژی حکومەت یان حیزب.

مەترسی هەرە گەورە بۆ سەر حیزب، یان حکومەت لەسەر سنووری خێڵ و گرووپە ئەتنیکیەکانەوە دەست پێدەکات. چونکە ئەم سنوورە لە ڕووی بونیادەوە نزیکترین شێوەی لێکچوونی هەیە لەگەڵ سنووری حیزب و حکومەتەکانی تردا و مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت، هێندە دەسەڵات لە دژی حیزب و حکومەت کۆبکاتەوە، کە هەڕەشە لە یەکگرتوویی و تۆکمەییان بکات. هەر بۆیەشە هەموو حیزب و حکومەتەکان هەوڵدەدەن ئەم جەبهەیە بچووکبکەنەوە و وەك هێزێکی بیٚ بایەخ بیناسێنن، بۆنمونە لە ڕێگەی ئیعتیراف

نـــەکردن بـــە مافـــە هاوبەشـــەکانی گرووپـــی ئـــەتنیکی و کەمـــە نەتەوەییەکانەوە. ئەمەش ئەو سیاسـەتەیە کـە بـەعس لـە عێـراق و گەلیٚ لە ڕژێمەکانی دیکەی دنیا ئیشیان پێکـردووە و ئاکامەکەیـشی بە زیانی خۆیان تەواو بووە و دەبێت.

لێپرسینەوە و تەحقیق لێکردن و کۆنترۆڵ، بەهەر زمانێك بێت و لە هەر کاتێکدا بێـت، لـە دواجـاردا کردەیـەکی زەبروزەنگاوییـە. لـە کاتێکدا مەسەلەکە پەیوەندیی بە مانەوەی حکومـەت/حیزبـەوە هـەبێت، ئـەوە زەبروزەنگ لـەدژی هاولاتیـان بـەکار دەهێنرێـت لـە پێنـاوی مانـەوەی حکومەت و حیزبدا. هەرگیز نـەبووە، (بـە دەگمـەن نـەبێت)، حیزبێـك یـان حکومـەتێك، چـەندەش خـۆی بـە هـی خـەڵك زانیبێـت، لـە کـاتی نزیکبوونەوە لە دارمانی خۆی، چاوپۆشی لە بـەکارهێنانی زەبـروزەنگ لە دژی خەڵك کردبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین: لەنێوان حیزب/حکومـەت و هاولاتیاندا هەمیشە بارودۆخێکی گریمانـەکراو هەیـە بـۆ تەقینـەوەی زەبـــروزەنگ. لێـــرەدا هێڵکارییـــەکی دی دەخەینـــە ڕوو بـــۆ پـــتر ڕوونکردنــەوەی مەبەسـتەکانمان و ئــەو مەترسـیانەی کـە لـە دۆخـی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان کایەکانی دەسەلاتدا سەر هەڵدەدەن:






**هێڵکاری بۆ ڕوونکردنەوەی گریمانەکانی ئاینده )**

ئەگەر وردتر بڕوانینە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەنێوان حکومەت/حیزب، پانتایی خێڵ، شار و خێزاندا، وەك ئەوەی لە هێڵکارییەکەدا خراوەتە پێشچاو، پلەبەندییەکی (هەرەمیانە)ی بونیادیمان بۆ دەردەکەوێ: حیزب لەسەرەوە، خێزان لە خوارەوە، پانتایی خێڵ و شاریش لە ناوەڕاستدا. ئەوەی دەتوانین لەمبارەیەوە بیڵێین ئەوەیە، کە لە بارودۆخە ئارامەکاندا هاوسەنگییەك لە پەیوەندی دەسەڵاتمەندانەی ئەم لایەنانە بەیەکترەوە هەستی پێدەکرێ، وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە دەبێت هەمیشە پانتایی خێڵ، شار و خێزان ئامادە بن لەبەرامبەر حیزب/ حکومەتدا بەرگری لەخۆیان بکەن.

لێرەدا گرنگە جیاوازی بکەین لەنێوان چەمکی (پەلاماردان)، یان (هێرشبردن) و چەمکی (بەرگریکردن)دا. هێرشبردن کردەیەکی مەرجدارە و هێرشبەر ناتوانێت لەهەموو کاتێك و بەهەر بەڵگەیەك هێرش بکات. بەڵام بەرگریکردن هەمیشە بێمەرجە، واتە هێرش بۆسەرکراو بۆی هەیە لەهەموو کاتێکدا بەرگریی لەخۆی بکات. بۆیە دەبێت بگوترێ پەیوەندی هێرش/بەرگریی لەنێوان حیزب/حکومەت و کایەکانی تردا گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەم دوو چەمکە مانای پێچەوانە وەردەگرن ئەگەر هات و مانای ئەو زەبروزەنگەی لە هێرش و بەرگریکردنەکەدا خرایە کار، گۆڕا و پێچەوانە بۆوە: بەپێی دۆخەکانی هێرشبردن و بەرگریکردن، دەشێت ناولێنانی ئەو دۆخانەش بگۆڕێن. بۆنمونە لەهەر کێشەیەکدا کە دەکەوێتە نێوان حیزب/حکومەت و گرووپەکانی کۆمەڵگاوە، دەکرێ باس لە چەمکەکانی وەك: ناڕەزایی



دەربڕین، مانگرتن، کودەتا، پیلانگێڕی، زەبروزەنگی سیاسی، تیرۆریزم، شۆڕش و ڕاپەڕین و هتد. بکەین. تەقەکانی سەرجادە هەمان شتن، بەڵام ماناکانیان دەگۆڕێن. ***چەمکی هێرش و چەمکی بەرگریکردن لەو گوتارەوە سەرهەڵدەدەن کە باس لەو بارودۆخانە دەکات، نەك لە خودی زەبروزەنگەکەوە***. تەنیا بەهۆی لێکۆڵینەوەی ورد لە پەیوەندی بازنەیی و مێژوویانەی نێوان سنوورەکانی زەبروزەنگ و گوتاری زەبروزەنگ، دەتوانین پێگەی بەرگریکردن و هێرشبردن دەستنیشان بکەین و خەسڵەتەکانی بناسینەوە. بەپێی هێڵکاریی سێهەم، کاتێك حکومەت/حیزب گوشار دەخاتە سەر کایە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ نمونە لە ڕێگەی باج سەندنەوە، ئەوە پانتایی شار، خێزان و خێڵ بەرگریی لە خۆیان دەکەن و ناسنامەی ***هێرشبەر*** بە حیزب/حکومەت دەبەخشن، کە بێگومان لە ئاستی ***ڕەوایەتیەکەیشی*** دێتە خوارەوە. کاتێك خێزان، شار و پانتایی خێڵ، هێرش دەبەنە سەر حکومەت/حیزب و ئەمانیش دەکەونە لێپێچانەوە و تەحقیقکردنی زەبروزەنگاوی، ئەوە زەبروزەنگی نێوان حیزب و هاووڵاتیان دەست پێدەکات، کەشەڕی ناوخۆیی یەکێکە لەئەنجامەکانی. وەلێ ئەگەر پانتایی شار، خێڵ و خێزان بکەونە وێزەی یەکتر و حیزب/حکومەتیش نەتوانێت دۆخەکە ئارام بکاتەوە، ئەوە زەبروزەنگی ***گشتگرەوە*** پەرەدەستێنێ و ئەمەش وادەکات، کە حیزب/حکومەت نەتوانێت لەبەر ئاژاوەی ناوخۆ، سنوورەکانی خۆی لەبەردەم هێرشی حیزب و حکومەتەکانی ***دەرەوەدا*** بپارێزێت.

ئەگەربمەوێ هەموو باسەکە کورت بکەمەوە و کۆتاییەك پێشنیار بکەم، ئەوە دەبێت ئەوە بەیاد بهێنمەوە: ئێمە ناتوانین لە هەموو شوێنێکدا ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین و هەندێ شوێن ڕێگەمان پێنادات هەندێ شت هەیە قسانیان لەبارەوە بکەین. بۆیە ئەوە پەیوەندیی جەستەی مرۆڤە بە شوێنەوە، کە بڕیار دەدات مرۆڤ لەو شوێنەدا دەتوانێت چی بڵێت بە پێی ئەو پێگەیەی هەیەتی. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، بەڵگەمان بۆ ئەوە خستە ڕوو کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا و لە چوارچێوەی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکدا، زیاد لە شوێنێکی ئاخاوتنمان هەیە. ئەوە بوو باسی پانتایی خێزان، شار، پانتایی خێڵ، یان ئەتنیکی و پانتایی حیزب/حکومەتمان کرد. بەپێی ئەو شیکردنەوەیەی لەم لێکۆڵینەوەیدا پشتمان پێ بەستووە، دەگەینە ئەوەی بڵێین: پێویستە پانتایی قسەکردنی خێزان بە دەرگای حەوشە ناوبەرین: هەموو خێزانێك تا ئەمدیو دەرگای حەوشە ئازادە لەوەی کەی دەیەوێت، چی بڵێت، وەلێ لەدەرگای حەوشە بەمدیودا پانتایی شار دەست پێدەکات. پانتایی قسەکردنی شاریش مەیدانەکان و شەقامەکان و گۆڕەپانی بەردەرکی سەرایە: لەوێدایە هاوشارییەکان و هاوولاتیان دەکەونە قسەکردن و خستنەڕووی داخوازیەکانیان و هەتا سنووری بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین بەدوایاندا دەڕۆن. پێگەی قسەکردنی خێڵ، یان گرووپی ئەتنیکیش (سەر قەبری ئەو شەهیدانەیە کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناو هەمووواندا) و ئەگەر ئێمە بمانەوێت (خوێنی ئەوان بە فیڕۆ نەڕوات، دەبێت



ڕێگاکەیان بەرنەدەین). دواجار: پێگەی قسەکردنی حیزب/حکومەتیش دەزگاکان و پەرلەمان و ئەو یاسایانەیە کە لێیانەوە دەردەچن.
کورت و پووخت: ئەو کەسانەی خۆیان لەم پانتاییانەدا دەبیننەوە، یاخود دەتوانن بچنە ئەم شوێنانەوە، دەشتوانن بپەیڤن و دەتوانن لە ئەوانیتر بپێچنەوە و تەحقیقیان لەگەڵدا بکەن. لەدەرەوەی ئەم پانتاییانە شوێنێ بۆ قسەکردن نیە و هەموو قسەکردنێك لە پێگەیەکی تایبەتەوەیە. لێرەشەوە گەڕاینەوە سەر گوتاری دەسەڵات و دەسەڵاتی گوتار: هەمیشە گوتاری دەسەڵات، (واتە قسەکردن لە پێگەیەکی تایبەتەوە)، دەسەڵاتێکی تایبەتیش بەرهەم دەهێنێت.

## ئەنجام:

ئەم باسە بە پلەی یەکەم لەسەر بواری فەلسەفەی سیاسی (political philosophy) حساب دەکرێت، چونکە خاڵی بنەمایی تیایدا بریتیە لە قسەکردن لەبارەی چۆنێتی کارکردن و دابەشبوونی دەسەڵات لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا و پەیوەندی ئەمەش بە سەرهەڵدانی گوتارەوە. ئەوە خەمێکی گەورەی فەیلەسووف و هزرڤانانی سیاسیە، کە تێمان بگەیەنن، دەسەڵات چۆن ڕەوایەتی وەردەگرێت و جیاوازیی نێوان زەبروزەنگی ناڕەوا و ڕەوا لە چیدایە. لە درێژەی لێکۆڵینەوەماندا لەسەر ئەم بابەتە و بە هێنانەوەی نمونە لە کۆمەڵگای کوردییەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: لە ڕووی تیۆرییەوە، هێز و زەبروزەنگ دوو ناکۆك و دژن بە ڕەوایەتی حکومەت یان حیزبی سیاسی و ڕێگرن لەبەردەمیاندا بۆ ئەوەی ببنە دەسەڵات و شەرعیەتی خۆیان لەڕێگەی ئیدارەکردنی سیاسیانەوە بەدەست بهێنن، نەك لەڕێگەی سەپاندن و بەکارهێنانی زۆرەوە. زەبروزەنگ و زۆر دوو کردەی سیاسی نین، بەڵکو دوو هێزن کە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی تووشی لادان لە ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆیان دەکەن. بۆیە یەکەم مەبدەئی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی ئەوەیە چۆن خۆی بەدوور بگرێت لە بەکارهێنانی زۆر و زەبروزەنگی ناڕەوا.

دووەم: پێویستە پێناسەی دەسەڵاتی سیاسی ڕەوا لەو پێناسانە جیابکەینەوە، کە زۆرجار لەگەڵ پێناسەی چەمکی زەبروزەنگ و هێزدا تێکەڵ دەکرێن. زەبروزەنگ، نە هێزە و نە دەسەڵاتیشە، بەڵکو ئەوپەڕی خراپەی دەسەڵاتە و لە پەراوێز و لە ژێر کۆنترۆڵی هێزیشدایە. هەروەکو (هانا ئارنت)دەڵێت: دەسەڵات لە توانای ئینسانەوە بۆ هەستان بە کردەی کۆنکرێتی پەیدا دەبێت.. بێ مانایە بگوترێ دەسەڵات و زەبروزەنگ یەك شتن. دەسەڵات و زەبروزەنگ دژ و پێچەوانەی یەکترین و لەو شوێنەدا یەکێکیان ببێتە فەرمانڕەوای ڕەها، ئەویدیکەیان لەناو دەچێت.

سێیەم: شێوازی دەسەڵات هەرچەندێ ڕەوا بێت و یەکسانخواز، ئەوە هیچ یەکەیەکی دەسەڵات بەتەواوی مانا ناتوانێت بەبێ ناکۆکی و دژایەتی ناوخۆیی هەبێت و هیچ دەسەڵاتێکیش نیە، تاقە یەك گوتار تیایدا باڵا



دەست بێت، بەبێ ئەوەی زەبروزەنگی بەرهەم نەهێنا بێت. هەمیشە لەناو یەکەیەکی دەسەڵاتدا، هەرچەندەش کۆنترۆڵکەر بێت و پارێزەری سنوورەکانی خۆی بێت، وردەناکۆکی و دژایەتی ئەوتۆ هەن، کە یەکێتی و تەبایی ئەو دەسەڵاتە دەخەنە ژێر پرسیار و مەترسییەوە.

چوارەم: ئێمە لێرەدا ڕوونمان کردەوە، کە جگە لە پانتایی دەسەڵاتی حیزب، یان حوکمەت، لەهەر حکومەت یاخود یەکەیەکی سیاسیی تردا، سێ پانتایی دیکەی دەسەڵات ئامادەن: پانتایی خێڵ، پانتایی شار و پانتایی خێزان. ئەمانەش هەروەکو حیزب/حکومەت سنووری خۆیانیان هەیە و واقیعێکی بەدیهێن. هەریەکەیان سنووربەندی خۆی دەکا و جەستەی مرۆڤەکان بەپێی (ناوەوە) و (دەرەوە)ی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و ڕێکدەخاتەوە.

پێنجەم: ئەزموونی مێژوو پێماندەڵێت، واچاکە حکومەت/حیزب بەیەك چاو تەماشای ئەندامانی هەموو کۆمەڵگا بکات و سنووری ناوەوەی خۆی لەسەر بنەمای دابەشبوونی خێڵ و گرووپە ئەتنیکیەکانەوە، دەستنیشان نەکات، گرنگیی زیاتر بە شارێکی تایبەت، ناوچەیەکی تایبەت و دیالێکتێکی تایبەتی زمان نەدات و نەیسەپێنێت بەسەر شارو ناوچە و دیالێکتیکەکانی دیکەی هەمان زماندا. چونکە ئەگەر وایکرد، مانەوەی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و لەم ڕووەیشەوە نمونەگەلێکی زۆر لەبەردەستایە کە لەجەنگی ناوخۆیی و ئاژاوەی سەراپاگیردا چەقیون.

شەشەم: پرۆژەی یەکەمی هەر حیزب، یان حکومەتێکی ڕەوا ئەوەیە، هەمیشە سنووری دەرەکی خۆی دەستنیشان بکات، واتە سنووری نەتەوەیی، چونکە ئەرکی بنەمایی حیزب ئەوەیە کە بتوانێ خۆی لە حیزبەکانی تر بپارێزێ، هەروەکو چۆن ئەرکی حکومەتیش ئەوەیە خۆی لە حکومەتەکانی تر بپارێزێت.

سەرەتای نوسین: ٢٠٠٣

پیاچوونەوەی: سەرەتای ٢٠١٠



## پەراوێزەکان:

(١) همپتن، جین: **فلسفهء سیاسی**، ت: خشایار دیهیمی. تهران: طرح نو، ١٣٨٠، ص ٦٦ و ٦٧

(٢) لەسەرانسەری ئەم باسەدا هەردوو وشەی حیزب/حکومەت بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان بەکار دەهێنم و لە بەشی دووەمدا و لە ژێر باسی: حیزب/حکومەت دا هۆکاری ئەمەم بە درێژی ڕوونکردۆتەوە. لێرەدا هەر هێندە دەڵێم هۆی ئەوەی کە ئەم دوو چەمکە بۆ بارودۆخی کوردستان بەکار دەهێنم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە: بەشێکی لەبەرئەوەی سنووری نێوان حیزب و حکومەت زۆر تەنکە و ناکرێت هەروا بەئاسانی یەکلا بکرێتەوە. بەشێکیشی لەبەر ئەوەی دنیای دەرەوە هەتا ئێستا دانی بەم ئەزموونەی کورد، وەك ئەزموونێکی حکومەتداریی سەربەخۆ، نەناوە و بەشێکی لەبەرئەوەی لە کوردستاندا دوو ئیدارە هەیە کە هەردووکیان بە حکومەت خۆیان پێناسە دەکەن. سەبارەت بە جیاوازی نێوان (حیزب، حکومەت و دەوڵەت) سێ سەرچاوە پێشنیار دەکەم:

ـ داریوش آشوري: **دانشنامهء سیاسی** (فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی)، تهران: مروارید، چ پنجم، ١٣٧٨

– حسین بشریه: **آموزش دانش سیاست** (مبانی علم سیاست نظری)، تهران، نشر نگاه معاصر، ؟

– ج. گولد، ولیام ل. کولب: **فرهنگ علوم اجتماعی**. ویراستار: م. جواد مازندرانی. تهران: انتشارات مازیار ١٣٧٦، بەتایبەتی لاپەڕەکانی: (٣٥٢، ٣٦٥، ٤١٩)

(٣) حسین بشریه: **آموزش دانش سیاست**. هەمان سەرچاوە ص ١٤

(٤) بۆ زاراوەی نۆرماتیڤ، (بەهامەند)، بگەڕێوە بۆ:

– سەجادی، بەختیار و مەحموودی. م: **فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی** (کوردی ئینگلیزی– ئینگلیزی کوردی) سلێمانی: سەردەم. ٢٠٠٢، ل: ٤٦

(٥) Lubecke, Poul: **Plitikens filosofi Leksikon**. kopenhagen, 1996, s. 346

(٦ و ٧) همپتن، جین: **فلسفهء سیاسی**. هەمان سەرچاوە، ل: ٥٢ و ٦٢، سەبارەت بە بیروڕای ئانارشیستەکان بڕوانە هەمان سەرچاوە. ل: ٤٧ و ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:

- Lubecke, Poul: Plitikens filosofi Leksikon. s. 18

(٨) ج. گولد، ولیام ل. کولب: فرهنگ علوم اجتماعی. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤١٩

(٩) Lubecke, Poul: Ibid., s. 347

(١٠) Lubecke, Poul: Ibid., s. 347

(١١) حسین بشریه: **آموزش دانش سیاست**. هەمان سەرچاوە ل ٤٢–٥٢

١٢) ج. گولد، ولیام ل. کولب: فرهنگ علوم اجتماعی. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٢٠

(١٣) همپتن، جین: **فلسفەء سیاسی**. هەمان سەرچاوە، ل: ٢٦– ٣٣

(١٤) هەمان سەرچاوە، ل: ٣٣– ٣٥

(١٥) ج. گولد، ولیام ل. کولب: **فرهنگ علوم اجتماعی**. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٢٠– ٤٢١

١٦) همپتن، جین: **فلسفەء سیاسی**. هەمان سەرچاوە، ل: ٥٣– ٦٢

١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٦٣–٧٢

(١٨) Hans Fink: Menneske Samfund Natur. Gyldendal. 1993, s. 149

(١٩) John Keane: Reflections on Violence. Verso, London 1996. s. 67- 69

(٢٠) John Keane: Ibid. s. 160

٢١) دیوید راس: **ارسطو**. ت. مهدی قوام صفری، فکر روز: تهران، ل: ٣٧٥ و بەرەو دوا.

(٢٣) Jan Ifersen: Hvordan analysere demokrati i tale. In Begreb og Historie, red. U. Ostergaard, Aahus 1996.

(٢٤) Johan Galtung: Cultural Violence. in Journal of Peace Research, vol 27,no. 3.1990.

٢٥) ئارنت، هانا: **خشونت**. ت. ع. فولادوند ١٣٥٩، خوارزمی، تهران، ل: ٤٨

٢٦) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕەی پێشوو.

٢٧) داریوش آشوری: **دانشنامەء سیاسی** (فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی)، ل: ١٠١

(٢٨) Lubecke, Poul: Ibid. s. 92

٢٩) بارنز و بیکر: **تاریخ اندیشەء اجتماعی**. ج. اول، ت. ج. یوسفیان و ع. مجیدی. تهران: امیر کبیر، ١٣٧٠، ل ٥١

(٣٠) Paul Virilio: Krigen, Byen og det politiske. s. 132

(٣١) Jan Ifersen: Hvordan analysere demokrati i tale. s.



٣٢) لەمبارەیەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لە لاپەڕە ٥٣ بەرەو دوا.

٣٣) یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانەی لەم ڕوانگەیەوە تەماشای خێزانی کوردی دەکات، ئەم نامیلکەیەیە:

– لیژەك ژیگل: **گوند و شارۆچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا**. و. عەزیز گەردی. هەولێر، بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ٢٠٠٠، بەتایبەتی لە ل: ٢٨ بەرەو دوا.

٣٤) سەبارەت بە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتبوون، بڕوانە، مەنوچیهر موحسینی: **دەروازەکانی کۆمەڵناسی**. وەرگێڕانی: کۆمەڵێك وەرگێڕ، دەزگای چاپی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، ل: ١٣١و پاشتر.

٤١٧–٤١٨

(٣٦) Karin Skousboll: Byens scenografi og Byens dynamik. S. 175+ 183.

٣٧) فرنان برودل: **سرمایەداری و حیات مادی** (١٤٠٠– ١٨٠٠). ت: بهزاد باشی، تهران: نشر نی، ١٣٧٢، ص ٤٩٤

٣٨) بۆ باسی دورستبوونی دەوڵەتشار لە یۆنان و ژیارە کۆنەکاندا بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوەیە: هنری بمفورد پارکز: **خدایان و ادمیان**. ت: م. بقایی، تهران قصیدە، ١٣٨٠، ل ١٨٩ و بەرەو دوا تا ٢٣٤

(٣٩) ج. گولد، ولیام ل. کولب: **فرهنگ علوم اجتماعی**. سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٠

٤٠) برودل: هەمان سەرچاوە، ل: ٢٣٥

(٤١) Walter Benjamin: Fortellern og andre essays. Gyldendal, 1996, s. 125- 172.

٤٢) فرنان برودل: **سرمایەداری و حیات مادی**، سەرچاوەی پێشووتر، ل: ٥٣٢

٤٣) هەمان سەرچاوە، ل: ٥٢٧ و ٥٣١

(٤٤) Hjalte Tin: magtns rum. Arbjeds parpiere, 1997, s. 14.

٤٥) برودل، هەمان سەرچاوە، ل: ٤٩٥

٤٦) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە کۆتایی پەرەگرافی دووەم.

٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٩٣ و ٥٢٩

٤٨) بارنز و بکر: **تاریخ اندیشەء اجتماعی**. ل: ١٢ و لەوە دوا.

٤٩) سیوەیلی، ڕێبوار: **نەتەوە و حەکایەت**. دهۆك: سپیرێز، ٢٠٠٢، ل: ٢٥٣ ٢٦٠

٥٠) فرنان برودل: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٩٤

٥١ ) ج. گولد، وليام ل. كولب: **فرهنگ علوم اجتماعی**. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٦٣

٥٢ ) داريوش آشوري: **دانشنامهء سیاسی** ( فرهنط اصطلاحات و مكتبهای سیاسی ) ل: ١٤١

٥٣ ) حسين بشريه: **آموزش دانش سياست**. هەمان سەرچاوە، ل: ٢٧

٥٤ ) داريوش آشوری: سەرچاوەی پێشووتر، ل: ١٤١

٥٥ ) هەمان سەرچاوە، ل: ١٤٢

٥٦ ) انتونی گيدنز: **جامعەشناسی**.، ل: ٧٨٣

٥٧ ) حسين بشريه: **آموزش دانش سياست**. ل: ١٦٤–١٦٩

(٥٨) Per Age Brandt: Ethnic Passions. 1993, s. 8

(٥٩) Thomas Hojrup: Omkring Livsformsanalysens udvikling. Copenhagen University, 1995.

(٦٠) Uffe Ostergaard: The meaning of Europe Empier, Nationsstates, Civilization. Aarhus, 1996.

٦١ ) فرنان برودل: **سرمايەداری و حيات مادی**، سەرچاوەی پێشووتر، ص: ٥٢٨

## سەرچاوەكان:


-.Lubecke, Poul: **Plitikens filosofi Leksikon**. Copenhagen, 1996.

-Hans Fink: **Menneske, Samfund &Natur**. Gyldendal. 1993.

-John Keane: **Reflections on Violence**. Verso, London, 1996. -

Jan Ifersen: **Hvordan analysere demokrati i tale**. in Begreb og Historie, red. U. Ostergaard, Aahus 1996.

-Johan Galtung: **Cultural Violence**. in Journal of Peace Research, vol 27,no. 3.1990.

-Paul Virilio: **Krigen, Byen og det politiske**. 1994.

-Karin Skousboll: **Byens scenografi og Byens dynamik**. 1996.

-Walter Benjamin: **Fortellern og andre essays**. Gyldendal, 1996.

-Hjalte Tin: **magtns rum**. Arbjeds parpiere, 1997.-

- Per Age Brandt: Ethnic Passions. 1993.





-Thomas Hojrup: **Omkring Livsformsanalysens udvikling**. Copenhagen University, 1995.

-Uffe Ostergaard: **The meaning of Europe Empier, Nationsstates, Civilization**. Aarhus, 1996.

ـ همپتن، جين: **فلسفهء سیاسی**، ت: خشايار ديهيمی. طرح نو، تهران:١٣٨٠

ـ سەجادی، بەختيار و مەحموودی م: **فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی** ( كوردی ئینگلیزی– ئینگلیزی كوردی ) سەردەم، سلێمانی: ٢٠٠٢

ـ ئارنت، هانا: **خشونت**. ت. ع. فولادوند، خوارزمی، تهران: ١٣٥٩

ـ بارنز و بكر: **تاريخ انديشهء اجتماعی**. ج. اول، ت. ج. يوسفيان و ع. مجيدی. امير كبير، تهران: ١٣٧٠

ـ ليژەك ژيگل: **گوند و شارۆچكە كوردييەكانی عێراقی ئێستا**. و. عەزيز گەردی. بزاڤی ڕۆشنبيرانی نوێخواز، هەولێر: ٢٠٠٠

ـ مەنوچێهر موحسنی: **دەروازەكانی كۆمەڵناسی**. وەرگێڕانی بۆ كوردی: كۆمەڵێك وەرگێڕ، دەزگای چاپی موكريانی، هەولێر: ٢٠٠٢

ـ سيوەيلی، ڕێبوار: **نەتەوە و حەكايەت**. سپيرێز، دهۆك: ٢٠٠٢

ـ فرنان برودل: **سرمايداری و حيات مادی** (١٤٠٠– ١٨٠٠ ). ت: بهزاد باشی، نشر نی، تهران: ١٣٧٢

ـ داريوش آشوری: **دانشنامهء سیاسی** ( فرهنگ اصطلاحات و مكتبهای سیاسی )، تهران: مرواريد، چ پنجم، ١٣٧٨

ـ حسين بشريه: **آموزش دانش سياست** ( مبانی علم سياست نظری )، تهران، نشر نگاه معاصر، ١٣٨١

ـ ج. گولد، وليام ل. كولب: **فرهنگ علوم اجتماعی**. ويراستار: م. جواد مازندرانی. تهران: انتشارات مازيار ١٣٧٦.

ـ ديويد راس: **ارسطو**. ت. مهدی قوام صفری، فكر روز: تهران، ١٣٧٧.

ـ هنری بمفورد پاركز: **خدايان و ادميان**. ت: م. بقايی، قصيده، تهران: ١٣٧٠.

# قەيرانی هووشياريی لێبووردەيی:
# له كايەكانی كۆمەڵگای كورديدا

## كورتەی باس:

**ئەم وتارە جياوازی دەكات لە نێوان *لێبووردەیی* وەك جۆرێ لە ڕۆشنبیری تایبەت بە تاكەكەس و، هەروەها *لێكبووردن* وەك جۆرێ لە پراكتیك و چالاكیی تاكی كۆمەڵایەتی، بەڵام جەخت دەكاتەوە سەر مەرجی هەبوونی ئازادی بۆ تاك لە كایەی كۆمەڵایەتیدا. بەمجۆرەش، لێبووردەیی ڕۆشنبیرییەكی تاكەكەسیانەیە كە لە كەشێكی ئازاددا پەرەدەستێنێ.. لێرەوە قسەكردن لەسەر قەیرانی هووشیاری لێبووردەیی لە پانتای كۆمەڵایەتیەكاندا، دەمانباتەوە سەر قسەكردنیش لەسەر نەبوونی ئازادی لە شوێن و پانتای كۆمەڵایەتیەكاندا، چونكە هەر كایەیەكی كۆمەڵایەتی بەبێ هەبوونی ئازادی بۆ بیركردنەوە و چالاكیی تاكەكان تیایدا، كایەیەكی قەیراناویە و ڕێگای چوونەدەریش لەو قەیرانە بریتیە لە فراوانكردنی فەزای چالاكی و ئازادی بیركردنەوە و ڕەفتار بۆ تاكەكان..**

## وردبینی زاراوەكان:

**قەیران:** قەیران باردۆخێكی نائاسایییە كە تیایدا لە مەترسیی و شێوان و نەخۆشی و مەرگ نزیكدەبینەوە. قەیران نیشانەی بەڕێوەبوونی مەترسییە لەسەر بابەتێك، یان بارودۆخێك، كە بۆی هەیە بە نەمان و كۆتایی ئەو بابەتە تەواو ببێت.



**لێبووردەیی:** لێبووردەیی جۆرێكە لەبڕوا و ڕۆشنبیریی تاكەكەس سەبارەت بە هەڵكردن و تەحەمولكردنی گوفتار و ڕەفتاری ئەوانیتر، كە جیاوازن لە خۆی.

**لێكبووردن:** بریتیە لە چالاكی و ئاكتێكی كۆمەڵایەتی، كە تاكەكەسی هووشیار پێی هەڵدەستێت لە پێناوی فراوانكردنی بیروڕای لێبووردەیی لە پانتای كۆمەڵایەتیەكاندا.

**هووشیاری لێبووردەیی:** هووشیاری لێبووردەیی، ئەو جۆرە هووشیاریە تاكەكەسیانەیە، كە تاك لە میانەی ژیانی كۆمەڵایەتیانەی خۆیدا پەرەی پێدەدات و بەهۆیەوە هەڵدەستێ بە نواندنی ئەو ئاكت و كردە كۆمەڵایەتی و بڵاوكردنەوەی ئەو بیروڕایانەی كە ئەو وەكو كەسێكی لێبووردە بە دەورەبەرەكەی خۆی، دەناسێنن.

**كایەی كۆمەڵایەتی:** كایەی كۆمەڵایەتی، بریتیە لەو مەیدان و بازنە كۆمەڵایەتیانەی كە تاكەكەس تیایاندا ئەندامە و لە نێوان و چوارچێوەیاندا ململانێ و چالاكی دەنوێنێ بە مەبەستی فراوانكردنی سنووری كایەیەكە لە پێناوی ئەو بەها و نۆرم و سەلیقە كۆمەڵایەتیانەی بڕوای پێیانە. كایەی كۆمەڵایەتی شوێنی چالاكیە كۆمەڵایەتیەكانی بكەری كۆمەڵایەتیە.

**فەزای كۆمەڵایەتی:** فەزای كۆمەڵایەتی بریتیە لەو ئەتمۆسفێرەی كە تیایدا پانتای كۆمەڵایەتیەكان و ئەندامەكانیان لە ڕێگەی ململانێ و چالاكیەكانیانەوە، بە شێوەیەكی تاڕادەیەك ئازاد، بوونی جیاوازی كۆمەڵایەتیانەی خۆیان ئەزموون دەكەن.

**کێشەی باس:**

لە نەوەدەکاندا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یۆنسکۆ، نامیلکەیەکی لەبارەی پەروەردە و فێرکردنی لێبووردەییەوە بڵاوکردەوە: (Tolerance: The Threshold of Peace A)، کە تیایدا وشەی تۆلێرانس وەك "**یەکەمین بەها لە کەلتووری ئاشتیدا**" خراوەتە ڕوو و لە بەرامبەر توندوتیژیدا داندراوە، کە کەلتووری دژ بە ئاشتیە (جعفريان:٧٧). هەروەها بۆ ئاشناکردی خەڵکی جیهان بەم فەزیلەتە، هەمان ڕێکخراو، ساڵی ١٩٩٥ی بە ساڵی لێبووردەیی ناو برد (أ. ت. نوین: ٢٠٠٧). لەو ڕاگەیاندنەی ساڵی ١٩٩٥دا هاتووە، کە "**لێبووردەیی تەنیا دەروەستییەکی ئەخلاقی نیە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا پێویستییەکی سیاسی و یاساییە**"(الخطيبي، ص: ٩)

ئەمڕۆ ئێمە خەریکین وشەی لێکبووردن لە جیاتی وشەی (تۆلێرانس-tolerance و تۆلێرەیشن-toleration)ی فەرەنسی و ئینگلیزی بەکار دەهێنین و ئەمانەش لە چەمکە لاتینیەکەیەوە (tolerantia)وە، وەرگیراون، کە بەمانای تەحەموولکردن و تێگەیشتن دەگەیەنن. تۆلێرانس واتە تواناداری بۆ هەدادان و بەرگەگرتنی شتێك، بەئاسایی وەرگرتنی شێوازی ژیان و جیهانبینی ئەوانیتر ئەگەرچی تەواو لە شێوازی ئێمە بۆ ژیان و تێگەیشتنمان لە جیهان جیاواز بن (Lubecke:43, Blackburn: 365).



بەم تێگەیشتنەش باشترین وشەیەك لە زمانی ئێمەدا نزیکمان بخاتەوە لە مانای تۆلێرانس، وشەی لێبووردەییە، ئەگەرچی وشەی لێبووردەیی و لێکبووردن لە زمانی کوردیدا، بەسەختی پابەندن بە کەلتووری گرژی و شەڕ و پێکهەڵپڕژانەوە. واتە ئەوکاتەی گرژی و ناکۆکی و شەڕ لە بەرپابووندایە، یان بەرپابووە و کار لەکارترازاوە، بە هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەم، بیر لە ڕێگیری و تەقینەوە، یان لە ئاشتکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و پێکهێنانەوەیان دەکرێتەوە. ئاشتکردنەوەش بە لێبووردەیی (وەك جۆرێ لە هووشیاری) و بە لیکبووردن (وەك کردارێکی هووشیارانە)، دەستپێدەکات. لێبووردەیی، ڕۆشنبیری و بەڵگەی ناوبژیکەرانە لە ڕەوەندی ئاشتکردنەوەکەیاندا، ئەوەیش هاوکات بەو مەترسییەی کە نەتوانن، لایەنەکان پێکبهێننەوە. ئەمەش چەند هۆکارێکی خۆی هەیە، وەك بۆ نمونە: هاتنەناوەوەی کەسان و لایەنیتر و دروستکردنەوەی گرژی و بەدحاڵیبوون لە نێوان لایەنەکاندا و لاوازکردنی پێگەی ناوبژیکەران. نەهاتنەپێشەوەی یەکێ لە لایەنەکان لە دڵەوە و دنەدانی کەسانیتر لەدەرەوەی دانیشتنەکانی ئاشتبوونەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و بەوجۆرە..

بەڵام، لەدوای ئەمەوە، کە لایەنە پێشتر ناکۆکەکان لەسەر دەستی ناوبژیکەران ئاشتدەبنەوە و لێکتر دەبوورن، ئیتر کەلتووری تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و ئاشتەوایی و تەحەموولکردنی یەکتر بەهای خۆی بۆ دەگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نووسیم، وشەی

لێبووردەیی و لێکبووردن لە زەمانی کوردیدا، بەسەختی پابەندن بە کەلتووری گرژی و شەڕ و پێکهەڵپڕژانەوە: لە کاتی بارگرژیدا کەس ڕێز بۆ لێکبووردن دانانێ و کەسیش باوەڕی بە لێبووردەیی نیە. ئاشتی و فەرهەنگی تەبایی مەرجی یەکەمی ڕێزگرتنن لە لێبووردەیی وەك بڕواو هووشیارییەك و لە لێکبووردن وەك کردەیەکی کۆمەڵایەتی، کە تاکەکەسە ناکۆکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ئێمە لەم وتارەدا قسەمان لەسەر لێبووردەییە وەك بڕوا و ئاستێکی هووشیاری، وەك فەرهەنگێکی تاکەکەسیانە، کە پێشمەرجە بۆ هاتنەدی لێکبووردن، وەك ئاکتێکی کۆمەڵایەتی. پێویستە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم هووشیارییە هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هووشیاریی بکەری کۆمەڵایەتی و پێویستە ئەم بکەرە کۆمەڵایەتیەش بڕوای بە لێبووردەیی هەبێت تا بیکاتە کردەیەکی کۆمەڵایەتی. لێرەوەیە، باس لە قەیرانی جۆرێك لە هووشیاری دەکەین، کە هووشیاریی لێبووردەییە. نەبوونی یان قەیراناوییبوونی ئەم ئاست و جۆرەی هووشیاری، بۆخۆی بە قەیراناویکردنی ئاکت و کردەی لێکبووردن و کەلتووری ئاشتەواییە. بەڵام پێشئەوی لێبووردەیی ببێتە کەلتووری تاکەکەس و پێشئەوەی تاکەکەس هەستێ بە بوورین لە ئەوانیتر، چ تاکەکەس و چ ئەم کردە کۆمەڵایەتیە بەوهۆیەوە کە پابەندن بە شوێن و پێگەوە و چ تاکەکەس ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو پێگە و شوێنەبێت کە تیایدا دەژی و چ کردەی لێکبووردنیش کە ئەو پێی هەڵدەستێ، ناتوانن لەدەرەوەی کۆمەڵگا و کایەی کۆمەڵایەتی بن. بۆیە ئێمە



هاتووین کایەی کۆمەڵایەتیمان وەك شوێنی تایبەتی بکەری کۆمەڵایەتی و وەك شوێنی ئاکتی لێبووردەیی کردۆتە کێشەیەك و گریمانەی ئەوە دەخەینە ڕوو، کە لێبووردەیی و لێکبووردن لە ناو کایە کۆمەڵایەتیەکانەوە دووچاری قەیران هاتوون و پێشمەرجی ئەوە دەخەینە ڕوو، کە بەبێ کرانەوەی کایە کۆمەڵایەتیەکان و بەبێ ئازادکردنی تاك لەو ڕێگرانەی لەناو ئەو کایە کۆمەڵایەتیانەدا بۆی دێنە پێشەوە، ناتوانێ لە لێبووردەیی وەك ئاستێکی ڕۆشنبیری تێبگات و هەوڵی سوودوەرگرتن لە لێکبووردن وەك ئاکتێکی کۆمەڵایەتی، بدات وەك ڕێگایەك بۆ بەشداریکردن لە وەدیهێنانی کەلتووری ئاشتیدا.

## لێبووردەیی/ توندوتیژی:

ئەگەر وەك سپینۆزا پێناسەی چەمکەکان بە دژەکان و ئەوەدا بکەین، کە نین، ئەوە بۆ قسەکردن لەسەر لێبووردەیی پێویستە بگوترێ: **لێبووردەیی توندوتیژی نیە**. لێبووردەیی بنەمایەکی ڕۆشنبیریی ئاشتیخوازانەیە، فەزیلەتێك و کردەیەکە مرۆڤەکان وەك بەشێ لە ڕۆشنبیرییەکی سوودمەند، بڕوای پێدەهێنن و لەبەر ڕۆشناییەکەیدا چالاکی و پەیوەندیەکانی خۆیان لەبەرامبەر یەکتردا (تاکەکان، گرووپەکان، گەلان و نەتەوەکان)، ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی بتوانن هەردەم توندوتیژی بگۆڕن بە ناتوندوتیژی. لەبەر ئەوە بۆ قسەکردن لەسەر لێبووردەیی و قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی لە کۆمەڵگادا، پێویستە یەکەمجار دەستنیشانی سەرچاوەکانی توندڕەوی بکەین،

چـونکه تونـدڕەوی تاقـه هێزێکـه، یـان مەترسـییەکی جیدیـه لەسـەر لێبـووردەیی و کـەلتووری ئاشـتی، وەك لـه ڕاگەیاندنەکـەی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە.. بۆ چوونە ناو ئەم کێشەیە، پرسیارە کلاسیکیەکە بەمجۆرە بووە: **ئایا تونـدڕەوی دۆخێکـی (غـەریزی)یـە، یان کۆمەڵایەتی؟ ئایا بەرئەنجامی سرووشتی مـرۆڤ خۆیـەتی، یـاخود پرۆسەیەکی مێژووکردە؟**

لـــەم ڕووەوە مێژوونووســـانی هــــزر، بیریــــار و فەیلەســـووف و یەزدانناسەکان بە دوو جۆر پـۆلێن دەکـەن و خەسـڵەتی (گەشـبین) و (ڕەشبین)یان دەدەنە پاڵ. بەلای ئەوانەوە، ڕەشبینەکان ئەوانەن کـە پێیانوایە مرۆڤ بـە جەوهـەر و هـەوێنی خـۆی تونـدڕەو یـان گەنـدەڵ و خراپ نیە، لە نییەتی مرۆڤدا خراپەکاری و چەوساندنەوە و ستەمکاری ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی نیە و مـرۆڤ بـۆ ژیـان و بەختـەوەری و چـاکە خوڵقاوە. بۆ نمونە، ئەریستۆ لەو بڕوایەدایە:

**"هــاووڵاتی بــاش، مرۆیــەکی باشــە.. پــەروەردە و ڕەفتارێك، کـە بەدیهێنـەری مرۆیـەکی باشـە، هـەر ئـەو پــەروەردە و ڕەفتــارە باشــەیە کــە دەتوانــێ بیکاتــە هــاووڵاتی یــان هاوشــارییەکی نییــەت بــاش"** (ارسطو، سیاست:١٢٨٧أ، ١٢٨٨ب، ص:١٩٩).

بەمجۆرەش، ئەریستۆ، باشـیی هـاووڵاتی بـە باشـی مرۆڤبوونەکەیـەوە دەبەستێتەوە و ئەمەی دواییشیان جەوهەرێکی سرووشتیانەی مرۆڤـە. مرۆڤ لە ژیانی خۆیشیدا پاشکۆی فەرمان و ڕێنماییە سرووشـتییەکانە.



سرووشت بۆخۆی پەیڕەوی لە ڕێکخستن و نەزمێکی تایبـەت دەکـات و مەبەست و غایەت لە بوونی هەرشتێ ئەوەیە بگات بە ئامانجێك کـە لـە کۆتاییدا جەوهەری ئەو شتەمان بۆ پێناسە دەکات:

**"جیهان ڕێکخستنێکی کامەرانخوازانەی هەیە، واتە هـەر شتێ بەو جۆرە داندراوە کە پێشڤەچوونی دەبیات بەرەو باشترین دۆخێکـی شـیاو بـۆی"**. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی **"هیـــچکاتێ سرووشـــت بێهـــوودە و بێـــسوود کارناکات"**( روس:أرسطو، ل:١٢٩).

ئەگەر سرووشت و ژیان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی خۆیـان پێویـستیان بە جۆرێ لە ڕێکخستن هەبێ، ناکرێ مرۆڤ لـە جەوهـەر و ڕەگوڕیـشەی خۆیدا خراپەکار بێت، چونکە خراپە نایگەیـەنێت بـەو جەوهـەرەی کـە غایەتی بوونی ئەوە و دەیەوێ تیایدا بە کامەرانی بگات.

ژانژاك ڕۆسۆ لەمەش زیاتر دەڕۆیشت و دەیگـوت: مـرۆڤ لـە بـارودۆخی سرووشتیانە و بەدەویانـە و سـەرەتاییانەی خۆیـدا، لـە هـەموو کاتێـك نـەرمترە. ئـەوە کۆمەڵگایـە مـرۆڤ دەکاتـە بوونـەوەرێکی شـەڕانی و توندڕەو( ئیمیل، ل: 9، Rousseau,1754 ).

ئاراسـتەی ڕەشـبینەکان لـە گەشـبینەکان زیـاترن: قەشـە ئاگۆسـتین، لەژێر کاریگەری تێگەیشتنی (پۆڵس)ی قەدیس و بڕوای خـۆی بـەوەی کە مرۆڤ نەزانە بەرامبەر بە ڕەب، گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی بنووسێ:

"***مرۆڤ لە سرووشتیدا گوناهبارە و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لە جەوهەردا خەتاکارە. خەتاکاری، بەشێکی پێکهاتووە لە بوونی مرۆڤ خۆی***" ( ئاگۆستین: اعترافات، کتێبی دەیەم، ل:٢٩٣ ).

لەم ڕوانگەیەشەوە و "**لە پێناوی ئەمەشدایە کە هەموو خەڵك بە هۆی گوناهەکانیانەوە، شیاوی مردنن**"( پارکر: ٤٤٦ ). مرۆڤی گوناهبار، مرۆڤێکی خۆپەرستە، چونکە بەلای خۆیەوە ویست و خواستەکانی لە ویست و خواستی کەسانیتر باشترن. ئەمەش هەستێکی خۆبەگەورەزانی تیادا دروستدەکات و وای لێدەکات چێژ لە دەسەلاتداری بەسەر ئەوانیتردا، وەربگرێ. مرۆڤێکی لەمجۆرە، "**لەبەر ئەوەی لەدایکبوونێکی ڕۆحیانەی نەبووە، واتە ئەڤینی خودای نەخستۆتە بری ئەڤینی خۆی، بەردەوام عەودالی دەستگرتنە بەسەر ئەوانیتردا**"( اسپریگنس: ٩٦ )

لەلای تۆماس هۆبس، سرووشت بۆخۆی دروستکەری یەکسانیە لە نێوان مرۆڤەکاندا:

> "**لە ڕووی هێزی جەستەیی و هزرییەوە، سرووشت مرۆیەکانی بەجۆرێ یەکسان خەڵقکردوون، کە ئەگەرچی جاری وایە کەسێ دەبینرێتەوە لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزتر و لە ڕووی هزرییەوە هۆشمەندتر بێت لە یەکێکیتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ هەموویان پێکەوە بهێنینە پێشچاو، جیاوازیی نێوانیان ئەوەندە شایانی تێبینیکردن نیە، کە لەسەر ئەوەوە کەسێ بتوانێ خوازیاری**



> **دەستکەوتێك بێت بۆخۆی و لەکاتێکدا یەکێکیتر نەتوانێ بەهەمان پێوەر خواستی دەستکەوتی هەبێ**"( Cahn:1997,p:118، هابس، لویاتان، (٢٠٠٦)، ل: ١٥٦ )

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامی ئەم یەکسانیە سرووشتیە، بریتیە لە "**ترس لە یەکتر و لە ئەنجامی ترسیش لە یەکتر، لە نەبوونی حکومەت و دەسەڵاتێکی باڵادا، جەنگ بەرپا دەبێت**" ( هابس،(٢٠٠٦)، ل: ١٥٧ ).
ئەمەش سەرەتایە بۆ شەڕانگێزی مرۆڤ کە پێویستە بەهۆی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە جڵەو و بەرزەفتە بکرێ. مرۆڤ بە سرووشتی خۆی ناچارە بۆ وەدیهێنانی ئارەزووە سرووشتیەکانی خۆی، هێز بەدەست بهێنێ، ویستی کۆنترۆڵکردنی کەسانیتریش بەشێکە لەم دەسەلاتخوازیەی مرۆڤ ( اسپریگنز: ٩٧ ). بەمجۆرەش بەلای هۆبسەوە، "**دۆخی سرووشتیی مرۆڤ بریتیە لە شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان**"( Chan: 119، هابس، ل:١٥٨ ). واتە هەرکەس لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیدا و بە پەیڕەوی لە هۆشی خۆی، سوود لەو شتە وەردەگرێ کە یارمەتیدەدات تاکو لەبەرامبەر دووژمنەکانیدا بەرگریی لەخۆی بکات. بەمجۆرەش ڕەشبینەکان لەو بڕوایەدان مرۆڤ لە جەوهەردا کائینێکی توندڕەوە و توندڕەوی و شەڕانگێزی بەشێکی جیانەکراوەیە لەو شتەی کە ناوی سرووشتی مرۆڤە.
لەم ڕوانگەیەوە و لە پەیوەندیی بە بارودۆخی مرۆڤبوون لە کۆمەڵگای خۆماندا، دەتوانین بڵێین: ئەگەر توندڕەوی بەشێك بێت لە پێکهاتەی جەوهەری مرۆڤ، ئەوە بەو حوکمەی بوونەوەرەکان لەم

کۆمەڵگایەدا وەك مرۆڤ، نەك شتێکیتر، لەداییك دەبن، هەڵگری توندڕەوی سرووشتیانە و جەوهەریانەی خۆیانن، بەڵام هەر ئەم توندڕەوییە لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا بە خێراییەکی بێوێنە گەشە دەکات و لێرەشەوە (لێبووردەیی و هەڵکردن و شێوازەکانی بەخشندەیی) لەم کۆمەڵگایەدا، بەردەوام لە قەیراندان و ڕێگری (جەوهەری) و (کۆمەڵایەتی) زۆرن بۆئەوەی نەهێڵن ئەم کەلتوورە گەشە بکات. بۆیە بەلای منەوە، پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە ئایا توندڕەوی هەیە یان نا؟ و ئایا ئەو توندڕەوییە جەوهەرییە یان ژینگەیی و کۆمەڵایەتی؟ بەڵکو پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ***ئەو شوێنانە کوێن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەنەکردنی هووشیاریی لێبووردەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا؟***

لێرەدا جەخت لە (شوێن) وەکو شوێنی تایبەت بە کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەمەوە، چونکە بە ڕەوای نازانم هەموو کایەی کۆمەڵگا بە شوێنی توندڕەوی بزانم، لەبەرئەوەی ئەوەش بۆخۆی گشتاندنێکی توندڕەوانەیە. کەواتە با لەو پرسیارەی سەرەوە بچینە ناو باسێکەوە کە تادێت زیاتر لە ئاستی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، پێویستیمان بە گەڵاڵەکردنی وەڵامەکانی هەیە و ئەمەش مەسەلەیەکە چەندە بۆ ئێستامان گرنگە، ئەوەندەش زیاتر بۆ داهاتوو. پرسیارەکە دووبارە دەکەمەوە: **ئایا ئەو شوێنانە کوێن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەنەکردنی هووشیاریی لێبووردەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا؟**



## (شوێن) وەك ڕێگر:

قسەکردن لەسەر شوێن، یان بە گشتی قسەکردن لەسەر فەزا و لەناو ئەوانەشدا بۆ نمونە: فەزای کۆمەڵایەتی، فەزای کەلتووری، فەزای بیناسازی، فەزای سیاسی و ئەتمۆسفێری ژینگەیی و فەزای دەوروبەر و هتد. دەمانباتەوە سەر قسەکردن لەسەر ئازادی و نەبوونی ئازادیش لە شوێندا، دروستکەری قەیرانە بۆ هوشیاری و کردەی لێبووردەیی. ئاماژەی ئێمە لە ناونیشانی باسەکەماندا بە قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی لە ***کایەکانی*** کۆمەڵگای کوردیدا، لێرەدا، **پانتای** ئاماژەیە بە شوێن وەك فەزایەك بۆ ئازادی. ئەمەش بە مانای ئەوەیە، کایەی کۆمەڵایەتی وەك شوێنێك، پێویستە دابینکەری ئازادی بۆ تاکەکانی خۆی بێت، تا ببێتە کایەیەکی بەرهەمهێن، دەنا هەڵدەوەشێتەوە و شتێ نابێت پێی بڵێین کایەی کۆمەڵایەتی. پییەر بۆردیۆ فەزای کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئازادە کۆمەڵایەتیەکانیدا پێناسە دەکات:

> **"ناواخنی چەمکی فەزا، بریتیە لە تێگەیشتن لە جیهانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندیەکاندا.. فەزای پەیوەنداری، ئەگەرچی نادیارە و لە بواری ئەزمونکاریشدا ئاشکراکردنی ئاسان نیە، بەڵام ڕاستەقینەترین واقیعیەتە و پرانسیپی بنەمایی هەڵسوکەوتی تاك و گرووپەکانە"** (بۆردیۆ: ٢٠٠١، ل: ٧٢).

ئەم قسەیەی بۆردیۆ جەختکردنەوەیە لەسەر فەزا، وەك شوێنێك بۆ بەدیار خستنی جیاوازی و بەبێ جیاوازی تاکەکان و گرووپەکان ناتوانن لە ژیانی خۆیان بەردەوام بن. بەلام مەرجی بنەمایی هەڵسوکەوتی تاك و گرووپەکان لەگەڵ یەکتردا، بریتیە لە هەبوونی ئازادی، چونکە تەنیا لە فەزایەکی ئازاددا جیاوازیی و فرەیی بواری دەرکەوتنی بۆ دەڕەخسێ: "**هەبوون لە دەروونی فەزایەکدا، داگیرکردنی خاڵێك، وەك تاکێك ئامادەبوون لە ناو فەزایەکدا، واتە جیاواز بوون و ئەمەشیان واتە مانادار بوون**"( بۆردیو، ل:٣٨ ).

مێشێل فۆکۆ لە گفتوگۆیەکدا، کە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر فەزا، دەسەلات و زانین (فۆکۆ لە: دیورینگ، ٢٠٠٣،ص ١٤٧_١٥٧)، ئەم پەیوەندیە ڕووندەکاتەوە. فۆکۆ، پێیوایە:

> "**جیاکردنەوەی کردەی ئازادیی ڕەفتاری خەڵك، کردەی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و ئەو دابەشکردنە ئەتمۆسفێرییەی کە ئەم شتانە خۆیانی تێدا دەبیننەوە، کارێکی خۆویست و ستەمکارانەیە. ئەگەر ئەم شتانە لەیەکتر جیابن، لێتێگەیشتنیان ئەستەمە. هەریەکەیان تەنیا لە ڕێگەی ئەویترەوە دەتوانرێ دەرك بکرێ**"( فۆکۆ، ١٤٩ ).

بە مانایەکیتر، تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئازادانەی کەسەکان و بەجێهێنانی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان لە چوارچێوەی ئەو ئەتمۆسفێر و فەزا کۆمەلایەتیەدا کە ئەو چالاکیانەی تێدا پراکتیك



دەکرێن، شیاوی لێتێگەیشتنە. ئەو کاتە دەتوانین بە هەڵسوکەوتێك و پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی بڵێین هەڵسوکەوت و پەیوەندیی ئازاد، کە لە ئەتمۆسفێرێکی ئازاددا ئەنجام درابێت، نەك بە هەلاواردنی ڕەفتار و پەیوەندییەکە لەو شوێنەی تیایدا ئەنجامدراوە. فۆکۆ بۆ ڕێگرتن لە وەها کردەیەك، کە بەدابڕاو لە شوێنی جێبەجێکردنەکەی تەماشای بکرێ و بۆی هەیە هەڵگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەی خۆی، واتە ستەمکاری: بە ڕاشکاوی دەڵێت:

> "**ناکرێ بڵێین بەجێهێنانی ئازادی، بەتەواوی دابڕاوە لەو دابەشبوونە فەزاییەی کە تیایدا دێتە ئەنجام، بەڵکو ئەم بەجێهێنانە تەنیا ئەو کاتە کاری خۆی دەکات، کە جۆرێ لە پەیوەستەگی تایبەت لە ئارادا هەبێت، چونکە لە بارودۆخی بەربلاوی، یان شێواندا، ئەم کردەیە بەبێ وەستان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەی ئەوەی کە دەیخواست. تایبەتمەندییەکانی سەراسەربینی تەلاری گیز، بەتەواوی ئەو هەلە دەڕەخسێنێ کە وەك بەندیخانە بەکار بهێنرێ.**"( فۆکۆ، ١٥٠ )

بەمجۆرەش چ شوێن لە هەر فۆرمێکی ژیانی کۆمەلایەتیدا و چ فەزا لە هەر کردەیەکی دەسەلاتدا بنەمایین ( فۆکۆ، ١٥٥ ). واتە چ ئەو فۆرم و شێوە ژیانە کۆمەلایەتییەی کەسەکان تیایدا هەڵدەستن بە چالاکیەکانیان و چ ئەو پەیوەندیانەی دەسەلات لەناو فەزای کۆمەلایەتیدا لە ڕێگەیانەوە تاکەکان و پەیوەندیەکانیان کۆنترۆڵ

دەکات، پەیوەستن بە شوێنەوە. بەم مانایەش نە کردەی کەسەکان، نە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نە میکانیزمەکانی دەسەڵات، لەدەرەوەی شوێندا نین. ئەو کردەیە، ئەو ڕەفتارە ئازادە کە لە فەزا و شوێنێکی ئازاددا ئەنجام درابێت.

بەمجۆرەش دەتوانین، بە شێوەیەکی گشتی، سێ جۆر فەزا و شوێن لە یەکتر جیا بکەینەوە:

١. **شوێنی پەرستن**: ئەمە ئەو شوێنەیە کە تایبەتە بە پەرستن و دانپیانان، وەکئەوەی لە ئایینەکاندا دەیبینینەوە (پەرستگاکان، زیارەتگاکان و کەنیسە و مزگەوت و دەیرەکان)

٢. **شوێنی چێژوەرگرتن**: (وەك ئەوەی لە تەلارسازی گەرماوە گشتیەکان، و فەزای لەشفرۆشی و ماساژخانەکان و سەیرانگا و شوێنە گشتیەکاندا دەبینرێتەوە) و

٣. **شوێنی سزا و کۆنترۆڵکردن**: (وەك ئەوەی لە فەزای بەندیخانە، شێتخانە، قوتابخانە، ماڵ، قەڵا، سەربازگە و مەیدانەکانی جەنگ و هتد) دەبینرێتەوە (بڕوانە: فۆکۆ، ١٥٥).

ئێمە دەمانەوێ لە پەیوەندیی بە پرسیاری سەرەکیی باسەکەمانەوە، تەنیا باسی ئەمەی دواییان بکەین و بزانین ئاخۆ چۆن شوێن دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی هووشیاری و کردەیەك، کە پێیدەڵێین لێبووردەیی؟



پێش هەموو شتێك، شوێن بە مانای کایەیەکی جوگرافیایی، دەتوانێ ڕێگر و ئاستەنگ دروستکەر بێ لەبەردەم دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەییدا. هەوڵدەدەم سەرەتا بە ئاماژەدان بە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئەمە ڕوونبکەمەوە و پاشان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان و کۆمەڵگای خۆشمان نمونەی دی بۆ ئەو مەبەستە بهێنمەوە.

### نمونەکان:

### کەلتووره زارەکیەکان:

لە کۆمەڵگای کەلتووره زارەکییەکاندا، کە هێشتا بە نووسین و تۆمارکردن ئاشنا نەبوون، شوێن، دروستکەری گۆشەگیریی جوگرافیایی و گۆشەگیری کەلتووری بووە (بارنز و بیکر، ١٤ـ٢١). شێوەژیانی ئەو کۆمەڵگایانە وایدەخواست کە پابەندی بەرهەم و سەرچاوە بژێوییەکانی سرووشت بن. لە هەندێ شوێنی سرووشتدا بەرهەم و خۆراك زۆر بوون و لەهەندێ شوێنی دیکەدا، کەم. مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە پابەند بوو بەو بژێویەی کە شوێن پێیدەبەخشی، ئەمەش بە مانای ئەوەی کە سرووشتی شوێن شێوازی ژیانی ئەوی دەستنیشاندەکرد و ناچاری دەکرد لەوێ بمێنێتەوە و بەجۆرێکی تایبەت ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندییەکانی خۆی بەپێی ئەو ئازادییەی لەو فەزایەدا هەیبوو، دابمەزرێنێ.. شوێن جۆرێ لە دووری و گۆشەگیری بەسەر ژیانی مرۆڤدا دەسەپاند و ئەمەش مرۆڤی

مەحکومدەکرد بە گۆشەگیریی کەلتووری و دووریی لە هۆز و گرووپە مرۆییەکانی ترەوە، کە بۆخۆی لایەنی پەسەند و خراپی هەبوو.

بەمجۆرەش لەو کۆمەڵگایانەدا، شوێنێکی تایبەت دەتوانێ ناچار بە ژیانێکی تایبەتمان بکات. شوێن دەتوانێ ئاسانکار و ڕێگر بێ لەبەردەم فێربوون و پەروەردەبوونێکی تایبەتدا: گۆشەگیری جوگرافیایی، دەسەڵاتی شوێنە بەسەر مرۆڤدا بۆ ئەوەی نەتوانێ لە شوێنێکی دیکە بژی. شوێنێکی تایبەت لە جوگرافیادا، شێوازە ژیانێکی تایبەتمان فێر دەکات و ئەو لێهاتووییانەمان پەروەردە دەکات، کە بۆ خۆگونجاندن لەو شوێنەدا پێویستن. بەو دیویتردا، شوێنێکی تایبەت، مرۆڤ لە شوێنەکانیتر دابڕ دەکات و ئەم دابڕانەش لە کەلتوور و خوو و نەرێتەکاندا ڕەنگدەداتەوە. تێڕوانینی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەسەر بێگانە و غەریبە دەگۆڕێ. هەندێ توێژینەوەی سکەندناڤیایی ئاشکرایان کردووە، کە تێڕوانینی دانیشتوانی شار و شوێنە جیاوازەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروڕایان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پەنابەراندا هەیە ( Social Kritik, nr 43, 1996 ). بە تێبینیکردن و ئەزموون دەرکەوتووە، لە هەندێ وردەکەلتووری ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، بێگانە و غەریبە تا ئەو کاتە چاودێریی دەکرێن و بەدگومانی لە ئاستیاندا هەیە کە ئەوان جێگەی خۆیان دەکەنەوە و شێوە ناسینێك لەسەر خۆیان لەلای خانەخوێ دروستدەکەن. بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکە بێگانە و غەریبە پتر لەژێر چاودێریی ماڵی خانەخوێدا دەمێننەوە و خانەخوێ بە شێوازێکی زۆر



تایبەت، وێڕای درێغی نەکردنی لە میوانداریکردنی غەریبەدا، چاوی لەسەر هەڵناگرێ و هیچ شانسێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی زەفەری پێببرێ. بۆی هەیە گۆشەگیریی جوگرافیایی مرۆڤ هانبدا بۆ پاراستنی هەرێمی ژیانی و لە پێناوی ئەمەدا باجی گۆشەگیریی کەلتووریی بدات کە بریتیە لە بینینی ئەوانیتر، (کە لەشوێنێکی دیکە دەژین)، وەك دووژمنی گریمانەیی خۆی. ئەمەش سرووشتی کۆمەڵگا تەقلیدیە خێڵەکیەکان دەردەخا، کە دوژمنداری و توندوتیژی لەسەر هەرێم و پاراستنی کەوشەن و لەوەڕگا، ئەگەرێکی کراوەیە. بەمجۆرەش گۆشەگیرییەك کە شوێن دروستیدەکات، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆشەگیریی کەلتووری و ئەمەشیان دەبێتە هۆی دروستکردنی هەموو ئەو ڕێگرانەی کە ناهێڵن تێگەیشتن و پەیوەندی و دواجار هووشیاریی لێبووردەیی دروستببێ.

**شوێنی بەرتەسك و تەنگەبەر:**

دەکرێ نمونەی زۆر بۆ شوێن، وەك ڕێگرێك لەبەردەم دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەیی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، بهێنینەوە. بەشێوەیەکی گشتی، شوێنە بەرتەسك و لێکەوە نزیکەکان (وەك: گەڕەك و کۆڵانە تەنگەبەر و گوزەرەکان و بازاڕەکان)، وێڕای کارکردی میعماریانەی خۆیان، گۆڕاویشن بۆ شوێنی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و دەستدرێژی و تەنانەت کوشتنیش. لەو ناوەدا **تەویلە و گەوڕ**، کە شوێنی تایبەتە بە حەوانەوەی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ، نمونەیەکی

بەرجەستەمان دەخاتە بەردەست. ئەم شوێنانە، زۆرجار بوونەتە حەشارگە و شوێنی خۆشاردنەوە، جاریش هەبووە وەك زیندان و حەپسخانەش سوودیان لێوەرگیراوە. نمونەیەكی تر، دیوی دواوەی ماڵ، یان **پاشماڵ** لە خانووی گوندەكانی جارانی كوردستاندا، شوێنی زەخیرەخستن، داری سووتاندن و دانانی كەلوپەلی زیادە بوون، بەڵام زۆرجاریش وەك شوێنی لێدان و بەرزەفتەكردن و تەمبێكردنی ئەندامانی خێزان بەكارهاتوون، بەتایبەتی (ژن بە دەستی مێرد، خوشك بە دەستی برا و منداڵ بە دەستی دایك و گەورەكان). كۆڵانی بەرتەسك، كوێرەڕێ و لاكۆڵان و ڕاڕەوە تەسكەكان و سەر و ژێر پردەكان و قەیسەرییەكان، بەردەوام هەلی ئەوەیان بۆ هێرشبەران ڕەخساندووە، تا پەلاماری نێچیرەكانیان بدەن.

### بەعس و بەكارهێنانی شوێن:

لە سەردەمی بەعسییەكاندا، وێڕای هەبوونی سەدان شوێنی تایبەت بە شاردنەوە و پەردەپۆشكردن و سزا و شكەنجەی دەستبەسەركراوان، شوێنە گشتییەكانی وەك شەقامی گشتی و مەیدانی شارەكانیش بۆ چاوترسێنكردنی هاووڵاتیان بەكاردەهێنرێن. ئێمە لێرەدا، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەم زەمینەیەدا، پشت بە تێبینكردن و یادوەری خۆمان دەبەستین بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوامی بە قسەكردنەكانمان بدەین.



لە ڕاستیدا، بەعس لە ژیانی كوردیدا مانایەكی تەواو توقێنەر بە شوێن، بە شێوەیەكی گشتی دەدات و هەموو شوێنێ دەكاتە شوێن بۆ توندوتیژی و زەبروەشاندن. بۆ نمونە: لە خەیاڵگەی مێژوویی كوردیدا، چوونە دەرودەشت، بەمانای چوونە سەیران و ئازادی و كەشی كراوە، دەگەیەنێ و ئەمەش بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا، بەڵام بەعس دەرودەشت لە شوێنێكەوە بۆ ئازادی، دەگۆڕێ بۆ شوێنی بێسەروشوێنكردن و گۆڕی بە كۆمەڵی. بیابان و دەشتاییەكان لەسەر دەستی بەعسییەكان دەبنە شوێنی ترسناك و كۆقەبر و مۆڵگەی فڕێدانی لاشەی ئەتككراو خاشاكی جەستەی قوربانیان.

بە لێكدانەوەی من، هەروەك چۆن لە پرۆژەی كوردناسیی بەعسدا، سێ قۆناغ هەیە كە تیایدا بەعسییەكان بە پشتبەستن بە تێگەیشتنێكی بەعسیانە بۆ ئەو كەلتوورە عەرەبیەی تیایدا وێنای كورد كراوە، كورد بە ئەویتر دەكەن، تاكو بیخاتە خانەی دوژمنەوە(سیوەیلی: ٢٠٠٣، ل: ٨٧ـ٨٩)، ئاواش بەعسیەكان لە سێ قۆناغدا سێ تێڕوانینیان هەیە بۆ بەكارهێنانی شوێن، وەك شوێنی پیادەكردنی توندوتیژی، كە بە كورتی ناویان دەهێنم:

١. **شوێنی تەقلیدی**: مەبەستم لە بەندیخانە و هەر شوێنێكە جێگەی بەندیخانە بگرێتەوە. شوێنی توندوتیژی لەلای بەعسییەكان، سەرەتا بەندیخانەكانن، هاووڵاتیان ڕاپێچی ئەو شوێنانە دەكرێن و لە ڕێگەی كۆمەڵێ سزای سەرەتاییەوە، بە مەبەستی چاوترساندن، سرووشتی بەندیخانەیان

پێدەناسێنن. ئەمە ئەو قۆناغەی بەکارهێنانی شوێنە کەلەگەڵ هاتنە سەر حوکمی بەعسدا، کاری پێدەکرێت. ئەم تێڕوانینەی بەعسیەکان هی ئەو قۆناغەیە کە تازە هاتوونەتە سەر حوکم و خەریکی گشتاندنی بەبەعسیکردنی کۆمەڵگان و نەیارەکانیان ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکەن.

٢. **شوێنی سرووشتی**: مەبەستم لەو شوێنە سرووشتیانەی وەك (چیاکان و ئەشکەوت و دۆڵەکان و هۆڕ و قامیشەلان و دەشتاییەکانە)، کە لەسەردەمی شۆڕشی ڕزگاریخوازیدا، شوێنی ژیان و خۆشاردنەوە و مۆڵگەبوون و خۆپارستنی نەیاران، پێشمەرگە و ئاوارەکان بوون. بەعس لە کاتی دانوستانەکانیدا لەگەڵ کورد، کە وەك (ئەویتر) تەماشای دەکات، هێرشەکانی بۆ سەر ئەو شوێنانە کەمدەکاتەوە و لەکاتی تێهەڵچوونەوە لە شەڕیش لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا، دەکەوێتە پەلاماردانی ئەو شوێنانە.

٣. **شوێنی گشتی**: لە قۆناغی سێهەمدا، بەعسییەکان شوێنی توندوتیژی، فراواندەکەن بە جۆرێ کە گشت کۆمەڵگا و تەنانەت بیابانە دوورەکانیش بگرێتەوە. ئەمەش ئەوکاتەیە، کە ئیتر بەعسیەکان وەك دوژمنێك تەماشای کوردەکان دەکەن و بەهۆی پرۆسەکانی جینۆسایدکردنیەوە، لە هەوڵی سڕینەوەیدایە(سیوەیلی: ٢٠٠٣، ل: ٨٩ ).



بەکارهێنانی بەعسییەکان بۆ شوێن و گۆڕینی هەموو جێگایەك بە شوێنی توندوتیژی، بە پێچەوانەی هێزە تەقلیدیەکانی باوکسالاریی کوردییەوە، وەکئەوەی لە گوندەکانی جارانی کوردستاندا دەبینرێتەوە، بەمجۆرەیە: بەعس لە شوێنی بەرتەسك و تاریکەوە پەلدەکێشێ بۆ شوێنی ئاشکرا و بەرین، لە زیندانەوە بۆ سەحرا، لە پەنهان و بەرتەسکەوە بۆ ئاشکرا و ئاوەڵا. بەمجۆرەش بەکارهێنانی بەعس بۆ شوێن لە فراوانکردنی بەردەوامی شوێن و گۆڕینیەتی بۆ شوێنی توندوتیژی و ئاشکراکردنی ئەو توندوتیژییەدایە وەك ئامرازێك بۆ چاوترساندن.

لەکاتێکدا، بەکارهێنانی نێرسالاری کوردی بۆ شوێن، بەردەوام لە شوێنی تاریك و بەرتەسك و شاراوەدا قەتیس دەمێنێ. لەشکرکێشی و تۆڵەکردنەوە، لە سیستەمی باوکسالاریدا شەوانە و لە گۆشە و کەنارانەوە، ئەنجام دراون. ئافرەتکوشتن و ئەتککردن و شەرەفکڕینەوە، لە کونی ژوورەکان و لە تاریکاییدا جێبەجێکراون. چاوترساندن و هەڕەشە ڕەمزییەکانی نێرسالاری وەك بڕینەوەی درەختان، قرتاندنی کلکی وڵاخ و نافەکبڕینی ئاوەڵکراسی ژنان، هەموویان لەو شوێنانەدا ڕوویانداوە، کە لایەنی بەرامبەر بە ئاسانی پێشبینی نەکردوون..

نمونەیەکی دیکە بۆ شوێن، بەڵام زۆر جیاواز، کە ڕێگرە لەبەردەم سەرهەڵدانی هووشیاریی لێبووردەیی لە کۆمەڵگای هەنووکەیی کوردستاندا، کە زیاتر لە داهاتوودا ئاشکرا دەبێت، بریتیە لەو بینای نیشتەجێیانەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لە شێوەی ئاپارتمان و

شووققەی چەند نهۆمی دروستكراون. ئەزموونی ئاپارتمانی چەند نهۆمی و بەرتەسكیی ڕاڕەوەكانیان، بوونی یەك دەرگای چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەی هاوبەش، گۆڕەپانی هاوبەش و هتد، لە زۆر ولاتانی جیهان هاوشان بووە بە زیادبوونی توندوتیژی و مەترسییەكان. ئەمە ئەگەر باسی ئەو هەولدانانەی نیشتەجێبووانیان نەكەین بۆ خۆكوشتن و خۆفڕێدانە خوارەوە. ئەمە وێڕای گۆڕانی ئەو ئاپارتمانانە بە (گیتۆ) و شوێنی دروستبوونی باند و گرووپی چەتە و ڕێگران (وەكئەوەی لە ولاتانی سكەندناڤیا باوە).

نمونەیەكی تر، كە زۆر نزیكترە لە كۆمەڵگای خۆمان، بریتیە لە هۆڵی بەرتەسكی خوێندنگاكان و گۆڕانیان بۆ شوێنی تێكهەڵخزانی ژمارەیەكی زۆر لە كەسەكان، كە لە ئەنجامدا لەبەر نەبوونی شوێنی پێویست و گونجاو، ئەو هۆڵی خوێندنانە دەگۆڕێن بۆ شوێنی توندوتیژی. هەموو ئەو نمونانەم وەك بەڵگە بۆ ئەو ڕاستیە خستنە ڕوو كە ئاشكرای دەكات: شوێن دەتوانێ ڕێگر بێ لەبەردەم دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەییدا، كە بنەمای پرسیارەكەمان بوو. لێرەشەوە دەچینەوە سەر بەشێكی تری باسەكەمان و ئەمجارەیان سەرنجی خۆمان لەسەر ئەو ***هووشیارییە*** چڕ دەكەینەوە كە لە پرسیارەكەماندا مەبەستمانە.

ڕێگایەكی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە، بریتیە لە خستنەڕووی پێناسەیەك بۆ دەستەواژەی هووشیاری (لێبووردەیی).



### ***هووشیاریی لێبووردەیی:***

لێبووردەیی بەر لەوەی تیۆرەیەك یان چەند خستنەڕوویەك و مەرجێكی تیۆری بێت، لەناو مێژووی هزر و ئایین و كەلتووری گەلاندا، ڕەگوڕیشەی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ كۆمەڵگا و گرووپگەلێكی مرۆییمان نییە كە بەجۆرێ لە جۆرەكان و لە قۆناغێكی ژیانی شارستانیانەی خۆیاندا، سیما و دەنگی لێبووردەیی تیایدا دەرنەكەوتبێ و بەرز نەبووبێتەوە. مێژووی لێبووردەیی وەك (پرانسیپێك) و لێبووردن وەك (كردەیەك) لە كۆمەڵگا و كەلتوورە زارەكیەكانەوە، (وێڕای ئەو گۆشەگیریانەش كە بەدەستیانەوە ناڵاندویانە)، درێژەی بەخۆیداوە تاكو كۆمەڵگا خاوەن خەت و گەشەسەندووەكان. هەریەك لە لائۆتسە، كۆنفسیۆس، بوودا، زەردەشت، سوكرات، كتێبی پیرۆز: (تەورات)، فرانسیزی ئەسیزی، سەعدیی شیرازی، مەلای جەزیری، نالی، مەحوی و هتد. لە كەلتووری كۆمەڵگا جیاوازەكاندا، نیشانەی بیركردنەوە و كاركرجیهانن بە هزری لێبووردەیی و پرانسیپی لێبووردنەوە، بەجێهێشتووە(جەهانبەگلو: ٢٠٠٢، ل: ٤١ـ٩٧).

لە ناو لێبووردەییەكاندا لێبوردەیی مرۆڤ بەرامبەر بە سرووشت لە هەموویان كۆنترە، ڕەنگە پرانسیپی ئەمجۆرەی لێبوردەیی لەسەر بناخەی ئەو تێگەیشتنەوە هاتبێ كە دەڵێت: مرۆڤ بەبێ سرووشت هەڵناكات. بەلام بڕوای لێبوردنی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤیتر، لە هەموویان تازەترە و زۆرشتیش لەمەدا ڕێگر بوون وەك: دووری جوگرافی، گۆشەگیریی كەلتووری و جەنگەكان (Tolerance, in Friensclopidya,). ئەمەش

پێماندەڵێ، کە هەرچەندە مرۆڤایەتی لە مێژووی شارستانیەتی خۆیدا هووشیار بووە بەرامبەر بە پرانسیپی لێبووردەیی، کەچی لە ئاستی کرداردا لێبووردەیی نەبۆتە بەشێ لە ئەدگارەکانی. ئەوە تەنیا لەگەڵ دەستپێکردنە بە خەباتی ناتوندوتیژی لەسەدەی بیستەمدا کە پرانسیپی لێبووردەیی، دەبێتە بناخەیەك بۆ پراکتیکردنی لێبووردن.

گوتمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی پێشوو، پێویستە هیچ نەبێ پێناسەیەکی لێبووردەییمان لەبەر دەستدا بێت. ڤۆلتێر، فەیلەسوفی فەرەنسایی، کە بە یەکێك لە پێشڕەوانی هزری لێبووردەیی لەخۆرئاوا دادەنرێت، دەڵێت:

> **(لێبووردەیی بریتییە لە ڕێزگرتن لە (ئەویتر) لە چوارچێوەی ئەو جیاوازییەی لەگەڵ ئێمەدا هەیەتی)**
>
> (ولتر: کیان، ١٩٩٨، ٤٥).

ئەم پێناسەیەی ڤۆلتێر چەند ئیمکانێکمان دەخاتە بەردەست، کە لەمەودوا هەوڵدەدەم بیانخەمە ڕوو و بەهۆیانەوە ڕامانێك دابڕێژم بۆ ئەوەی بتوانم لە چوارچێوەیدا بیر بکەمەوە:

**یەکەم:** لە پێناسەکەدا پانتایەك هەیە تایبەت بە (من/ئێمە) و کایەیەك هەیە تایبەت بە (ئەویتر)، کە (جیاوازی) لە نێوانیاندا هەیە. ئەم دوو کایە دروستکەری ژیانی کۆمەڵایەتیی (هاوبەش)ن.

**دووەم:** بۆیە (من) لە جیهانی کۆمەڵایەتیمدا تەنیا نیم و تاکە مرۆڤێکی هووشیار نیم. من لە دەوروبەرێکی ئینسانیدا دەژیم، من لەگەڵ ئەوانیترم، کە جیاوازن لە (من/ ئێمە).



**سێیەم:** من پێوەری هیچ شتێ نیم و ئەوەی من بڕوام پێیەتی مەرج نییە بەشێوەیەکی ڕەها، کامڵ و باش بێت، بۆیە پێویستە ڕێز لە ئەویتریش بگرم.

**چوارەم:** ئەوەی (ئەویتر) یان بەرامبەرەکەم بڕوای پێیەتی، مەرج نییە بەشێوەیەکی ڕەها خراپ بێت و ئەمەش ڕێزی منە بۆ ئەو جیاوازییەی ئەو لەگەڵ (من، ئێمە)دا هەیەتی.

بە پێی ئەم پێناسەیە، نابێت هەرگیز جیاوازییەکان ببنە سەرەتای ناکۆکی و ململانێ و شەڕ، بەڵکو دەبێت ببنە سەرەتای پێکەوەبوون و ڕووبەڕووبوونەوە و گفتوگۆکان، چونکە تەنیا لەو ڕێگەیەوە من فراوانییەك بە جیهان و هووشیاریی خۆم دەبەخشم کە هەم بۆ تێگەیشتن لە خۆم و هەم بۆ دەرککردنی ئەوانیتر پێویستم پێیەتی.. لێبووردەیی بریتیە لەو بڕوایەی کە من دەزانم و بەبیرمدەهێنرێتەوە[1]، کە بەتەنیا نیم و ئەمەش هووشیاریی منە بەرامبەر بە بوونی ئەوانیتر لەناو هەمان شوێن و جێگاکانی تر، کە جیاوازن لە من بەڵام وەك من مافیان هەیە لەناو ئەم ژیان و کۆمەڵگایەدا بژین، وەلێ من لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا هەڵدەکەم. ئەم هەڵکردنە بە هووشیارییەوەیە، نەك لە نەزانییەوە. بۆیە کەلتووری لێبووردەیی بریتیە لە بەرزکردنەوەی هووشیاری تاکەکەسی بۆ ئاستی دەرککردنی ئەوانیتر و جیهانی

[1] ئەم بەبیرهێنانەوەیە نیشانەی ئەوەیە من لە جیهان و فەزای کۆمەڵایەتیمدا بە تەنیا نیم و بە ئەوانیتر دەورەم گیراوە، بەمجۆرەش ئێمە کاریگەریمان لەسەر یەکتر هەیە و دەروەستین لە ئاست پێکەوە بوونماندا، ئەگەرچی جیاوازیش بین. جیاوازیی بەمانای ئەوە نیە هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە بە ناوی جیاوازبوونەوە، غەدر لە ئەوانیتر بکات، لانیکەم پرانسیپی لێبووردەیی ڕێگەی ئەمە نادات.

هاوبەش. لێبووردەیی سەرەتای دەستهەڵگرتنە لەو جەهلەی کە ناهێڵێت من بەتەواوی ببمە بوونەوەرێکی کامڵ و نابیناشم دەکات لەئاست ئەوانیتردا، کە مەرجی سەرەکین بۆ گەیشتنم بە قۆناغێکی کامڵتری بوونی خۆم.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای ئێمە لە زۆر دۆخی ئەوتۆ بەدەر نییە کە تیایدا هزری لێبووردەیی کارایی خۆی بەرجەستەکردووە و ئەمەشم لە چەند وتارێکی دیکەدا باسکردووە، بەڵام هێشتاکە ئێمە کۆمەڵگایەکی لێبووردە نین و هووشیاریی لێبووردەیمان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. هەڵبەتە ئەم هووشیارییە لەبەرئەوەی هێلانەکەی تاکەکەسەکانن و کەلتوورێکە بۆ خۆڕزگارکردنی تاکەکان لە جەهالەتی مانەوە لەو جیهان داخراوەدا کە کەلتووری باو، مێژوو و نەریتەکان ئەویان فڕێداوەتە ناوی، هەرگیز بەشێوەیەکی ئایدیاڵی نابێتە کەلتوور و هووشیارییەکی گشتی. بۆ ئەمەش هۆکار هەیە و ڕەنگە بتوانین لە سێ شوێنی جیاوازدا، هۆی نەبوونی ئەو هوشیارییە دەستنیشان بکەین، کە ئەو شوێنانەش بریتین لە:

١ـ کایەی کۆمەڵایەتی: (خێزان، کەلتوور و نەریتەکان)،

٢ـ کایەی سیاسی/ ئایدۆلۆژی و

٣ـ کایەی پەروەردەیی.



**١ـ کایەی کۆمەڵایەتی: (خێزان، کەلتوور و نەریتەکان):**

کۆمەڵگای ئێمە لە بچووکترین یەکەی خۆیەوە، کە خێزانە تاکو پێکهاتەی یەکە کەلتووری و ئایینییەکانیش، پەیوەندییەکی (نائاڵوگۆڕانە)ی، یاخود (Non Communicative)ی لە پشتەوەیە. پەیوەندیی نائاڵوگۆڕانە، یاخود (ناپەیوەندی) ئەو دۆخەیە کە تیایدا مەرجی ئامادەیی ئەوە نییە بەرامبەر، واتە لایەنی دووەمی پەیوەندییەکە، خاوەنی کەسێتی و کاراکتەر و سەربەخۆیی خۆی بێت و بیرورا و جیاوازییەکانی بەهەند بگیرێن و گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت. بەڵکو ئەو، "لەوێدایە بۆ ئێمە" و وەك (تابلۆیەکی سپی) وایە کە ئێمە خواستەکانی خۆمانی لەسەر یاداشت دەکەین. ئەو لایەنی گفتوگۆ و بیرورا لەگەڵ گۆڕینەوە نییە، بەڵکو گوێڕایەڵێکە بەبێ ئەوەی زمانی قسەکردنی هەبێت.

هەر پەیوەندییەك لەسەر بنەمایەکی (نائاڵوگۆڕکارانە)وە دروستبووبێت، جگەلەوەی پەیوەندییەکی ناتەندروستانەیە، ئاواش هەڵگری چەند حوکم و میکانیزمێکە، کە دەکرێت لەم ڕستانەدا کورتیان بکەینەوە:

**(من لەسەر حەقم و ڕاستییی لەلای منە/ تۆ گوێڕایەڵ و ملکەچی منیت/ حەقیقەتی من، حەقیقەتی تۆیە/ تۆ بۆت نییە جیاواز بێت، کەواتە تۆ بۆمن هەیت).**

ئەم حوکم و میکانیزمانە بوونەوەرێکی بەخۆدا ڕۆچووی پرگرێ لەتاکەکەسی ئێمە دروستدەکەن، کە لەهەموو ئەو ساتەوەختانەدا، کە ئەو دەتوانێ بوونی خۆی تیایاندا بسەلمێنێ، ڕێگای ئەو خۆسەلماندنانەی لێتەنراوە و بەردەوام ناچارکراوە پرسیار و ناڕەزایی و خولیا تایبەتیەکانی خۆی دوا بخات و لەسەر یەك کەڵەکەیان بکات، بەڵکو لە کاتێکدا بواری بۆ برەخسێت ببێتەوە بەخۆی وەك خۆی بێت.. وەلی لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا (خێزان) لە ڕێگەی (نەرێتەکانە)وە درێژە بەحوکمی خۆی دەدات و نەرێتەکانیش ڕەوایەتی خۆیان لە (کەلتوور و ئایینەوە)وە دەهێنن، ئەوە تاکەکەسی ئێمە بەردەوام خۆی لەبەردەم ڕێگرەکانی خێزان، نەرێت، کەلتوور و ئاییندا دەبینێتەوە و هەرگیز ئەو زەخیرەکراوانەی ناو ناخی خۆی بۆ بەتاڵ ناکرێنەوە و خۆی لەبارودۆخێکی ئالۆگۆڕکەرانە (Communcative)دا نابینێتەوە. هەر بۆیەشە ئەو کاتەی دێتە قسەکردن، یان هەوڵی خۆدەربڕین دەدات، یان ئەوەتا: ئەوپەڕی خۆبەدەستەوەدەرانە قساندەکات، یاخود: زمانێکی تووڕە و تۆڵە ئەستێن هەڵدەبژێرێت، کە ئەم زمانەش نەدەتوانێت تەعبیری تەواو لە دۆخی ئەو بکات، نە لەڕێگەشیەوە دەتوانێت بگاتە خواستەکانی خۆی.

بەمجۆرەش کایەی کۆمەڵایەتی و بەپلەی یەکەم (خێزان)، کە تیایدا (نەرێت و کەلتوور و ئایین) کۆبوونەتەوە، هەر لە سەرەتای تەمەنی مرۆڤی ئێمەوە خەسڵەتی (بەکەسبوون، بەئیرادەبوون و سەربەخۆبوون و ئازادبوون) لەم مرۆڤە دەستێننەوە و لەناو



پەیوەندییەکی (نائالۆگۆڕکەرانە)دا، کە لەهەمانکاتیشدا پەیوەندییەکی (نالێبووردەیی)یە، بەرەڵلای دەکەن. باشترین نموونە منداڵێکە، کە خەریکە جیهانی خۆی دروست بکات و بە مەرجەکانی خۆیەوە لەو جیهانیەدا بژی، بەڵام ئەوە سرووشتی خێزانی کوردییە ئەو جیهانە لەو منداڵە بسێنێتەوە و بەمەرجی دایك و باوکێتی جیهانێکی بۆ دروست بکات، بەبێ ئەوەی ئەمە لە ئەنجامی تێگەیشتنەوە بێت لە کەسایەتی منداڵ و لە جیهانە تایبەتییەکەی.

لەناو ئەم بازنە داخراوە نێرسالارانەیەدا: (خێزان/ نەرێت/ کەلتوور و ئایین)، نەك هەر بواری ناڕەخسێ بۆ دروستبوونی هووشیاریی لێبووردەیی، بەڵکو مرۆڤی لێبووردەش وەك کائینێکی (لاواز) و (ژنانی) و (نەرم) تەماشای دەکرێت. ئەو کەسەی لە وڵاتی ئێمەدا لە بڕیارێکی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، پیاوێکی تەواو نییە، چونکە پیاوی ڕاستەقینە قسەی خۆی دەباتەسەر. کاتێك دەمانەوێ ئاشتەوایی لەنێوان دوولایەن و ناوبژیی دووکەس بکەین، مەبەستمان ئەوە نییە تێیان بگەیەنین ئاشتی و ئاشتبوونەوە و لێکخۆشبوون چەندە لەبەرژەوەندیی ئەوانە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ لەم ساتەدا (ڕازییان بکەین)و کڵاو دەکەینە سەری یەکێکیان، کە بۆی هەیە لەهەر ساتەوەختێکتردا پێکهەڵپرژێنەوە.

کەواتە هووشیاریی لێبووردەیی لە دۆخێکدا دروستدەبێت کە بەلای کەمەوە (ئازادیی جیاوازیبوون) لە ئارادا بێت و ئەمەش لە میانەی گفتوگۆدا ڕەنگبداتەوە:

***(من بەتەنیا نیم/ چونکە گفتوگۆ فێرم دەکات بڕواکانی من تەنیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی باشن/ کەسانی تر بڕوای دیکەیان هەیە کە جیاوازن لە ئەوانەی من،/ کەواتە ئێمە پێویستیمان بەیەکتر هەیە ).***

## دووەم: کایەی سیاسی/ ئایدۆلۆژی:

دروستبوونی کایەی سیاسی/ ئایدۆلۆژی، لە وڵاتی ئێمەدا دروستبوونێکی ناسرووشتییە، چونکە پێش هەموو شتێك پەرچەکردارە لە بەرامبەر هێزێکی دەرەکیدا، کە ئەویش ناسیاسییە و هێزمان بەسەردا دەسەپێنێ و سەپاندوویەتی. مامەڵەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، مامەڵەی هێزی سەرکوتکەرە بۆ سڕینەوەی ئەویترێکی بە دووژمنکراو. کایەی سیاسی ئێمەش لەبەرامبەر ئەم هێزەدا دروستبووە، کە وەك دوژمن تەماشای کراوە. لێرەشەوە، کایەی سیاسی ئێمە پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزی هەیە و مێژوویەکی هەیە کە (هزری لێبووردەیی) تیایدا، ئەگەر نادیاریش نەبێت، ئەوا دەگمەنە. دەگمەنە، چونکە لێبووردەیی جۆرێکە لەفیداکاری بۆ پێکەوە بوون و ڕووبەڕووبوونەوە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی، لەکاتێکدا هەموو فیداکارییەك لەناو کەلتووری سیاسیی ئێمەدا هاوشانە بەپراکتیزەکردنی جۆرێك لە توندوتیژیی و زەبر، جا ئەو زەبرە خودی فیداکار بگرێتەوە یان بەرامبەرەکەی. (پێشمەرگەیەك، یان خۆی بەکوشت دەدا، یان ئەوانیتر دەکوژێ). کێشەکە لەوەدایە کەلتووری سیاسی ئێمە لەبنەمادا کەلتوورێکی



پێش- دەسەڵات و هێزپەرستە (*بڕوانە وتاری: کایەیەکانیکانی دەسەڵات لەم کتێبەدا* )، ئەمجا کەلتوورێکی نەرێتخواز و موحافیزکارە و پاشان کەلتوورێکی نێرانەیە و لۆژیکی نێر تیایدا باڵادەستە، کە ئەم لۆژیکەش ناسنامەی خۆی لەسەر بنەمای (کردار) و (پەرچەکردارەوە) دروستدەکات، نەك لەسەر بنەمای تێڕامان ڕووبەڕووبوونەوە. ونبوونی بنەمای تێڕامان و نەبینینی بەرامبەر، بۆتە هۆی بەهێزکردنی بنەمای لێدان و زەبر وەشاندن و تۆڵەکردنەوە. لەوبارودۆخەشدا کە زەبر ببێتە زمانی تەعبیرکردن، ئیتر بوونی بەرامبەر دەبێتە (بۆنێك بۆ سڕینەوە). خاڵێکی تر کە بۆتە هۆی ونبوونی (هزری لێبووردەیی) لە کایەی سیاسی/ ئایدیۆلۆژی ئێمەدا، بریتییە لەو پابەندییە ڕیشەدارەی کە هێزە سیاسییەکانی ئێمە بە مێژووی کەسایەتی و بنەماڵە و میزاجی تاکە سەرکردەوە، دەبەستنەوە. حیزب لەم دۆخەدا بۆتە حیزبی تاکە سەرکردە و سیاسەتی حیزب بۆتە بەرجەستەکەری میزاجی بەرزترین پلەی حیزبی و ئەمەش جارێکی دیکە دابەزیوەتە خوار بۆ ناو خانەکانی کۆمەڵگا. بەم جۆرەش حیزبی ئێمە هەرگیز نەیویستووە کۆمەڵگا و یەکە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی بتۆرێنێت و لەدژی نۆرم و بەهاکۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان و لایەنە تاریکەکانی ئایین بوەستێتەوە. لێرەشەوە بەردەوامیی (حیزب، سیاسەت، ئایدیۆلۆژیا)، هەمیشە بەردەوامبوونێك بووە بۆ ڕازیکردنی هێزە نەرێتخوازەکان و مەرجە داخراوەکانی کۆمەڵگا و یەکەکانی ناوی، لەسەر حسابی بەقوربانیکردنی یاسا و مافی تاکەکان و کەلتوورێکی کراوە.

ئەو میکانیزمانەی پەیوەندیی کایەی سیاسی ئێمە بەئەندامەکانی خۆیەوە و بە نەیارەکانیشیەوە دەستنیشاندەکات، دیسانەوە ئاشکرای دەکەن، کە لە ناو کایەی سیاسی/ئایدیۆلۆژی ئێمەدا، کایەکانی فراوانی (نائالۆگۆڕکردن) هەیە و ئەمەش لەم ڕستانەدا خۆی دەبینێتەوە:

**(تەنیا من لەسەر حەقم./ تۆ، یان بۆ منیت، یان دوژمنی منیت./ بۆیە من تەنیا لەجەنگدا ڕووبەڕووت دەبمەوە، تابیسەلمێنم تۆ بۆت نییە لە دەرەوەی من بوونت هەبێت./ ئەنجام: دەبێت تۆ بسڕمەوە).**

لەناو بارودۆخێکی سیاسی ئاوادا، لێبووردەیی دەکەوێتە نێوان دوو پەیوەندیی (پتەو) و پەیوەندییەکی (لاواز)ەوە: هەمیشە کەلتووری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئایینی لەگەڵ کایەی سیاسی/حزبی ئێمەدا پەیوەندییەکی پتەو و گەرمیان هەیە. ئەوەی ئایین دەیڵێت، حزب لایەنگیری دەکات و ئەوەی بە بڕیاری سیاسیش دەگوترێ، لەلایەن دامەزراوە و دەستە ئایینیەکانەوە، مۆڵەتی پێدەدرێ و پاساوی شەرعیانەی بۆ دەدۆزرێتەوە. لە مێژووی سیاسی ئێمەدا ساتەوەختێکی دابڕانی ئایین و سیاسەتمان نیە و ئەگەر هەشبێ، نەبۆتە گوتارێکی سیاسیی سەربەخۆ. بەمدیوی تردا: کایەی کۆمەڵایەتی و کایەی سیاسی بەردەوام یەکتری تەواوکەر بوون، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرینەی کاراکتەرە سیاسیەکانی ئێمە لە مۆڵگەیەکی کۆمەڵایەتی ئاسایی و تەقلیدیەوە هاتوون. هیچکامێ لەم جۆرە پەیوەندی و پانتاییانە ناتوانن ببنە کایەی سەرهەڵدانی کەلتووری لێبووردەیی، چونکە لە هەرکامێکیاندا سێ بنەما و چەمکی جەوهەری نادیارن: **تاکەکەس، جیاوازی و ئازادی**. لێبووردەیی بەبێ ئەم سێ چەمکە ناتوانێ دروستببێ و ئەگەر دروستیش بوو ناتوانێ بەردەوامبێ.

لەهەر کۆمەڵگایەکی کراوە، یان تەندروستدا پێویستیمان بە لانیکەمی فەزایەك هەیە بۆ دروستبوونی تاکەکەس، پێویستیمان بە لانیکەمی ڕێزگرتن لە جیاوازی و لانیکەمی ئازادی هەیە. هەرکات نەریتەکان و سیاسەت و ئایین پاڵپشتی یەکتریان کرد، کەلتووری لێبووردەیی دەکەوێتە قەیرانەوە. لە ئەوروپای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، لەژێر کاریگەری گفتوگۆ لەسەر دروستبوون و بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، جۆرە گەڕانەوەیەك و عەشقێکی میللەتانی ئەوروپیمان بۆ (کەلتووری ڕەسەن)ی خۆیان بینی، هەروەها سەرهەڵدانی حیزبی ڕەگەزپەرستی و بەهێزبوونیان لەپەرلەماندا (لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و دانیمارك حیزبە ڕەگەزپەرستەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو هاتنە پەرلەمانەوە) و هاوشانی ئەمانەش شەڕە مەزهەبی و ئایینیەکانی یۆگۆسلاڤیا و سێرب و کرواتیەکان و چەندشوێنێکی دیکە، پەرەیان سەند. ئەنجام بەچی تەواو بوو؟ پشتکردن لە کەلتووری لێبووردەیی. تووڕهەڵدانی جیاوازی و کۆتاییهێنان بە بەهای تاکایەتی و دانسقەیی، کە بەرهەمی شارستانیەتی مۆدێرنی ئەوروپی بوون لە ڕێنیسانس و بەتایبەتی سەردەمی ڕۆشنگەری بەدواوە..

بۆچی من ئەوە دووپات دەکەمەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی، هەرکات نەریتەکان و سیاسەت و ئایین پاڵپشتی یەکتریان کرد، کەلتووری لێبووردەیی دەکەوێتە قەیرانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێ

بەمجۆرە بێت: نەرێتەکان خواستی میراتیانەی گرووپ بەرجەستە دەکەن، بۆیە بەهێزبوونی نەرێتەکان لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی لەناوبردنی تاکەکەس: گرووپی نەرێتی، تاکەکەس وەك بوونەوەری سەربەخۆ قەبووڵ ناکات، بەڵکو وەکو ئەندامێکی گوێڕایەڵ دەیەوێ. (ئەمە گوتاری هەندێ لە حیزبە سیاسیە ئایینییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بووە، کە برەویان بە گوتاری بەجەماوەریکردن داوە).

گەڕانەوە بۆ ڕەسەن و مێژووی نەتەوایەتی و ئەو جۆرە گوتارانە، بە زیانی (جیاوازی) تەواو دەبن، چونکە (ڕەسەن) و (نەتەوایەتی) و (ئێمە) و (میراتی باووباپیران) و هتد، هەموویان چەمکی یەکایەتین (وحدە) و پتەوکەری یەکێتین، نەك قەبووڵکردنی جیاوازی. (ئەمەیان گوتاری ناسیۆنالیستە ڕەگەزپەرست و نیشتیمانپەروەرانی دەمارگیری ناو سیاسەتی ئێمەیە). بەهێزبوونی ئەو دوو لایەنەی پێشوو لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، بە زیانی ئازادی تەواو دەبێ، چونکە ئازادی، بریتیە لە ئازادی قسەکردنیش لەبارەی میراتی کەلتووری، نەرێتەکان، ئایین و میللەتیشەوە. بەڵام وەختێ ئەوانە بەپیرۆز کرابن و کایەی سیاسی و ئایینی و کەلتووری دەستیان لەناو دەستی یەکتر خستبێ بۆ لێدان و بێدەنگکردنی ئەوانەی لەو پیرۆزییە دەدەن، ئەوە ئازادی سەری خۆی هەڵدەگرێ. هەموو ئەم بارودۆخ و پەیوەندیانەش ئەو بازنە داخراوە پێکدەهێنن کە تیایدا لێبووردەیی کەمترین شوێنی هەیە، یان هەر نییەتی.

لە ڕاستیدا لێبووردەیی لەو زەمینەیەدا گەشە دەکات کە لە ڕووی جوگرافیاییەوە کراوە بێت، تێکەڵی و سەوداومامەڵەی تێدابێت.



لەڕووی سیاسییەوە ئازاد بێت و ئۆپۆزیسیۆن ئامادەیی ڕاستەقینەی خۆی هەبێت بەبێ ئەوەی ڕیسکی گیانی بە دواوە بێت. ئۆپۆزیسۆن نابێت لەدەرەوەی کۆمەڵگا بێت. لە ڕووی کەلتووریشەوە پێویستە لەو شوێنەدا ڕێژەگەرایی کەلتووری و فرەئایینی ڕێزی لێبگیرێت.

**سێیەم: کایەی پەروەردەیی:**

هەروەکو لە شوێنێکیتری ئەم باسەدا نووسیم، لێبووردەیی جۆرێکە لە ڕۆشنبیریی کە تاکەکەسەکان، گرووپەکان، گەلان و نەتەوەکان بەهۆیەوە دەتوانن پەیوەندییەکانیان ڕێکبخەن و گرژییەکان و توندوتیژی بگۆڕن بۆ ناتوندوتیژی. ئەم تێگەیشتنە بۆخۆی دەرگای باسێکی گرنگمان بەسەردا ئاوەڵا دەکات، کە ئەویش بریتیە لە گرنگیی لێبووردەیی لە بواری پەروەردە و بەرجەستەکردنی ڕۆحیی لێبووردن لە سیستەمی پەروەردەدا، چونکە لەو سیستەمەدایە کە تاکەکەس ئامادە دەکرێ بۆ چۆنێتی بەشداربوونی لە کاری سیاسی و کاکردنی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا و ڕێزگرتنی لە هاوژینی لەگەڵ ئەوانیتر (الخطیبی: ١٩٩٩، ص: ١٠-١١)

ونبوونی هزری لێبووردەیی لە کایەی پەروەردەیی ئێمەدا هەر ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کایەکانی تەواوکەری کایەی (کۆمەڵایەتی، سیاسی/ئایدیۆلۆژی)یە و بەهەمان میکانیزمی (نائالۆگۆڕکەرانە)وە ئیش لەسەر تاکەکانی ئێمە، دەکات. بەڵکو هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خودی کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا

تاکەکەس وەك مرۆڤێکی (ناکامڵ/ کەم عەقڵ) تەماشا دەکات، کە دەبێت (کۆنترۆڵ) و (عاقڵ بکرێت). بەم پێیەش کایەی پەروەردە دەبێتە ویستگایەك کە پەیوەندییەکی (نائالۆگۆڕکەرانەی نایەکسان) لە نێوان (فێرکەر) و (فێرکراو) دا، دروستدەکات و دەسەڵاتی فێرکار بەسەر فێرکراودا دەسەپێنێت.

ئەمەش ئەو تەریبەیە کە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە لە ساتەوەختی دروستبوونیەوە، لە ژێردەسەڵاتی ئینتیدابی بەریتانیدا، لەگەڵ سیستەمی سەربازی پاراستویەتی، کە هەردووکیان دوو سیستەمی دیسپلینکەرن. ئەم سیستەمە لەلایەکەوە ناپەروەردەییە و لەلایەکەوە لادانێکە بەرەو خراپ، لەچاو پەروەردەی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگای ترادشیۆنالی کوردیدا: لەپەروەردەی هەڕەمەکیدا، تاکەکەس وەك نەزان و بێئەزموون تەماشای دەکرێ، بەڵام فێرکردن شتێکە لە میانەی ژیانی پراکتیکیدا ڕوودەدات. باوکێکی جوتیار نەبۆخۆی لە قوتابخانە فێری جوتیاری و ماڵداری بووە و نە منداڵەکەیشی بۆ ئەو مەبەستە ناردۆتە قوتابخانە. ئەو بۆخۆی پشتاوپشت هەندێ شت فێربووە و لە بواری کردەییشدا فێربوونەکانی خۆی لە مەحەك داون و ئەزموونی کۆکردۆتەوە. ئێستاش کە دەیەوێ کوڕەکەی بکاتە جوتیار، دێت لە میانەی ژیانی عەمەلیدا و بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خۆی هەندێ شتی فێر دەکات، وەلێ ئازادی ئەوەش دەداتە کوڕەکەی کە بۆخۆی فێربوون ئەزموون بکات. بە مانایەکی دیکە، لەپەروەردەی هەڕەمەکی کوردیدا شتێ لە سەپاندن و شتێ لە گواستنەوەی



ناچاریانەی ئەزموون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەیە، بەڵام بوارێکی ئازادییش هەیە کە هەل دەداتە تاکەکەس، خۆی لە بواری پراکتیکیەوە، ئەزموون و تێگەیشتنی خۆی پەروەردە بکات.

قوتابخانە، بەمانا سەربازییە بەریتانییە سەرەتای سەدەی بیستەمەکەی، وەکئەوەی لە عێراق و کوردستاندا دەردەکەوێ، بەدەگمەن نەبێ، لە ژیانی پراکتیکی و ئەزموونیی دوورە و تیایدا پشت بە تیۆر و گواستنەوەی دەقاو دەقی بیروڕای کەسانیتر دەبەسرێ. مرۆڤ لەم سیستەمەدا، تاقیکردنەوەی دەکرێ لەسەر ئەو شتانەی کە فێری کراون و ناچار کراوە بە لەبەرکردنیان، نەك ئەو شتانەی بۆخۆی لە ئەزموونەوە فێریان بووە، یان لەسەر پێکەوەگرێدانی تیۆری و ئەزموون. قسەکردن و خوتبەدان بۆمنداڵ لە قوتابخانە، لەسەر ئەوەی پێویستە چۆن ڕێزی دارودرەخت بگرێ، (کە بۆخۆی ڕاهێنانێکە لەبارەی لێبووردەییەوە)، جیاوازە لەوەی ئەم منداڵە بۆخۆی ئازادی ئەوەی بدرێتێ دارودرەخت و گووڵ بروێنێ و پەروەردەیان بکات و ئەزموونی گەورەکردن و سیسبوون و گەشە و وشکبوونیان بکات. بەمجۆرەش لێبووردەیی بەرلەوەی تیۆری و گوتار بێت، کردە و ئەزموون و پێکەوە هەڵکردنە. هەر سیستەمێکی پەروەردەیی ڕەهەندی پراکتیکیانەی فێرکردنی لاواز بوو، لە فێرکردنی لێبووردەییشدا لاواز و دەستەوەستان دەبێ. هەتا ئێوارێ لە قوتابخانەی کچان و کوڕان باسی یەکسانی و هاومافی نێرینە و مێیینە بۆ قوتابیان بکەین، تا ئەوکاتەی ئەوان لە قوتابخانە تێکەڵ نین و

جیامان کردوونەتەوە، مەسەلەی نایەکسانی لە زەینی ئەواندا وەك نەگۆڕێك دەمێنێتەوە. لێبووردەیی گوتار و خواستێکی شاعیرانە و ڕۆمانسیانەی جوان نییە کە بەهۆیەوە سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشین، بەڵکو پتر لەوە، کردەیەکی زیندووی ڕۆژانەی تاکەکەسە لەگەڵ ئەوانیتر بە قەبووڵکردنی ئەو جیاوازیانەی لە نێوانیاندا هەیە، وەك ڤۆڵتێر دەیگوت و پێشتر ئاماژەمان پێدا..

لەلایەکی ترەوە، لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا، لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان باوکانی ناو کایەی کۆمەڵایەتی، باوکانی کایەی سیاسی و باوکانی ئایینی و باوکانی کایەی پەروەردەدا. ئەم لێکچوونەش کۆمەڵێ پەیوەندیی دووبارەوە بوو دەسەلمێنێت، کە هیچییان لە بەرژەوەندیی هزری لێبووردەییدا نین. بۆ نموونە لە دۆخێکی ئاسایی کایەی خێزاندا پەیوەندی لەسەر پرانسیپی (گەورە) و (بچووکی)یەوەیە. بەپێی ئەم پرانسیپە گەورەساڵ دەتوانێ بڕیار بۆ بچووکتر بدات. گەورە هێزی هەیە و بچووك لاواز. (باوکی کۆمەڵایەتی لە خۆشەویستی و بەزەییەوە، دەتوانێ ناچار بە هەر شتێکمان بکات). لە کایەی ئایینییدا پەیوەندی لەسەر پرانسیپی نوێنەراتیکردنەوەیە: پیاوی دینی، مەلا، قەشە و هتد بەناوی یەزدانەوە دەدوێن و داوا و دۆعا دەکەن. (باوکانی ئایینی لە یەزدان نزیکترن.) لەکایەی سیاسیدا هەموو دەبینە فەرمانپێدراو، یان دەتوانین یاخیبوون هەڵبژێرین. (باوکانی سیاسی بە ئینتیما، یان بە یاسا بەرزەفتەمان دەکەن).



لە سیستەمی پەروەردەییدا وێڕای ئەوەی زۆرینەی ئەم پەیوەندیە نائالۆگۆڕکەرانە دووبارە دەبنەوە، ئەوە دۆخێکی ئاسایی ئەوتۆش نییە کە تیایدا مامۆستا و قوتابی (هاوکار)بن، یان دوو لایەنی بەشداربووی گفتوگۆیەك بن، بەڵکو هەمان حوکمەکانی کایەی کۆمەڵایەتی لە کایەی پەروەردەییشدا دووبارە دەکرێنەوە، کە ڕستەی: (**گۆشتەکەی بۆ ئێوە و ئێسقانەکانی بۆمن**) بەرجەستەکەری ئەم دۆخەیە.

بەپێی ئەم ڕستەیە، کە ڕستەی هەموو باوکێکی ناو خێزانە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، قوتابی وەك (تاوانبارێك) دەخرێتە بەردەم باوکانی کایەی پەروەردە و هەر لێرەشەوە کەسێتی کۆمەڵایەتی ئەو قوتابییە لەیەك خاڵدا بچووکدەکرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی دەبێت (فێربکرێت)**!** لێرەوە فێرکردن لەپرۆسەیەکی ڕۆشنگەرانەوە، کە پێویستە تواناکانی قوتابی ئاشکرا و پەروەردە بکات، دەبێتە پرۆسەیەکی بەرزەفتەکردن و چاوسوورکردنەوە. بۆیە دیاردەی (کۆبوونەوەی باوکان و دایکان) لە کایەی پەروەردەدا، بەدەگمەن بۆ ئەوەیە کە (ستایشی) قوتابی تێدا بکرێت، بەڵکو زۆربەی کات لەپێناوی ڕیسواکردنی قوتابی و ئاشکراکردنی کەموکوڕیەکانیەتی.

بۆیە ئەگەر گرنگیی هزری لێبووردەیی لە کایەی کۆمەڵایەتی و کایەی سیاسیی ئێمەدا پێویستییەك بێت، ئەوە لەکایەی پەروەردەدا مەسەلەیەکی جەوهەریی حاشاهەڵنەگرە. ئەمەش بەو مانایەی لە هەردوو کایەی پێشوودا بۆی هەیە هەردەم گۆڕانێك لە پلەی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەها و ڕێژەییدا ڕوو بدات و کرانەوە و داخران

دوو گۆڕاوی هەمیشەیی بن، بەڵام لەکایەی پەروەردەدا هەموو پەیوەندییەکان لەسەر ئاستێکی بەرزی نیسبییەوە دروستدەبن و هیچ گەرانتێك نییە بۆ ئەوەی ڕەهاییگەری و داخران ڕێگایەك بێت بۆ پەروەردەیەکی تەندروستانە. چونکە لەبواری (گۆڕینەوەی مەعریفە و زانستدا)، یان لە بارودۆخی (تێگەیشتنێکی مەعریفییانە)دا، کە ئامانجی سەرەکیی هەر سیتەمێکی تەندروستی پەروەردەییە، جێگای هیچ جۆرە زەبر و توندوتیژییەك نابێتەوە. بەمانایەکی تر: لەو شوێنەدا کە توندوتیژی لە ئارادا بێت، ڕێگاکانی تێگەیشتن و مەعریفەگۆڕینەوە و فێرکردن دەبەسترێن و شەڕ دەستپێدەکات، یەکەم پرانسیپی هزری لێبووردەییش ئەوەیە کە: نابێت شەڕ ڕووبدات. بەمجۆرەش ئاشکرا دەبێت، کە کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا، نەك هەر نەیتوانیوە ببێتە شوێنێ بۆ مانەوەی لێبووردەیی بەڵکو ڕاستەوخۆش زەمینەسازی کردووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو پەیوەندیە نایەکسانەی کە تیایدا ئاڵوگۆڕکردن (Communication) دادەبەزێتە سەر  جۆرێك لە فەرمان دەرکردنی پەروەردەیی.

کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا لە (پێشگرێك) زیاتر نییە، کە دەلکێنرێ بە پانتای دەسەڵاتدارەکانی ناو کۆمەڵگاوە و پەیوەندیی نێوان ئەو کایانە گەرم و گووڕ دەکات، بەڵام بۆخۆشی بنەماکەی خۆی وندەکات، کە ***پەروەردەکردنە***. کاتێ پەروەردە دەبێتە پێشگری کۆمەڵایەتی، دەبێتە (پەروەردەی کۆمەڵایەتی) و کاتێ دەلکێنرێ بە سیاسەتەوە دەبێتە (پەروەردەی سیاسی) و کاتێکیش دەخرێتە پێش



ئایینەوە، دەبێتە (پەروەردەی ئایینی). ئەمانە هیچیان خودی پەروەردە نین. ئەمەش بەمانای ئەوەیە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە، (پەروەردە)ی خستۆتە خزمەت پێگەیاندنی سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە و پەروەردەکردنی پەروەردەییانەی تاکە مرۆڤی فەرامۆشکردووە. واتە دیسپلین و پرانسیپە جەوهەرییە پەروەردەییەکانی خۆی، پاسیڤ کردووە. پەروەردە لەم سیستەمەدا پەیوەندی سیاسەت و ئایین و کەلتووری کۆمەڵایەتی گەرمکردووە و پەیوەندیی خۆی و تاکە مرۆڤی، پچڕاندووە. ئەم سیستەمە پەروەردەییە ناتوانێ بەرهەمهێنەری لێبووردەیی بێت و لێبووردەیی تیایدا تەنیا وەکو گوتارێکی لاواز دەمێنێتەوە. چونکە بۆ دروستکردنی لێبووردەیی پێویستیمان بە تاکەکەسانی بکەر هەیە، کە جیاوازییەکانیان قەبوولکراو و ئازادییان دابینکراو بێت. ونبوونی تاکەکەس لە کەلتووری کۆمەڵایەتی و ونبوونی جیاوازیی لە ئایین و ونبوونی ئازادی لە سیاسەتدا، سیستەمی پەروەردەیی ئێمەی لە جومگە سەرەکییەکەی خۆیدا، کە بەرهەمهێنانی لێبووردەییە، لە پەلوپۆ خستووە.

**ئەنجام:**

هووشیاری لێبووردەیی شتێ نییە لەگەڵماندا و لە زگماكەوە، پێوەی لەدایك بووبین، بەڵكو ئەنجامی كاربۆكردنی بەردەوامە لە ناو كایەكانی جیاوازە كۆمەڵایەتیەكان و دەبێت لەپرۆسە و قۆناغەكانی گەشەی تاك لەناو كۆمەڵگادا، وەك بەشێك لە كەلتووری ئایینـدە تەماشای بكەین. ڕێگرەكانی بەردەم هزر و كەلتووری لێبووردەیی لە كۆمەڵگای ئێمەدا زۆرن، بەڵام ئەو ڕێگرانەی كایە كۆمەڵایەتیە باڵادەستەكان لەبەردەم لێبووردەییدا دروستیانكردووە، لە هەموویان مەترسیدارترن. بۆ بەرهەمهێنانی كەلتووری لێبووردەیی، پێویستە هەندێك لەو كایە كۆمەڵایەتیانە ناچار بكرێن، كە لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا، هەر یەكەیان كەمێ دەست لە پرۆژە زەوتكارییەكانی خۆیان لە كۆمەڵگادا هەڵبگرن، بەمەش كایەی لێبووردەیی بواری بۆ برەخسێ لە ئاستی هزریندا تەعبیر لە خۆی بكات. لە ئاستی پراكتیكیشدا ببێتە ڕەفتاری تاك لەگەڵ ئەوانیتر، تاكو بتوانین: **ڕێز لە (ئەوانیتر) بگرین، لە چوارچێوەی ئەو جیاوازییەی لەگەڵ (ئێمە)دا هەیانە**، وەك ڤۆڵتێر گوتبووی و پێشتر لەبارەیەوە دواین.. هەندێكی تریش لەو كایە كۆمەڵایەتیانە، بۆی هەیە لە میانەی تێپەڕینی كات و بەهۆی ململانێی ناو ئەندامەكانی خۆیانەوە، گۆڕانیان بەسەردا بێت و خۆیان نوێ بكەنەوە.



بەكورتی: قەیرانەكانی بەردەم هووشیاریی لێبووردەیی لە كۆمەڵگای ئێمەدا، لە هەمان كاتیشدا قەیرانی ئەو كایە كۆمەڵایەتیانەی دیكەی ناو كۆمەڵگاكەمانن، كە لێبووردەیی تیایاندا نەبۆتە كەلتوورێكی پتەوی ڕێزلێگیراو. ئەو كایە كۆمەڵایەتیانە دەروونی ئێمەی تاكەكەسیان داگیر كردووە، ئیرادەی ئێمەیان پاسیڤ كردووە و جەستەی ئێمەیان كۆنترۆڵ كردووە.

دەروونێكی داگیركراو، ئیرادەیەكی ترساو و جەستەیەكی بەرزەفتەكراو، ناتوانن بە ئاراستەی هووشیاریی لێبووردەییدا هەنگاو بنێن. ئێمە سەرەتا پێویستیمان بە پەروەردەكردنی لێبووردەییانەی كایەی كۆمەڵایەتی، كایەی سیاسی و كایەی ئایین هەیە، تاكو بتوانین ڕۆح و ئیرادە و جەستەی خۆمانیان لەدەست ئازاد بكەین. ئەم ئازادییە مەرج و هەنگاوی یەكەمە بۆ دروستبوونی هووشیاری لێبووردەیی و مرۆڤی لێبووردە.

٢٠٠٩ هەولێر

## سەرچاوەکان بە پێی بەکارهاتنیان لە باسەکەدا:


١. صدیقه جعفریان (٢٠٠٥)، "***مدرسه: جایگاه کاربرد تساهل در اموزش***" در: گزارش و گفتوگو، سال چهارم، ش:١٧.

٢. أ. ت. نوین: (٢٠٠٤)، **عیب تحمل**، در "فصلنامه تخصصی أندیشه سیاسی، سال: أول، ش: ١، زمستان ٢٠٠٤، ص: ١٢٣ـ١٣٥. که له بنەمادا وەرگێڕاوی ئەم وتارەیە:

ـ A . T. Nuyen, "The Trouble of Tolerance," American Catholic Philosophical Quarterly, Vol. LXXI, No. 1, 1997, pp.1-12

.٣ Poul Lubcke: (1996), Politikens filosofi leksikon, Kopenhaven, Politikens Forlag.

٤. ارسطو: سیاست، م. د. حمید عنایت، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران: چ ششم، ٢٠٠٧.

٥. دیوید راس: أرسطو، م. مهدی قوام صفری، انتشارات فکر روز، تهران: چ اول، ٢٠٠٨

٦. ژانـژاك ڕۆسـۆ: ئیمیـل، و. ڕەسـوڵ سـوڵتانی. لـە بڵاوکراوەکانی کتێبخانـەی ئـاوێر، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. قـدیس اوگوسـتین: أعترافـات، م. سـایه میثمـی، تهـران، دفـتر پـژوهش و نـشر سهروردی، ٢٠٠١.

٨. هنری بمفورد پارکز: خدایان و ادمیان، نقد مبانی و فـرهنگ و تمـدن غـرب، م. محمـد بقایی (ماکان)، تهران: قصیده، ٢٠٠١.

٩. توماس هابز: لویاتان، م. حسین بشیریه، تهران، نشر نی، چ. چهارم، ٢٠٠٦.

10. Steven M. Chan: Classics of Modern Politcal theory, Machiavelli to Mill, NewYork/Oxford: Oxford Unyversity Press, 1997.

١١. پی یر بوردیو: نظریه کنش، م. مرتضی مردیها، تهران، انتشارات نقش و نگار، ٢٠٠١

١٢. میشل فوکو: "فضا، قدرت و دانش"، سایمون دیورینگ، مطالعات فرهنگی، م. نیما ملك محمدی و شهریار وقفی پور، تهران: تلخون، ٢٠٠٣.

١٣. بـارنز و بکـر: تـأریخ اندیـشه اجتمـاعی، ج. أول، م. جـواد یوسـفیان، علـی أصـغر مجیدی، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، چ. دوم، ١٩٧٩.





14. Social Kritik, Andreledshed, Tidskrift for social analyse & Debat, Nr. 43, maj 1996.

١٥. ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین، یان بۆ ببمەوە بە عێراقی. (لێکۆڵینەوەیەك لەسەر "بەعەرەبکردن، بە ئەویترکردن و بە دوژمنکردن" لە ئەبو یەقزانەوە بۆ سەددام حسێن)، کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج: ٢٠٠٣.

١٦. جمیله برکاش: الجدران تظرینی، مجله فکر و نقد. ٢٠٠؟

١٧. رامین جەهانبەگلو: هزری ناتوندوتیژی، و. مراد حەکیم. هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٢.

18. www. Google Friensklopidea, Tolerance historia. 2005.

١٩. مجله کیان، ویژەنامه دین، مدارا و خشونت، تهران، ش. ٤٥، بهمن ـ اسفند، ١٩٩٨.

٢٠ـ توماس اسپریگنز: فهم نظریه های سیاسی. ت: دکتر فرهنگ رجایی، تهران: أگه، چاپ پنجم، ٢٠٠٨

٢١ ـ عبدالکبیر الخطیبی: السیاسة و التسامح، ت: عزالدین الکتانی الادریسی، المجلس الاعلی للثقافة، ١٩٩٩


### هەندێ سەرچاوەی تر:


١. ژولی سادا ـ ژاندرون: تساهل در اندیشه غرب، ت. عباس باقری، تهران، نشر نی، چ. دوم، ٢٠٠٣.

٢. لشك کولاکوفسکی: **درسهای کوچك در باب مقولاتی بزرگ**. دفتر اول، ت. دکتر روشنك وزیری، تهران، گرح نو، ٢٠٠٣.

٣. ڕێبین هەردی (وەرگێڕ): **چەند تێکستێکی وەرگێڕدراو** نوسینی (چەند نووسەرێك)، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چ: یەکەم، ٢٠٠٨.

4. Simon Blackburn: **Oxford Dictionary of Philosophy**, Oxford University press, second edition revised, 2008.
5. Ted Honderich: **The Oxford Companion to Philosophy**, new edition, Oxford University Press, 2005.

# بەربەریەت و قارەمان

## هەندێ وردبوونەوەی دیاردەناسانە

## لە ڕووداوی دیلکردنی عەبدوڵا ئۆجالان

### پێشەکی

بەشێکی زۆری ئەو باسە کوردیانەی تا ئێستا (ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی ١٩٩٩ نووسراوە)، روداوی گرتنی ئۆجالانیان بەسەر کردۆتەوەو من لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا خوێندومنەتەوە، لەسێ بازنەی ئاخاوتن لەسەر ئەم کێشەیە دەرنەچوون. بازنەی هەرەگەورەی ئاخاوتن بریتیبووە لە دەربڕینی "هەستی هاودەردی لەگەڵ کێشەی کورد، پارتی کرێکاران‌و خودی ئۆجالان"دا، بازنەی مامناوەندی لەو باسانە پێکدێ کە بەشێوەیەکی توند ڕووبەڕووی "دەوڵەتی تورکی"و"شۆڤێنیزمی تورك‌و هتد" دەبنەوە. بازنەی بچووکیش ئەو باسانەن کە هەوڵدەدەن ئاماژەی رەخنەگرانە بۆ "***دووڕوویی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئیسرائیل‌و هتد***" لەئاست کێشەی رەوای کورددا بکەن.

دیارە لەپەراوێزی هەر بازنەیەکدا ئاستی ئاخاوتنەکان گۆڕانێکی رێژەییان بەسەرا هاتووە، وەك ئەوەی لەبازنەی گەورەدا کە بازنەی دەربڕینی هەستی هاودەردیە رەخنەش لەپارتی کرێکاران‌و سەرکردەکەی دەبینینەوە، بەلام بەبێ ئەوەی ئەم رەخنەیە سنووری بازنەکە



تێکبشکێنێ. رەنگە لە راستییەوە دوور نەبین گەر بڵێین: هاتنە ئارای ئەم ئاستانەی ئاخاوتن لەسەر رووداوەکە "چاوەڕوانکراو" بوون، چونکە لەدایکبوونی ئەو هەژانە گەورەیەن کە ساتەوەختی روودانی هەر رووداوێکی لەم بابەتە دروستیدەکات و بوارەکانی راگەیاندنیش لەمەدا رۆڵی سەرەکییان بینی کە شوێنی باسێکی دیکەیە، بەلام ئەو باسانە رێك لەبەر چاوەڕوانکراویشیان تەمەنیان کورت دەبێت‌و لەگەڵ تێپەڕینی رۆژەکاندا ئەوانیش لەبیر دەچنەوە، یاخود بەتێپەڕینی رۆژەکان ئەو جۆرە ئاخاوتنانە لەگەڵ بابەتەکانیان دەکەونە ناکۆکییەوە. لەراستیشدا رووداوی لەمبابەتە بۆی هەیە هەموومان لەگەڵ لێکدانەوەکانماندا رووبەڕووی ناکۆکی بکاتەوە. ئێستاش کە ماوەیەکی دورو درێژتر تێپەڕیوە، بەمانای ئەوە نییە ئەگەری هاتنە ئارای ناکۆکیەکان کەمبۆتەوە. بەلام پێموایە روداوەکە هێندە گرنگە پێویستە سەفەری نووسین لەسەری بەردەوامبێت، ئەگەرچی ئەم سەفەرە بەرەو ناوجەرگەی کەرنەڤاڵی ناکۆکیەکانیشمان بەرێت.

کە دەڵێم روداوەکە گرنگە مەبەستم لەمانای "خەبەریی" رووداو نییە، بەڵکو گرنگە چونکە بوارمان دەداتێ بۆئەوەی بیر لەهەندێ خاڵی دیکەش بکەینەوە، کە دەکەونە دەرەوەی سنووری ئاخاوتنی سێ بازنەکەی پێشووەوە. ئەمەش هەندێ باس دەسەپێنێ کە لەتێڕوانینی یەکەمدا وا دەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان پێکەوە نەبێت. من لە چوار خاڵی سەرەکیی ئەم باسەدا دەمەوێت لەسەر دوو ئاست مامەڵە لەگەڵ روداوی ئۆجالاندا بکەم:

- ئاستێکیان پەیوەندی بەکەسایەتی ئۆجالانەوە هەیە وەکو سیاسییەك کە لەیەك کاتدا بەراورد دەکرێت بەو مرۆڤە سیاسییەی ناو مێژووی ئێمە، کە لێرەدا ناوی دەنێم "قارەمانی کلاسیکی"و لەهەمان کاتیشدا بەراورد دەکرێت بە سیاسییەکانی ئێستای ناو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی، کە بە "بکەری سیاسی" ناویاندەهێنمو پاشتریش بەوردی ئەم دوو زاراوەیە پێناسە دەکەم. بەراوردکرنی کەسێتی ئۆجالان بەم دوو جۆرە مرۆڤە سیاسییە گەلێ باسی دیکە دەسەپێنێتو من هەوڵمداوە هەندێکیان بەسەر بکەمەوە تاکو بتوانم خاڵی جیابوونەوەی ئۆجالان لە هەردوولایان دەستنیشان بکەم.
- ئاستی دووەمی تەماشاکرنەکەی من بریتییە لە رووتکردنەوەی ئۆجالان لەهەمووخەسڵەتێکی دەرەکی (سیاسی، ئەفسوناویو پیرۆزمەند )و بینینێتی وەکو مرۆڤێکی تەنیای دیلکراو لەبەرمبەر دەزگایەکی سەرکوتکردنی زەبەللاحدا کە ئەم دیمەنەش کەرەستەی گەلێك لایەنی پەیوەندیی جەللاد و قوربانییمان دەخاتە بەردەست.

هەوڵمداوە لەهەردوو ئاستەکەدا خۆم لەقەرەی بازنەکانی پێشووی ئاخاوتن نەدەمو بەدوای پرسیاری تردا بگەڕێم. رەنگە گرنگترینیشیان ئەو پرسیارە بێت کە دەڵێ: چۆن رووداوی ئۆجالان لە رووداوێکی خەبەرییەوە هەڵگێڕینەوە بۆ روداوی دامەزراندن: دامەزراندنی پرنسیپی دیکە بۆ تاوانبارکردنی جەللاد، بۆ لەبەرچاوگرتن و رێزگرتن لەمافەکانی دیل و، بۆ سەندنەوەی گەوریی تێکشکێنراو و زەلیلبووی



قوربانی؟ دواجار لێرەوە هەوڵدەدین لە رێگەی ئاخاوتن لەسەر "جەستەی قوربانی"، پەیوەندییەکی راشکاو لە نێوان ئەم رووداوەو کارەساتە گەورەکانی وەکو ئەنفالو هەڵەبجەدا بدۆزینەوە، کە بێگومان هێشتا زۆر کەم قسەمان لەبارەوە کردوون. خاڵی پێنجەمم تەرخانکردووە بۆ تێڕامانێکی کورت لەسەر ئەو پەیوەندییە شاراوەیەی لەنێوان رووداوی ئۆجالانو پرۆسەی بەجیهانیبووندا دەیناسینەوە. ئەو وێنانەی بۆ یارمەتیدانی شییکردنەوەکان بەکارمان هێناون، هەموویان لە ماڵپەڕی گوگڵەوە، وەرگیراون.

## مۆدێرنیتەو بەربەریەت؟

لەفڕاندنی ئۆجالانەوە تا دادگاییکردنی و دوا فەرمانی لەسێدارەدانی لەلایەن مەحکەمەی تورکیاوە، ئێمە لەبەردەم چارەنووسی مرۆڤێکداین کە ناچارمان دەکات بەشێوەیەکی دیکە بیر لەهەندێ لایەنی بکەینەوە. هەندێ لایەنی ئەوتۆ کە بەپێویست سنووری چارەنووسی تاکەکەسێك رەتدەکەنو بەرەو هەرێمی لەخۆ تێگەیشتنو خۆهەڵسەنگاندنی میللەتێك و کەلتوورێکمان دەبەن. ئەگەر لە ئاستێکی کۆنکرێتیدا تەماشای ئەم چارەنووسە بکەین، ئەوە ئۆجالان وەك کوردێك تەعبیرە لە ساتێك لەساتەکانی مێژووی تراژیدیانەی ئێمە و بەڵگەی سەلماندنی کەلتوورێکی بەرگریکەرە لە ئاست غەدرێکی مێژوویدا. کەلتوورێك کە ئیرادی لەمێژینەی میللەتێك بۆ سەربەخۆییو ئازادیی جەوهەرێکی بنەماییەتی و بەپێی تێپەڕینی مێژووش ئەم

ئیرادەیە ئاستی خۆدەربڕینی جیا جیا، شێوازی خۆسەلماندنی هەمەڕەنگ، تەنگژەی ئاڵۆزو زۆربەی کاتیش ئەنجامی تێکشکێنەری بەدەستەوە داوە. بەڵام لەو دەمەدا ناوبراو بەڵگەی ئەو کەلتوورەیە کە ئیرادەی بۆ ئازادیی ناچاریکردووە چەندین ئاستی خۆدەربڕینو خۆشەسلماندن تاقیبکاتەوە، بەچەندین قەیراندا تێپەڕێتو دواجاریش لەتێکشکانەکانیدا ماتەمی بۆ برینە سارێژ نەبووەکانی بگرێت، ئەوە لەهەمان کاتدا بلگەی سەلماندنی کەلتوورێکی تریشە کە خۆی لەچوارچێوەیەکی "شارستانیانە"دا پێناسە دەکات. کەلتوورێك کە بەدەستکەوتی مۆدێرنیتەو ئەقڵانییەت دادەنرێتو بەلایکەمەوە لە کەلتووری ئەورووپادا لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە بانگەشەی جیهانگرەوەیی خۆی کردووەو هەموو سیستەمو دەزگاکانیشی وەك بەڵگە بۆ ڕەوایەتیدان بەخۆی، ناساندوون.

بەمانایەکی دی، دواجار کە ئۆجالان لەهەموو خەسڵەتە ئەفسووناویو



نەتەوەییو سیاسییەکانی دادەماڵین، مرۆڤێکی تەنیای لێدەمێنێتەوە کەوەك هەر مرۆڤێکی خانوبەکۆڵی دیکە بەدوای مەنزڵێکدا دەگەڕێت بۆ بەردەوامبوونو بەدەستهێنانی مافی پەنابەریی بەبێ



ئەوەی تاوانباربونی ئەو ببێتە هۆی بێبەریکردنی ئەو لەم مافە! بەڵام ئەو لەناو نیایەکدا ئاوارە دەبێت کە لە هەرلا گوێمان لە بانگەوازەکانێتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لەناو جەنگەڵێکدا راو دەکرێت کە وادەی ئاسایشمان پێدەداتو لەناو ئەو سیستەمە یاساییەدا تێکدەشکێنرێت کە لەبنەڕەتدا خۆی وەك سیستەمێکی دادوەرانە لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی مافی تاوەنبارەکانیشدا، دەناسێنێت. ئەمەش لەکاتێکدا ئەو دنیایەی جێگەی "تاوانباریی" ئۆجالانی تێدا نابێتەوە، پڕە لەو جەللاد و خوێنڕێژە ئیقلیمی و نێونەتەوەییانەی کە هاندەری سەرەکییان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕەکان، نەك هەر بەرگریکردن نییە لەمافی ڕەوای ئازادیی میللەتێك، بەڵکو تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و باندەکانیانە. بەکورتییەکەی، لەدەستگیرکردنی ئەم کابرایەوە تا ساتی مەحکەمەکردنیو تا دواساتەکانی پاشەڕۆژیش کە هێشتا نازانین چ سەرسووڕمانێکی دیکەی بۆ هەڵگرتووین: (ئایا ئۆجالان لەوسەرەوە وەك جاسوسێك دێتە دەرەوە یان وەك شۆڕشگێڕێكو هتد؟) بەهەرحاڵ ئێمە لەو رەوتەدا ئیشکردنی کەلتوورێکی ئەقڵانی دەبینینەوە کە لەپشت بەگەڕخستنی هەموو ئەم سیستەمو دەزگایانەوە ئامادەیە کەمۆدێرنیتەیان لەسەرەوە پێناسە دەکرێت.

لە دەستگیرکردنی ئەم پیاوەدا نەك هەر ئامرازە تەقلیدییەکانی کۆنترۆڵکردن (وەکو پۆلیس، جاسووسو ڕیشوەخۆرەکانو هاوکارەکانیان) بەشدار بون، بەڵکو سەرجەمی ئەو ئەقڵانیەتەش

بەشدارە کە لە تەکنیکدا بەرجەستە بووەو بەشێوەیەکی شاراوەو ناڕاستەوخۆ درێژە بەهەمان ئەو میکانیزمانەی ستەمو رووشکاندن دەدات. ئێمە ئەمەمان بەڕاشکاوترین شێوە لە نومایشەکانی ئۆجالاندا بینی و هەمووشمان دەزانین کاریگەریان لەسەر خودی کوردیی چەندەیە.



لەراستیدا مەسەلەی ئۆجالان بەمانایەك و وەکئەوەی تورکەکان دەڵێن: هەر تەنیا پەیوەندیی بەقەیرانی نێوان "تاقمێکی تیرۆرست" و "دەوڵەتێکی شەرعی"یەوە نیە کە یەکەمیان یەخەی بەدووەمیان گرتبێت و دووەمیشان بەرگریی یاسایی لە خۆی دەکات لەپێناوی گێڕانەوەی ئاسایيشدا بۆ وڵاتەکەی. بەڵکو ئەم مەسەلەیە لەهەمانکاتدا



پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی هەیە بەشێوەی چارەسەرکردنی مۆدێرنیتەوە بۆ قەیران و کێشەکانی خۆی، ئەو کێشانەی نەك هەر بەڵگەن لەسەر کەلتوورێکی جیاواز و تێگەیشتنێکی جیاواز لەسەر چۆنیەتی پێناسەکردنی بزووتنەوەیەك، کە لە دنیای راگەیاندنی ئەمڕۆدا بە"تیرۆرست" ناو دەبرێت و لە واقعیدا مەسەلەی چارەنووسی ئازادیی میللەتێکە، بەڵکو خودی ئەو ناو لێنانە و بچووککردنەوەی ئیرادەی نەتەوەیەك بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی لەچەمکی"کاری تیرۆرستانە"دا، لەهەمانکاتدا بەڵگەشە لەسەر سرووشتی ئەو دەسەڵاتەی لەپشت ناولێنانەکەوە ئامادەیە.

خوێندنەوەی ئەم رووداوە لە پەیوەندیی بە مۆدیرنیتەوە هەر بەتەنها ئاماژەکردن و بیرهێنانەوەی ئەو ڕاستیە نیە کەپێمان دەڵێت: دەوڵەتی ئێستای تورکیا هەرلەسەرەتای دروستبونیەوە دروشمی مۆدێرنیزەکردنی بەرز کردۆتەوە و خۆی بە "دەوڵەتێکی مۆدێرن" "عەلمانی"و"پرد"ی نێوان هەردوو"شارستانیەتی خۆرهەلات و خۆرئاوا" لەقەڵەمداوەو لەو رێگەیەشەوە توانیویەتی سیما و رواڵەتێکی نیمچە ئەوروپایی بۆخۆی بەدەست بهێنێ، بەڵکو ئەم ئاماژەکردنە لەهەمان کاتدا ئاماژەکردنە بەدژایەتی ناوەکیی سیستەمەکانی مۆدێرنیتە لەوساتەیانەوە کەوەکو "پرانسیپ" دەردەکەون بۆ ئەو ساتەوەختەی هەمان ئەو پرانسیپانە لەواقیعدا پراکتیزە دەکرین. واتە ئەمە دژایەتیە لەنیوان ئەو ئایدیالیزمەی کە بەشێکی جیانەکرانەوەیە لە پرەنسیپەکان و سیستەمەکانی مۆدێرنیتە

و پڕن لە وادەو پەیمانی ئومێد بەخش: (بۆ نموونە مافی بەرگری لەخۆکردنی ئازادانەی فەرد لە بەردەم دادگادا وەك ئایدیالێك و دەستکەوتێکی مۆدێرنیتە)، لەگەڵ ساتی واقیعیی دادگاییکردندا کەساتەوەختی پراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانیشە، (*بەڵام ئەم ساتە زۆربەی کات دەبێتە ساتێکی کوشندە، چونکە لە ناو هەمان سیستەمی دادوەریدا مرۆڤ هەموو مافێکی لێدەسێنرێتەوەو ئەو ئومێد و مژدەیەی پرانسیپەکان وادەیان دەدا، هەرگیز نایەتەدی*).

بە مانایەکی دیکە: بابێین ساتەوەختی ئۆجالان وەك بەڵگەی کەلتوورێك تێبگەین، کە ڕەوایەتی خۆی لە "***مافی میللەتێك بۆ وەدەست هێنانی ئازادی***"، وەردەگیرێت و کەچی لەبەرامبەر ئەمەدا کەلتوورێکی ترمان هەیە دێت بەپشتیوانی ئەقڵانیەتی مۆدێرن و بەگەڕانەوە بۆ یاساکانی ئەو ئەقڵانیەتە و بەپشتیوانی کۆی میکانیزمەکانی ئیشکردنی، ئەوەی یەکەم بە"تیرۆریستخوازی" ناودەبات و ئەمەش بەناوی "دادوەریی"ەوە ئەنجامدەدرێت، کە بێگومان دادوەری، وەکو سیستەمێك دەستکەوتێکی مۆدێرنیتەیە. پاشان هەموو ئەمەش لەناو ئەو دنیایەدا قەبووڵدەکرێت کە دنیای دیموکراسییەتە و خۆی بەمیراتگری شەرعیی ئەقڵانیەتی مۆدێرن پێناسە دەکات.

لەم بارۆخەشدا کێشەی ئێمە ئەوە نیە ڕەوایەتی مەسەلەی ئۆجالان بەهێماکردن بۆ "خواستی میللەتی کورد لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی"دا بیسەلمێنین، (چونکە هەرکەسێك داوای سەلماندنێکی



وامان لێبکات، واتە داوامان لێبکات بۆی بسەلمێنین بۆچی نەتەوەیەك پێویستە ئازاد بێت: بەمانای ئەوەیە یەکەم بوونی ئێمەی وەك بوونێکی مرۆیی قەبووڵ نیەو دووەم: ئازادی وەك زەرورەتێك لە پەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە ڕەتدەکاتەوە و لێرەشەوە بێهودەیە هەرشتێکی بۆ بسەلمێنین). بەڵکو بۆ سنووردانان لەبەردەم ئەو هەوڵانەدا کە نییەتیان لەکۆکردنەوەی جەماوەری ماندوی کورد ئەوەیە تەنیا درووشمەکانی خۆیانیان پێبەرز بکەنەوەو لەسەر شەقامەکان بیانکەنە مەکینەیەك بۆ بەرهەمهێنانی هاوار هاواری هەڕەشە ئامێز، کە دووچاری نۆستالیژیای تۆڵە سەندنەوەمان دەکەن و دەمانکەنە گەللەیەکی سەرلێشێواو، کە دواجار حیزبی کوردی وەك پێوەرێك بۆ ڕێژەی جەماوەرەکەی خۆی بەکاری دەهێنێت.

ڕەنگە گرنگترین خاڵی کێشەکەی ئێمە ئەوە بێت پرسیار بکەین: ***ئایا ئەو سیستەمە عەدالەتییەی ئۆجالان و مەسەلەکەی مەحکوم دەکات، ڕەوایەتی خۆی لەکوێوە بەدەستهێناوە و پێوەرەکانی داوەریکردنی کامانەن بۆ بەتیرۆرست ناوبردنی ئەو کێشەیە؟*** ئەگەر ئۆجالان بەڵگەبێت لەسەر خواستی کەلتوورێك، کە دواجار بەکەلتوورێکی "تیرۆریستخواز" لەقەڵەم بدرێت، ئایا ئەو کەلتوورەی خودی ئەم حوکمەی تیا دەردەکرێت، بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر چ جۆرە کەلتوورێك؟

(٢)

لەحەوتەمین وتاری "*لەبارەی چەمکی مێژووەوە*" فەیلەسوفی ئەڵمانی واڵتەر بنیامین نووسیویەتی:

**"هیچ بەڵگەنامەیەکی کەلتووریی لەئارادا نییە، ئەگەر لەهەمان کاتدا بەڵگەی سەلماندنی بەربەریەتیش نەبێت"(١).**

ناکرێت لە دەرەوەی ئەم تێگەیشتنەوە و ***بەبێ لەبەر چاوگرتنی مانای بەربەریەت لە چوارچێوەی ئەم سەدەیەدا لە چارەنووسی ئۆجالان تێبگەین.*** هەروەکو چۆن ناشێت لەئاست ئەهرامەکانی میسردا وەك بەڵگەی کەلتوورێك سەرمان بسوڕمێت، بەبێ ئەوەی ئەو سەرسوڕمانە بەربەریەتی فیرعەونیەکانمان لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەو سەردەمەدا بیر نەخاتەوە، کە هەرەمەکانی تێدا دروستکراون.

ئەو حوکمەی بەسەر ئۆجالاندا درا، ئەگەرچی بۆ دادگای وڵاتێکی وەکو تورکیا دەستکەوتێکی "*شارستانیی مۆدێرن*"ـەو "*بەڵگەیەکی کەلتوورییە*" و نیشانەی "*سەرکەوتنی یاسا*"یە لەبەرامبەر "ترۆریستخوازی"دا، بەڵام هێشتا ئەم سەرکەوتنە ڕێژەییە ڕێ لەوە ناگرێت کە پرسیار بکەین، ئایا خودی ئەو دەستکەوتە شارستانییە کە بەناوی عەدالەتی مۆدێرنەوە ئاراستە دەکرێت، بەڵگەی چ کەلتوورێکە؟ لێرەدایە کە پرسیاری ئێمە لەبەرگریکردنێکی سۆزگەرایانەی ناسیۆنالیستانەوە لە ئۆجالان، دەگۆڕێت بۆ پرسیارکردن لەمەڕ جەوهەری بەڵگەیەکی کەلتوورییەوە (عەدالەتی مەحکەمەی تورکی)، کە



لەواقیعدا کەمتر بێتاوان نییە لەو بەڵگە کەلتوورییەی ئەو عەدالەتە بە (تیرۆریزم) ناوی دەبات و حوکمەکەی بەسەرا دەردەکات و ئەمەش بە دەستکەوتێك بۆخۆی لێکدەداتەوە. چونکە ئەم دەستکەوتە تەنیا تا ئەو شوێنە شارستانیبوونی خۆی دەپارێزێت کە ڕەوایەتیدانی خۆی بە حوکمەکەی، بکەینە پارسەنگێکی ڕەهای نەگۆڕ بۆ جێبەجێکردنەکەی، بەڵام لەو کاتەوە ئاشکرا دەبێت ئەو حوکمە لەسەر "*پێشێلکردنی مافی خەباتکردنی میللەتێکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی*"وە دروست بووەو ئۆجالان شێوەیەکی دەرکەوتنی ئەو خەباتەیە (*کە هیچ نکوولی لە ئاستی تووندوتیژیەکەیشی ناکەین*)، ئەوە تێدەگەین ئەو دەستکەوتە نەك هەر بەڵگەیەکی شارستانی نییە، بەڵکو تاسەر ئێسقان بەڵگەی سەلماندنی بەربەریەتیشە.

سیستەمی عەدلیی وڵاتێك یان دەوڵەتێك، بەوەدا شارستانیبوونی خۆی ناسەلمێنێ کە چۆن لەناو کۆمەڵگەی ئینسانیی سەربەهەمان ڕەگەزی ئەتنیکی خۆی، عەدالەتو ماف دەخاتە کار (ئەگەرچی ئەمەش جێگەی گومانە و هەر ئێستا لە تورکیادا ملیۆنان مرۆڤ لەژێر زەبری هەمان ئەو یاسا بەناو عادلانەیەدا دەچەوسێنرێنەوە). بەڵکو ئەگەر ئەو عەدالەتە مافی چونیەك بۆ کۆمەڵە ئینسانی و کەلتوورییە جیاوازەکانی تریش لەپێشچاو نەگرێت، ئەوە لەو کاتەدا کە شارستانیبوونی خۆی لە بەرامبەر ویستی کۆمەڵگەی خۆیدا ڕادەگەیەنێت، لەهەمان کاتیشدا ئیعلانی بەربەریەتی خۆی لەبەرامبەر ویستی کۆمەڵگاکانی تردا دەکات.

بەربەریەت و دڕندەیی، خەسڵەتێکی دیاری هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیو کۆمەڵگایانەیە کە ناوەوەی سنووره ئەتنیکییەکانی خۆیان وەك بەهەشت دەبینن و ئەودیو سنوورەکانیشیان بەدۆزەخێکی مەترسیدار بۆسەر خۆیان تەماشا دەکەن.



میللەتێکی شارستانی کە لاپەڕەی بەڵگەکانی شانازی خۆی بە پێشێلکردنی مافی ژیانی شارستانیانەی میللەتێکی تر پڕکردبێتەوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە بۆ سەلماندنی "خۆشەویستی" خۆی بۆ مەل و گیانداران، پێشانگایەکمان لەباڵندەی وشککراو، کەوڵو پێستی خۆشکراو و کەللەسەری هەڵوواسراو پیشان بدات! ئەو مۆدێرنیتەیەی تورکیا لە سەدەی بیستەمەوە بانگەشەی بۆ دەکات، لە ئاست کێشەی کوردەکاندا وەك ئەخلاقی ئەو ڕاوچییەی لێهاتووە.



(٣)

هەمووئەم قسانە بۆ ئەوە نین ئۆجالان وەك سەرکردەیەکی ***قارەمان*** بەرجەستە بکەم. بونیادی شۆڕشەکانی کورد لەم سەدەیەدا، لەچاو شۆڕشو هەستانی سەدەکانی پێشووی و ئەو وێنەیەی لە ئەدەبیات و فۆلکلۆرەوە پێمان گەیشتووە، پابەندی کەسایەتی "قارەمان" نییە کە نەیدەتوانی بەرژەوەندی خۆیو ئامانجی گشتیی لێکدی جیا بکاتەوە، هێندەی ئەوەی پابەندی توێژێکی سیاسییە کە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوەو هەر لەبەر ئەم خاڵەش سیفەتی قارەمانبوون لەدەست ئەداتو زیاتر دەبێتە "کاراکتەری سیاسی". بەڵام لەکاتێکدا ئۆجالان لەلایەن هەمان دەوڵەتەوە کە لەدژی جەنگاوە، ڕاپێچی زیندانو لێپرسینەوە دەکرێ و بەمانایەك ناچار دەکرێت قەبووڵی چارەنووسی خۆی بکات، ئەوە لە زۆربەی کاراکتەرە سیاسییە هاوکار و هاوشێوەکانی خۆی، کە هەر لەوڵاتی ئێمەدا نموونەیان کەم نییە و خەنیی ئەو ئیمکانیەتانە بوون کە پێگەی سیاسیی خۆیان پێیانی بەخشیون، خۆی جیا دەکاتەوە. ئۆجالان خۆی جیا دەکاتەوە بەوەی ئەو پێگەی خۆی لەم بارودۆخەی ئێستایدا لەدەستداوەو لە "کاراکتەری سیاسی"ەوە کراوەتە "دیلێکی تاوانبار" بەبێ ئەوەی بتوانێت جارێکی دی لە پێگەی کارکتەرێکی سیاسییەوە بەرگری لەخۆی بکات، بەبێ ئەوەی ئەم جیابوونەوەیشی لە هاوکار و هاوشێوە کوردەکانی تری، بەپێی پێگەی ئێستای (واتە دیلبوونەکەی)، بیکاتە قارەمان.

لەبەر ئەوە بەتێگەیشتنی من بواری بوون بە "قارەمان"ی ئۆجالان زۆر کزەو تاقە گریمانەیەکیش ئەم پیاوە وەك قارەمانێك دەربخات ئەوەیە، کە ئامادەبوونی ئەو (وەك بەڵگەی کەلتووری خەباتکاریی کورد) لەناو دەزگای دەوڵەتێکی مۆدێرندا کە دەیەوێت "دادوەرانە"و "دیموکراسیانە" و "شارستانیانە" خۆی بناسێنێ، وا دەکات ئەو دەوڵەتە پراکتیزەی پرانسیپە مۆدێرنەکانی خۆی بکات تا ئێمەش ئەو "ناعەدالەتی"، "نادیموکراتیەتی" و دواجار "بەربەریەتە" مان زیاتر بۆ ئاشکرا ببێت کە لەهەناوی ئەو شێوە مۆدێرنیتەیەدا خۆی شاردۆتەوە.

ئۆجالان قارەمانێك نییە لە نموونەی قارەمانە جیهانییەکانی وەك گیڤارا، وەك ماندێللا و تەنانەت وەك شێخ سەعیدی پیرانو قازی محەمەدیش، بەڵام ئامادەیی ئەو لەناو سیستەمێکی لێپرسینەوەی مۆدێرندا و لەو ساتەدا کە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی سیمای بەربەریانەی ئەو سیستەمە، ئامادەبوونێکی قارەمانانەیە، ئەگەرچی وەك گوتم: ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ سرووشتی هەڵسوکەوتو قسەکانی ئەو وەکو قارەمانێك. بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتەی کە ئەو بەناوی مەسەلەی کوردەوە دەکاتە سیمبولێك. دەشیاو دەشێت هەر بەندییەکی دیکەش بەناو هەمان سیستەمدا ببێتە هۆی ئاشکراکردنی بەربەرییەت و لەوێشەوە ئامادەیی خۆی وەك بەندییەکی سادە هەڵگێڕێتەوە بۆ ئامادەبوونێکی قارەمانانە. بەڵام وەك پێشتر نووسیم: بارودۆخی ئۆجالان لە بارودۆخی هاوڕێو هاوشێوە سیاسییە کوردەکانی جیاوازە و ئەمەش وامان لێدەکات جیاوازیی بکەین لەنێوان



سرووشتی "قارەمانی کلاسیکی" و سرووشتی "کاراکتەری سیاسی"دا، تاکو بتوانین ئەو جیاوازییەی نێوان ئۆجالان و سەرکردە سیاسییەکانی دیکەی ئێستای ئێمە، کەمێ ئاشکراتر بکەین.

## قارەمانی کلاسیکی:

پێویستە دووبارەی بکەمەوە: چارەنووسی ئۆجالان لەپاش جێبەجێکردنی فەرمانی لەسێدارەدانیشی، ئەگەر بێتو ئەو فەرمانە جێبەجێش نەکرێ و تەنانەت ئەگەر لەحاڵەتی جێبەجێ نەکردنیشیدا بەپێی تێپەڕینی ڕۆژەکان، دیوارەکانی زیندان بتوانن تاکێکی گوێڕایەڵ بەخواستەکانی ڕژێمی تورکیی لە ئۆجالانیش دروستبکەن، ئەوە چارەنووسی ئەو چارەنووسی پیاوێکە هەرگیز لەبەر ئەو کێشەیەی بەرگری لێدەکرد نابێتە "قارەمان". بە تێگەیشتنە کلاسیکییەکەی ئۆجالان کاراکتەرێکی سیاسییە لە "دۆخێکی تایبەتدا" نەك قارەمانێکی کلاسیکی کە پاشتر لەمەڕ جیاوازی ئەم دوو چەمکەوە دەدوێم. بارودۆخی ئەو لەبەردەم سیستەمێکی ئەقڵانی مۆدێرندا تایبەتمەندییەك دەداتە ئامادەبوونەکەی، وەك کاراکتەرێکی سیاسی، نەك وەکو قارەمانێك لەبەر خاتری ئەو گوفتار و کردارانەی لەبەردەمی داگادا پێیان هەڵدەستێ.

بەڵام بۆچی ئەو نابێتە قارەمان؟ بەشێکی وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندیی هەیە بە سروشتی شێوەی بەرەنگاربوونەوەو ناڕەزاییو

خەباتی کوردەوە لەم سەدەیەدا، کە لەڕێگەی پرۆسەی "خۆئۆرگانیزەکردن"ەوە رێدەگرێت لەدەرکەوتنی قارەمان تیایدا بەتێگەیشتنە کلاسیکیەکەی. خەباتی رزگاریخوازیی ئێمە لەم سەدەیەدا شێوازێکی "خۆ دیسپلینکردن"و "رێکخراوەیی" وەرگرت کە بویادی ئەم جۆرە ئیشکردنە بەشداربووەکان وەکو "ئەندام"و"پالێوراو" و "لایەنگیر"و "پێشمەرگە"ی خۆی تەماشا دەکا، نەك وەکو قارەمان. ئەگەرچی ئەمە ڕێناگرێ لەوەی کە لەناو ئەم جۆری رێکخستنەدا باس لە سەرهەڵدانی "کردەی قارەمانانە" بکرێ. بەلاّم بەشێکی زۆر گرنگی وەلاّمی پرسیارەکەی پێشوو پەیوەندیی هەیە بەشێوەی دروستبوونی قارەمانانەوە لەخەیاڵو ئاگایی مرۆڤی هاوچەرخدا. قارەمان مرۆڤێك نییە بە کۆنکرێتی لەبەرچاوماندا و لەناو کۆمەڵگادا بێت و بچێت و دواجاریش لەبەردەمی جەللادەکانیدا داوای بەخشین بکات.. بەڵکو پێش هەموو شتێك پێویستییەکی دەروونی و میتافیزیکییانەی ئێمەیە بۆ سازدانی وێنایەك و بۆ بەخشینی کۆمەڵێ سیفەت بەتاقە کەسێك کە خۆمان ناتوانین وەك ئەوبین و بەشێوەی ئەو هەڵسو کەوت بکەین. قارەمان بەرجەستەبوونی کۆی حەزو ویستەکانی ئێمەیە لە مرۆڤێکی نائاساییدا بۆ "یاخیبوون"، کە ئێمە لەخەیاڵی خۆماندا هەڵمانبژاردووە تاببێتە بەرگریکەر لە مافەکانمانو بەهۆی هەڵسوکەوتە نائاساییەکانیو شێوەی خەباتکردنییەوە، سنووری بۆ چەوسانەوەکانمان دابنیو لەبری هەمووومان یاخی ببێت.



بەم پێیەش کەسێتی قارەمان لەهەمان کاتدا بەرجەستەبوونێکی یەکگرتووی خەیاڵ و خۆزگەکانی هەمووشمانە بۆ بەرگریکردنو خەباتکردنو سنووردانان بۆ مەودای ئەو چەوساندنەوەو نایەکسانیو زوڵمانەی رۆژانە ژیانمان وێراندەکەن. قارەمان هەموو ئەو بەشەی ویستو تواناو خەونەکانی ئێمەیە بۆ رزگاربوون لەم ساتەی ئێستا کە تیایدا هەستدەکەین ئازاد نین و تاقە هۆیەکیش کە دەتوانێت لە ئازادیمان نزیکبخاتەوە رەتکردنەوەی ئەم ساتی "ئێستایە"یە. بەم پێیەش دەکرێت بڵێین: لەبنەمادا هەموو مرۆڤێ جەوهەری بوون بەقارەمانی لە خۆیدا شاردۆتەوە بەلاّم هەموویان ناتوانن ببنە قارەمان. هەروەکو چۆن هەر مرۆڤێك توانای بوون بە بکوژێکی تێدایە بەبێ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان ببنە بکوژ. (ئەگەرچی لێرەدا مانای کوشتن بچوکدەکەینەوە لە کوشتنی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ، چونکە ئەگەر مەبەستمان لە کوشتنی گیاندارەکانی دیکەبێت بەدەستی مرۆڤ، ئەوە رێژەی مرۆڤە بکوژەکان زۆر زیاتر دەبێت لەوەی لەبەرەکانی جەنگدا دەیبینین).

لێرەوە هەوڵدەدەم گرنترین خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە قارەمانە بەسەر بکەمەوە کە من بە "قارەمانی کلاسیکی لە کایەی سیاسی کوردیدا" ناویدەبەم، تا بتوانم پاشتر ئەم قارەمانە بەراوردبکەم بە جۆرێکی دیکەی ئەندامی هەمان کایەی سیاسی کە ئەویش بە "کاراکتەری سیاسی" ناو دەبەم.

تێگەیشتنی کلاسیکیانە لە کەسایەتی قارەمان، تێگەیشتنێکە لەهەمان کاتدا پابەندی هیچ مەرجێك نییە کە قارەمان دیسپلین و کۆت دەکات، کە سنوورە ئایدیۆلۆژیەکانی لەبەردەمدا قوتدەکاتەوەو ئۆرگانیزەی

رەفتارەکانی دەکات. قارەمان پابەندی بەرنامەو پرۆگرامە سیاسییەکان نییە، خۆی نابەستێ بەو پەیمانو وادانەی لەسەر کاغەز نووسراونو بەرنامەی "گونجاو" بۆ هەڵسوکەوتەکانی لەکایەی سیاسەتدا دادەنێن. بەم تێگەیشتنەشەوە رەنگە بەدەگمەن بتوانین لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی ئەم سەدەیەی کوردا باسی دەرکەوتنی قارەمان بەشێوە کلاسیکییەکەی بکەین. چونکە ئەم بزوتنەوەیە لەوکاتەدا کە نییەتی سەندنەوەی مافەکانی ئێمەیە لە ئەوانیتر، (ئەوانەی رێمان لێدەگرن بۆ گەیشتن بەو مافانەی کە دەزانین بە وەدەستهێنانیان گوزەرانی ژیانمان دەگۆڕێت)، لەهەمان کاتیشدا دیسپلین کردنی رەفتارەکانی قارەمانە بە پێی بەرنامەیەك کە چۆنییەتی هەڵسکەوتەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە، ئۆرگانیزە دەکات.



لێرەشەوە قارەمان هەرچەندە لە سەندنەوەی مافەکاندا لێهاتوو بێت، دژی هەموو وابەستەیی و گیرۆدەبوونێك بێت و سوور بێت لەسەر داخوازییەکانی، ئەوە بەوەی جۆرێك بەئەندام بوون لەناو رێکخراوێکدا



قەبوول دەکات، بەوەی ئەو رێکخراوە ئۆرگانیزەی هەڵسوکەوتی دەکاو شێوەیەکی "دانپیانراو و پەسەندکراو" ی رەفتاری قارەمانانەو سەرکردانەی بۆ دەستنیشان دەکات، ئەوە دۆخێکی کۆیلەبوونیشی لەئاست ئەو بەرنامەیەدا قەبوول کردووە. چونکە پەیڕەوکردنی بەرنامەکە لەهەمان کاتدا مەرجی رەوایەتیدانە بە خودی بزوتنەوەکە و ئەندامێتی قارەمان تیایدا.

بەڵام قارەمانی کلاسیکی پیاوێك نییە لەسەر بەرنامە بڕوات، مرۆڤێك نییە وادەی جێبەجێکردنی بەندەکانی بەرنامەیەکمان بداتێ تا خۆیمان وەکو بەدیهێنەری پلانەکان و بەدەستهێنەری خواستە ئۆرگانیزەکراوەکان پێبناسێنێ. ئامانجی ئەو لەبەرنامەیەکی تایبەتدا دەستنیشان نەکراوە تا لەحاڵەتە جیاوازەکاندا، لەژێر فشاری ئەم، یان ئەو فاکتەردا مساوەمەی لەسەر بکات، یاخود بەهەر نرخێك بووە سووربێت لەسەر بەئەنجامگەیاندنی. ئەو، پێش هەموو شتێك مرۆڤێکی ساکارە بەهەموو ئەو هەستیارییەوە کە مرۆڤە ساکارەکان هەیانەو بەهۆیەوە هەڵوێستی خۆیان لە بارودۆخەکان وەردەگرن. لێرەیەوە کە قارەمانە کلاسیکییەکان باکیان نییە لەوەی کۆبوونەوە رەسمییەکان جێبهێڵن، لەئاست مەرجەکانی دوژمندا هەڵبچن و تووڕە بن. بەڵام خۆیان ناخۆنەوە، شەرم ناکەن و دان بەخۆیانا ناگرن تاکو سیمایەکی "شارستانیتر" بەخۆیان پیشان بدەن. لەبەردەمی رۆژنامە نووسەکاندا بەهەمان جیدیەت و سووربوون و هەڵکفانەوە دەدوێن، کە سروشتی خۆیانە، نەك خۆ بەکەمزانانە و رۆمانسیانە و دەم بەخەندە.

ئەگەر قارەمانی کلاسیکی لەسەر بەرنامە برۆشتایە، ئەگەر ئەو گرنگیی پرۆگرامەکانی بخستایەتە پێش گرنگیی مەسەلەکەیەوە، ئەوە دەبوو چارەنووسێکی دیکەشی هەبێت لەو چارەنووسەی کە مێژوو، تەڵخیی بەسەرهاتەکانیانمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەراستیدا دەتوانین بڵێین: سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لەم سەدەیەدا بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو، یەکەم هەنگاوی خۆی لەکوشتن‌و سڕینەوەی شوێنی قارەمانە کلاسیکییەکانەوە هەڵهێنایەوە. لێرەشەوە هیچ یەکێك لەسەرانی ئەم سەدەیەی ئێمە (جگە لە شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمود و قازی مخەمەد و مەلا مستەفای بارزان) بە مانا کلاسیکییەکەی پێناسەی کاراکتەری قارەمانیان بەسەرا ناسەپێت.

کاراکتەری کلاسیکیانەی قارەمان پێکهاتەیەکی سەیرە: تێکەڵێکە لە ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەت، لە ئەفسانە و واقیع، لە هەیبەتێکی کۆمەڵایەتی و لە قودسییەتێکی ئایینی، توندڕەوی و لە لێبووردەیی، لە ساکاری و لە شێلگیری. ئەم کەسایەتیە، هەم بەسام و ترسە و هەم ئارام و دۆستانە و خۆمانەیی. لەیەك ساتا دوورەدەست و بێگانە، لەهەمان ساتیشدا نزیك و ئاشنا، کە ئەم خەسڵەتانەش وا دەکەن بەئاسانی نەکرێت بەچەمکە باوەکانی سیاسەت و بەپێی میتۆدەکانی پراکتیزەکردنی سیاسەت هەڵسوکەوتەکانیان هەڵسەنگێنین و حوکمیان بەسەرا بدەین.

قارەمانی کلاسیکی مرۆڤێ بوو بەسادەییەکەی خۆی، بەوەی کە خاوەنی کەلتوورێکی سیاسیی هەژار بوو، بەوەی کە زمانی نەتەوەیی



خۆی لەپەیوەندیکردن بە دنیاوە بەکار دەهێنا، بەوەی کە بەردوام لەهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و لەبۆنەکاندا، لە جلوبەرگ پۆشین‌و پانتۆمیمی لەشدا "خۆماڵیبوون"ی خۆی دەپاراست، هەمیشە تەعبیریشی لەسادەیی و رۆحی چیاییانەی ئینسانی کوردیش دەکرد. رۆحێکی چیایی کە لەگەڵ هەموو ساکارییەکەی خۆیدا جەختکردنەوەیەکیش بوو لەسەر خواست‌و داواکارییەکانی قارەمانی کلاسیکی، کە هەمیشە بەناوی گەل و نەتەوەوە دەدوا. بۆ نموونە: ئەوەی کە شێخ مەحمودی حەفید نامەکانی پڕبوون لە دەستەواژەی ئایینی، ئەوەی لەکاتی تەوقەکردندا لەگەڵ ئینگلیز بەفەقیانەکەی دەستی خۆی دادەپۆشی، ئەوەی لەوێنەکانیدا بە کێش و جامانەوە دەیبینین و کەوا و مراخانی لەبەردایە، یاخود قازی محەمەد بەکەواو سەڵتەو مێزەری مەلایانەوە دەردەکەوت و مەلا مستەفا لەوێنە فۆتۆگرافیەکاندا زۆربەی کات خەنجەرێکی بەپشتێنەوەیە و لە جلوبەرگی ناوچەی بادینان و بارزاندا، دەردەکەوت و هتد (کەدەشێت هەموو ئەمانە لەدەرەوەی زەمینە مێژووییەکەی خۆیانەوە، واتە لە روانگەی ئێستاوە، بەسادەیی‌و تەقلیدیەتی ئەوان لەکاری سیاسیدا لێکبدەینەوە)، بەڵام ئەمانە هیچیان لەجیدییەتی جەوهەری ئەو کێشە سیاسیانەی ئەوان تەعبیریان لێدەکردن، نەدەگۆڕی.

شێخ مەحمود لەسەر ئەوە دوور نەخرایەوە چونکە دەستی کاربەدەستە ئینگلیزەکانی بەپیس دەزانی‌و بەفەقیانەوە نەبایە تۆقەی لەگەڵ نەدەکردن!. قازی محەمەد لەبەر ئەوە لەسێدارە نەدرا

چونکە لەپشت مێزی پێشەواییەوە مێزەری مەلایانەی دەبەست، یاخود بەشێکی زۆری ژیانی تاراوگەیی مەلامستەفا و دواجار چارەنووسی مردنەکەی لەبەر ئەوە نەبوو چونکە خەنجەری دەخستە بەرپشتێنەکەی و بەچەقۆکەی دەستی چیلکەی دەتاشی! لێکۆڵینەوە لەسەر هەریەکێ لەو لایەنانەی کەسایەتی قارەمانی سیاسی سەبارەت بە ئاشکراکردنی رەهەندە دەروونییەکانیان و پێگەی کۆمەڵایەتییان گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام لەکاتی پێناسەماندا بۆیان وەکو "قارەمان" هیچکامێ لەو لایەنانە هێندە گرنگییان نییە.

بەمانایەکی دیکە، *کاراکتەری قارەمانی کلاسیکی لە سیمایدا هەڵگری ساکارییەکی چیاییە، هەڵگری رۆحێکی سادەیە کە لەنیگای یەکەمدا وا دەردەکەوێت دەشێت بەئاسانی هەڵبخەڵەتێنرێ.* بەڵام ئەوان بەچارەنووسی خۆیان، بەوەی کە لەبەردەم سێدارە و مردندا کۆتایی بە ژیانیان هات، جیدییەتی ئەو کێشەیەیان خستەڕوو کە ئەوانی کردبووە سەمبوولی خۆی و بەرگریلێکەری. قارەمانی کلاسیکی دەشێت لەسیما و هەڵسوکەوتی رۆژانەیدا کۆنەپەرست، خورافی، تەقلیدی و کەللە رەق و خۆپیرۆز بێتە پێشچاو، بەڵام لەجیدییەتیدا بۆ داخوازی و مافەکانی، مرۆڤێکی رادیکاڵە، کە زۆرجار ئەم رادیکاڵیەتە ملی دەکات بە پەتی سێدارەشدا.

خەسڵەتێکی دیکەی قارەمانی کلاسیکی بریتییە لە کۆچەریو "*نۆماد*"بوونەکەی، لە سەقامگیر نەبوونەکەی لەشوێندا و لەکۆچکردنی بەردەوامیی لەم جێگایەوە بۆ ئەویتر. ئەو، ناوچەیەك، شارێك یان



مەڵبەندێك ناکاتە شوێنی تایبەتی نیشتەجێبوونو چالاکی خۆی، چونکە بەلای ئەوەوە هەموو شوێن و شارەکان کایەی رەوای ژیان و چالاکییەکانین و بەهیخۆیان دەزانێت. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە قارەمانی کلاسیکی مرۆڤێکە نیشتەجێ نابێت، ئەو بە مانایەك لەهیچ شوێنێك و لەهەموو شوێنێکە، لێرەیەو لەلامانەو لێرەش نییەو لێمانەوە دوورە! ماڵێکی سەربەخۆی نییە، ژێرزەمینێکی تایبەتی نییە تاکو لەکاتی مەترسیدا خۆی تیا بدزێتەوە و بشارێتەوە. لە بوورجی قەڵایەکدا خۆی حەشار نادات بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، تەماشای کەوتنە خوارەوەی جەنگاوەرەکانی بەودیو دیواری قەڵادا ناکات. نیازی نییە لەناو بارەگا و دیوانی سەرکردایەتیدا چێژ لە پێشوازیکردنی میوانەکانی وەربگرێت. ئەو مرۆڤێکە هەمیشە لەکۆچو راکەڕاکدا، لەگەڵ دوژمن پەیمانێکی نهێنی نییە تا لەکاتی گیرانو دەستبەسەر کردنیدا گیانی ئەم پارێزراو بێت. لەناو پرسگە و ژووری دائیرەیەکدا نییە و لەوێوە بەتەلەفۆن فەرمانەکانی بۆ بەرەی جەنگ بنێرێت.. بەڵکو ئەو هەمیشە لەحاڵەتی ئامادەییدایە، بێئۆقرەیە، گوماندارە و هەر لەبەر ئەوەش هەمیشە بەشێوەیەك لەجەنگدایەو هتد.

بەکورتی، قارەمانی کلاسیکی هەمیشە خەسڵەتێکی تێدایە، هەمیشە بەشێوەیەکی ئەوتۆ رەفتار دەکاتو لەبەرچاوماندا دەردەکەوێت، کە بشێت ئێمەش بەشێك لە سیفەتەکانی خۆمان و هەڵسوکەوتەکانمانی بۆ یاخیبوون و گۆڕان، تێدا بناسینەوە. هەر ئەمەشە وا دەکات خۆمان لە ئەودا و ئەو بەخۆماندا ببینینەوە. هەر ئەمەشە وادەکات

هەستبکەین ئەو لەیەك کاتدا واقیعییە، چونکە لەخۆمان دەچێت و ئەفسانەییشە چونکە ئەوەی ئەو پێدەکرێت لەدەست ئێمە نایەت و لە سەرووی تواناکانی ئێمەوەیە. بەکورتی، رەنگە هەستیاریی نائاگایانەی قارەمانی کلاسیکی لەئاست شوێندا، خەسڵەتێکی پۆزەتیڤی کەسایەتی ئەو بێت. چونکە ئەو بەوەی بەردەوام لە شوێنگۆڕکێ و سەفەردایە، بەردەوامیش ئەزموونی نوێ و روانگەی جیاواز بۆ پراکتیکەکانی دەدۆزێتەوە و وەك گەڕیدەیەك قابیلیەتێکی چاکی خۆ گونجاندنی لەگەڵ ژینگە تازەکاندا هەیە.

**کاراکتەری سیاسی:**

بەپێچەوانەی کەسایەتی قارەمانەوە بەو جۆرەی پێشتر باسمکرد، لە قۆناغی ئۆرگانیزەبوونی خەباتی سیاسیی ئەم سەدەیەی ئێمەدا، کاراکتەرێکی سیاسی سەرهەڵدەدات کە بەهەموو توانایەوە خۆی وەك کەسێکی پابەند و بەوەفا لەئاست بەرنامەی ئایدیۆلۆژیدا، پێناسە دەکات. ئەم مرۆڤە کەسێکە ئەرکی سەرەکیی خۆی بە جێبەجێکەری ئەو پلانو نەخشانە دەزانێت کە لەبەرنامەی حیزبەکەیدا دەستنیشانکراون و ئامادەشە لەسات و بارودۆخی جیاوازدا مساوەمەیان لەسەر بکات. لێیان پاشگەز ببێتەوەو بەشێوەی جیاواز دایانبڕێژێتەوە. ئەم کاراکتەرە خەسڵەتی نەگۆڕی نییە تا سیمایەکی ئەفسانەیی، هەیبەتێکی کۆمەڵایەتی و پیرۆزییەکی ئایینی بداتێ.



لەپەیوەندیکردنی بەدنیاوە گرنگیی بەکارهێنانی زمانی خۆی فەرامۆش دەکاتو هەوڵێکی زۆر دەدات خۆی وەکو ئەوانیتر نیشتەجێ بکات، نەك خۆی لەکەناری ئەوانیتردا بسەلمێنێ.

کاراکتەری سیاسی نوێی ئێمە مرۆڤێکی ساکاریش نییە تا بتوانین پەیوەندیی خۆمانی بەئاسانی لەگەڵدا دەستنیشان بکەین. ساکاریی خەسڵەتی مرۆڤێکە رونو کراوە بێت و بڕوای بەخۆی هەبێت. کەچی ئەو هەوڵێکی زۆر دەدات تاکو خۆی وەك شارەزایەکی ئەقڵانیی/ سیاسی بناسێنێ، کە هەموو راستییەکی لەلایە و ئەم شێوە خۆنومایشکردنەشی وەك دیوارێك لەنێوان خۆی و ئێمەدا بەکار دەهێنێت تاکو زیاتر لێی نزیك نەکەوینەوە.. بەجۆرێك کە ئێمە وا هەستبکەین لەئاست ئەودا زۆر گەمژەو نەشارەزاین. ئەوەی کە بۆ قارەمانی کلاسیکی مساوەمەو دەستهەڵگرتن بوو لەداخوازییە رەواکان و سووربوونیشی لەسەر بەدەستهێنانیان بە لەسێدارەدانی خۆی کۆتایی دەهات، بەلای کاراکتەری سیاسییەوە بەشێکە لە "دیپلۆماسیەتی سیاسی"، کە زۆربەی خەڵك توانای لێتێگەیشتنیان نییە.

لێرەشەوە کاراکتەری سیاسی نەك هەر توانا و ئیرادەی نییە لەبواری رەسمیدا مەرجی خۆی دابنێت، بەڵکو هەموو ئەو مەجانەش قبوڵدەکات کە بۆی دادەنرێن. گەلێك نموونەمان لەبەر دەستدایە کە دەیسەلمێنن لە قۆناغی شۆڕی چەکداریدا، کاراکتەری سیاسی ئێمە کەسایەتییەکی لاواز و بڕوا بەخۆنەبوو بووە: مەرجی دەستپێکردن، درێژەپێدان و دواجار وەستاندنی زۆربەی ئەو "گفتوگۆ"یانەی

بەمەبەستی تەقەوەستاندنو چارەسەرکردنی کێشەی کورد دراون، لەلایەن کاراکتەری سیاسی کوردەوە نەبوون. بەدەگمەن ئەم کاراکتەرە ئیرادەی ئەوەی هەبووە لەحاڵەتی پێشێلکردنی کێشەیەکدا لە لایەنی دەوڵەتەوە، کۆبوونەوەی رەسمی جێبهێڵێت، یان دەستنیشانی شوێنی یەکتربینین و ئەو کاربەدەستانە بکات کە پێویستبووە لەگەڵیان دابنیشێت و نەیەوێت لەگەڵ کاربەدەستی بچووکی لایەنی بەرامبەردا کۆببێتەوە. زۆربەی جار ئاستی گفتوگۆکان لەنێوان موچە خۆری بچووك و خۆیدا تێپەڕی نەکردووە، زۆرجار بڕوای تەواوی بەگفتی عەریفێکی بەعسی، یان حاجیاغایەکی پاسداران کردووە و دڵی خۆی پێخۆشکردووە. هەندێجار نییەتی لایەنی بەرامبەری هەڵنەسەنگاندووە، کە ئایا بۆ گفتوگۆ لەگەڵیدا کۆدەبێتەوە یان بۆ مەبەستێکی تر: تیرۆرکردنی دکتۆر ئەورەحمانی قاسملۆ و هاورێکانی نموونەی ئەو جۆرە دانیشتنە شاراوە و بێمەرجانەیە کە بە تراژیدیای کاراکتەری سیاسیی ئێمە تەواو بوون.

هەروەها خاڵێکی زۆر گرنگ مەسەلەی وازهێنانی بووە لە بەرکارهێنانی زمانی کوردی و تەعبیرکردن بەو زمانەو قەبووڵکردنی پێشوەختی زمانی بەرامبەر، یاخود زمانی سێهەم. ئەم مەسەلەیە لەم ساڵانەی دواییدا لەبەرامبەر رۆژنامەنووسەکانیشدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەجۆرێ کە قسەکردنی کارکتەری سیاسی کورد بەزمانێکی بێگانە بە "زیرەکی" ئەو لێکدراوەتەوە. یەکێك لەو ئەفسانانەی لەسەر ئەم کاراکتەرە دروستدەکرێت بریتییە لەتوانای ئەو لەقسەکردنیدا بە



چەندین زمانی بێگانە کە ژمارەی زمانەکان دەگات (حەوت) زمانو بەرەو سەریش. دیارە ژمارەی "حەوت" لێرەدا مانایەکی میتۆلۆژی رووتی هەیە و لە ئەفسانە و داستانەکاندا دەلالەت لە کەماڵی پێگەیشتن و گەشەی جەستەییو دانایی دەکات(٢). بەڵام لەهەمان کاتدا ئاشکراکەری ئاستی پەیوەندیی نێوان سەرکردە و دەستوپێوەند و لایەنگریشە لەکۆمەڵگای هاوچەرخی ئێمەدا، کە هەتا ئێستاش بونیادێکی ئەفسانەیی و دینی هەیەو ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر تایبەتی هەیە لەمەسەلەی سەقامگیرنەبوونی یاسا و پرانسیپە ئەقڵانیەکانی ئیدارەی سیاسیی کۆمەڵدا. چونکە بەپێی ئەو بونیادە میتۆلۆژی و ئایینییە، رۆڵی سەرکردە و بڕیاری ئەو لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوەن و ناکرێت بەهۆی یاساکانەوە سنوور بۆ دەسەڵاتی سەرکردەو رابەر دابنرێت..

لەلایەکی دیکەوە، وردبوونەوە لە کاراکتەری سیاسی هاوچەرخ، بەتایبەتی لەکاتی گفتوگۆیدا لەگەڵ رۆژنامەنووسە بێگانەکانو توێژینەوە لەسەر شێوەی رەفتار، پانتۆمیمی روخسارو زمانی لەشی (Body language) و ستایلی جلوبەرگی و هتد. واتە توێژینەوە لەشێوەکانی دەرکەوتنی بۆ ئێمە بەوجۆرەی کە هەیە، گەلێك ئەنجامی سەرسووڕهێنەرمان لەبارەی پێکهاتەی کەسایەتییەوە پێدەبەخشێت.

کاراکتەری سیاسی بەوەدا کە دەیەوێت وەکو سیاسییەکی پیشەیی (پرۆفیشناڵ)و ئەقڵانی خۆی بەرجەستە بکات، بەوەدا بانگەشەی کەلتوورێکی سیاسیی دەوڵەمەند دەکات، کە بەلای ئەوەوە ئێمە

توانای تێگەیشتنمان نیە، ئەوە بەتوندیش دەیەوێت خۆی لەهەموو شێوازێکی خۆماڵیبوون، کەیەکێ بوو لە خەسڵەتە دیارەکانی قارەمانی کلاسیکی، جیابکاتەوە.

ئەم نایەوێت لەسیما و هەڵسوکەوتی رۆژانەیدا کۆنەپەرست، خورافی، تەقلیدی و کەللەڕەق و نادیموکراتی بێتە پێشچاو، بەڵکو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە وەکو نموونەی مرۆڤی مەدەنی و کراوە، دیموکراتی و پێشکەوتووخواز و دەستپێشخەر، خۆی بناسێنێ. ئەگەر قارەمانی کلاسیکی لە شێوەی خۆرازاندنەوە و رەفتارکردنیدا هەردەم بەوجۆرەی کە دەردەکەوت ئاماژەی بەنەرێتی تەقلیدی نەتەوەیی و ئایینی خۆی دەدا، (خەنجەر هەڵگرتن، کێش و جامانە تێکەڵکردن، کەواو سەڵتە لەبەرکردن و مێزەری مەلایانە لەسەرکردن، لەسەر زەوی و بەڕە دانیشتن و هتد.)، کە هیچکامێ لەمانە پەیوەندییان بە پێگەی کاری سیاسییەوە نییە، بەڵام لەجیدییەتی کێشە سیاسییەکانیش ناهێننە خوار، ئەوە کاراکتەری سیاسی نوێی ئێمە هیچ ئاماژەیەکی لەم بابەتەی نییە و بەسەختی خۆی لەم ستایلە تەقلیدیو خۆماڵییەی دەرکەوتن بەدوور دەگرێت، بەبێ ئەوەی ئەمە بووبێتە هۆی جیدیتر بوونی ئەو لەسەلماندنی کێشەکەیدا. ئەو لەشێوەی دەرکەوتنی رۆژانەیدا زیاتر لەمووچەخۆری فەرمانگەیەک دەچێت تاکو لە سەمبوولێکی سیاسیو نەتەوەیی. لەم گۆڕانەشدا "چاکەتو پانتۆڵ" جێگەی "کەوا و مراخانیان" گرتۆتەوە، "بۆینباخ" هەمان هەیبەت دەبەخشێت، کە تێکەڵکردنی "مشکی و جامانە"و دانشتن لەسەر



کورسی "قەنەفە"و دەوری مێز هیچ بەهایەکی بۆ حەرەمی پیرۆزی قاڵیو فەرش نەهێشتۆتەوە.

بەپێچەوانەی قارەمانی کلاسیکییەوە کە شوێنێکی دیاریکراوی نەبوو، کەهەردەم لە سەفەر و شوێنگۆڕکێدا بوو، هەموو مەڵبەندێکی وڵاتەکەی بەماڵی خۆی دەزانیو هتد. ئەوە کاراکتەری سیاسی هاوچەرخی ئێمە نۆماد و کۆچەر نییە و بەجۆرێکی تر دەڕوانێتە شوێن.

ئەو حەزی لە نیشتەجێبوون و سەقامگیری زیاترە تا لە گەڕانو شوێنگۆڕکێو جوڵەکردن. ئەمەش خەسڵەتێکی تەقلیدیو کۆنەخوازانەی کەسایەتیەتی. شوێن، بۆ ئەم شوێنی تێدامانەوەی هەمیشەییە، شوێنی رەگداکوتان و خۆ قایمکردنە، نەک شوێن وەکو فەزایەکی کراوە بۆ کۆکردنەوەی ئەزموونی نوێو بینینی دەوروبەر لە ئاسۆی ترەوە. کاراکتەری سیاسی نوێی ئێمە شوێن لەشێوەی "قەڵا" "بارەگا"، "مەکتەبی سیاسی" و "سەرکردایەتی حیزب"دا دەبەشدەکات، نەک وەکو شوێنی جوگرافیایی و ژیانی مەدەنی و فەزایەک بۆ چالاکبوونی مرۆڤ. شوێن بۆ ئەو شوێنی دەوامی رەسمییە کە بتوانێت تیایدا جەخت لەسەر پێگەی خۆی بکاتەوەو رەسمییەتێکی زیاتر بەخۆی بدات، نەک مەیدانێکی گشتی بۆ ژیانێکی بە بەرهەمو دروست. هەربۆیەشە بەلای ئەوەوە شار و گوند و مەڵبەندەکانی کوردستان لەبەر ئەوە گرنگ نین، کە بەشێکن لەسەرجەمی خاکی کورد، بەڵکو گرنگییان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تاچەندە بۆ ئەم بوونەتە شوێنی "نیشتەجێبوون" و "سەقامگیری" و "دەوامکردن".

بەمانایەکی دی، تاچەند توانیویەتی قەڵاو بارەگا و بنکە و دائیرەکانی خۆیانی تێدا دابمەزرێنیٚ و بەپێی "مێژووی حیزبەکەی خۆی" دابەشیان بکاتەوە و مێژوویان بۆ بەرهەم بهێنیٚ.
لێرەوە لەجیاوازیی گرنگیدانی زیاتری هەریەك لە پارتی و یەکێتی بە "هەولێر" و "سلێمانی"، بە "قەڵاچوالان" و "سەری رەش" و بەناوچەی "بادینان" و "سۆران"، یاخود لە قەناعتکردنیان بەو دابەشبوونە جوگرافی و ئیدارییەی ئێستای باشووری کوردستان تێدەگەین. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە نەستی هەر حیزبێکی سیاسی ئێمەدا، ناوچەکانی کوردستان نەك هەر وەکو بەشێك لە "سرووشتی کوردستان" ئامادە نین، بەڵکو زیاتر وەکو شوێنی سەرکەوتن و دۆڕانی شەڕەکان، شوێنی تۆڵەسەندنەوەکان و شوێنی جیابوونەوە و پیلانە خوێناویەکان ئامادەییان هەیەو یادیان دەکرێتەوە: (شەڕی هەکاری، کارەساتی پشتئاشان، کەپکی حەمەد ئاغا و چەندانیتر).

## گرنگیدان بە تەکنەلۆژی:

بەڵام گرنگترین جیاوازی و خاڵی جیابوونەوە لەنێوان قارەمانی کلاسیکی و کاراکتەری سیاسی هاوچەرخی کوردیدا، بریتییە لەشێوەی پەنابردنیان و ئیعجابیان لەئاست ئامێرە پیشەیی و تەکنەلۆژیەکاندا، لەم روانگەیەوە ئامێری تەکنیکی هەر بەتەنیا کۆمەڵیٚ کەرەستە نییە کە دەکرێت بۆ مەبەستە دەستنیشان کراوەکان، بەکاربهێنرێن. بەڵکو ئەو



کەرەستانەش دەگەڕێتەوە کە لەشێوازی پێکهاتنیاندا ئامانجی بەکارهێنانیان و رەهەندی جۆرێك لە ئەخلاقیان هەڵگرتووە و ئەمانەش تەنیا لەساتی بەکاربردنیاندا ئاشکرا دەبن..
بەمانایەکی تر، تەکنیك و کەرەستە تەکنیکییەکان بەرهەمی بێلایەن و نێوترالٚ نین، چونکە کاتێك ئێمە لەژیانی کۆمەڵایەتیماندا سوود لەکەرەستە تەکنەلۆژیو پیشەییەکان وەردەگرین، لەهەمان کاتیشدا ئەو تێگەیشتنە لەسرووشتو مرۆڤ پەرەپێدەدەین کە بەشێکی جیانەکراوەیە لەتەکنیكو بیری تەکنیکیو مێژووی تەکنەلۆژیا. ئەمەش بەچاوپۆشین لەوەی هەڵوێستو ئەزموونو ئیرادەو ئەخلاقی خودی حۆمان لەئاست ئەو بەرهەمانەدا چۆنە. بەهەر مەبەستێك تفەنگ هەڵدەگرین و نییەتمان هەرچییەك بێت لەو نرخەی بۆی قاییل دەبینو چۆن پێناسەی دەکەین، ئەوە ناتوانین لەو راستییە رابکەین کە پێماندەڵیٚ: تفەنگ ئامێرێکی شەڕ و کوشتارە. ئیتر ئێمە لە تفەنگ ئینجانەی گوڵ دروست دەکەین، یا دەیکەینە لەیستۆکی یاری منداڵان یاخود هەر دیواری مۆزەخانەکانی پێدەڕازێنینەوە، هیچ لەوجەوهەرە ناگۆڕێت کە تفەنگ لەشێوازی پێکهاتەی خۆیدا بۆی دروستبووە.
ئەوەی لەم خستنە رووەدا بەلای منەوە گرنگە ئاماژەدانە بەو راستییە شاراوەیەی کە ئاشکرایدەکات: (***چۆن لەپشت گرنگیدانو ئیعجابی قارەمانی کلاسیکیو کاراکتەری سیاسی ئێمەوە بەکەرەستە پیشەییو تەکنیکییەکان، لەسەر ئاستی دەروونیو پێکهاتەی کەسایەتی، هەوڵدانێکی سەختیش (بەڵام داپۆشراو) هەیە بۆ سەلماندنو***

***جەختکردنەوە لەسەر رەگەزی نێرانەی خۆی، یاخود هەوڵدان بۆ شاردنەوەی لاوازییەکانی ئەو رەگەزە نێرانەیە.)*** ئەمەش بەجۆرێك کە ئیشکردنی پیاوی سیاسی ئێمە و لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی گشتیی، هەڵدەگێڕێتەوە بۆ ئیشکردن لەپرۆژەیەکدا کە خواستی سەرەکی بەرگریکردن بێت لەسەلماندنی نێرایەتی خۆی، لە داپۆشینی دۆخی خەسانو پاسیڤبوونی خۆی، لە تەئمینکرنی دۆخی "بردنەوە و سەرکەوتن"یدا بە هەر نرخێك بێت، نەك ئیشکردن لەپرۆژەیەکی سیاسیدا بۆ تێگەیشتنو ئیدارەکردنی کۆمەڵگا و چەسپاندنی یاسا ئەقڵانیەکان.

هەموو ئەمەش پێماندەڵێت، بکەرەکانی ناو کایەی سیاسی ئێمە بەرهەمی زانستگا و قۆناغەکانی خوێندن و قووڵبوونەوە لەفەلسەفەی سیاسیو چەمکە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکانیدا نین. شەڕەکانی ئەوان لەکایەی سیاسیدا لەسەر تەفسیری چەمکەکانو شێوەی تێگەیشتنیانەوە لەواقیع دروست نەبوون، بەڵکو ئەو ئاژاوە سیاسیو لەیەکتر تێنەگەیشتنەی هەیەو بەردەوام بەرهەمدێتەوە، بەدوا ئەنجامدا دەمانباتەوە سەر راستەڕێی گەیشتن بەسەلماندنی چڕترینو بەزەبرترین ئاستەکانی نێرایەتی، کە لەهەمان کاتدا شاردنەوەی لاوازییەکانیشێتی..

چونکە ئەو شتەی لەجەوهەردا بەردەوامیی دەداتە شەڕو پێکدادانەکان ترسێکی شاراوەیە لەخەسان، نەك تێکشکانی ئایدیۆلۆژیو سیاسی، ئەمەش لەبەر ئەوەی ترس لەخەسانو لەدەستدانی نێرایەتی کێشەی مرۆڤە لەتێگەیشتنیدا بۆ خودی خۆی



کە ناتوانێت بیگۆڕێتو چارەی بۆ بدۆزێتەوە. لەکاتێکدا تێکشکانی سیاسیو ئایدیۆلۆژی کێشەی مرۆڤە لە تێگەیشتنیدا بۆ واقیعو هەوڵدانی بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە. مرۆڤی سیاسی راستەقینە لەدوای هەموو تێکشکانێك، بە چەمك و تێگەیشتنەکانیدا دەچێتەوەو هەوڵی خۆدەربازکردن لە تەنگژەکانی دەدات، بەڵام بکەرێکی سیاسی لە ترسی خەسان و لەدەستدانی نێرانەی خۆی بەردەوام پێویستی بە تازەکردنەوەی ئاستەکانی گرژی و تۆڵەکردنەوە و شەڕکردن هەیە.

با ئەو دەربڕینەی پێشتر بە "گرنگیدان و ئیعجابی قارەمانی کلاسیکیو کاراکتەری سیاسی کورد بە کەرەستە پیشەییو تەکنیکیەکان" لێکمدایەوەو کردمە بەڵگەی سەلماندنو داپۆشینی رەگەزی نێرانەی خۆی، وەکو تێزێك وەربگرین کە هێشتا نەسەلمێنراوەو ئێمە دەمانەوێت بەهۆی راڤەکردنی زیاترەوە تێگەیشتنی خۆمان لەبارەیەوە مەحکەمتر بکەین.

دیارە پێش هەموو شتێك "سەلماندنی کەسایەتی"، یاخود "شاردنەوەی لاوازییەکان"ی ناسنامەی کەسەکان، شتێکە پەیوەندیی هەیە بە "ناسنامەی قەیراناوی نێرینە"وە بەشێوەیەکی گشتی، نەك هەر تەنیا بەخودی کاراکتەری سیاسەتمەدارەوە لەکایەی سیاسی کوردیدا. لەم روانگەیەشەوە دەکرێت ئەم لایەنە بەهەمان میتۆد بخوێنینەوە کە لەکاتی وردبوونەوەماندا لەگرنگیدانی پیاو بەهەندێ وەرزشی وەکو (ئاسنبەرز کردنەوە، شەڕەبۆکس، لەشجوانی و

گاكوژی ئیسپانیایی و زۆرانبازی )و هتد بەكاریدەهێنن و هەموو ئەمانەش شێوەكانی دیكەی خۆسەلماندنو شاردنەوەی لاوازییەكانن.

لێرەشەوە دەتوانین بچینە ناو قولاییەكانی تەنگژەی ئەو كاراكتەرە نێرینەیەوە كە بەردەوام پێویستیی بەپەنابردن هەیە بۆ جۆرێك لەچالاكیو ئامێر تا لە ڕێگەیانەوە جەخت بكاتەوە لەسەر هەیبەتی پیاوانەو بڕیاردەرانەو بەرچاوبوونی خۆی، هەڵبەت ئێمە دەتوانین شێوەی دیكەی سەلماندنو شاردنەوەی لاوازییەكانی نێرایەتی هەریەك لەقارەمانی كلاسیكیو كاراكتەری سیاسیی نوێمان بەئاماژە كردن بۆ گەلێك بواری دیكەی ژیانی ڕۆژانەشیان بسەلمێنین (بۆ نموونە: حەزی كوشندەیان بۆ دەوڵەمەندی، دەعوەتی خواردنو خواردنەوەی هەمەجۆر، ژنهێنانەوە، ئەسپسواری، ڕاوەكەو، نیشانەنانەوە..) بەڵام ئەگەر لێرەدا تەنیا باسەكەمان بەئاماژەكردن بۆ كەرەستە پیشەییو تەكنەلۆژییەكان كورتبكەینەوە، ئەوە دەتوانین زۆر بەكورتی سێ قۆناغی پەنابردنی ئەم كەسایەتییە بۆ هەندێك لەو كەرەستە و ئامێرە پیشەییو تەكنیكیانە (لەپێناوی پتەوكردنی ڕەگەزی نێرینەیی خۆیدا) دەستنیشانبكەین، بەبێ ئەوەی بمانەوێت بچینە ناو وردەكارییە مێژووییەكانەوە.

بێگومان جەخت لەسەر ئەوە ناكەم كە ئەم ڕوانگەیە هەموو شتێكمان لەسەر تەنگژەی ناسنامەی نێری سیاسی كورد پێدەڵێت، هەروەكو چۆن مەبەستیشم نییە بڵێم تەنیا نێر گرنگیی بەكەرەستە تەكنیكیو پیشەییەكان ئەداتو ئەمەش تەنیا بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەكرێت..



ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بریتییە لە ئاوڕدانەوە لەم مەیدانە وەكو مەیدانێكی توێژینەوە بۆ تێگەیشتن و نزیكبوونەوەیەكی زیاتر لە ناسینی جەوهەری بابەتەكاندا. ئیدی ئەمە چۆن دابەشدەكەینو چەند لایەنی بەسەردەكەینەوەو چۆن تیایدا قووڵدەبینەوە، پەیوەندی هەیە بە مەنهەج و خەیاڵو وردبینیمانەوە لەكردنەوەی دەرگاكاندا بەرەو پرسیارو گومانیتر..

**قۆناغی یەكەم: خەنجەر ئەسپ،**



دەكرێت ئەم قۆناغەی گرنگیدان بەكەرەستە و ئامێرە تەكنیكییەكان بە "قۆناغی كلاسیكی" گرنگیپێدانی نێری سیاسی كورد بەكەرەستە و ئامێرەكان دابنێین، كە ڕەنگە خەنجەر دیارترینی ئەو كەرەستانە بێت. دیارە ئەگەر ئێمە سنووری باسەكەمان تەنیا بە ئامێرە تەكنیكی و پیشەییەكان دەستنیشان نەكردایە و باسی لایەنی تریشمان بكردایە ئەوە دەبوو بە وردی قسە لە ڕۆڵی دوانەی "ئەسپ و مایین" سەبارەت بەتێزەكەی پێشترمانەوە بكەین. بەڵام ئەمە ڕێگاكەمان دوور دەخاتەوە و بێجگە لەوەش ئێمە تەنیا باسی

بەرهەمی کەلتووری دەکەین، واتە بەرهەمە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ خۆی، نەك باسی پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و ئەو خەسڵەتانەی مرۆڤ بەپێی هەندێ تقووسی ئایینی و فەرهەنگیی دەیانداتە پاڵ رەگەزە سرووشتییەکان، کە گیاندار و درەخت و چیاکانیش بەشێکن لەو سرووشتە.

هەموو دەزانین رۆژگارێکی زۆرە لە کەلتووری ئێمەدا "خەنجەر و شمشێر" سەمبوولی ئازایەتی، زەبر، عەدالەت و پیاوەتین. لەبەر ئەوە دەتوانین لەو گرنگییپێدانە تێبگەین کە قارەمانی کلاسیکی بەمجۆرە ئامێرانەی داوەو رەنگە ئەمە باشترین سەرەتاش بێت بۆ لێکۆڵینەوەمان لەو پەیوەندییەی پێشتر ئاماژەم پێکرد. ئەگەرچی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە ئامێرانە سەرچاوەیەکی سەدەی بیستەمییان هەیەو گەلێك ئەفسانەو داستانی کوردیش هەن کە پڕن لەمرۆڤی شمشێر و خەنجەر بەدەست، یاخود پاڵەوانەکانیان بەخەنجەر و شمشێر سەریان پەڕێنراوە. بەڵام ئەمە نەبۆتە رێگر لەبەردەم کەسایەتی سیاسی کوردیدا کە تاکو ماوەیەکی زۆری ئەم سەدەیەش هەمان تێگەیشتنی دێرینەی بۆ ئەم ئامێرانە، لەپەیوەندییان بەپێگەی خۆیەوە، هەبێت. واتە پەیوەندییان بە سەلماندنی نێرایەتیو زەبر و دەسەڵاتی خۆیەوە.

لەراستیشدا ئەم خستنە رووە هیچ زیادەڕۆییەکی میتۆدی نییەو دەتوانین بەهۆی "دیاردەناسی خەنجەر"ەوە، واتە: بەهۆی



وردبوونەوە لە فۆرمەکەیەوە، لە رێگەی ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان "خەنجەر"و"کێلان"ەوە، لەرێگەی توێژینەوە لە دەلالەتی "ژەهراوییبوون" و "تیژی" و "بریسکە"ی دەمی خەنجەرەوە، پاشان بەهۆی راڤەکردنی کێلانەوە وەك شوێنێکی "دڵنیا"و "نەرمەڵان" کە "زوڵمەتی ناودەروون"ی باوەشدەکات بەنوکی خەنجەردا و لە خۆیدا ئارامیدەکاتەوە..، ئەوجا بەهۆی دیقەتدان لە شێوەی بەکارهێنانییەوەو ئەو پەیوەندییە شاراوانەی لەنێوان مانای "خەنجەروەشاندن" "خوێنڕشتن" و "بەزاوابوون"دا دروستدەبن و هەموویان هەڵگری دەلالەتی سەلماندنی نێرایەتی و نفوزکردنن، (کە بەکرداری "لێدان"، "هەڵدرین" و "کونکردن" وەسفدەکرێن)، یاخود دەلالەتی ئەو تەقسانەن کە نێر تیایاندا هێزی خۆی تاقیدەکاتەوە، بە گەلێك ئەنجامی سەیر بگەین، کە بۆمان رووندەکەنەوە بۆچی بەتایبەتی ئەم کەرەستە دەستکردە، نەك دەیان کەرەستەی دەستکردی تر لە کەلتووری ئێمەدا، بۆتە رەمزی بەرهەمهێنانی نێرایەتی و نیشانەی زەبری پیاوی کورد.

لەبەرئەوە توێژینەوە لە خۆشەویستی نێری کورد بەگشتیو کەسایەتی سیاسی بەتایبەتی، بۆ "خەنجەر" وەکو کەرەستەیەك و دواجار وەکو رەمزێك، یەکەم قۆناغی ئەو تەنگژە و قەیرانەی نێری کوردمان لەئاست ناسنامەی خۆیدا بۆ ئاشکرا دەکات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ئەم کەسایەتییە دەکەوێتە بەردەم شێوەیەك لەشێوەکانی خۆسەلماندنی وەك نێرینەیەك..،



دیارە بۆ سەلماندنی سەرەتای دەستپێکردنی ئەم قۆناغە پێویستە گەلێك لێکۆڵینەوەی ورد لەناو ئاستەکانی کەلەپووری کوردیدا بکەین. ئەگەرچی دۆزینەوەی هاندەری یەکەمجار بۆ هۆی بەکارهێنانی خەنجەر، هیچ لەمانای ئەو گرنگییە ناگۆڕێت کە پاشتر خەنجەری کردە رەمزی نێرایەتیو هەیبەتی زەبراوی پیاو بەگشتیو پیاوی سیاسی بەتایبەتی لە کەلتووری ئێمە و کەلتوورەکانی دیکەشدا.

## قۆناغی دووەم: ئۆتۆمبێل

ئەگەر قۆناغی گرنگیدان بەخەنجەر دیاردەیەکی پێش سەدەی بیستەمی بێت، ئەوا قۆناغی دووەم و سێهەمی پەنابردنو ئیعجابی کەسایەتی سیاسی ئێمە بۆ بەرهەمەکانی تەکنیك و پیشەسازی، بەتەواوی دیاردەی سەدەی بیستەمین و پەیوەندییان هەیە بە کاریگەرییەکانی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنیکییەوە لە خۆرئاوا، کە بەرهەمەکانی خۆی بەهەموو لایەکی دیکەی جیهاندا بڵاوکردوونەتەوە.



ئەگەر لەناو ئەو بەرهەمە پیشەسازیو تەکنەلۆژیانەشدا چاو لە ناوهێنانی کەرەستەگەلێکی وەك جۆرەکانی تفەنگی ئۆتۆماتیکیو وردە ئامێری لەبابەتی بێتەلو دووربینو ئەو جۆرە شتانە بپۆشین، ئەوە " ئۆتۆمبێل"، یان "ماشێن" گرنگترین بەرهەمی پیشەسازیو تەکنەلۆژییە کە پاڵپشتی نێری کوردی کردووە لە گێڕانەوەی بڕوا بەخۆبوونی و سلماندنی ئاستی کەسایەتیدا.

ئۆتۆمبێل هەر بەتەنیا هۆیەکی گواستنەوە نییە کە لەئەنجامی سەرفکردنی وزەیەکی دیاریکراوەوە، لەم شوێنەوە دەمانبات بۆ ئەو شوێن. بەڵکو کەرەستەیەکیشە بەهۆیەوە دەستنیشانی سنووری خۆمان لەگەڵ ئەوانیتردا دەکەین، کە ئەم دەستنیشانکردنەش هەر تەنیا لایەنی پلەی کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە. بەڵکو لەهەمان کاتدا یارمەتیماندەدات بۆ جیاکردنەوەی پێگەی خۆمانو بێگومان سایکۆلۆژیای خۆشمان لەئەوانیتر.

باشترین نموونە بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە لەپەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە، بریتییە لەتوێژینەوە لە رۆڵی ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەتانەی لەئێستای خوارووی کوردستاندا (ئەم وتارە ئاماژە بۆ ساڵانی نەوەدەکان، دەکات)، بەدەست هەندێ لەکاربەدەستە باڵادەستەکانەوەن. لە زمانی رۆژانەی خەڵکدا ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە لەبەر تایبەتیبوونەکەیان و تازەیی دیزاینی هەندەسییان (کە هێزی مەکینەو خێراییو لایەنی فۆرمو جوانیشیان دەگرێتەوە)، لەبەر نرخی

گران و کەم نموونەییان لەوڵاتی ئێمەدا، ناوێکی دیکەیان وەرگرتووەو بەناوی ژنە ئەکتەری میسری (لەیلاعەلەوی)یەوە ناودەبرێن. هەر ئەم ناونانەش بۆخۆی هەڵگری گەلێك دەلالەتی جیاوازە کە فەنتازیای کۆمەڵایەتی ئێمە بەرهەمی هێناون و ناکرێت و بوار نیە لێرەدا لەبارەیانەوە بکۆڵینەوە.

"لەیلا عەلەوی" وەك جۆرێ لە ئۆتۆمبێل، تایبەتە بەکاربەدەستە سیاسییە بەرزەکان و لێرەشەوە جیاکەرەوەی سنووری کۆمەڵایەتی،



دەسەڵاتی سیاسی و پێگەی ئەم کاربەدەستانەیە لەناو کۆمەڵداو پاشانیش لەناو کاربەدەستانی دیکەی هەمان تۆڕ و کایەی دەسەڵاتدا.

بێگومان ئەم ناولێنانە نە لەسەر ئاستی لێکچوونی شێوەیە و نە لەسەر ئاستی لێکچوونی کارکردەوە (فۆنکشن)ەوەیە، چونکە ژنە بکەرێك بەهەموو توانا و سیمای مرۆیی خۆیەوە دەبێت چ



هاوشێوەییەکی لەگەڵ مۆدیلێکی ئۆتۆمبێلدا هەبێت کە لە ئاسن و



پلاستیك و شووشە دروستکراوە؟! بۆیە ناولێنانەکە زیاتر دەلالەت لەئەزموونی مرۆڤی کورد دەکات لەگەڵ کاراکتەری سیاسی نوێدا، کە جۆرێکی کەسایەتییە نەك هەر لەبواری سیاسیدا، بەڵکو لەبواری خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیشدا بەرژەوەندی خۆی پێشدەخات و بەردەوام شتی ناوازە، دانسقەو تایبەتی بۆخۆی دەوێت.

بەم پێیەش ناوی لەیلاعەلەوی بکەر، دەبێتە نیشانە و سەنگ بۆ ئەو شتە دانسقە و گرانبەها و دوورەدەستەی کە مرۆڤی سادەی ئێمە هەرگیز لەواقیعدا دەستی پێیناگات. بەڵام ئەمە رێ لەوە ناگرێت کە فەنتایای ئەم مرۆڤە نرخی خۆی لەسەر شتە گرانبەهاو دوورەدەستەکان دابنێت و ناویان بۆ بدۆزێتەوە، تاکو بۆشاییە ناخەکیەکانی خۆی پڕ بکاتەوە، یان رەخنە و قسەکانی دڵی خۆی لە رێگەیانەوە دەربڕێ، یاخود خۆزگە و هیواکانی خۆی بەهۆیانەوە ئاراستە بکات. بەم پێیەش ناوبردنی جۆرێ ئۆتۆمبێل بە "لەیلاعەلەوی" دۆزینەوەی لێکچوون نییە لەنێوان مرۆڤێك و جۆرێ ئۆتۆمبێلدا، بەڵکو دەربڕینی مانایەکە لەسەر

شتێکی دورەدەست و دەستپێنەگەیشتوو بەجیهانی مرۆڤی کورد، وەك دووره دەستیی و ناوازەییو جوانیی ئایدیالیزەکراوی خاتوو لەیلاعەلەوی بکەر لەهەمان مرۆڤەوە !.

ئەوانەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەم ئۆتۆمبێلانە هاتووچۆ دەکەن بۆخۆیان گرووپێکی تایبەت پێکدەهێنن، کە لەسەرجەمی کۆمەڵو پاشانیش لەسەرجەمی کاربەدەستەکانی دیکەی هەمان گرووپ جیایان دەکاتەوە.

"لەیلاعەلەوی" هەر بەتەنیا ئۆتۆمبێلێك نییە بۆ گواستنەوە، بەڵکو ئەو ئۆتۆمبێلە گرنگ و "جوان"ەشە کە وەکو نیشانەیەك لەناو هەرەمی جیاکردنەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتو دەستنیشانکردنی هیرارکیەتی دەسەڵاتدا رۆڵێکی گرنگی هەیە. لەفەنتازیای مرۆڤی ئێمەدا، کاربەدەستی بەدەسەڵات ئەو کەسە نییە کە لەرێگەی پلانی سیاسیو نەخشەی ئەقڵانیی وردەوە لەپێناوی خۆشکردنی گوزەرانی هاوڵاتیان، کەسایەتی خۆی لەناو کۆمەڵدا دەسەلمێنێ، بەڵکو ئەو کەسەیە کە بە جۆری ئۆتۆمبێلی "لەیلاعەلەوی" دێت و دەچێت. لەلایەکی تریشەوە "لەیلاعەلەوی" جۆرێکە لە ئینتیما و ناسنامەی سیاسی، جۆرێکە لە بەڵگە بۆ پیشاندانی نزیکی و دووریی کاربەدەست لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتەوە. ململانێی ناو کایەی دەسەڵات ململانێیەك نییە لەسەر چۆنێتی پیادەکردنی بەرنامە و پلانی سیاسی تازەو رەتکردنەوەی پارسەنگ و یاسا کۆنەکانی ئەو پانتای سیاسییەوە بێتە دی، وەکو بۆردیۆ خاڵە تیۆرییەکانی خستۆتە ڕوو، بەڵکو ململانێیە لەسەر بەدەستهێنانی ئەو پلەیەی دەسەڵات کە



دواجار لەڕێگەیەوە ئەندامی ناو کایەیەکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستێکی دروست، کە بتوانێت بیکاتە خاوەنی ئۆتۆمبێلی "لەیلاعەلەوی" و سەمبولە بڕیاردەرەکانی دیکەی دەسەڵات و سەرمایە ڕەمزییەکەی.

## قۆناغی سێهەم:
## بوارەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان:

قۆناغی سێهەم لە مێژووی پەنابردنی کاراکتەری سیاسی ئێمە بۆ تەکنیك و لەوێشەوە بۆ جەختکردنەوەو پێناسەکردنەوەی دەسەڵاتمەندیی نێرانەی خۆی، لە گەڵێك ئاستدا دەبینینەوە. ئیعجابو گرنگیپێدانی ئەم کاراکتەرە بەهۆیەکانی راگەیاندن و میدیاکانی ئاڵوگۆڕکردن، ئاشکراو روونە. بێگومان لەمەشدا بارودۆخی بابەتیانە و پێویستیی کۆمەڵگا، کاریگەریی خۆی هەبووە و پێویستە لەدوا رۆژیشدا بە وردی قسە لەمبارەیەوە بکەین. ئەگەرچی ئەمە ریمان لێناگرێت کە ئێستا ( ١٩٩٩ )بەشێوەیەکی کورت سەری باسەکە دابمەزرێنین.

لەقۆناغی شەڕی چەکداریدا، ئامێرکانی وەکو "بەرقیە" و "لاسلکی" و "رادویێ" رۆڵی گرنگیان لەمبارەیەوە بینی، پاشان کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان لەدوای راپەڕینی ١٩٩١وە ناسنامەیەکی دیکەی بۆ کاراکتەری سیاسیو رێکخراوە سیاسیەکەی دروستکرد. لەسەرەتاوە ئامێر و کەناڵی تەلەفزیۆن جەختکردنەوەیەکی تر بوو لەسەر هێزی ئەو "یەکەم" حیزبە سیاسییەی لەمێژووی کوردا بووە

خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆی. هەروەها دەیتوانی لەرێگەی ئەم دەزگایەوە سنووری پێناسەکردنی دەسەڵاتی خۆی لەناو کایەی سیاسی کوردیدا فراوانبکات( ٣ ). بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژەکان و شکانی ئەو سنووری خۆجیاکردنەوەیەی دەزگای تەلەفزیۆن دابینی دەکرد، لەلایەن حیزبەکانی ترەوە، دەبوو دەستەی یەکەم بەدوای پێوەری دیکەی خۆجیاکردنەوەدا بگەڕێت. لەمەشدا بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووریی هەمان دەستە یارمەتیدەرێکی باش بوو. من پێموایە هەوڵدانەکانی هەردوو حیزبی پارتی و یەکێتی بۆ کردنەوەی ماڵپەڕی ئینتەرنێت، هەوڵدان بۆ خستنەکاری کەناڵی تەلەفزیۆنی سەراسەریو جیهانی ( ئاسمانی )، لەرێگەی ئابوونەکردنی مانگی دەستکردەوە، هەروەها هەوڵدانی زۆر بۆ کۆمپیوتەریزەکردنی فەرمانگەکان، ( بەتایبەتی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا )، هەموویان جەختکردنەوەن لەسەر گرنگیی جیاکردنەوەی سنووری خۆپێناسەکردنی ئەم دوو حیزبە لە ڕێگەی پەنابردنیانەوە بۆ بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا (کە پاشان ئاسیاسێڵ و کۆڕەك تیلیکۆم، وەك دوو میرنشینی بەرامبەر لەناو ئەم ململانێ ئابوورییەدا دەرکەوتن ).

لەبەر ئەو هۆیەش کە بونیادی ئەم حیزبانە لەدەوری سەنتەریزمی تاکە سەرکردە دەسووڕێتەوە و چەقیبەستووە، ئەوە هەموو خۆجیاکردنەوەیەکی ئەمیان لەویتر و هەموو بەدەستهێنانی شانازییەك کە لە ئاست یەکتردا، بەرزیاندەکاتەوە بۆ پلەیەکی بالاتر، لەئەنجامدا



دەبێتە خۆجیاکردنەوە و بەدەستهێنانی هەیبەتێکی زیاتر بۆ خودی سەرکردە، وەکو ڕەمز و نموونەی نێرینەی بەدەسەڵات.

ململانێی ناو کایەی دەسەڵاتی کوردی چیدی لەسەر ژمارەی پێشمەرگەی ئازا، ژمارەی شەهیدەکان، بردنەوەی شەڕەکان، بەدەستهێنانی چەك و کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵیو دامەزراوی مەدەنی و شتی لەوجۆرەوە نییە، بەڵکو ئەم ململانێیە زەرووڕەتی سازدانی پێناسەی نوێو جیاکردنەوەی سنووری تازە لەنێوان کایەکانی دەسەڵاتدا دەسەپێنێ. هەریەکێ لەم لایەنانەی دەسەڵات تا ئەو کاتە خۆی لەویتر بەهێزتر و دەسەڵاتمەندتر و پێشکەوتووتر دەزانێت ئەگەر تەنیا خۆی خاوەنی ئەو فاکتەرانە بێت کەسنووری خۆجیاکردنەوەی لەویتر بۆ دابین دەکەن. بەڵام لەو کاتەوە هێزی بەرامبەر دەبێتە خاوەنی هەمان ئەو فاکتەرانە و هەمان ئەو سەرمایەی ڕەمزی و ئابوورییەی دێتە دەست کە ئەویتریش خاوەنیەتی، ئەوە کایەی یەکەم هەموو هەوڵێك دەدات بۆئەوەی جارێکی تر مەودای سنوورەکانی خۆی فراوانتر بکات و خۆی جیابکاتەوە. بۆیە ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێت ئێستا دەستنیشانی ئەو فاکتەرانە بکەین کە لەدوا ڕۆژدا سنووری ململانێی نێوان کایەکانی دەسەڵاتی کوردییان لەسەرەوە پێناسە دەکرێت، بەڵام ئەگەر کەڵەکەبوونی ئابووری بەمجۆرەی ئێستای بەردەوام بێت، هیچ دوور نییە ئەو سنوورە بەهۆی تەکنەلۆژیای شەڕەوە خۆی پێناسە نەکات و یەکەم هەنگاویش بۆ ئەمە پێدەچێت هەوڵدانبێت بۆ کڕینی کۆپتەرو

کردنەوەی فرۆکەخانە و ئامادەکردن و کڕینی فرۆکەوانو شارەزای تایبەت لەم مەسەلەیە.

لێرەشەوە بەزمانی پۆڵ ڤیریلیۆی فەیلەسووفی ئیتالی، دەتوانین بڵێین: بۆ یەکەمجار هێزی کوردی مەیدانی خۆی لەسەر زەوییەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئاسمان، ئەمەش دوای ئەوەی لەشاخەوە گواستییەوە بۆ شارەکان. هەروەها بۆ ئەوە دەچم لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیشدا لەبەر نەبوونی دەرامەتی پێویست بۆ کڕینی بەرهەمو ئامێرە تەکنەلۆژییەکانو ڕێگای ڕاستەوخۆی پەیوەندیی بازرگانی، وردە وردە ئیشی دەستی لەبواری تەکنیك و بەرهەمی پیشەییدا پەرەبستێنێ. نموونەی ئەمەش لەدروستکردنی هەندێ ئامێری وەك ساجی سەتەلایەت، ئامێری کەناڵگۆڕین، کەششافەی لوغم هەڵگرتنەوەو تەلەفۆنی دەستیدا دەبینین..

پێویستە وەکو ئەنجامگیرییەکی سەرەتایی بۆ ئەم بەشە بڵێم: ***لەبەرئەوەی ئیعجابی کاراکتەری سیاسی ئێمە بەئامێر و بەرهەمە تەکنەلۆژییەکانی خۆرئاوا هاوشان نییە بەتێگەیشتن لەجەوهەری تەکنەلۆژی و مێژوویەتی تەکنەلۆژیا، هەروەها هاوشانیش نییە بە ئاستی شارەزایی ئەوان لەبەکارهێنانیدا، ئەوە ئەو ئیعجابە هەمیشە لەپلەی "ئیعجاب لەبەرامبەر شتی تازە"دا دەمێنێتەوە***. تازەش ئەو شتەیە کە بەموڵکایەتیکردنی و بەدەستهێنانی، بەوەی کە کاراکتەری سیاسی بتوانێت بیکات بەهی خۆی و بۆ "یەکەمجار" بەناوی ئەو و حیزبەکەیەوە بهێنرێتە ناو کۆمەڵگاوە، ئەوە خزمەتی پێگەی سیاسی خۆی پێدەکات.



کاراکتەری سیاسی ئێمە و حیزبەکەی لەپێشبڕکێی ئەوەدایە کە هەموو شتە تازەکان، واتە هەموو ئەو شتانەی پێشتر لەوڵاتی ئێمەدا نەبوون، بهێنێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. ئەمەش بەبێ بیرکردنەوە لەجەوهەریان و بەبێ گوێدانە ئەو کێشانەی لەئەنجامی هاتنە ئارای شتە تازەکانەوە پەیدا دەبن. لێرەشەوە کاتێك تەنیا ئامادەکردنی فیزیکیانەی ئامێرەکان دەبێتە شوێن گرنگیپێدان، واتە ئەوەی کە چۆن زۆرترین ژمارەی بۆ نموونە ئۆتۆمبێل و جیهازی کۆمپیوتەر و سەتەلایت و دیجیتاڵ بکەیت بە دهۆك و هەولێر و سلێمانیدا و لەسەر ئەمەشەوە بانگەشەیەی مۆدێرنیزەبوون بکەیت، ئەوە هێندەی پێناچێت کە کۆمەڵگای کوردی دەبێتە زبڵخانەی دەیان ئامێری تەکنەلۆژی و مەکینەی هەمەجۆر کە لەوڵاتەکانی تردا بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی و پیسبوونی ژینگەو پەیدابوونی دەیان کێشەی دیکە بۆ مرۆڤ و گیانداران و سرووشتی دەوروبەریان.

## بیرهێنانەوەیەك

پێشتر لەبەشی سێهەمی ئەم وتارەدا نووسیم: بواری بە قارەمانبوونی ئۆجالان زۆر کزە، بەڵام ئامادەیی ئەو لەناو سیستەمێکی لێپرسینەوەی مۆدێرندا لەو ساتەدا کە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی سیمای بەربەریانەی ئەو سیستەمە، ئامادەبوونێکی قارەمانانەیە. هەروەها نووسیم: "ئەو تەنیا کاراکتەرێکی سیاسییە لە بارودۆخێکی تایبەتدا" کە لە بارودۆخی سیاسییە کوردەکانی

هاوشێوەی جیای دەکاتەوە. پاشان بەراووردێکی خێرای "قارەمانی کلاسیکی" و "کاراکتەری سیاسی" هاوچەرخم لەسەر چەند ئاستێکەوە کرد تا پتر ئەو "دۆخە تایبەتی"یەی ئۆجالانی تێدا دەبینمەوە بەرجەستە بکەم. لەئەنجامی ئەو بەراوردەوە هەوڵمدا بڵێم: سرووشتی بەرەنگاربوونەوەو ناڕەزایی‌و خەباتی کورد لەم سەدەیەدا، لەرێگەی پرۆسەی "خۆئۆرگانیزەکردن"ی ئەقڵانییەوە رێیگرتووە لەدەرکەوتنی قارەمان تیایدا بەتێگەیشتنە کلاسیکییەکەی، کە کەسایەتی قارەمان تیایدا خاوەنی سرووشتێکی نائەقڵانی و عەفەوی بووە. لەراستیشدا بکەرەکانی ناو کایەی سیاسی ئەم سەدەیەی ئێمە لەئاستی چەند نموونەیەکدا نەبێت، هیچ سیفەت‌و پەیوەندییەکی هاوبەشیان بەقارەمانی کلاسیکی ناو واقیعی کوردی سەدەکانی پێشوو، لەنموونەی وەك "شێخ بەدرەدین ١٤٢٠"، یاخود قارەمانی ناو داستانە نووسراوەکانی وەکو "دوانزە سوارەی مەریوان"و "قەڵای دم دم"وە نییە. بەڵام ئەگەر سرووشتی خەباتکردنی ئەم سەدەیەی ئێمە، ئۆجالان لە ئاستی قارەمانی کلاسیکی جیادەکاتەوە، ئەوە سرووشتی دیلبوونەکەی و لەدەستدانی پێگەی خۆی وەکو کاراکتەری سیاسی هاوچەرخ، لە گشت هاوشێوە سیاسییەکانی دیکەی ناو کایەی سیاسی کوردیشی دادەبڕێت. رێك ئەو دەبێتە "کاراکتەرێکی سیاسی لەباروودۆخێکی تایبەتدا"و ئێستاش دەمەوێت تێبگەم بۆچی ئەو تایبەتە؟ چۆن تایبەتە و ئەم تایبەتبوونەی چ پرسیارێکمان لەلا دروستدەکات؟



(٤)

## جەستەو ئەخلاق

لەوە دەچێت هەموو کەلتوورەکانی مرۆڤایەتی لەرەوتی "پێشکەوتن"ی خۆیاندا بەقۆناغی دوورودرێژی چەوساندنەوە و پێشێلکردنی جەستەدا تێپەڕیبن: پێشێلکردنی تەعبیرەکانی، پێویستییەکانی و حەزەکانی جەستە. کەلتوورێك نییە تیایدا جەستە دیسپلین نەکرابێت، لێینەدرابێت و نەگونجێنرابێت، تاکو بچووکبکرێتەوە بۆ سەر ئاستی هۆکارێك لەپێناوی بەرهەمهێنان، ئیشکردن و جێبەجێکردنی پلانە ئەقڵانییەکاندا.

دەستەمۆکردنی جەستە جارێك بەبیانووی پەروەردەی دروست (پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی‌و ئایدیۆلۆژی...)، جارێکی دی بەبیانووی کار و دیسپلینکردنی جێندەری: (بەنێر و مێکردن)و سنووردارکردنی حەزە گۆشتییەکان و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەئەنجام گەیەنراوە.

بەکورتییەکەی دەتوانین بڵێین: شارستانییەت بەدیوێکی تردا ئەو رەوتی "بەرەوپێشچوونە"یە کە کۆمەڵێك سنوور و ئازاری بەسەر جەستەدا سەپاندووەو بەهۆیانەوە کۆنترۆڵیکردووە! بەڵام بەرگریی جەستەش لەئاست ئەم بەشەی رەوتی شارستانییەتدا هەر ئەوە نەبووە خۆی بەدوور بگرێت و لەشوێنە دوورەدەستەکان، لەناو ئەشکەوت و دەیرەکاندا خۆی بشارێتەوە. بەڵکو جەستە توانیویشیەتی بەهۆی خۆجوانکردن، بۆنخۆشکردن، وەرزشکردن،

جلو بەرگ پۆشین‌و خۆڕووتکردنەوەیەوە، لەڕێگەی رازاندنەوەو نەخشاندن و سەما و هەڵپەڕین و ئامادەبوونی زیندوویەوە، بەرگریی لەمانەوەی خۆی وەکو جەستەیەکی جوان و ژیاندۆست بکات.

لەمێژووی فەلسەفەی مۆدێرنیشدا کە بەدیکارت دەستپێدەکات، جەستە سەرێکی ئەو دوالیزمە پێکدەهێنێ کە، لە لایەکەوە مەتریالیەتە و لەولای تریشەوە: ئاگایی، بەبێ ئەوەی ماتەریالیبوونی جەستە مەرجی مانەوەی، یاخود سەرهەڵدانی ئاگایی مرۆڤ بێت. رەنگە بێسوود نەبێت تا ئەو شوێنەی خزمەت بە باسەکە دەکات، کەمێ لەسەر ئەم لایەنە لەلای دیکارت و مێرلۆپۆنتی بوەستین.

بۆ ئەوەی دیکارت کۆجیتۆکەی خۆی (من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم) بسەلمێنێت، دەبوو هەڵوێستێکی رادیکاڵ لەبەرامبەر جەستەدا وەربگرێت. لەسەرەتای ڕامانی سێهەم و پاشان بەشێوەیەکی رادیکاڵتر لەناوەڕاستی شەشەمین ڕامانە فەلسەفییەکانیدا، ئاگایی مرۆڤ و جەستەی لێکدی جیادەکاتەوە و فەزڵی گرنگیی یەکەمیان دەدات بەسەر بوونی دووەمیاندا.دیکارت دەنووسێ:

**"وێڕای ئەوەش کە ئیمکانی هەیە" یاخود راستتر وایە هەروەکو لەپێشدا گوتم: دڵنیام، کە من خاوەنی جەستەیەکم‌و لەپەیوەندیی نزیکدام بەم جەستەیەوە، ئەوە مەعلومە کە ئەم منە، واتە: ئاگاییم، کە بەهۆیەوە من ئەوەم کە هەم، بەشێوەیەکی بنەبڕ لە جەستەم دابڕاوە و دەتوانێت بەبێ ئەو بوونی هەبێت، ئەمەش**



**بەشێکی لەبەرئەوەی من ئایدیایەکی روون‌و خاوێنم لەسەر خۆم هەیە وەك بووێك کە تەنیا بووێکی بیرکەرەوەیە نەك مادی، هەروەها بەشێکیشی لەبەر ئەوەی دانام بە جەستەیەك، کە شتێکی مادییە و بیرکەرەوە نییە"(٤).**

بەم پێیەش، بەلای دیکارتەوە جەوهەری بوونی مرۆڤ لە سەلماندنی ئاگایی ئەودایە وەك ئاگاییەکی بیرکەرەوەی بێجەستە. لێرەشەوە جەستە نەك هەر نابێتە شوێنی گرنگیپێدان لە سەلماندنی ئەو ئاگاییەدا، بەڵکو وەکو ***"ئامێرێکی هەڵوەشاویش تەماشای دەکرێت کە پێکەوەنانی ئەندامەکانی هەرگیز نابێتە ئەو بووەی بشێت بە مرۆڤ ناوی بەرین"***. بەمجۆرەش لەسەر رەوتی نەرێتی ئەفلاتوونی، رەهەندی جەستەیی لەپێناسەکردنی مرۆڤدا کەم بایەخ دەکرێت و ئەمەش دەبێتە تەقلیدێکی فەلسەفی کە دواجار رەوایەتی دەداتە ئەو تاقیکردنەوەو شیتەڵکارییە پزیشکیانەی، کە زۆر لەپێش دیکارتەوە بەمەبەستی تر دەستیانپێکردبوو(٥).

یەکێك لەو فەیلەسووفانەی بەشێوەیەکی رادیکاڵ ئەم تەقلیدە فەلسەفییەی بۆ جیاکردنەوەی جەستەو ئاگایی رەتکردەوە، فەیلەسووفی فەرەنسی مۆریس مێرلۆپۆنتی بوو. ئەو لەکتێبی (***دیاردەناسی ئیدراك/ ١٩٤٥*** )دا بەشێوەیەکی بنەبڕ نووسی:

**"لە بنەمادا ئاگایی"من بیردەکەمەوە کەواتە.."نییە، بەڵکو "من دەتوانم"ـە(٦).**

بەرلەوەی لە خودی مانای ئەم دەربڕینەی میرلۆپۆنتی وردببینەوە، پێویستە کەمێ زیاتر بزانین ئاخۆ ئەم وتەیە چ گرنگییەکی لەدژی ئەو تەقلیدە دوالیستییەی لێی هەڵدەگەڕێتەوە، هەیە؟ پێش هەموو شتێك ئەم وتەیە هەڵگری دژایەتییەکە لە بەرامبەر تێڕوانینێکی سواو بۆ چەمکی "ئەزموون" لەفەلسەفەی ئەوروپیدا. دوالیزم لەلایەکەوە، وەکو لای دیکارت بینیمان، هەڵگری جیاکارەیەکە لەنێوان ئاگایی و جەستەدا. ئاگایی بەبووێکی بێجەستە و جەستەش بە بووێکی مەتریاڵی لێکدەداتەوە، کە دوو دنیای جیاوازیان هەیە. لێرەشدا ئاگایی هیچ پێویستی بە جەستەیەك نییە تا ئەزموونی خۆی تیادا بکات و جەستەش ئاگایی بۆ مەبەستە "نزمەکانی" خۆی بەکار دەهێنێ.

لەلایەکی تریشەوە ئەم دوالیزمە قاییل بە دژایەتییەك دەبێت لەنێوان ئاگایی و جیهاندا: جیهان، وەکو ئەزموونگەراکان دەڵێن، دەبێتە لایەنێکی چالاك، چونکە ئەو داتایانە بۆ هەستەکان دەنێرێ کە دەبێت ئاگایی وەریانبگرێت و بیانگۆڕێت بە زانیاری، یاخود وەکو راشیۆنالیستەکان دەڵێن: ئاگایی وەکو میکانیزمێکی چالاك لەشێوەی زمانێکی گەردوونیدا دەکەوێتە گەڕ، تا ئەزموونەکان بگۆڕێت بە زانیاری( ٧ ).

بەڵام ئەگەر وەکو مێرلۆپۆنتی دەڵێت، ئاگایی بریتی بێ لە ***"من دەتوانم"***، ئەوە ئاگایی و جەستە وەکو دوو ڕووی یەك کێشە خراونەتە پێشچاو. واتە بەپێی ئەم گوتەیە جەستە نابێتە ئامرازێك بۆ ئاگایی تا دنیا داگیر و کۆنترۆڵ بکات، هەروەها نابێتە فیلتەرێك لەنێوان مەتریاڵییەت و زەییندا، یاخود ناکرێتە شتێك لەنێوان شتەکانی



دیکەدا. بەڵکو جەستە دەبێتە مانایەك کە ئێمە لەکاتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتمان لەناو دنیا و شتەکاندا، هەڵگریین و خاوەنیین. دەبێتە ***جەستەیەکی شوناسکەر، چونکە کاتێ ئێمە لەناو شتەکاندا تەماشا دەکەین، دەستڕادەکێشین، دەئاخڤین، گوێدەگرین و چێژ وەردەگرین، ئەوە بەهۆی جەستەوە و لەگەڵ جەستەدا بەم کردارانە هەڵدەستین. جەستە پێشتر بەهۆی هەستەکانەوە بینیوێتی، ئاخاوتووە، هەستیکردووە و گوێیگرتووە و چەژتوێتی.*** جیهان تەنیا لەبەر ئەوە واقیعییە چونکە شتەکان بەهۆی پراکتیکی جەستەیی ئێمەوە مانای خۆیان وەردەگرن. واتە جەستەی ئێمە وەکو جەستەیەکی چالاك لەشتەکان نزیك دەبێتەوە، دەستیان تێوەردەدات و ئەزموونیان دەکات. لێرەشەوە جەستە نەك هەر دابڕاو نییە لەجیهان، بەڵکو "**خاوەنی جیهانی خۆشیەتی**"( ٨ ). کەواتە ئاگایی هەمیشە بەهۆی جەستەوە و لەرێگەی جەستەوە لە "ناو" دنیایەکی مێژوویی و واقیعیدایە، هەروەکو چۆن دنیای ئەزموونکراویش هەمیشە لەرێگەی جەستەوە و بەهۆی جەستەوە ئەزموون دەکرێت، کە دەشێت ئەمە ناوبنێین "**بەجەستەبوونی** ئەزموونەکانی دەرەوە".

میرلۆپۆنتی دەنووسێ:

> **"جەستە هۆی (بوونی) کائینە لەجیهاندا، بەدەستهێنانی جەستەش بۆ کائینێکی زیندوو بە مانای پەیوەستبوونە بە کایەیەکی تایبەتەوە و گونجاوە لەگەڵ پرۆژەی دیاریکراودا.. ئەگەر راستبێت کە من**

**لەڕێگەی جیهانەوە ئاگام بەرامبەر جەستەی خۆم و ئەم جەستەیەش لەناوەندی جیهاندایە، ئەوە راستیشە، کە جەستەم چەقی جیهانە: من ئەزانم کە شتەکان چەندین سیمایان هەیە، چونکە دەتوانم بەدەوریاندا بێمو بچم، بەم مانایەش من بەهۆی جەستەمەوە ئاگام بە جیهان"(٩).**

بەم پێیە، جەستە هەر ئامرازێك یاخود بابەتێکی دەرەکی نییە لەبەردەم خودێکی ئاگادا وەکو دیکارت دەیویست بیسەلمێنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە: جەستە کەسێتی ئەو خودە خۆیەتیو لەرێگەی بوونی جەستەییەوەیە کە ئاگایی فۆرمی خۆی لەسەر شتەکان وەردەگرێت. ئێمە بەجەستەمانەوە لەناو دنیاداینو بەهۆی ئەویشەوە سەروسەکوتمان لەگەڵ شتەکان و ژیاندا هەیە. هەروەها ئێمە وەکو جەستە دەئاخڤین، شوناسی دەوروبەرمان دەکەینو دەبینە ئەو ئاگاییەی، یان ئەو "رۆحە"ی کەهەین.

کەواتە وەختێ دەگوترێ ئاگایی بریتییە لە **"من دەتوانم"**، بەواتای ئەوەیە من دەتوانم لە دەرەوەی خۆم بمو لەخۆم بپەڕمەوە، وەکو جەستەیەکی هەستیار لەجیهان و لەناو شتەکاندا بم و ئەزموونیان بکەم و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم. جیهان لێرەوە:

**"ئاسۆیەکی کراوەیە لەبەردەم ئەزموونەکانی ئێمەدا و لەپێش هەموو ئەزموونێکی ئینسانیشەوە بوونی هەیە،**



**هەر لەبەر ئەوەش جیهان بەبێ پچڕان ئامادەیە، بەڵکو ئامادەییە لەپێش هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو "لەمەڕ ئەو جیهانەوە"(١٠)**

لێرەوە گرنگیی ئاگایی ئەوە نییە کە خۆی ببێتە تاقە مەرجی هەبوونی مرۆڤ و لافی بێ بایەخی جەستە لێبدات لەرەوتی ئەزموونکردنی جیهاندا. بەڵکو گرنگیی ئاگایی بەگوتەی میرلۆپۆنتی لەوەدایە کە:

**"ئاگایی بێت لەلای شتەکان بە یارمەتی جەستە. هەر جووڵەیەك ئەوکاتە دەبێتە ئاگایی کە بووبێتە ئاگایی جەستە، واتە: ئەوکاتەی جەستە کردبێتی بەبەشێك لە جیهانی خۆی"، بەجەستەیی کردبێت(١١).**

بەکورتی دەتوانین بڵێین: ئێمە بەجەستەمانەوە ئەزموونی دنیای دەوروبەرمان دەکەین، لەجەستەماندا هەست بەخۆشیو ئازار و کاریگەرییەکانی دەرەوە دەکەین. لە ئامادەیی ئێمەدا لەناو ئەو دەوروبەرەدا کە تیایدا دەژین، لە سەروکاری رۆژانەماندا لەناو دامودەزگاکانی کۆمەڵگادا، ئەوەی پێش هەمووشتێك گونجانو نەگونجان، سەرما و گەرما و چێژ و ئازار ئەزموون دەکات، جەستەی ئێمەیە. جەستە ئەو ئامادەبوونە فیزیایی و مەعنەویە هەستیارەی ئێمەیە کە هەڵسوکەوت و بوونی ئێمە لەناو شتەکان و جیهاندا بەرجەستە دەکات و مانایان پێدەبەخشێت. بۆیە پێویستە خوێندنەوەی جەستە و ئاماژە پڕماناکانی جەستە خاڵێکی گرنگی هەر

تێڕوانینێکی مەعریفی بێت، کە نەك هەر گرنگیی بەڕۆڵی ئەخلاقیانە و ئیستاتیکیانەی جەستە دەدات، بەڵکو دەیەوێت لەهەمانکاتدا ڕەخنەش بێت لەو ئاستانەی دەسەڵات کە زەبری خۆیان لەسەر جەستە پیادە ئەکەن، سنوور لەبەردەم هەڵسوکەوتکردنی ئازادانەیدا دادەنێن و بەو جۆرەش دەیکەنە جەستەیەکی پاسیڤ و بەتاڵ.

## جەستەی قوربانیی:

ئەو کورتە سەرنجانەی پێشوو تاڕادەیەك چاومان دەکاتەوە تا گرنگییەکی تایبەت بدەین بە جەستەی قوربانی و هەوڵبدەین لەو ئەزموونە ئازاربەخشانەی پێش قۆناغی لێسەندنەوەی هەمیشەیی ژیان، واتە پێش مەرگ، بەسەر جەستەی قوربانیدا دەسەپێنرێن، تێبگەین.

لێرەش بەدواوە هەوڵ دەدەم بەبیرکردنەوە لەگەڵ ئەو سەرنجانەی پێشوودا، هەنگاوێکی هێمن بەرەو ئەو باسە بنێم و لەڕێگەی بەنموونەکردنی جەستەی ئۆجالانەوە، ئاماژە بۆ ئاستێکی دیکەی تێڕوانین لەجەستەی کوردیی بەگشتی بدەم. چونکە بۆ دەستنیشانکردنی پلەی تاوانەکانی جەللاد و سەندنەوەی مافەکانی قوربانی، هەر بەتەنیا بەس نییە لەو بەڵگە ئاشکرایانەوە دەستپێبکەین کە ڕەفتاری دڕندانەی جەللاد لەبەرامبەر قوربانییەکاندا دەسەلمێنن. بەڵکو پێویستە هەموو ئەو دەردو ئازارانەش وەك بەڵگە تەماشا بکەین، کە پێش جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتن، جەستەی قوربانی چێژتوونیو دوای دۆزینەوەی لاشەی قوربانیشە، لە شوێنی



کوشتنەکەی، یان لە شوێنی زیندەبەچاڵکردن و کۆقەبرەکەیدا، کە ڕەنگە هیچ نیشانەیەکیان جێنەهێشتبێت.

لەڕاستیشدا هەرئەوەندە بەس نییە لەڕێگەی تەکنیکەکانی پشکنینی پزیشکییەوە بەدوای بەڵگەی چۆنێتی سزادان و پەلاماری جەللاد بۆ سەر جەستەی قوربانی بگەڕێین، کە زۆرجار لەبەر خاتری ئەمە گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە دۆزینەوەی ئێسقان و خوێن و قژەسەر. تەکنیکەکانی پشکنینی پزیشکی جەستەی مرۆڤ بچووك دەکەنەوە بۆسەر جەستەیەکی بایۆلۆژی و ئەمەش لەو تێڕوانینە شیتەڵکارییەوە هاتووە کە مرۆڤبوونی ناوجەستە فەرامۆش دەکات، کە هەستیکردووە و ئازای چەشتووە و بەر لەو مردنە جەبریانەیەی جەللاد بەسەریدا سەپاندووە، ئەو چەندجاران مردووە.

تێڕوانینی پزیشکی، تێڕوانینێکە، گوێنادات بەو ڕاستییەی کە ***هەموو جەستەیەك "بەرجەستە"کەری ئینسانییەتێکە*** و ناکرێت ئەم دووانە لێکدی دابڕبکرێن و لەتوپەت بکرێن. کاتێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕێژەی خۆ سووتاندنو خۆ خنکاندنی ئافرەتان بەرز دەبێتەوە، ئیدی هەر بەس نییە لەسەر ئاستی پشکنینی جەستەیانەوە سزا بۆ ئەو دەوروبەرە دابنرێت کە ئەوانی تاسنووری مەرگ ڕاپێچکردووە، بەڵکو پێویستە لەسەر ئاستی پشکنینی "***جەستەی کۆمەڵایەتی***"شەوە، دەوروبەر بەرپرسیار بکرێت. گیرسانەوە لەسەر نیشانە دیارەکانی سەرجەستەی قوربانی (وەك برینداری و شینبوونەوە و شکان و هتد)، وەکو تاقە ڕێگایەك بۆ تاوانبارکردن (کە ئەمە شتێکە لەناو

خەستەخانەکانی ئێمەدا ئیشی پێدەکرێت)، لەهەمان کاتدا هێشتنەوەی دەرگاکانە لەبەردەم دەوروبەردا بۆ دووبارەکردنەوەی تاوانو بەقوربانیکردنی کەسەکانی دیکەش.

ئەو لاشەیەی کە لەپاش مەرگ "دەیدۆزینەوە" یان "تەسلیمان دەکرێتەوە" یاخود "دەیکڕینەوە"، هەر بەتەنیا جەستەیەکی مردوو نییە، بەڵکو جەستەیەکیشە پێش مردنەکەی چەندین شێوازی دەرد و ئازارچەشتنی بەسەرا سەپێنراوە. بەم مانایەش کوشتنەکەی یەکەم دەستدرێژی جەللاد نییە بۆ سەری، چونکە سزا وەك ئەوەی لە تراژیدیا نوێیەکاندا بینیمان دڕندەیی خۆی لەڕێگەی پاراستنی تابۆکانیشەوە، بەتایبەتی تابۆی "خوێن" دەشارێتەوە، ئەمەش بەوەی کە خوێنی قوربانی "نەڕێژێت"و لاشەی لەتو پەت نەکات.

لێرەوە دەرمانخواردکردن، کیمیاوی بارانو ژەهراویکردنی جەستەو دەرزیلێدان و هاوشێوەکانی تری ئەمجۆرانەی لەناوبردن، نەك هەر ئەو میتۆدانەی کوشتنن کە دەبنە هۆی دروستکردنی دەستە و گرووپە قوربانییەکان (وەك ئەوەی لە هەڵەبجە و جەنگی کەنداو و ئەنفالەکاندا بینیمان)، بەڵکو ئەو شێوەیەی سزادانیشن کە پرنسیپی "خوێن ***نەڕژتن***" تیایاندا رەچاو کراوە. واتە ئەمانە ئەو شێوازانەی سزان کە لەلایەن جەللادەوە ئاگایانە هەڵدەبژێردرێن بۆ خۆپاراستن لەو ڕقەی "رژانی خوێن" وەکو تابۆیەك لەناو کەلتوورەکاندا، لەوانەش کەلتووری کوردی، دەیهێنێتە دی.



لێرەوە سەیر نییە لەبەشێکی زۆری ئەو تابلۆیانەدا کەهونەرمەندانی کورد بەیادی کارەساتی بۆ نموونە هەڵەبجەوە کێشاویانن، رەنگی سوور لەچاو ڕەنگەکانی وەك: "سەوزی تەماوی، خۆڵەمێشی، تۆنە جیاوازەکانی شین و رەش"، کەمتر دەبینین. بەمانایەکی دی، ئەو کارەساتەو جەستەی قوربانییەکانی وەکو "کارەساتیی سوور"و جەستەی خوێناوی لەیادەوەری ئێمەدا بەرجەستە نەبووە، هێندەی ئەوەی کارەساتێکی تەماوییە و جەستەکانیش جەستەی ئاوساوی شینەوەبووی هەڵتۆقیون. ئەمەشمان پتر بە بەراووردکردن لەگەڵ تراژیدیای بۆ نموونە بۆمبارانی قەڵادزە لە حەفتاکاندا بۆ دەردەکەوێت کە وەکو "کارەساتێکی سوور" لە هونەری ئێمەدا رەنگیداوەتەوە.

بیرکردنەوە لە سزا و ئازارەکانی قوربانی لەپێش مردنیدا و کردنیان بە بەڵگە بۆ دەستنیشانکردنێکی وردی پلەی تاوانباریی جەللاد، هەمیشە یارمەتیمان دەدات لە دەستنیشانکردنی تەواوی ئەو بازنەی سزایەی کە قوربانی لەیەکەم ساتی دیلبوونیەوە تادوایین ساتەکانی ئیشکردنی "هۆشمەندیی لەپێش مەرگدا"، بەدەستی جەللادەوە دەیچێژێت. هەر بۆیە زۆر گرنگە بە وری گوێ لە بەسەرهاتی یەك بەیەکی ئەو دیلانە بگرین کە بەناو رێکەوتەکاندا دێنەوە ناومان و باسی ئازارەکانیانمان بۆ دەکەن. واتە باسی ئەو بەشەی سزامان بۆ دەکەن کە لەپێش مەرگدا رۆتینێکە لە رۆتینەکانی پەیوەندیی جەللاد بەدیلەکانەوەو ئەگەر دیلە رزگاربووەکانیش نەگەڕێنەوەو ریوایەتی ژیانی خۆیانمان بۆ نەکەن، ئەوە ئێمە هەرگیز شارەزای نابین. چونکە زۆربەی کات

هاوده‌ردیی ئێمه له‌گه‌ڵ قوربانیدا و رقی ئێمه له جه‌للاد، له‌ساته‌وه‌ختی "پاش" مردنی قوربانییه‌وه ده‌ستپێده‌كات و ئه‌مه‌ش واده‌كات ئێمه به‌شێكی زۆری ئه‌و سزایانه‌مان له‌بیر بچێت كه قوربانی "...تا ساته‌وه‌ختی مه‌رگ" به‌ده‌ستی جه‌للاده‌وه چه‌شتوونی. پێموایه هه‌ر ئه‌مه‌شه واده‌كات "ژماره"ی قوربانییه‌كان و لۆكاڵیزه‌ی شوێنی رووداوه‌كان له "ساتی" به‌قوربانیبوونیانه‌وه هێنده له لێكۆڵینه‌وه‌كاندا گرنگیی به‌خۆیه‌وه بگرێت نه‌ك له "پێش ئه‌و ساته‌شه‌وه كه *سزا شاراوه‌كان* تیایدا بالاده‌ستن". ئه‌م له‌یادكردنه‌ش نه‌ك هه‌ر ته‌نیا له پله‌ی تاوانباریی جه‌للاد كه‌مده‌كاته‌وه‌و چاوی لێده‌پۆشرێت، به‌ڵكو له ئاست گێڕانه‌وه‌ی ئیعتبار بۆ گه‌وره‌یی ئینسانییه‌تی پێشێلكراوی قوربانیشدا سستمان ده‌كات، كه بابه‌تێكی گرنگی فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌خلاقی مۆدێرنه.


له‌م روانگه‌یه‌وه به‌گرنگی ده‌زانم دیمه‌نه‌كانی دیلێتی ئۆجالان بخوێنمه‌وه‌و هه‌ندێ له‌و چه‌مكانه‌ی پێشتر باسمكردن، به‌نموونه‌وه روونتر بكه‌مه‌وه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ده‌مه‌وێت ئه‌م خوێندنه‌وه‌یه له‌هه‌مانكاتدا به‌رهه‌مهێنانی تێڕوانینێكی جیاوازیش بێت بۆ بیركردنه‌وه‌مان له‌سه‌رجه‌می قوربانییه‌كانی تر و هه‌ر ته‌نیا خۆی به‌و دیمه‌نانه‌وه نه‌به‌ستێته‌وه، ئه‌گه‌رچی گرنگی دیمه‌نه‌كان پێش هه‌موو شتێك له‌وه‌دایه كه مێژوویێك له‌سزای جه‌للاده‌كانمان له ئاست مرۆڤی كوردا به‌بیر ده‌هێنێته‌وه.



**دیلبوون له‌ئاسمان و دیلبوون له زه‌وی:**



یه‌كه‌م وێنه‌ی ڤیدیۆیی كه ته‌له‌فزیۆنه‌كانی جیهان له‌سه‌ر ئۆجالان بلاویان كرده‌وه، وێنه‌ی مرۆڤێكی ده‌ستبه‌ستراو و چاو به‌ستراو بوو، واته وێنه‌یه‌ك بوو كه پێش هه‌موو شتێك جه‌سته‌ی ئۆجالانی به‌پاسیفكراوی و له‌ناو فڕۆكه‌یه‌كدا پیشاندابن، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی



فڕۆكه وه‌كو شوێنێكی تایبه‌ت سنووری چالاكبوونی جه‌سته‌ی مرۆڤ بچووك ده‌كاته‌وه‌و

مەحكومی دەكات بە پاسیڤی لەسەر كورسییەك دابنیشێت و بەپشتێنێك خۆی ببەستێتەوە.

مرۆڤ كە لە فڕۆكەدایە، بەمانایەك لەنێوان فەزای تایبەتی ناو فڕۆكەكەو فەزای گشتیی ئاسمانی دەرەوەدا، دیلە. ڕەوتی "خێرایی"ش سنووری نێوان ئەم دوو فەزایە دەكێشێ و ئەگەری كەوتنەخوارەوەش بەیەكیان دەگەیەنێت. یاخود بەشێوەیەكی تراژیدی تێكەڵ بە یەكیان دەكات و دەیانكاتە سووتوو. لەبەر ئەوە، لە پرانسیپدا فەزای ناو فڕۆكەو فەزای دەرەوە هەمیشە لەبەردەم تێكەڵبووندان بەیەكتر و هەر فڕۆكەیەك وێڕای هەموو پێشبینییەكی دڵنیاكەریش بۆ گەیشتنی بەسەلامەتی بۆ شوێنی مەبەست، لەبەردەمی ئەگەری كەوتنە خوارەوەو تەقینەوەدایە لە ئاسمان.

لێرەشەوە، ئێمە كاتێ سواری فڕۆكە دەبین تەنیا دڵمان بەفەزای ناوچوار دیواری فڕۆكەكە خۆش دەكەین، چونكە لەبنەمادا لەهەر فەزایەكی دیكەی داخراو دەچێت لەسەر زەوی، كە ئێمە متمانەی خۆمان لەسەرەوە داڕشتووە بۆ سەلامەتی و دڵنیایی.

لێكچوواندنی ئەو دوو فەزایەش دووچاری چاوبەستمان دەكات. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی چواردیوارەكانی سەر زەوی شوێنی مەترسی نین بۆ ژیانمان و ئەوەی لەماڵی خۆیدا بوو ئیتر لەئاساییشدایە، بەڵكو لەبەر ئەوەی كاتێ فڕۆكەكان لەسەر زەوی بەرز دەبنەوە بۆ ئاسمان، قەدەری ئێمە لەناویاندا دەبەسترێتەوە بە پلەو جۆری ئەو وزە زۆرەوە كە جووڵە و خێرایی دەدەنە فڕۆكەكە و لە



توانای جەستەی مرۆڤدا نییە لەساتی ڕوودانی كارەساتدا بەرەنگاری ببێتەوە. بەم مانایە سواربوونی فڕۆكە واتە دەستشتن لەهەموو تواناییەكی مرۆڤ بۆ بەرگریكردن لە خۆی و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لەساتی پێش رودانی كارەساتەكاندا (وەك ئەوەی لەكاتی بۆ نموونە بومەلەرزە و لافاو و ئاگركەوتنەوەدا پێیهەڵەستین و هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ دەربازبوون). لە فڕۆكەدا، خۆیشت لە ئەو چواردیوارانە ڕزگار بكەیت، كە تیایدا بێدەسەڵات كراویت، دەكەویتە خوارەوە بۆ ناو فەزای ئاسمان و خۆت تەسلیمی هێزی ڕاكێشان بەرەو خوار، دەكەیت! لێرەشەوە دەكرێت هەموو یاساكانی خۆپاراستن و فریاكەوتنی ناو فڕۆكە بەفێڵێك تێبگەین كە كۆمپانیاكانی سەفەر بەمەبەستی كەمكردنەوەی ترس لە "فەنتازیای كەوتنەخوارەوە" بەرهەمیان هێناون. بەڵگەی ئەم قسەیەش لە ڕووداوی كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەكانەوە دەهێنین كە بەدەگمەن ئەو یاسایانەی فریاكەوتن دەبنە هۆی ڕزگاركردنی ڕێبوارەكانیان..

بەڵام ئێمە ئۆجالانمان وەكو هەر مرۆڤێكی دیكەی ناو فڕۆكەكان نەبینی، بەڵكو لەنێوان دوو جەللاددا بەدەستبەسراوی و چاوبەستراوی بینیمان. واتە ئەو دووجار دیلكرابوو، لەناو دووچواردیواردا ژیانی بەسەر دەبرد و وەكو دیلێكیش دوو جار جەستەی كەوتبووە بەر پەلامار و هەڕەشە.. هەموو ئەمانەش هانماندەدەن زیاتر لەم بارودۆخە وردببینەوە.

**دەستی بەستراو:**



دەست وەکو بەشێکی گرنگ لەجەستەی مرۆڤ، هەر تەنیا رۆڵی کارکردن، جێبەجێکردنو پێکەوەنانی شتەکانی دەرەوەی جەستەی نییە، بەڵکو رۆڵی گرنگیشی هەیە لە جەختکردنەوەی بوونی مرۆڤ لەجیهاندا وەکو جەستەیەکی چالاکی ئەخلاقیی، کە ئەم ئاستە ئەخلاقییەش بەهۆی کرداری تەوقەکردنەوە خۆی دەردەبڕێت. چونکە دەستی تەوقەکەر هەمیشە کردارێکی ئەخلاقیی جەستەیە لەبەرامبەر ئەویتردا. دەستی تەوقەکەر لەهەمان کاتدا خواست و ویستی مرۆڤە بۆ فراوانکردنی کایەی پێکەوەبوون و هێنانەکایەی کەشێکی هاوبەشی مۆوڤانە. یاخود بەدەربڕینێکی تر:

> **"تەوقەکردن پێش هەموو شتێك کردارێکە تیایدا دوو جەستە هەریەکەیان لەخۆی درێژ دەبێتەوە تا لەخاڵی سێهەمدا بەیەکتر بگەنەوە کە خاڵی "هاوبەشە". واتە خاڵی پێکەوەبوون و خاڵی یەکتر قەبوولکردنو ئاشتی"**(١٢)



بۆئەوەی ئەم خاڵەش بێتەدی پێویستە جەستە ئازاد بێت لە جووڵە و دەربڕیندا. ئازاد بێت لە پڕکردنەوەی شوێندا و ئازاد بێت لەبەکارهێنانی ئەو خێراییەدا کە جەستەی مرۆڤ توانای بەسەریدا دەشکێت. بەڵام کاتێك دەستەکان دەبەسترێن و ئازادی خۆدەربڕینیان لێزەوت دەکرێت، لە بەهای جەستە وەکو دەربڕ و سەلمێنەری بوونی مرۆڤ لە جیهانی هاوبەشدا کەم نابێتەوە، بەڵکو ئەگەری هاتنەئارای خاڵی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا سنووردار دەکرێت و لەلایەن ئەویترەوە رەت دەکرێتەوە.

ئەویتر بەبەستنەوەی دەستی من سنوور بۆ جەستەی من وەکو جەستەیەکی ئینسانی چالاك دانانێت، بەڵکو سنوور بۆ جەستەی خۆی دادەنێت کەتەنیا لەبەرامبەر من و لەخاڵی هاوبەشی پێکەوەبوونی لەگەڵ مندا، دەتوانێت بوونی ئینسانی خۆی بسەلمێنێت. چونکە ئەو ناتوانێت لەبەردەم دیلێتیو دەستبەسراویی مندا بانگەشەی ئازادیی خۆی بکات و وەکو بوویەکی ئەخلاقیی خۆی بسەلمێنێت. بەستنەوەو بڕینەوەی دەستی من، یان بێدەنگ کردنم، لەوکاتەدا کە سەندنەوەی مافێکە لە من بۆ سەلماندنی خۆم وەکو مرۆڤێکی خاوەن ئیتیك لەڕێگەی کردار و هەڵسوکەوت و زمانمەوە، ئەوە لەهەمان کاتیشدا دۆڕاندنو لەدەستدانی هەمان مافە لەلایەن "ئەویتر"ەوە بۆ سەلماندنی خۆی وەکو بوویەکی ئەخلاقیی.

لێرەدا بەهای ئەویتر وەکو مرۆڤێك لەوەدا نییە کە دەتوانێت لەناو ژووری عەقڵدا بیر لە یاسا ئەخلاقییەکان بکاتەوەو پاساوی

رەفتارەکانی لەبەرامبەر مندا بداتەوە، وەکو کانت لە "***بنەمای میتافیزیکای ئەخلاق***"دا دەڵێت، بەڵکو نرخی ئەو لەوەدایە کە بۆ ڕێزگرتن لەبوونی ئینسانیی خۆی، من بکاتە زەمینەی بنەڕەتیو هەنگاوی یەکەم بۆ سەلماندنی ئینسانیەتی خۆی، وەکو ئیمانۆیل لیڤیناس لەکتێبی "***سەرجەمییەت و بێکۆتایی***"دا فێرمان دەکات. چونکە تەنیا ئامادەیی ئینسانیانەی من لەبەردەم ئەویتردا، وەکو جەستەیەکی چالاك و ئازاد لە ناو ژیانێکی هاوبەشو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکسان و بەرابەردا، گەرانت و دڵنیاییە بۆ ئەوەی ئەویتر بەها و نرخ بۆ ئینسانیەتی خۆی بەدەست بهێنێت. نەك توانای ئەو بۆ بیرکردنەوە لەیاساکانی ئەخلاق و ئاراستەکردنیان و تەفسیرکردنێکی ئۆتۆنۆمیانەی دابڕاو لەناو ئەقڵدا و لەتەنیایی خۆیدا.

لێرەوە دەستە بەستراوەکانی ئۆجالان چەندە ئازادیی لەجەستەی ئەو زەوت دەکەن بۆ سەلماندنی خۆی وەکو مرۆڤێك کە دەتوانێت لەپێگەی دەسڕاکێشان و دەستهێنانە پێشەوەیەوە، بەشداری بکات لە سازدانی خاڵی هاوبەشی سێهەمدا، هێندەش زیاتر ئەویتر لە سنووری "ئەویتر وەکو مرۆڤ لەبەرامبەر ئێمەدا" دوور دەخەنەوە و لەخەسڵەتە ئینسانییەکانی دایدەماڵن. کایەی پێکەوەبوون هەڵدەوەشێننو ئەگەری گەیشتن بەخاڵی هاوبەش ڕەت دەکەنەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت هۆی ئەوەی ئێمە لەم ئاستەدا "ئەویتر" بە "جەللاد" ناودەبەین. ئەگەرچی ئەم جەللادە جارێك وەکو "رفێنەر" خۆی دەردەخاتو جارێك وەکو "داوەری دادگا"، جارێك لە ئاسمان و جارێکی دی لەسەر زەوی!



**چاوی بەستراو:**



چاوبەستنەوەی دیل وەکو شێوازێکی سزا، لە گەلێك ئاستی دیکەی کەلتووریشدا دەبینینەوە. چونکە لەبنەمادا چاوبەستنەوە سەندنەوەی ڕووناکییە لە نیگا و لەهەمانکاتیشدا دروستکردنی دیواریشە لەنێوان مرۆڤ و دنیای دەوروبەریدا، لەنێوان ڕوناکایی و تاریکییدا، کە هیچ مەرج نییە ئەم دیوارە تەنیا بەهۆی بەستنەوەی کۆنکرێتی دووچاوەوە دروست ببێ. چونکە دەشێت مرۆڤ چاویشی نەبەسترابێتەوە بەڵام لەسەر شەقام و کونی ئەشکەوت، ژێرزەمین و ژووری یەککەسی زیندانا بێت و هەمان دیوار هەستپێبکات. بۆیە دەبێت بڵێین چاوی بەستراو، یان شێوازەکانی دیکەی دابڕکردنی مرۆڤ لە ڕووناکایی، سەندنەوەی مافی بینینە لە مرۆڤ و سەپاندنی تاریکاییەکی هەمیشەیی، یان کاتییە بەسەر ئەو مرۆڤەدا بەبێ ئەوەی ئەو مرۆڤە دیلێکی کۆنکرێتیش بێت لە بەندیخانەدا.

لێرەشەوە دەکرێت فەرزکردنی "حیجاب" و "پەچە" بەناوی دینەوە بەجۆرێك لە سەپاندنی دیلێتی بەسەر ئافرەتاندا لێکبدەینەوە، بەبێ ئەوەی ئەمە وەکو سزایەك لەسەر ئافرەتان خۆی بنوێنێ، یان وەها

ناو ببرێت، بەڵام لە جەوهەردا سەندنەوەی مافی بینینە لەوان تا نەتوانن وەکو هەر مرۆڤێکی دی لە رووناکییدا ژیان ئەزموون بکەن. دین بە فەرزکردنی حیجاب لەسەر ئافرەتان هیچ ناکات جگە لە رەتکردنەوەی رووخساری مرۆییان و شێواندنی هەموو ئەو پەیامانەی کە مرۆڤ لەڕێگەی زمانی رووخسارەوە دەریاندەبڕێ.

بەم پێیەش هەموو چاوبەستنەوەیەك لەهەمان کاتدا کە سەندنەوەی رووناکییە لە نیگا و رووخساری مرۆڤ و سەقامگیرکردنێتی لەناو زووڵمەتی بێکۆتاییدا، ئەوە هەڵگری دەلالەت و خەبەرێکی مەترسیدارتریشە بۆ ئەو مرۆڤە: خەبەری *نزیکبوونەوەی مەرگ*. چونکە لە زۆربەی کەلتوورەکاندا مرۆڤ هەر لەمناڵییەوە فێری ئەوە دەبێت کە مەرگ لەهەرێمی تاریکاییەوە شالاومان بۆ دەهێنێتو لەئانو ساتێکیشدا لەگەڵ خۆی راپێچی هەمان زوڵمەتمان دەکات. بۆیە یەکێك لە سەرەتاییترین ئەو ختوورانەی دەشێت بەدڵی هەر دیلێکی چاو بەستراودا بێت، ختوورەی نزیکبوونەوەی مەرگی خۆی و بیرکردنەوە بێت لەدەیجووری ئەبەدیی نەمان. بەوەی کە چاومان دەبەستنەوە ناڕاستەوخۆ هەواڵی مردنی ئایندەی خۆشمان دەخەنە دڵەوە، یاخود شێوەیەکی بیرکردنەوە لەمردنمان بەسەرا دەسەپێنرێت.

بەڵام هەموو ئەو لێکدانەوانەی پێشوو لەسەر چاوبەستنەوەو سنووردارکردنی تەعبیرەکانو شێواندنی رووخسار، بەدەست عەیبێکی گەورەوە دەناڵێنن کە ئەویش بریتییە لە بێدەنگییان لەئاست ئەو "لایەن"ەی چاومان دەبەستێتەوە. ئێمە تێناگەین بۆچی ئەو مرۆڤەی



دیلدەکرێتو بەهەر بەڵگەیەك بێت دەخرێتە ریزی تاوانبارانەوەو ئەگەرێکی زۆریش هەیە پاشان گوللەباران بکرێت، چاوی دەبەسترێتەوە؟! رەنگە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا جەللاد پێمان بڵێت: لەبەر خاتری تاوانبار خۆی تا لەساتەکانی کوژرانی خۆیدا لوولەی ئەو تفەنگانە نەبینێ کە بەرەو سەردڵی ئاراستەکراون. بەڵام ئەمە لە درۆیەك زیاتر نییە و لەلایەن ئەوانەوە هەڵدەبەسترێ کە ویژدانیان لە عەزابدایە. لەراستیدا چاوبەستنەوە لەبەر خاتری جەللاد خۆیەتی نەك قوربانیی. ئەمەش دوا هەوڵدانی جەللادە بۆ سەندنەوەی رووخساری ئینسانیانەی قوربانیی، بۆ شێواندنی جەستەی قوربانیی وەکو جەستەیەکی زیندووی چالاك. چونکە *جەللاد هەمیشە پێویستی بەوە هەیە ئەوەی دەیکوژێ، "رووخساری نەبێت"، سیمای ئینسانییانەی شێوێنرا بێت، چاوی بەستراو بێتو بەهیچ شێوەیەکیش "نیگا"ی لەدەرەوە نەبێت*(١٣) چونکە نیگاو رووخسار وەکو لیڤیناس دەڵێت، هەمیشە هەڵگری پەیامێکە کە کوشتنمان لێقەدەغە دەکات و پێمان دەڵێت: "***تۆ بۆت نییە بکوژیت***"(١٤).

لەو نومایشەدا کە بارودۆخی نێوان قوربانیی و جەللاد پیشان دەدات، واتە لەو کاتەدا کە جەللاد لولەی تفەنگەکانی لەئاست دڵی قوربانییدا راگرتووە، ئەو شتەی دەنگی "نەکوشتن" پێکدەهێنێت، ئەوەی کوشتن قەدەغە دەکات "فەرمانێکی یاسایی" راگەیەنراو نییە، بەڵکو "نیگای بێدەنگ و پڕ لە راز"ی قوربانییە. واتە جۆرێك لە پەیوەندییە کە لەرێگەی زمانەوە خۆی دەرنابڕێتو لەبەیانکردن نایەت. بەڵکو ئۆرگێناڵیەتی رووخساری پڕ لەنهێنیو داواکاریەکانی نیگای قوربانییە کە

لەبەردەمی ئەویتردا نەفی هەموو توندو تیژییەك دەكاتەوەو داوای گفتوگۆی لێدەكات. روخساری قوربانیی وەكو تایبەتیترین بەشی كەسێتی مرۆڤ، لەم كاتەدا بۆ دواهەمینجار لەبەردەم جەللاددا دەبێتە ئاوێنەیەك تا سەرلەنوێ بونی ئینسانیانەی خۆی تێدا ببینێتەوەو خۆی وەكو مرۆڤێك بناسێتەوە. پەیامی ئەم بەئاوێنەبوونی رووخسارە ئەوەیە كە بەجەللاد بڵێت: *تۆ بە كوشتن‌و شكاندنی من خۆشت وەكو مرۆڤێك وندەكەیت، چونكە تەنیا لەمانەوەی مندایە تۆش بواری بینینەوەی خۆتت وەكو مرۆڤ بۆ دەرەخسێ.*

هەر بۆیەشە مەترسیی گەورەی قوربانیی بۆ سەر جەللاد ئەوە نییە كە رۆژگارێك جەللادیش لەسەر ئەو رەفتارەی ئێستا لەدژی دیلەكانی دەیكات، بەدەستی خەڵكانێكی دی لە تۆڵەی قوربانییدا بەسزای خۆی دەگاتەوە. بەڵكو مەترسیی گەورەو ترسناك ئەوەیە نیگای قوربانیی بكەوێتە سەر نیگای جەللاد و لەم رێگەیەشەوە بەرپرسیاری بكات و دووچاری تەنگژەی بكات لەئاست خودی خۆیدا، بەجۆرێك كە ئەو كوشتنە لەهەمانكاتدا كوشتنی بەشێك لەناخی جەللاد خۆیشی بێت.

لێرەوە كاتێ قوربانیی چاوی دەبەسترێت، ئەم چاوبەستنە تەنیا لەبەر ئەوەیە كە جەللاد بەبینینی نیگا و رووخساری قوربانی لەگەڵ خودی خۆشیدا نەكەوێتە كێشە و كۆنفلیكتەوە، چونكە هەموو بینینێكی قوربانیی لەلایەن جەللادەوە بەرپرسیاركردنی و بیرهێنانەوەی جەللادە لەئاست خودی خۆیدا وەكو مرۆڤێك. بەڵام ئەو بەوەی ئینسانبوونی خۆی بیربخرێتەوە، ئەو "هاوسەنگی"یەش لەدەست



ئەدات كە پیشەی جەلادبوونەكەی پێیبەخشیوە. بۆیە بەردەوام پێویستی بەوە هەیە لە پەلاماردابێت و روخسارە ئاوێنەییەكان بشكێنێ تاكو ناچار نەبێت ئەو بانگهێشتنە بۆ "نەكوشتن" بەجیدی بگرێ كە لەنیگای قوربانییدا قەتیس ماوە. ئەگەرچی ئەمە مەحاڵە، چونكە جەللاد كائینێكە لەڕووی ئینسانییەوە تاسەر ئێسقان دۆڕاوەو ئەمەش وادەكات تازە نەتوانێت لەمانای بانگهێشتنی ئەویتر بۆ ئاشتی و هێنانەدی خاڵی هاوبەش تێبگات. جەللاد تازە هەر بە جەللادی دەمێنێتەوە. ئەو رێگای دەربازبوونی نیە.

**بێهۆشكردن، كیمیاوییاران، بەتاڵكردنەوەی جەستە:**



ئەگەر بەستنەوەی دەست و چاو تا ئاستێك بەشێواندنی بەشی دەرەوەی جەستەی دیل لێكبدەینەوە، چونكە دەستو چاو دوو ئەندامی دەرپەڕیوی

جەستەن، ئەوە بێهۆشکردن دەستدرێژییەکی راستەوخۆیە بۆسەر "قوولایی" جەستە و شێواندنو لەکارخستنی ئەو میکانیزمانەیە، کە هارمۆنیەتی جەستە پێکدەهێنن. واتە ئەو هارمۆنیەتەی سیفەتی هەرەدیاری دۆخی سرووشتیی هەر جەستەیەکە و مەرجی توانایی مرۆڤە بۆ سەلماندنی خۆی وەکو بوونێکی ئەخلاقی لەرێگەی هەڵسوکەوتەکانییەوە، لەرێگەی ئەزموونکردنی جیهانو شتەکانەوە بەهۆی جەستەیەوە، وەکو میرلۆپۆنتی دەیگوت.

لەراستیشدا بێهۆشکردن یەکەمین سەپاندنی ئەزموونی مەرگێکی کاتییە بەسەر قوربانییدا و دابڕکردنی تەواوەتیەتی لە هەستانی بەهەر جووڵە و هەڵسوکەوتێك کە بتوانێت لە رێگەیانەوە خۆی وەکو بوونێکی ئەخلاقیی بسەلمێنێ. لێرەشەوە، بێهۆشکردن گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ دۆخی پاسیڤبوونێکی رەها، کە ناکرێت چاوەڕێی لە ئەستۆگرتنی هیچ بەرپرسیارییەکی لێبکەین، تەنانەت بەرپرسیاریی راگرتنی هاوسەنگیی جەستەی خۆیشی.

بەڵام بێهۆشکردن لەمەش زیاتر دەگەیەنێت. چونکە هەموو بێهۆشکردنێ لەهەمان کاتدا تێکەڵکردنو سەپاندنی رەگەزێکی بێگانە و نامۆی زیادەیە بە جەستە: (دەرمان، ژەهر، بۆن، ئەلکهوول، میتاڵ و هتد)، واتە سەپاندنی رەگەزێ کە لەناو جەستەدا شوێنێکی سرووشتی نییە، پێویستی پێی نییەو جەستە ئامادە نییە لەناو خۆیدا بیگونجێنێ، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی هارمۆنیەتە سرووشتییەکەی. هەر بۆیەشە بەچوونە ناوەوەی رەگەزە چاوەڕواننەکراوەکە، جەستە لەخۆی



دەردەچێتو لەکار دەکەوێتو دەشێوێت و ئازاری پێدەگات.

بەمانایەکی دیکە، شێوەکانی بێهۆشکردن، دەرمانخوارکردنو کیمیاوییبارانکردن لە جەوهەردا هەموویان هەوڵدانن بۆ شکاندنی بەهاو سەندنەوەی نرخ لە جەستە وەکو ئۆرگانیزمێکی یەکگرتوو کە هەڵگری سەرجەمی ئەو نرخەیشە مرۆڤ وەکو بوویەکی هۆشیار، بۆخۆی قاییل دەبێت. بەم مانایەش سزا لەرێگەی تێکەڵکردنی ماددەیەکی نامۆوە بە جەستە دەستدرێژییەکی راستەوخۆترە بۆسەر مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ بەستنەوەو تەنانەت بڕینەوەو جیاکردنەوەی دەستو ئەندامەکانی تر و هەڵکۆڵینی نینۆك و دەرهێنانی چاویشی. چونکە مرۆڤ بە لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەی، هێشتا باری ئەزموونکردنی جیهانی دەوروبەری خۆی لەرێگەی هەست و ئەندامەکانی تریەوە لەبەردەمدا دەمێنێ، هێشتا دەتوانێت وەکو بوویەکی زیندووی چالاك هەڵوێست و پەیوەندی خۆی بە مرۆڤ و شتەکانو سرووشتەوە دەستنیشان بکات. بەڵام لەوکاتەدا کە دەرمانخواردوو یان بێهۆشو کیمیاوییباران دەکرێت ئیدی ئۆرگیناڵیەتی مرۆڤبوونی خۆشی لێدەستێنرێتەوەو لە جەستەیەکی ئاگای چالاکەوە دادەبەزێنرێتە سەر ئاستی، نەك هەر لاشەیەکی شێواو بەڵکو لاشەیەکی بەتاڵ.

بەتاڵکردنەوەی جەستەی قوربانیی لە بەها و نرخی ئینسانیانەی، خاڵیکردنەوەی لە ئۆرگیناڵیەت و سڕینەوەی دانسقەیی رووخساری تاکە مرۆڤ، ستراتیژی هەموو ئەو سزا و پەلامارانەیە کە مرۆڤی ئێمە لەلایەن رژێمەکانی ناوچەکەوە بەدرێژایی ساڵەکان بەسەریدا سەپێنراون. کاتێ بەعس جەستەی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی بەسەر

شەقەمەکاندا و بەدوای پیکابێکدا رادەکێشا، یان لەرێگەی زنجیرەی ئەنفالەکانی و کیمیاویبارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە، هەر مەبەستی نەبووە "ژمارە"ی مرۆڤی کورد کەم بکاتەوە. بەهەمان شێوە پەلامارەکانی رژێمی ئێرانی بەناوی پاکسازییەوە، هرووژمەکانی ڕژێمی تورکی، جۆری رەفتارکردنی لەگەڵ کوردە گوندنشینەکان و دیلەکان، جۆری راپێچکردنیان‌و تەنانەت شێوەی سازدانی دیمەنی دادگاکانیشی، هەمان ستراتیژیان لەپشتەوەیە: واتە نەك پەلاماردانی جەستەیی تاك و گرووپەکان لەپێناوی کەم کردنەوەی ژمارەی ئەندامەکانی میللەتی کورددا، بەڵکو ستراتیژی قووڵتری ئەو پەلامارانە بۆ لێسەندنەوەو شێواندنی نرخی ئۆرگینالی‌و دانسقەیی مرۆڤ بووە بەشێوەیەکی گشتی. ئەویش لەرێگەی بێهۆشکردن‌و ژەهراویکردن و زەلیلکردن و دواجار کوشتنی تاك و گرووپە قوربانییەکانەوە.

ئەگەر بڕوانینە هاندەرە شاراوەکانی ئەو ستراتیژی سزایە، ئەوە تێدەگەین ئەم شێوەی سزایە لەجەوهەردا بۆ ئەوە بووە کە جەستەی مرۆڤ لەهەموو خۆسەلماندنێکی چالاك بەتاڵ بکاتەوەو لاشەیەکی بێهۆش و شێواوی لێ دروست بکات، تاکو نەك هەر نەتوانێت وەکو کورد خۆی پێناسە بکات، بەڵکو هەموو بەهایەکی ئینسانیشی لەبیر بباتەوە. بەم قسەیە دەمەوێت بڵێم، چەندە گرنگە لەرەخنەماندا ژمارەی قوربانییەکان بەتاك‌و گرووپەوە بەرجەستە بکەین‌و بەڵگەی چۆنێتی شەهید بوون‌و بێسەروشوێنکردنیان و شوێن و کاتی رووداوەکان بخەینە پێشچاو، هێندەش زیاتر گرنگە ستراتیژی سزای



جەللاد و ئەو قووڵاییانە بناسێنین کە هەمان ستراتیژکاری بۆ کردوون‌و بەمەبەستی ئەنجامدانیان هەوڵیداوە.. یەکێك لەو ستراتیژنەشمان لە ئامادەیی کامێرای ڤیدیۆ لەناو ئەو فڕۆکەیەدا کە ئۆجالانی رفاندەوە بۆ تورکیا بۆ ئاشکرا دەبێ، کە بێگومان هەر تەنیا لەپێناوی بەدۆکیۆمەنتکردن و بڵاوکردنەوەی رووداوەکە بەدنیادا، نەبوو. بەڵکو ئەم دۆکیۆمەنتە بۆ دروستکردنی ساتەوەختێکە لە قووڵاییەکانی یادەوەری مرۆڤی کورددا تاکو ناچار بێت لە تێڕوانینیا بۆ جەستەی خۆی، لاشەیەکی بەتاڵ لە گەورەیی و حورمەت و نرخی ئینسانی ببینێت. واتە دۆکیۆمەنتێکە بۆ بەزیندوو راگرتنی ساتێك لەساتەکانی زەلیلی مرۆڤی کورد و لێرەشەوە بۆ شکاندنی ئیرادەی ئەم میللەتە لە تێڕوانینیا بۆخۆی وەك مرۆڤێکی خاوەن گەورەیی و عیززەتی نەفس. هەر لێرەشەوەیە کە دادگاییکردن و "حوکمدانی یاسایی" بەسەر ئۆجالاندا وەکو کۆمیدیایەك دێتە پێشچاو، چونکە هەموو ئەو خاڵانەی پێشتر لەبارەیانەوە دوام و وەکو رەفتاری ستراتیژیانەی جەللاد لەئاست جەستەی قوربانیدا شیمکردنەوە، نەفی ئەم دیلە وەکو مرۆڤێکی زیندوو دەکەن، کە بتوانێت لەرێگەی رەفتار و بەکارهێنانی ئازادانەی جەستەیەوە و وەك بوویێکی ئەخلاقی خۆی بسەلمێنێ. ئەگەر سیستەمێکی عەدلییش پێشتر نەفی ئینسانییەتی تاوانبارەکانی کردبێت، ئەوە دادگاییکردنی لە دیمەنێکی کۆمیدی زیاتر نییە.

بەهەرحاڵ، لێکۆڵینەوە لەشێوەکانی سزا و چۆنێتی مامەڵەکردنی جەللاد لەگەڵ جەستەی زیندوودا، فەسڵێکی گرنگ لەمێژووی

قووربانییەکانی ئێمە پێکدەهێنێت، بەڕادەیەك پێویستە بنکەیەکی تایبەت بە "سزاناسی" دروست بکەین کە لەهەمانکاتدا بتوانێت لەناساندنی جەللاد و جەوهەری ستراتیژەکانیدا یارمەتیمان بات. چونکە تەنیا لەم ڕێگایەوە پلەی تاوانبارییەکانی جەللادمان بۆ دەردەکەوێت و بێگومان پێویستیشە ئەم خاڵە کاریگەرییەکی تەواو بکاتە سەر چۆنێتی دەستنیشانکردنی پەیوەندیی شتراتیژیانەمان لەگەڵ جەللاددا. لەلایەکی تریشەوە، باسکردن و لێکۆڵینەوە لە گرووپی قوربانییەکان گرنگە، بەڵام لەوەش گرنگتر تێگەیشتنە لە بارودۆخی تاکە قوربانیی وەك مرۆڤێکی سەربەخۆ، کە لەسەر جەستەی خودی خۆی شێوازەکانی سزای لەسەر تاقیکراوەتەوە.

(٥)

## دیسپلینی "بەجیهانیکردن"

ڕەنگە هێشتا لەڕووی تیۆرییەوە نەتوانین بەڵگەی تەواو سەبارەت بە ڕووداوی ئۆجالان و پەیوەندی بە پرۆسەی بەجیهانیکردنەوە، بخەینە ڕوو. بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە جۆرێك لە پەیوەندیی لە نێوانیاندا هەیە و پێشتریش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و لەمیانەی قسەکردن لەبارەی پەیوەندیی مۆدێرنیتەو تووندوتیژییەوە ئاماژەم بەهەندێك خاڵی ئەو پەیوەندییە کرد.



لەپێناسەیەکی خێرادا بۆ پرۆسەی بەجیهانیکردن دەتوانین بڵێین: ئەم پرۆسەیە لەلایەکەوە پرۆسەی بەجیهانیکردنی کەلتوورێکە بەهەموو ڕەهەندە ئابووریو کارگێڕی و ڕەمزییەکانییەوە و لەلایەکی تریشەوە، دەستێکی یارمەتییە بۆ هەموو ئەو چالاکی و بزاڤانەی کە خێرایی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لەجیهاندا دابین دەکەن و پشتیوانی لێدەکەن و ڕەوایەتی زیاتری بۆ بەدەستدەهێنن. بەمانایەکی تر، بەجیهانیکردن پرۆسەی هاوکاریی نێوان ئەو بزاڤ و چالاکییانەیە کە لە ئەمڕۆی جیهاندا هەوڵدەدەن هەموو ڕەهەندەکانی کەلتووری سەرمایەداری (بەتایبەتی ئەمەریکی)، وەکو تاقە کەلتوورێکی ئەڵتەرناتیڤ بەسەر جیهاندا بسەپێنن و سیمای ژیانی بەشەری لە ژیانێکی بەکاربەری، (ئیستیهلاکی)دا سەقامگیر بکەن.

ناوهێنانی کەلتووری ئەمەریکی وەکو کەلتووری ئەڵتەرناتیڤ و هەڵبژاردەی پرۆسەی بەجیهانیکردن لەبەرامبەر کەلتوورەکانی دیکەی جیهاندا، هەر بەتەنیا دەستنیشانکردنێکی سادە نییە. بەڵکو ئەم دەستنیشانکردنە پێماندەڵێت کە هەتا ئێستا ئاسان نییە سنووری جیابوونەوەی پرۆسەی بەجیهانیکرن لەگەڵ کەلتووری هەمەپەسەند و میکانیزمە ئابوورییەکانی سەرمایەداری ئەمەریکیدا دەستنیشان بکەین. لێرەشەوە هەموو ئەو چالاکیو جموجۆڵانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی فراوانکردنی شێوازەژیانی بەکاربەرییەوە، وەکو جۆرێ لە بەرگریکردن لەبەردەم پرۆسەی بەجیهانیبووندا و لەوێشەوە لەبەردەم کەلتووری ناوبراودا خۆیان دەنوێنن و هەڵگری ڕەهەندێکی

یاخیگەرانە و دژایەتیکردنیان. ئەمەش دەیانخاتە بەردەم زنجیرەیەك لێپرسینەوە و سەرکوتکردن و بەپەراوێزخستن، کە لەلایەن دەسەڵاتی تۆڕەکانی بەجیهانیبوونەوە رەوایەتییان بەتاڵ دەکرێتەوەو سووکایەتییان پێدەکرێت.

ئەگەر ئەم روانگەیە هەڵبژێرین بۆ قسەکردنمان لەسەر پەیوەندیی رووداوی ئۆجالان بە پرۆسەی بجیهانیکردنەوە، ئەوە دەبێت پێش هەموو شتێك بڵێین: کەلتوور سیاسی کورد لە تورکیادا بە بەراورد لەگەڵ کەلتوور سیاسی کورد لە عێراقدا، کەلتوورێکی "دەستەمۆنەکراو"ی "نائامادە"ی "متمانەپێنەکراو"ە سەبارەت بەو "ئاساییش"ەی مەرجە بۆ پەلکێشانی ئازادانەی بازاڕەکانی سەرمایە. کەلتوورێکە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی خەباتکردنیدایە و مەبەستیش لە سەرەتاییبوونی زیاتر ئەو ئامراز و میتۆدانەی خەباتکردن دەگرێتەوە کە مەترسی دروستدەکەن و دیسپلینکردنیان ئاسان نییە، کە ناچنە ژێر چاودێری میکانیزمەکانی سیستەمی نوێی جیهانییەوە و هێشتا بەپێی پرانسیپ و نۆرمەکانی ئەم سیستەمە، کەلتووریزە و بەسرووشتی (تطبیع) نەکراون. یاخود هێشتا ئەم شێوازە خەباتەی کوردەکانی باکوور، نەیتوانیوە زمانێکی پەسەندکراو و "لەڕووی سیاسییەوە ڕاست!"بۆ پراکتیزەکردنی خواستەکانی خۆی بدۆزێتەوە و ئەندامەکانی خۆی لە مرۆڤی ***"گیانفیدای شەڕکەری ناو شاخەکان"***ەوە بکاتە ***"موچەخۆری نیشتەجێبووی خاوەن پێگەی سیاسی ناو شارەکان"***، وەك ئەوەی لەئێستای باشووری کوردستاندا



دەبیینین و پێشتر لەگەڵێك خەسڵەتی ئەم کەلتوورە سیاسییە و بکەرەکانی ناوی دووام.

بەمانایەکی تر، کەلتووری سیاسی کورد لە تورکیا هێشتا لەسەر پرانسیپی بەدەستهێنانی پشتیوانیی "مەعنەوی و مرۆڤایەتی و بەزەیی پێداهتنەوەس"ئیش دەکات، لەکاتێکدا کەلتووری سیاسی لەباشوور و لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی ئەم هەشت/ نۆ ساڵەی دواییدا[1]، ئیش لەسەر پرنسیپی ***"هاوکاری"*** لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندەکاندا دەکات.

بەجیهانیکردنیش بزاڤێکی بەرژەوەندخوازە و پرۆسەی نێوان ئەو چالاکییە هەمەڕەنگانەیە کە مەبدەئی "هاوکاریکردنی ئابووری" دەخەنە سەرووی هەموو مەبدەئێکی ترەوە و خۆیان لەئاست خواستەکانی سەرمایەدا ساخکردۆتەوە. واتە بەجیهانیکردن لەو کاتەدا دەستێکە ***تەوقە*** لەگەڵ ئەو بزاڤ و لایەنانەدا دەکات، کە بواری بڵاوبوونەوەی کەلتووری زاڵ فراوان دەکەن و رێگای بۆ پاك دەکەنەوە، ئەوە دەستێکیشە ***تەوق*** دەخاتە گەردنی هەموو ئەو چالاکییانەی نایانەوێت لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا خۆیان بگونجێنن. چونکە هەموو پەسەند نەکردنێك و خۆ نەگونجاندنێ لەگەڵ لۆژیکی ئەم پرۆسەیەدا، بەمانای سەرپێچیکردنە لەئاست دەسەڵاتی سیستەمی ئیستیهلاکیدا و مەترسی دروستکردنە لەبەرامبەر

[1] ئاماژەیە بە کاتی نووسینی بابەتەکە، بەڵام دەتوانین هەمان بۆچوون بۆ ئێستاش دووبارە بکەینەوە، کە ساڵی ٢٠١٠یە.

دروستبوونی ئەو ئاساییشەدا کە ***نرخی ئازادیی بۆ بزاڤەکانی ئاڵوگۆڕو بازاڕ، دەخاتە پێش نرخی ئازادیی مرۆڤەوە.***

رەنگە بتوانین لێرەوە زیاتر لە پەیوەندی رووداوی ئۆجالان بە پرۆسەی بەجیهانیکردنەوە تێبگەین. چونکە لۆژیکی ئەو کەلتوورە سیاسییەی ئۆجالان بانگەشەی دەکات، نەك هەر لەبەر دژایەتیکردنی لەگەڵ رژێمی تورکیدا (کە دەیەوێت لەناوچەکەدا وەکو دەوڵەتێکی دیموکراتی مۆدێرن رۆڵی سەرەکی سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ببینێت و ئاساییشێك لەسەر پێشێلکردنی مافی ژیانی کەلتوورە خۆماڵیەکانەوە بۆ کەلتوور سەرمایە دابین بکات)، یاخود نەك هەر لەبەر ئەوەی ئۆجالان و بزوتنەوە سیاسییەکەی هێدی هێدی وەکو مەترسییەك لەسەر ئیدارەی سیاسی باشووری کوردستان، (کە دیسانەوە وێڕای گرنگی ئەم مەڵبەندە لەرووی سیاسییەوە، دەشێت بازاڕێکی نوێی گرنگیش بێت لەناوچەدا) تەفسیر دەکران، بێگومان لەمەشدا توندڕەوی خودی ئۆجالانو ئەو چالاکییانەی لەو ناوچەیەدا پێی هەڵدەستان، رۆڵیان هەبوو. بەڵکو رووداوی ناوبراو لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیکردن لەوێشدا یەکانگیر دەبنەوە، کە ئەم پرۆسەیە چیدی لەبەرامبەر ئەو بزاڤ و جموجوڵانەدا لێبووردن پیشان نادات کە مێژوویەکی دیکەی پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە تەیدەکەن کە لەگەڵ وێنای کەلتوور "ئابووریسەنتەر"دا بۆ بەگوندکردنی جیهان یەکناگرێتەوە.

لێرەوە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە رووداوی ئۆجالان رووداوی هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی شێوازی بزوتنەوەیەکی سیاسی ناتەبایە کە



خواستی سیاسی و سەربەخۆیی مافی میللەتێکی کردۆتە درووشمی خۆی، بۆ شێوازێکی پتر دیسپلینراوی تەباو گونجاو کە نەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ سەر پرۆژەی بە گوندکردنی جیهان و خواستە هەرە سەرەکییەکەی کە داگیرکردنی رووبەرەکانە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتە ئابوورییەکەی.

## دوا وتە:

بەراستی ئۆجالان لەکێ دەچێت: لە تیرۆریست یان لەئازادیخواز؟ هەوڵی ئەم پیاوە لەگەڕانیدا بەولاتان، نائومێدبوونی بەردەوامی لە بەدەستهێنانی مافی پەنابەری، پاشان سەفەری راپێچکردنەکەی لە ژێرزەمینی خۆشاردنەوەکانییەوە بۆ ئاسمان و دوایی بۆ دادگا و لەوێشەوە بۆ مەرگێکی راگەیەنراو لە بەندیخانەدا، هەموو دالغەیەکی تیرۆریستبوونی ئەومان لەسەرا دەڕەوێنێتەوە. یەکەمین وێنەکانی ناو دادگاش مرۆڤێکی تەنیامان پیشان دەدەن کە جگە لە قەڵەمێك، پارچەیەك کاغەز و پەرداخێ ئاوی سەرمێزەکەی بەردەمی، خاوەنی هیچ شتێکی دیکە نییە. لێرەشەوە، ئەو لە قوتابییەك دەچێ کە راپێچکراوە بۆ تاقیکردنەوە لەبەرامبەر کۆمەڵێ پرۆفیسۆردا کە هیچیان ئامادەنین بۆ ساتەوەختێك گوێی لێبگرن. لەلایەکی دیکەشەوە، بەوەی لە ناو هۆڵی دادگادا خراوەتە کابینەیەکی شووشەبەندەوە کە دیوارەکانی ئەم شووشەبەندە لەیەك کاتدا ئەو نومایش دەدەنو لەهەمان کاتدا جیای دەکەنەوە لەسەرجەمی

ئامادەبووانی دیکەی ناو هۆڵەکە، زیاتر لەو بووکە شووشانە دەچێت کە لەودیو جامخانەی دوکانەکانەوە بێدەنگ نومایش دەدرێن.

ئۆجالان لەم کەش و هەوایەدا پتر وەك بووکە شووشەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، تا وەك مرۆڤێکی زیندوو، ئەویش بۆ رازاندنەوەی دوکانێك کە بەناوی عەدالەتەوە ڕەوایەتی دەدات بەخۆی. دەبێت ئەو دیلە بێدەنگکراوە لەودیو شووشەبەندەکەیەوە بێت تا ئێمە هەست بەجوانی دوکانەکە بکەین و لەبەردەمیدا ئیستێك بکەین! ئەوە چ سیستەمێکی عەدالەتە کە نایەوێت گوێی لەدەنگی ئەوانە بێت کە بەتۆمەتی تاوانبار راپێچیان دەکات و رێگەیان پێنادات لەناو هۆڵی دادگاشدا بەرگری لە خۆیان بکەن؟ نومایشی دادگاییکردنی ئۆجالان هێندەی ئەوەی نومایشی تێکشکاندنی گەورەیی مرۆڤە، هێندەش زیاتر ئاشکراکەری ئەو سزایانەیە کە قوربانیی پێش مەرگ بەزۆر ئەزموونیان دەکات و بەهای ئینسانیانەی پووچ دەکەنەوە. ئەمەش هانمان دەدات بەدوای عەدالەتێکی دیکەدا بگەڕێین، بەدوای ئەخلاقێکی عادیلانەو یاساییو رەوای دیکەدا کە جیامان بکاتەوە لەبەربەریەتی مۆدێرن.

رەنگە ئەم نومایشە پەندێکی گەورەی بۆ کورد لەخۆیدا شاردبێتەوە کە پێمان دەڵێت: ئەگەر رۆژگارێ توانیمان تاوانبار و جەللادەکانمان دادگایی بکەین، نابێت حەزو ئارەزوومان بۆ تۆڵە و بەربەریەت ئەو پرانسیپی عەدالەت و یاسا ئەخلاقیانەمان لەبیر بباتەوە، کە لەئێستای بارودۆخی خۆماندا غائیب و نادیارن. چونکە ***ئێمە ناتوانین لەسەر دووبارەکردنەوەی رەفتاری جەللادەکانمانەوە بینای کەلتووری عەدالەت و ئەخلاقیی خۆمان هەڵچنین.*** لەراستیدا جەوهەری نومایشەکانی ئۆجالان بانگهێشتنن بۆ دۆزینەوەی ئەو پرنسیپانەی کە "جیاوازیی" لەنێوان ئێمەی قوربانیو ئەویتری جەللاددا بەرجەستە دەکەن. بەڵگەی تەواویشمان لەبەردەستایە بۆ گرنگیو پێویستیی بەرجەستەبوونی ئەو جیاوازییە، چونکە بێجگە لەو توندوتیژییەی کە لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ بەدرێژایی ساڵەکان لەئاست دیلەکانی یەکتردا خستوویانەتە کار و تیایدا شێوازەکانی بێسەرو شوێنکردن، دەرمانخواردکردن، پیلانگێڕیو ئەتککردن لە غیابی "هەستی عەدالەتخوازی"دا، تاقیکراونەتەوە، لەمێژووی نزیکیشماندا "قۆناغی راپەڕینی ٩١" نموونەیەکی پڕ مەترسی فەرامۆشکردنی "هەستی عەدالەت"ی کوردە لەئاست تاوانباردا. راپەڕین هەر قۆناغێك نەبوو لەمێژووی ئێمە، کە تیایدا ئیرادەی کورد بۆ ئازادیو سەربەخۆیی گەیشتە درەخشانترین پلەی گەشانەوەی خۆی، بەڵکو لەهەمان کاتدا رووداوێك بوو هەستی عەدالەتخوازیی ئێمەشی خستە ژێر تاقیکردنەوەیەکەوە کە تیایدا سەرنەکەوتین. سزاکانی کورد بۆ تاوانبار و خیانەتکاران و بەشێکی زۆری مووچەخۆری دەزگاکانی داپڵۆسین لەسەردەمی راپەڕیندا، هەمان توندوتیژیی ئەو سزایانەیان هەبوو، بەدەست هەمان بۆشایی نەبوونی پرانسیپی یاساییو هەستی عەدالەتەوە دەتلانەوە، کە لەساتی ئێستاماندا ئێمە دەیانکەینە بەڵگەی بەربەریەتی سیستەمی یاسایی تورك.

بێگومان راپەڕینەکان دواجار پاساوی خۆیان بەئاماژەکردن بەو گڕ و کف و بێسەرەوبەرییە دەدەنەوە کە لەساتەوەختی بەرپابوونیاندا جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرنە دەست. ئەگەرچی ئەندامانی هیچ میللەتێك چاوەڕێیان لێناکرێ لەکاتی راپەڕین و شۆڕشەکاندا وەکو یاساناس و دادوەرە پیشەییەکان رەفتار بکەن و لەکاتی روبەڕووبوونەوەی تاوانباردا، رەچاوی پرانسیپەکانی عەدل و رەوایی بکەن، (ئەمەش وادەکات "کەلتووری تەور" بەقەرار بێت). بەڵام ئامادەیی "هەستی عەدالەت" لە کۆمەڵگادا، پەیوەندی نییە بەشارەزابوونی پیشەیی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە لەبواری یاساو پرانسیپەکاندا، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە پلەی شارستانیبوونی ئەو کۆمەڵگایەوە کە یاسا کەلتووریەکان رۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕن. یەکێك لەو یاسا کەلتووریانەش لە مێژووی ئێمەدا رەتکردنەوەی کوشتن و بە تابۆکردنیەتی، کە ئەم یاسایە خۆی لەخۆیدا بناغەی هەبوون و دانپیانانە بەهەستێکی عەدالەتخوازیشدا. واتە ئەو هەستەی کە لە ئاگایی هەر ئەندامێکی سادەی ناو ئەم کەلتوورەدا بوونی هەیەو یاسای "کوشتن رەوانییە"ی فێردەکات، بەبێ ئەوەی ئەمە پەیوەندی هەبێت بەوەی ئایا ئەم ئەندامە سادەیە لەژیانی خۆیدا عادلانە رەفتاری لەگەڵ کراوە یان نا، چونکە وەکو گوتم ئێمە ناتوانین لەسەر دووبارەکردنەوەی رەفتاری جەلادەکانمانەوە بناغەی کەلتوورێکی



عەدالەتخواز بۆخۆمان دابڕێژین، کە بنچینەیەکی گرنگیی هەر شارستانیەتێکە.

رەنگە بۆ هێنانەدی ئەو چاوەڕوانییەی لە گوتەکەی بنیامین دا دەردەکەوێتو من بەدرێژایی هەندێ بەشی ئەم باسە ویستم راڤەی بکەم، تەنیا لەڕێگەی سازدانی رۆحێکی شارستانیانەی عەدالەتخوازیشەوە بتوانین ئەو بەڵگەنامە کەلتووریانە بەرهەمبهێنین کە لەهەمان کاتدا ببنە بەڵگەی رەتکردنەوەی بەربەریەتیش، بەبێ ئەوەی رەفتاری بەربەریانەیان لەپشتەوە بێت..

نووسین: ١٩٩٩ دانمارك

پیاچوونەوە: ٢٠١٠ کوردستان

## پەراوێزو سەرچاوە:

(١)Walter Benjamin: **Kulturkritiske essays**، Gyldendal, 1998، s. 163.

(٢) م. لوفلر دلاشو: **زبان رمزى قـصەهاى پريـوار**. ت.جـلال سـتارى ١٣٦٦، انتـشارات توس. بەتايبەتى بەشى نۆزدە.

(٣) رێبـوار سـيوەيلى: "*ڕۆڵـى تەلـەفزيۆن لەبەرهـەمهێنانى زەبـرو زەنگـدا*". لـەكتێبى: **دنياى شتە بچووكەكان**، زنجيرەى كتێبى دەزگاى چاپو پەخشى سـەردەم (ژمـارە:٤)، سلێمانى ١٩٩٩، ل ل: ١٥٣–١٨١.

(٤) R. Descartes: **Metafysiske meditationer**، Sjette rd 1991، “Munksgaard, Sjette meditation، i: **De store tenkere**. s. 185.

(٥) يـەكێك لـەو سەرچـاوە گرنگانـەى لەروانگـەى مرۆڤناسـى (ئـەنترۆپۆلۆژى)يـەوە لـە جەستە دەكۆڵێتەوەو بە وردى باس لە جەستە لە فيكرى ئەوروپيدا دەكـات، كتێبەكـەى لێبرتۆنە، بڕوانە داڤيـد لـو بروتـون (**David Le Breton**): انتروبولوجيـا الجـسد و الحداثـة. ت:محمـد صاصـيلا، المؤسـسه الجامعيـه للدراسـات و النـشر والتوزيـع، بـيروت ١٩٩٣، بەتايبەتى بەشى دووەمو سێهەم، ص:٢٧–٧٩.

(٦) مـوريس مرلوبـونتى: **ظواهريـة الادراك**. ت: د. فـواد شـاهين، معهـد الانمـاء العربـي، بيروت. ١٩٩٨، ص ١١٧. هەروەها بڕوانە:

– Maurice M. Ponty: **Kroppens faenomenologi**.، Det lille forlag، Kobenhavn 1994.

(٧) بـۆ ئـەم سـەرنجانە سـوودێكى زۆرم لـەو پێـشەكييەى (Ole. F. Kirkeby) وەرگرتـووە كـە بـۆ وەرگێڕانـى دانمـاركى بەشـێكى كتێبەكـەى ميرلۆپـۆنتى نووسـيوەو لەسەرەوە ئاماژەم پێكردووە.

(٨) موريس مرلوبونتى: **ظواهرية الادراك**. سەرچاوەى پێشوو، ص ١١٨.

(٩) موريس مرلوبونتى: **ظواهرية الادراك**، هەمان سەرچاوە، ص٧٨.



(١٠) على الحبيب الفريوى: **الروئية النقديـة في الحداثـة** (ميرلوبـونتى و سـيمياء الجـسد). الفكر العربى المعاصر ١٠٨–١٠٩، ص: ٣٩.

(١١) Maurice M. Ponty: **Kroppens faenomenologi** s. 92، Det Lille Forlag، Kobenhavn 1994.

(١٢) رێبوار سيوەيلى: **دنياى شتە بچووكەكان**. هـەمان سەرچـاوەى پێـشوو، ل: ١٣–١٤.

(١٣) Bent Vestre: “***En moral for englene****?*” i Emmanuel Livinas: ***Underveis mot den anden***، Essays av rn Aarnes، Videaforlagets?
- Og ***om Levinas*** *Ved Asbj Kulturbibliotiek*، Oslo، 1998، s. 183

(١٤)Emmanuel Levinas: **Etik og Uendelighed**، Hans Reitzels Forlag، 1995، s. 82.

# ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات:

## دۆستن، یان دووژمن؟

**دەستپێك:**

ئەم وتارە بەرئەنجامی وردبوونەوە، تێبینیكردن و شرۆڤەكردن و دواجار دارشتنەوەی كۆمەڵێ دیاردە و ڕووداون لە كۆمەڵگای سیاسیی خۆماندا. پێبەپێی بەیادهێنانەوەی ڕووداو و دیاردە گرنگەكان، شییكردنەوەی خێرایان بۆ كراوە. لە لایەنی تیۆرییەوە، بەشێكی زۆری بۆچوونەكان پشت بە ئەو تیۆریانە دەبەستن، كە باس لە ڕەفتارناسی گرووپەكان[1] و ناكۆكیی و پەیوەندیی و ململانێی نیوانیان بەرجەستە دەكەن و سرووشتی بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان دەخەنە بەرباس و توێژینەوە. ئەگەرچی مەبەستی سەرەكی من قسەكردنە لەسەر ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، كە یەكەمیان پێویستە لە چوارچێوەی بزووتنەوە كۆمەڵایەتیەكان و دووەمیشیان دەبێت وەك دامەزراوەی دەسەڵات لێی بكۆڵرێتەوە، بەڵام هەروەك لە ناوەڕۆكی باسەكەشدا دەردەكەوێ، هەر یەك لە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە كۆمەڵگای ئێمەدا پتر لەوەی سەرچاوەی بوونی خۆیان لە بزووتنەوە كۆمەڵایەتی و دامەزراوەی سیاسیەوە وەربگرن، زیاتر ڕەوایەتی خۆیان لە وابەستەبوونیان بە گرووپە كۆمەڵایەتیەكانەوە، وەردەگرن. ئەمەش ئەوە ئاشكرا دەكات كە ڕەنگوبۆی پێكهاتەی لۆكاڵی و كەلتووری



خۆماڵی بەسەر هەریەكێ لەو دوو لایەنەدا تا ئەو سنوورە باڵادەستە، كە نەهێڵێ ئۆپۆزیسیۆن لە شێوەی بزوتنەوەی كۆمەڵایەتیدا دەركەوێت و دەسەڵات ببێتە دامەزراوەی سیاسی. لێرەشەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی كە زۆرێك لەو شرۆڤە ئەكادیمیك و زانستیانەی بۆ هەر یەك لە "ئۆپۆزیسیۆنی ستاندارد" و "دەسەڵاتی ستاندارد" كراون، نەكرێت بە ئاسانی بۆ خوێندنەوەی ئەم دوو دیاردەیە لە وڵاتی ئێمەدا بەكار بهێنرێن. ئەوەی دەشێت لە ڕووی تیۆرییەوە یارمەتیمان بدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و ململانێی نێوانیان بریتیە لە پەنا بردن بۆ ئەو تیوری و چەمكانەی باسی پەیوەندی و ململانێ لەنێوان گرووپی ناوەكی و گرووپی دەرەكیدا دەكەن.پانتایی سیاسیش پانتایی ململانێیە لەنێوان بكەرانی سیاسیدا، كە دیارترینیان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتن. لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای من، وەكئەوەی لێرەدا چەندین نمونەمان هێناوەتەوە، پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە وڵاتی ئێمەدا، پەیوەندییەكی (جەوهەری)یە، بەڵام وەدیهاتنی ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە كەش و هەوای (دیموكراتیزەبوون)ی پانتایی سیاسییەوە، كە تیایدا هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزیسیۆن ئەرك و (دەروەستی)یان دەچێتە سەرشان. ئەركی دەسەڵات ئەوەیە پرۆسەی دیموكرتیزەكردنی كۆمەڵگا بەردەوام كات، ئەگەرچی جاری وایش هەیە دەبێت خۆی باجی ئەمە بدات. ئەركی ئۆپۆزیسیۆنیش ئەوەیە كە هاوڵاتیان چەواشە نەكات. پشتگوێخستنی دەروەستی لەلایەن هەركامێ لەو دوولایەنەوە، دەبێتە هۆی دروستكردنی (ترس

لە بەشداریی سیاسی )ی هاوولاتیان و دووپاتبوونەوەی گرژی و توندوتیژی لە غیابی (ڕۆشنبیریی لێبووردەیی) و ڕەفتاری لێبووردووانەی تاکەکان لەگەڵ یەکتری. بەمجۆرەش کۆمەڵگا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە بەرەو هەڵوەشانەوە دەبرێت و هەرەیەك لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنیش پێناسەی خۆیان لەدەست دەدەن.

**پەیوەندی و ململانێ: جەوهەر و خەسڵەت**

لە کۆمەڵگای ئێمە و بەتایبەتیبەتیش لە پانتایی سیاسیی ئێمەدا تێگەیشتنێکی دابڕخوازانەمان بۆ پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، هەیە. ئەمەش سەپێنراوێکی دیکە و میراتێکی تری کەلتووری سیاسیی ڕژێمە داگیرکەرەکانە، کە هەمیشە بەپێی پێوەری نەتەوەیی، ئەتنیکی و مەزهەبی خۆیان، وەك "ستەمکارییەکی ڕەها" کۆمەڵگای ئێمەیان گۆڕیوە بۆ کۆمەڵگایەکی "یاخی و توند و تیژاوی". ئەم کەلتووره میراتیە لە ئێستاشدا، هەمان ڕوانگە تەقلیدیەکەی خۆی، نەك هەر تەنیا بۆ جیاکردنەوەی ڕەهای (ئۆپۆزیسیۆن) لە (دەسەڵات) پاراستووە، بەڵکو وەکو دابڕاو و هەڕەشە و دوژمنی یەکتریش وێنایان دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پانتایی سیاسیی لەم هەرێمەدا، مەبەستم لە تێگەیشتنی دابڕخوازانە **ئەو تێگەیشتنەیە، کە کردەی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات و دروشمەکانیان، دەکاتە پێوەر بۆ جیاکردنەوە و لێکدابڕکردنی دوو لایەنی پێکهێنەری هەمان پانتایی سیاسی، کە لە جەوهەردا پەیوەندارن نەك دابڕاو، چونکە پەیوەندییەکەیان مەرجی دروستبوونی پانتاییە سیاسیەکەیە.** لەبەر ئەوە، دەکرێ بگوترێ: تێگەیشتنی دابڕخوازانە ئەو تێگەیشتنەیە کە هەر لە بنەماوە ئەو دوو لایەنە لەیەکتر دابڕ دەکات و یەکێکیان بە پیلانگێڕ لەسەر ئەویان و ئەویتریشیان بە چەپێنەری ئەمیان دادەنێ. ئەم بۆچوونەش تا ڕادەیەك ڕاستە، بەڵام بەلای منەوە پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەهێزترە، وەك لە دابڕانیان. بەهەرحاڵ، بەپێی ئەو تێڕوانینە باوە، لەلایەکەوە دەسەڵات وەك لایەنە "خراپ و نێگەتیڤ و پێشوەخت بڕیارلەسەر دراوەکە" وەردەگرین و لەلایەکیترەوە ئۆپۆزیسیۆن وەك لایەنی "خێر و فەریادڕەس" بەگژ دەسەڵاتدا دەکەین.

ئەم تێگەیشتنە لە ڕواڵەتەوە، لە ڕووکەشەوە دەڕوانێتە پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات و لەبەر ئەوەی ئەو دوانەش لە سرووشتی کار و شێوازی کارکردنیاندا جیاوازن، وا دەزانرێ لە دوو پانتایی سیاسیی جیاوازیشدان. ئەمەش لەکاتێکدا هەم ئۆپۆزیسیۆن و هەم دەسەڵات، لەناو هەمان پانتایی سیاسیدان و هەردووکیشیان لە خولگەی مەسەلە نەتەوەییەکاندا دەسووڕێنەوە و سەر بەهەمان ئەتنیك و ئاینزاشن، نەك یەکێکیان لە ڕوانگەیەکی جیاوازیی نەتەوەیی، ئیتنیکی و مەزهەبی دیکەوە بڕوانێتە ئەویتر و بە پێی پێوەرەکانی خۆی، خوێنی حەڵاڵ بکات[٢].

ئەم تێگەیشتنە لە ئاستی دەروونیشدا بۆتە هۆی جێگۆڕکێیەکی سەیر و سەمەرە، کە تەنیا لە دۆخە ڕیزپەڕەکانی سیاسەتدا ڕوو دەدات. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو دەسەڵاتەوە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە،

تەماشای بکەین، ئۆپۆزیسیۆن چۆتە جێگەی "تێکدەر" و "یاخی" و "چەواشەکار"، هەموو ئەم چەمکانەش لە فەرهەنگی سیاسی بەعسییەکانەوە بەرامبەر بە پێشمەرگە بەکارهاتوون. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆن و لە گۆشەی لەخۆتێگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆنەوە تەماشای بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئۆپۆزیسیۆن خۆی خستۆتە بەرەی "ڕزگارکەر" و بەهەمان ڕۆحی حەماسیانەی سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە لەسەر دەسەڵات دەدوێ، کە پێشتر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لێوەی تەماشای داگیرکەریی بەعسییەکانی دەکرد.

لە نمونەی یەکەمدا، واتە لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، هەمان مامەڵە لەگەڵ ئەندام و لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆندا دەکرێ، کە دیسانەوە میراتە دێرینەکەمان بیر بێتەوە. بۆ نمونە سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان (پێشوازی) لە (گەڕاوەکان) و هەڵسوڕاوانی لیستی گۆڕان دەکات، وەکئەوەی ئەوانە لە بەرەی "خیانەتەوە گەڕابنەوە بۆ بەرەی نیشتیمانی و ڕیزی خەبات"، نەك تەنیا بیروڕایەکی جیاوازی خۆیان هەبێت، کە جیاواز بێت لە خەتی سکرتێری گشتی.. بەهەمان شێوەش کاتێ لەکاتی هەڵبژاردندا گوێمان بۆ ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان و بەلاغ و لێدوانەکانیان دەگرت، لە خۆتێگەیشتنی ئەوان بەو جۆرە خۆی دەنواند کە لەبەردەم "دوژمن و هێزێکی داگیرکەردان و پێویستە کۆمەڵگا مۆبیلیزە بکەن بۆ لەناوبردنی". لەکاتێکدا، ئەگەر یەکێتی و لایەنگرانی لیستی گۆڕان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، لە ڕووی سیاسییەوە گۆڕانکارییەکی گرنگ و بێ نموونەیان ئەنجامدابێ، ئەوەیە کە توانیان فەزای هەبوونی



بیروڕای جیاواز، لە دەرەوەی پارتی/ یەکێتی بخەملێنن و ببنە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، بەو مانایەی پانتایی سیاسی کوردستان پێویستیی پێیەتی، نەك بەمانای تێگەیشتنە دابڕخوازییەکە.

ئەم خستنەڕووەی باسمانکرد، پتر ئایدیۆلۆجیانە و ڕۆشنبیرانە و حەماسیانەیە، نەك ئەکادیمیك و پشتبەستوو بە ئەزموونی واقیعی. چونکە پەیوەندیی و ناکۆکیی نێوان گرووپەکان هەرگیز چەقبەستوو نییە و گۆڕاوە، گرووپەکان بەرژەوەندیی و ناکۆکییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و دووری و نزیکییان پەیوەستە بە ڕێژەی ناکۆکی و ئاشتەواییەکانیانەوە[٢]. با چەند نمونەیەك بهێنینەوە: کاتێك ئایەتوڵا خاتەمی دێتە سەر دەسەڵات، پێگەی ئۆپۆزیسیۆنانەی کوردەکان لە ئێراندا، گۆڕانی زۆری بەسەردا هات و کاتێکیش ئایەتوڵا مونتەزیری کۆچی دوایی دەکات، خەڵك لەدژی دەسەڵات دەڕژێنە سەر شەقامەکان و ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت و نەتەوە ژێر دەسەتەکانی وەك کورد، لەکەناڵەکانیانەوە تەفسیریی ئەمە بە "خۆشەویستبوونی ئەو ڕابەرە شیعەیەی ئێران" لەبەرامبەر دەسەڵاتدا لێکدەدەنەوە. بەمجۆرەش ئۆپۆزیسیۆن، کە تا ئەم ڕووداوانە ئۆپۆزیسیۆنیش بووە لەئاست کۆی ئەو مەنزوومە مەزهەبییەدا کە مونتەزیری و خاتەمی دەچنەوە ناوی، دەبێتە لایەنگر.

نمونەیەکی تر، کاتێ نازییەکان حکومەتی دانمارکیان داگیر کرد، خودی حکومەتەکە و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە دژی نازییەکان، یەك هەڵوێست بوون و پادشای ئەو دەمی دانمارکیان کردبووە سێمبوولی خۆ ڕاگریی وڵاتەکە و میللەتەکەی، کە ڕۆژانە بە سواری ئەسپەکەیەوە

بەناو شار و هاوڵاتیاندا پیاسەی دەکرد و مێژوو ئەمەی بە سەرکەوتنێك بۆ تۆمار کرد، ئەگەرچی ئەو لە هەمان سەردەمدا لەلایەن چەپەکانەوە دژایەتی دەکرا و ئەو مێژووەش کە ئەوی وەك قارەمانێك بەرجەستە کردووە، لەلایەن مێژوونووسانی چەپەوە نووسراوەتەوە. دەکرێ بپرسین: بۆچی مێژوونووسە چەپەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لەئاست پادشادا، ئۆپۆزیسیۆنانە ڕەفتاریان نەنواند؟

نمونەیەکی تر: کاتێ ئەمەریکا پێش چەندین دەیە و لە شەستەکاندا، ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی خستە سەر حکومەت و وڵاتی کوبا، زۆرینەی مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانی جیهان لە ئاست ئەو بڕیارەی ئەمەریکادا، هەڵوێستی دژیان نواند و لایەنگیری وڵاتی کوبایان کرد. بەڵام هەر ئەو دەم، زۆرینەی مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانی دژ بە بلۆکی خۆرهەڵات، هەمان هەڵوێستی ئەمەریکاییان لەبەرامبەر بیروڕا ستالینیەکانی حکومەتی کوبادا هەبوو.

نمونەیەکی تر، کاتێ وڵاتێك تووشی کارەساتێکی سرووشتی دێت، لەبابەت زەمینلەرزە، لافاو، نەخۆشییە کوشندەکان و شتی لەو جۆرە، یان کۆمەڵگایەك ڕووبەڕووی کارەساتی لێکدانی شەمەندەفەر و بەربوونەوەی فڕۆکەی گەشتیاران دەبێتەوە، یان ڕووبەڕووی دەستدرێژی هێزی بێگانەی دەرەکی، ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات هەڵوێستیان تەواو لێك نزیکدەبێتەوە، کە دەبێ بپرسین کامیان ئۆپۆزیسیۆن و کامیان دەسەڵاتن؟

نمونەکان زۆرن و بایەخدارن، چ لە جیهانی ژیانی ڕۆژانەدا و چ لە مێژوودا، کە هەردووکیان سەرچاوەی مەعریفەی سیاسیی و ئەزموونیی



ئێمەن. لەبەر ئەوەش کە باس لە شتێك دەکەین پەیوەندیی هەیە بە مێژوو و ئەزموونەوە، ئەوە نمونەکان هەرچییەك بن، لە دەرەوەی پانتایی سیاسی نین. بۆیە دەکرێ خێزانیش وەك نمونەیەك وەربگرین و پاشانیش لە مێژووی کۆمەڵگاکانەوە نمونەیەکیتر وەردەگرین و ئەمجا مەبەستی خۆمان پتر ڕووندەکەینەوە:

لە کۆی ئەو فۆرمە خێزانیانەی تا ئێستا دەیانناسین، جۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات دەبینینەوە[٤]. ململانێی نێوان ڕەگەزەکان لەسەر ڕۆڵ و پێگە و پیرۆزی، لایەنێکیانی کردۆتە دەسەڵات و لایەنێکیش بە ئۆپۆزیسیۆن، بەبێ ئەوەی ئەم ململانێیە لێکتریان جیا بکاتەوە و جۆری فۆرمی خێزانییتر پێکبهێنن. هەروەها لە گشت فۆرمە خێزانیەکانیشدا، لە نێوان نەوەکاندا ململانێی جۆربەجۆر هەبووە، کە وایانکردووە نەوەی نوێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن و نەوەی بەتەمەنیش دەسەڵات بێت، بەڵام لە هەمان پانتایی و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا کە خێزانە و لەهەمان پانتایشدا، کە یەکەیەکی سیاسیە. هەر لەناو خێزاندا جۆرێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات دەبینینەوە: پەیوەندیی نێوان خوشك و براکان: تا ئەو کاتەی برا گەورە هاوسەری نیە، هەموو خوشك و براکانیتر بە نمونەی بەردەمی خۆیان و پشتیوانی خۆیانی دەزانن، بەڵام کە خێزانی پێکەوەنا، واتە ئەو کاتەی مێیینەیەك دەکەوێتە ناو پەیوەندییەکەوە، ئەوانیتر لێی دەبنە ئۆپۆزیسیۆن. تا ئەوکاتەی باوکمان دەمرێ، ئێمەی نێرینەکانی تر لە ئۆپۆزیسیۆنێکی گەرمی دژ بە پێگەی باوکایەتیداین، بەڵام کاتی (ئەو) نامێنێ، ئایدیالیزەی دەکەین.

بۆچی ئەم نمونانە بایەخدارن؟ چونکە هێڵێکی نادیار و گرنگی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات و پێویستیی ئەوانە بەیەکترمان بۆ دەکێشن، کە زۆر جاران نە ئۆپۆزیسیۆن و نە دەسەڵات ئەو هێڵی پەیوەندییە نابینن. بۆیە دەکرێ بڵێین: ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە جەوهەردا یەکن، چونکە لەهەمان پانتایی سیاسیدا کار دەکەن و لە دەرەوەی پانتایی سیاسی هیچیان بایەخی دەسەڵاتمەندی و ئۆپۆزیسیۆنبوونیان نامێنێ. بەڵام هەرچەندە ئەم یەکبوون و پێویستیە جەوهەرییەیان بەیەکتر هەیە، ئەوە لە ئاستی خەسڵەتدا لێکتر جیا دەبنەوە. پەیوەندیی ئەوان لە جەوهەری کاری ئەوانەوە، کە هاوبەشییانە لە پانتایی سیاسیدا، سەرچاوە دەگرێ، بەڵام خەسڵەتی ئەوان لە شێوازی ململانێکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە لە هەمان کاتیشدا جیاوازییانە لە شێوازی کارکردنی سیاسییاندا، بەو مانایەی سیاسەت هونەری بەڕێوەبردن و حکومکردنە.

ئەم هونەرە بۆ هەمووان وەکو یەك نییە و حوکمکردنیش هیچ کاتێ نەبووە لە ڕوانگەی خودیانەی ئەوانەی حوکمدەکەن، بەدەر بێت. حوکمکردن بریتییە لە حوکمکردن لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە، هەروەکچۆن یاسادانانیش بریتییە لە دانانی یاسا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ئەوانەی یاسا دادەنێن، هەرچەندەش بانگەشەی بابەتگەرایی لە دانانی یاسادا بکەن. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، لە شێوازی کاری سیاسیاندا خەسڵەتەکانی وەك شۆڕشگێڕی و کۆنپارێزی لە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا دەچەسپێن و ئەم خەسڵەتانەش لەبەر



ئەوەی ڕێژەیین، واتە نە شۆڕشگێڕییەکی بەتەواوی مانا پۆزەتیڤ و نە کۆنسێرڤاتیڤیزمێکی لە سەدا سەد نێگەتیڤمان هەیە، ئەوە لێکتریان جیا ناکاتەوە و بەهۆیەوە دابڕ نابن لەیەکتر. ئەوان هەرگیز "دەسەڵات" نین لەبەر ئەوەی *تەنیا کۆنپارێزن* و "ئۆپۆزیسیۆن"یش نین، لەبەر ئەوەی *تەنها شۆڕشگێڕ و گۆڕانخوازن*. هەروەکچۆن ساتەوەختی ستەمکارانەی دەسەڵاتمان هەیە و دەسەڵاتیش هەیە لە پشت بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانستەوە، ئاواش ئۆپۆزیسیۆنی چەواشەکار و مشەخۆرمان بەسەر ساتەوەختە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕیزپەڕەکانەوە هەیە، هەروەکچۆن خەباتی ئۆپۆزیسیۆنانەشمان هەیە کە کۆمەڵگا لە ئاستی پراکتیکی و تیۆریدا بەرهەمدەهێنێتەوە.

**خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات:**

بەم مانایە، من لەو بڕوایەدام ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لەناو هەمان پانتایی سیاسیدا، وەك پانتایی سیاسی کوردی، بۆ یەکتر پێویست و یەکتری تەواوکەر و تەنانەت دەتوانن پشتیوانیکەری یەکتریش بن[٥]. ئەوانە دۆست و جێی ڕاز و هاوپەیمانی یەکترن، مادام هەردووکیان لە هەمان کۆمەڵگادا بۆ ئەو ئامانجانە کاردەکەن، کە دەکرێ بەسەر کۆی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا بگشتێنرێن و بەرژەوەندیی گشتی تیایاندا پارێزراو بێت. ئەوانە هاوپەیمانی یەکترن، چونکە هیچیان دژایەتی خۆیان بۆ کۆمەڵگا و داهاتووی نەتەوەیی ئێمە ڕا نەگەیاندووە. ئەوانە هەمان ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی مەعنەوی و

کەلتووریشیان هەیە، چونکە نە هیچیان لەچاو ئەویتریاندا داهێنەرتر و خوێندەوارتر و خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەتیترن، نە هیچکامیشیان لەدەرەوەی ئەو بازنەی بیرکردنەوە مەعنەویەن کە پێیدەگوترێ *بیرکردنەوەی کوردیانە* لە کۆمەڵگا و سیاسەت.

ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، بەو مانایەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرجەستە بووە، لە وردەکەلتوور و جێبەجێکردنی مەراسیمە کۆمەڵایەتیەکان و ئایینی و ڕەمزییەکانیشدا هاوبەشن. ئەوان لە چوونە تەعزیە، لە مردوو بەخاکسپاردن، لە شێوەی میوانداری، لە پرسینەوە لە خزم و کەسوکار، لەسەردانی نەخۆش، لە ئادابی چاکوچۆنی و بەخێرهاتنی میوان و بەڕێکردنی غەریبە، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێگانە و دەیان ئاکت و چالاکی دیکەی کەلتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتیدا، هەمان ئەکتەری هەمان پانتایی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانین. ئەکتەرانی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، هەمان مرۆڤە کوردەکانی ناو کۆمەڵگای کوردین، کە دابەشبوون بەسەر وردە کەلتووری بنەماڵەیی، خێزان، عەشیرەت، چین و توێژی کۆمەڵایەتیدا. هەمان خووی کۆمەڵایەتی، هەمان پەروەردە، هەمان ئەزموون و هەمان ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوبەش، لە پشت کەسایەتیانەوەیە. چوارچێوەی ژیانی هاوبەشی کوردیانە، ئەزموونی مێژوویی، وردە سەلیقەی هاوبەشی کەلتووری و هەمان منداڵی و هەمان ترس لە پشت تێڕوانینی سیاسیی ئەوانەوەیە، کە چەندەش جیاواز بن، ئەو جیاوازییە جیاوازییەکی جەوهەری و چییەتیانە، نیە. هەروەکچۆن ئەم



کۆمەڵگایە بەو پەیوەندیانەی کە هەیبووە و بەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی، لە ڕابردووی خۆیدا، دوانەی (ئاغا و جوتیار، شێخ و مورید، کوێخا و ڕەعێت، شاری و لادێی، ئەفەندی و ئەعیان)ی لە دەروونی خۆیدا دروستکردووە و زەمینەی مانەوە و ململانێی بۆ ڕەخساندوون و کاریگەرییان کردۆتە سەر یەکتر، هەروەکچۆن مێژوو ڕۆژگارێکی دوور و درێژ ئەم کۆمەڵگایەی ناچارکردووە بەرگریی لە مانەوەی خۆی لەبەرامبەر ئەویتری داگیرکاردا بکات، ئاواش لە ئێستادا بەرجەستەبوونی دوانەیەکی تری ئەم کۆمەڵگایە دەبینینەوە، کە خۆی لە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

بە بڕوای من ئەم دەرکەوتە نوێیە، چەندە تایبەتمەندە بە پانتایی سیاسییەوە، ئەوەندەش دیاردەیەکە پەیوەندیی بە سرووشتی کۆمەڵگا و گەشەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو گرت، کە پانتایی سیاسی ئێمە بۆ خۆی ئاستێکی تری درێژەدانە بەو گوتارە کۆمەڵایەتی و وردەکەلتوورانەی سیاسیەکانی ئێمە و حیزبی سیاسی کوردی، لە شێوە ژیانی عەشیرەیی، بنەماڵەیی و هۆزەکانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە.

پێش هەموو شتێك، چ ئۆپۆزیسیۆن و چ دەسەڵات، سەر بە هەمان ڕەگەزی نێرینەن، کە هەڵگری میراتی کەلتووری باوکسالاری و پیاوسالارین و بەو مەراسیمانەدا تێپەڕیون کە ئەو سیستەمە ڕەواجی پێداون. ئەوان نێرینەن و وەك نێرینە جیاوازییەکی جێندەرییان لەگەڵ ڕەگەزی مێیینەدا بۆ دروستبووە. بۆ نمونە ئەوان وەك کوڕ لە پێش

لەدایکبوونەوە چاوەڕوانیی کراون و لە ساتەوەختی لەدایکبوونیشەوە شوێن سەربەرزی بوون بۆ بنەماڵە و خانەوادەکانیان. مەراسیمەکانی وەك خەتەنەکردن، شێوازی هاوسەرگیری، پلەبەندیی خێزانی (گەورە و بچووکی) و دەیان مەراسیمی دیکەی هاوشێوەی کەلتووری پیاوسالارییان تەی کردووە. بۆیە هیچکامێ لە کەسایەتیە سیاسیەکانی ئێمە لە پانتایی ژیانی خسووسی و خانەوادەگییاندا، جیاوازتر نین لە هیچ سەرۆك عەشیرەت و هۆز و بنەماڵەیەك، با لە ئاستی گشتی و ئەزموونی سیاسیشدا پێشکەوتنیان بەدەستهێنابێ.

ئەوان، بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە، لە کەلتووری خواردن و جۆرەکانی خواردنیشدا هاوبەشن. هەمان سیستەمی چێژ بەڕێوەیان دەبات[٦]، هیچیان لەبەر هۆکاری ڕۆشنبیری و فەلسەفی و بڕوا، گۆشت نەخۆر نین، گیاخۆر نین و بەوە نەناسراون کە دۆستی سرووشت و گیانەوەران و نەیاری ڕاوچییەکانن. پابەندییان بە دەستکەوتی مادییەوە، بێئەندازە لەیەکتر دەچێ و تەنانەت جاری وا هەیە مرۆڤ وا بزانێ، ئەم ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەی ناو پانتایی سیاسی کوردستان، جگە لە ململانێی ئابووری و نیزاعی نێوان دوو گرووپ لە سەرمایەداران، کە یەکێکیان زیاتر لە چەند ساڵێکە دەخوات و یەکێکیشیان دەیەوێ لەمەودوا سوودمەند بێت، هیچیتر نیە. هەستئەکەیت ئەم پەیوەندییە زیاتر گەڕانەوە و یاخیبوونی ئەو چەپاندنەیە کە سەرمایەدارانی پارتی و یەکێتی چەند ساڵە لەسەر خاوەن سەرمایە و بەرژەوەندییەکانی تری کۆمەڵگا، دایان ناوە و



ئێستا ئەمەیان دەیەوێت جێگەی خۆی پتەو بکات و کودەتا بەسەر ئەوەی یەکەمیاندا بکات. ئەوانیش وەك هەر هاوڵاتییەکی سادەی ناو ئەم کۆمەڵگایە حەزیان لە تاقیکردنەوەی جۆرەکانی سەیارە، سەفەرکردن، کڕینی شتی گران و خانووی گەورە و ڤێللای هاوینەیی هەیە و منداڵەکانیان بە ئیمتیازەوە دەنێرنە ناو کۆمەڵگاوە، تا بیسەلمێنن کە "ئەوان جیاوازن".

لەبەر ئەوە، تێبینیکردنە مرۆڤناسیی (ئەنترۆپۆلۆژی)، کۆمەڵناسی، ڕەفتارناسی، دەروونشیکارییەکان و زەینییەکان، لەسەر خوو و ڕەفتار و چێژ و سەلیقەی لایەنگرانی ئۆپۆزیسۆن و لایەنگرانی دەسەڵات، خاڵی هاوبەش و پابەندێتی ئەمانەمان زۆر پتەوتر پیشاندەدەن، وەك لەوەی هەر یەکەیان لە ئاستی سەرخانی کەلتووریدا بانگەشەی دەکەن و لە ئاستی سیاسیدا دەبێتە بەرهەمهێنانی توندوتیژی.

دەزانم لەهەردوولا ئەم قسەیە وەك خۆی وەرناگیرێ، بەڵام ڕەنگە بتوانم هۆکاری ئەمە بگێڕمەوە بۆ ڕادەی ئەو توندوتیژییەی دەکەوێتە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتی هەمان پانتایی سیاسییەوە و ئەمەش ئەوان نابینا دەکات لە ئاست پێویستییان بە یەکتر. لە پاشانیشدا باس لە کەلتووری لێبووردەیی و کردەی لێکبووردن، وەك دوو جێگرەوەی توندوتیژی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات دەکەم، کە ئەوان بەیەکتر ئاشنا دەکاتەوە، بەمەرجێ ئەو ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتە لەسەر پرانسیپی سیاسییەوە، ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتی

یەکتر بن، نەك لەسەر بنەمای ململانێی تایبەت و میزاجی شەخسی و میراتی کەڵەکەبووی هاوبەشی کێشەی دوو لایەنییەوە، وەك ئەوەی لەنێوان هەندێ هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان و سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی، دەیبینینەوە.

لەکاتێکدا دەکرێ بزووتنەوەی گۆڕان لە ئاست پانتایی سیاسی کوردیدا، کە هەردوو جەمسەرەکەی یەکێتی و پارتی پێکیدەهێنن، ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە بێت و پێویستییشیان پێی هەبێت، بەڵام گۆڕان بەتایبەتی لە ئاست یەکێتی نیشتیمانی و بەتایبەتی باڵی سکرتێری گشتیدا، ئەم سیفەتە لەخۆی دەسەنێتەوە و پتر وەك نەیار و خاوەن کێشەیەکی تایبەت دەردەکەوێ و ئەو بڕە لە ڕاستەقینەی پیناسە دابڕخوازییەکە بەسەر خۆیدا دەچەسپێنێ، کە لە سەرەتاوە ڕەتمان نەکردەوە. هێرش و وەڵامدانەوەکانی هەریەك لە تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، کۆسرەت ڕسووڵ و سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵگەی بوونی کێشەی تایبەتن لە نێوانیاندا.

بۆیە ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان تەنیا توانا و چالاکیی خۆی لە کەپسکردنی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەتایبەتیش هەندێ لە سەرکردەکانی ئەو حیزبەدا، بچووك و کورت بکاتەوە، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە ناتوانێت گۆڕانی نەوعی لە کۆمەڵگای کوردستانیدا دروستبکات و ئەو وزەیەی بۆ گۆڕانکاریی سەرەتایی پێویستی پێیەتی، لە وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی یەکێتیدا بە فیڕۆ دەڕوات.



بەو دیوی تریشدا، یەکێتی نیشتیمانی بەهەر متمانە بەخۆبوونێکییەوە، بە گەڕانەوەی بۆ هەر ڕابردوویەکی ئازایانەی خۆی، کە تیایدا توانیبێتی بە هێز و سەرکوتانەوە، نەیارەکانی خۆی بێدەنگ بکات، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە ئەمکارە دەیخاتەوە بەردەم کۆی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکێتی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن بەشەکانی تری پانتایی دەسەڵاتی کوردییەوە، متمانەی جەماوەری لێوەرگیرێتەوە و زەمینەی مانەوەی پووچەڵ بکرێتەوە. یەکێك لەو لایەنانەش بریتییە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەگەڵ یەکێتیدا چۆتە ناو هاوپەیمانیەتێکی ستراتیژییەوە. بەپێی لۆژیکی هاوپەیمانێتی، نابێت هیچکامێ لە پێکهێنەرانی ئەو هاوپەیمانێتیە یاساکان و بڕیارە کۆگەلییەکان پێشێل بکەن و پێویستە ڕەچاویان بکەن[٧]، نەك ببنە هۆی پشێوی و ئاژاوەنانەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی هەردوولا بکەوێتە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە هەرچەندە پارتی تێبینی و ڕەخنەی خۆیشی لە بزووتنەوەی گۆڕان هەبێت، بەڵام لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، کە بە توندی گرێدراون بە ئاسایشی ناوچەکەوە، هەرگیز لە یەکێتی قەبووڵ ناکات زەبروزەنگی مەیدانی لەگەڵ گۆڕاندا بەکار بهێنێت.

## کەشی دیموکراسی و گەشەی ئۆپۆزیسیۆن:[٨]

لەم بارودۆخەدا، کە بەدگومانی بەسەر پەیوەندیی جەوهەریانەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا باڵا دەست دەبێت و لە خەسڵەتدا لێکتر جیا دەبنەوە و ئۆپۆزیسیۆن شێوازی ململانێی توندوتیژ بەخۆیەوە دەگرێ و لایەنگرانی خۆی بە جۆرەکانی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە ئاراستە دەکات، دەسەڵاتیش پێگە (Position) و پۆزی خۆی لە ئاست ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت کۆمەڵگاشدا دەگۆڕێ و ترسی لە کودەتا و ڕاپەڕینی جەماوەری، وای لێدەکەن جاروبار پەرچەکرداری توند و مانۆڕی سەربازی و هێز پیشاندان بنوێنێ و هەڵەی بێ پاساو بکات. واتە دەسەڵات دەبێتەوە بە هێز و هونەری بەڕێوەبردن و حوکمی کۆمەڵگا دەدۆڕێنێ و لە ڕووی پراکتیکییەوە خۆی بۆ جەنگی دەستە و یەخە و پەلاماردان و لێدان، ئامادە دەکات. لێرەشەوە، ئەم گۆڕانە مانایەکی نێگەتیڤ بە چەمکی دەسەڵات دەبەخشێ و یەکسانیدەکات بە ستەمکاری و بەرهەمهێنەری ترس و تۆقاندن، وەکئەوەی لەسەرەتاوە باسمانکرد. بەمجۆرەش کۆمەڵگا لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا دوولەت دەبێت و دووژمنی دەرەکی، لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتی هەمان پانتایی سیاسیدا، خەونەکانی خۆی دەهێنێتە دی.

بۆ ئەوەی ئەم دوو گۆڕانە بە دژی سرووشتی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە و لەسەر حسابی پەیوەندیی ناچاریانەیان، ڕوونەدات، کەشی دیموکراسیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گرنگیی



تایبەت بەخۆی هەیە. هەبوونی کەشێکی دیموکراسی، لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکی پلورالیستی (pluralistic)، چ لە ئاستی تاکەکەسی بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆحییەت و قەبووڵکردنی بۆ ئەوانیتر و، چ لەسەر ئاستی گرووپەکان و تێگەیشتنیان لە گرنگیی هەبوونی گرووپی تر، یارمەتیدەرێك و تەنانەت بناخەیەکی باشە بۆ مانەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە چوارچێوەی هەمان پانتایی سیاسیدا.

لێرەشەوە، دامەزراوە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆشنبیرانی بێلایەن و کەسایەتیە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، ئەرکێکی گرنگیان دەچێتە سەرشان سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، بەبێ دەستهەڵگرتنیان لە جیاوازییەکانیان، بەڵام بە سنووردانان بۆ شتی تایبەت و ناکۆکیی لاوەکی[٩]. ئەگەرچی هەریەك لەو پانتاییەی پێیدەگوترێ کۆمەڵگای مەدەنی و پانتایی ڕۆشنبیری، بۆخۆی موبتەلا و دەردەدارن بە کۆی ئەو قەیران و دووڕوویی و فرەسیماییەی کۆمەڵگا و کەلتووری ئێمەی گرتۆتەوە، بەڵام هەندێك لەم لایەن و کەسایەتی و دامەزراوانە، لە ڕێکخراوەکانی کاری خۆبەخشەوە، تاکو کۆمەڵگای مەدەنی و تا ڕۆشنبیران و کەسایەتیەکان، دەتوانن هەریەکەیان لەلای خۆیەوە و بەسوودوەرگرتن لە کەشی دیموکراسییەتی ئامادە، نەك تیۆری و خەیاڵی، پەیوەندیی جەوهەریانەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، زیندوو ڕابگرن و چاودێرییان بکەن و بە ڕاشکاوی خاڵی لاواز و پتەویان دەستنیشان بکەن. هەروەها بە بیریشیان بهێننەوە، کە خاڵە لاوازەکان بۆیان هەیە ببنە

ناکۆکی و تەنانەت گەشەش بکەن تا ئاستی بیرکردنەوەی خراپ لەیەکتر و بۆی هەیە پێکدادانیشیان لێبکەوێتەوە، چونکە ئەوان پەیوەندییان پێکەوە نەماوە.

بەم پێیەش کۆمەڵگا بەگشتی و ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەتی، دەکەوێتە مەترسییەوە و کۆی هاوڵاتیان باجی قورسی دۆخە چاوەڕوانکراوەکە دەدەن. لەبەر ئەوە خاڵی لاواز و ساردیی لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا، هەر تەنیا لاوازی و ساردییەکی ئاسایی نین، بەڵکو مەترسیهەڵگریشن. مەترسییەکە لەوەوە سەرچاوە ناگرێ، کە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات نابێت ناکۆك بن، بەڵکو لەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەردووکیان ڕەگوڕیشەیان لە چنینی کۆمەڵایەتی و بونیادی کەلتووریی ئێمەدا هەیە و گرژییەکانیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی نێگەتیڤ دادەنێن لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمە. ئەم کاریگەرییە نێگەتیڤانە، بۆیان هەیە لە سەرەتاوە بە بەدگومانی و دڵپیسبوونی بکەرانی کۆمەڵایەتی لە ئاست یەکتردا، دەستپێبکات و ببێتە هۆی پەرەسەندنی گرژیی دەروونی و کۆمەڵایەتی. یەکێ لە بەدئەنجامیە هەرە خراپەکانیشی بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی تۆڕی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و کۆی ئەو نۆرمانەی بەهۆیانەوە کۆمەڵگایەك تۆکمەیی و و یەکدەستەیی خۆی، لەبەرامبەر کۆمەڵگاکانیتر و لەبەرامبەر تاکەکانی هەمان کۆمەڵگای خۆشماندا، دەپارێزێت. کۆمەڵگا بۆی هەیە لەبەرچاوی تاکەکانی بخرێت و لێرەشەوە نامۆبوونی تاك لە ژیانی کۆمەڵایەتیانەی خۆیدا و لە ئەنجامی کاریگەریی سیاسەتێکی نا واقیعییەوە، دەستپێدەکات[١٠].



لەبەرامبەر ئەمەشدا، کاتێ دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆشنبیران و کەسایەتیە کەلتوورییەکان، دەتوانن گوتارێکی کارا بۆ چاودێریکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بەرهەم بهێنن، بەهاکانی گفتوگۆ و دانوستان و یەکتر قەبووڵکردن بەرز دەبنەوە و بواری گەشەکردنی بیرۆکەی پیلانگێڕی و بەدگومانی کەمتر دەبێتەوە. گرنگ ئەوەیە هێزە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان گۆڕەپانی سیاسی بەتەنیا بۆ ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات بەجێنەهێڵن و بەردەوامیش بەگوێی دەسەڵاتدا بدەن کە پێویستە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بەردەوام بێت و ئەمەش ئەرکێکە لەسەر شانی ئەو لایەنانەی دەسەڵات پێکدەهێنن. من بۆخۆم بەمجۆرە لە پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای کوردستانی لە سایەی دەسەڵاتی هەردوو جەمسەرە پێکهێنەرەکەیدا (پارتی و یەکێتی)، تێدەگەم:

**بواری فرەیی ئایینی و کەمەنەتەوەییەکان:** لە بواری جیاوازیی ئایینی و فرەئایینی و مافی کەمەنەتەوەییەکان و جێکردنەوەی ڕێژەییانەی ئەوانیتر (بۆ نمونە کوردەکانی خۆهەڵات، کوردانی باکوور و خۆرئاوای کوردستان)، هەنگاوی باش نراوە، ئەگەرچی لە رووی ماف و جۆرایەتییەوە، وەکو پێویست نیە. بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو پرۆسەی دیموکراتیزەکردنە ئاستی ژیان و لەخۆتێگەیشتن و مافی دەربڕینی بۆ هەریەك لە تورکمان، کلدۆئاشوور و ئایین و ئایینزاکانی ناو هەرێمی کوردستان، لەهەر کاتێکی دیکەی ژێر دەسەڵاتە سیاسییەکانی پێشوو، زیاتر دابینکردووە و تەنانەت ئەگەر بەراوردیشی بکەین بە مافی هەمان

ئەو گرووپانە كە لەوڵاتانى دراوسێدا دەژين، ئەمەى كوردستان دادوەرانەترە، چونكە ڕەنگدانەوەكەى لە بەرهەمى فيكرى و خۆڕێكخستن و بەجێهێنانى سرووتەكانى ئەو ئاين و ئاينزا و گرووپە ئەتنيكيانەدا دەبينرێتەوە و لە دواڕۆژيشدا بەرهەمى زياترى لێدەكەوێتەوە..

**بوارى بازرگانى و دابەشكردنى سامان:** لە بوارى بازرگانيدا پرۆسەى ديموكراتيزەكردن بە سوودى سەرمايەدارانى ناوچەيى و ناوخۆيى وابەستە بە دوو حيزبەكە و بنەماڵەكانيانەوە، تەواو بووە و ئەمەش بۆتە هۆكارى دروستكردنى نايەكسانى و ناداوەرى لە پرۆسەى بازرگانى و ئابووريدا. بەدئەنجامى ئەمەش بريتيە لە بڵاوبوونەوەى هەژارى، ڕێژەى زۆرى كاركەرى منداڵ، بێكارى و دروستبوونى كەمينەى پارەدار و زۆرينەى هەژار و كەم دەرامەت. ئەمە جگە لەوەى ئەم نايەكسانيە لە شوێنيشدا ڕەنگيداتەوەتەوە و شارە گەورەكانى حسابكراو لەسەر دەسەڵات باشتريان بەركەوتووە و شارۆچكە و شارەدێكانيش زۆر لەوە كەمتر. ئەو سەرمايەدارييەى ئەمڕۆ لە كوردستاندا هەيە، ئەخلاقێكى تايبەت بە خۆيشى بەرهەمهێناوە، كە زۆر بێڕەحم و نابەرپرسيارانەيە. ئەم ئەخلاقە لەلايەكەوە، كار لەسەر بردنەوە و بەدەستهێنانى زۆرترين دەستكەوت دەكات و لەلايەكيتريشەوە، زۆرينەى ئەو كەلوپەل و ئامرازانەى دەيانهێنێتە وڵاتەكەمانەوە لەڕووى جۆرايەتيەوە لاوازن و كاريگەريى خراپيش دەكەنە سەر ژينگە و ميزاجى مرۆڤ، كە لەپاشە ڕۆژدا زيانەكانى دەردەكەون، بەبێ ئەوەى لەڕووى ياساييەوە كەس بەرپرسيارى



بگرێتە ئەستۆى خۆى. يەكێ لە خەسڵەتە هەرە ديارەكانى سەرمايەدارانى وڵاتى ئێمە ئەوەيە كە تێگەيشتنيان بۆ سەرمايە، تەنيا لە ئاستە ئابوورييەكەيدا قەتيس ماوە، كە دەتوانن بە پارە، كەلوپەل بكڕن و بە قازانج بيفرۆشنەوە. واتە بێخەبەرن لەوەى چۆن سەرمايەى مادى بكەنە سەرمايەى ڕەمزى و كەلتووری.

**بوارى پەروەردە و فێركردن:** بوارى پەروەردە هەتا ئێستا سوودى لە پرۆسەى ديموكراتيزەكردن وەرنەگرتووە و پەيوەنديية فێركارى و پەروەردەييەكان هێشتاكە لەسەر شێوازى كۆن و پێش ديموكراتيك دەڕۆن و تێكەڵييەكى زۆر لە سيستەمى پەروەردەيى كوردستاندا، لە نێوان پەروەردەى ئاينى و پەروەردەى مەدەنيدا هەيە و ئەمەش بۆتە هۆى دروستنەبوونى ديدێكى مرۆڤدۆستانە لەو سيستەمەدا. سيستەمى پەروەردەيى ئێمە هەتا ئێستا (فێر) دەكات و (دەسەپێنێ) و (تەڵقين) دەكات، لەكاتێكدا پرۆسەى ديموكراتيزەكردن پێويستى بە سيستەمێكى پەروەردەيى هەيە كە تيايدا ***تێگەياندن*** جێگەى فێر كردن بگرێتەوە، (هەڵبژاردن) و (ئازادى) جێگەى سەپاندنى بەزۆر و هەروەها (حەز) و (سەرنجڕاكێشان)، بخرێتە شوێنى دەرخيات و لاساييكردنەوەى توتيانە. پرۆسەى ديموكراتيزەكردن پێويستى بە بەرهەمهێنانى تاكەكەسێك هەيە بۆ دواڕۆژ، نەك بە لە چوارچێوەدانى مرۆڤ لە ڕێگەى قوتابخانەوە.

**پانتايى سياسى:** بەڵام گەورەترين كەموكوڕييەكى جەوهەرى لە دەسەڵاتى كورديدا، كە پەيوەندى هەبێت بە پرۆسەى

دیموکراتیزەکردنەوە، بریتیە لە ئیشکردنی بەرەی دەسەڵات لەسەر ئۆپۆزیسیۆن وەکئەوەی ئۆپۆزیسیۆن هێزێکی بێگانەی نەیار بێت. لێرەشەوە دەسەڵاتدارانی پانتایی سیاسیی ئێمە، بە جۆرێك وێنای ئۆپۆزیسیۆن دەکەن، کە نە پێویست بێت و نە بەشێکیش بێت لە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای ئێمە. ئەم دیدە نێگەتیڤە بۆ هەبوون و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن، جگە لەوەی دەسەڵات گۆشەگیر دەکات و مەترسیی بوون بە دەسەڵاتێکی ستەمکارانەی لێ نزیکدەخاتەوە، ئاواش ڕاگەیاندنی شەڕێکی ساردە کە بۆی هەیە ئیختیاراتی مەترسیدار بخاتە بەردەم ئۆپۆزیسیۆن و بە کردەیی لە دژی دەسەڵات هاوپەیمانێتی هێزگەلێك هەڵبژێرێ (لەوانەش ئیسلامییە توندڕەوەکان)، کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ کۆمەڵگا مەترسیدران و لە ڕووی ستراتیژی نەتەوەییشەوە، ڕێگرن لەبەردەم زۆر پرۆسەی وەك ئاشتی و کۆمەڵگای مەدەنی و پێکەوەژیان لەسەر بنەمای مافە دەستووریەکان. چونکە قسەکردن لەسەر بنەماکانی شەریعەت و دۆکترینی تاکە مەزهەب و ئایینێك و لە قاڵبدانی کۆمەڵگا لەو چوارچێوەیەدا، (داهاتوو) لە کۆمەڵگا دەستێنێتەوە، بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنە سەرەتاییەکەشییەوە..

بۆیە گرنگە دەسەڵات، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا هەر یەك لە پارتی و یەکێتی، ئەو دیدەی لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی لیستی گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆنی حیزبە ئیسلامییەکان هەیانە، (کە زۆریش ڕێکخراوتر و لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە بنەماییانەتر بیر دەکەنەوە)، بیگۆڕن و بوونی بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبە ئیسلامییەکان و چەپەکان[11] وەك



ڕەهەندێکی پۆزەتیڤی ناو پانتایی سیاسی هەرێمی کوردستان ببینن، کە سوودمەندیی یەکەم لەو ئۆپۆزیسیۆنەدا بۆخۆیانن. چونکە هیچ نەبێت ئەمجۆرە ئۆپۆزیسیۆنە ڕەخنەگرییە شێوەمەدەنی و ئاشکرایە، ڕێدەگرێ لە دروستبوونی دەستی نادیار و کانالیزەبوونی وزە تۆراو و ناکۆکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ ناو ئامێزی هێزی شەڕانیی و نیەت خراپ.

لەبەر ئەوە پارتی و یەکێتی، پێویستە پێکەوە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی ئۆپۆزیسۆن، لە ستراتیژی ڕیسواکردنی و کەمکردنەوەی بەهاو پێگەکەیەوە، بگۆڕن بۆ ستراتیژی گفتوگۆ و دۆزینەوەی بواری چالاکیی هاوبەش. بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی باش، بەمانای هەبوونی دەسەڵاتێکی باشە و ئەم دوانەش پێکەوە دەتوانن گۆڕانی نەوعی لە ئاستی سیاسەتی هەرێمی و ناوخۆیی و جیهانیدا بۆ کێشەی کوردستان، دروستبکەن و دەستکەوتی باشیش بەدەست بهێنن.

بە بڕوای من دەکرێ یەکەم خاڵی دەستپێکردن لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە بێت، بەتایبەتی لەکاتی هاتن و سەردانی دیپلۆماتان و پێشوازیکردن لە کەسایەتیە سیاسیەکان، ئەندامانی حیزبە کوردستانیەکان، ئیسلامییەکان، مەسیحییەکان، چەپەکان و لیستی گۆڕان ئامادەییان هەبێت. بەبێ کرانەوەی زیاتری دەسەڵات و بەبێ گۆڕینی دیدی خۆی بۆ ئۆپۆزیسیۆن، پرۆسەی دیموکراتیزەکردن ڕادەوەستێ. بۆچی دەبێت هەنگاوی یەکەم لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە بێت؟ چونکە کێشەی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی، کێشەیەکی ناوخۆییە و پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە، هەیە.

سەرۆکایەتی هەرێم بەرزترین پێگەی دەسەڵاتی سیاسییە کە بەلاداخستن و ئاراستەکردن و چارەسەری ئەم کێشەیەی دەکەوێتە سەرشان، بەبێ ئەوەی لادان و لایەنگیریی بۆ هیچ لایەك پێوە دیاربێت، بەبێ ئەوەی پارتی وەك هاوپەیمانێکی نوێ بڕوانێتە بزووتنەوەی گۆڕان، چونکە ئەو کاتە یەکێتی دەتوانێ پەرچەکرداری هەبێت.

بۆیە پێویستە دەسەڵات لەم قۆناغەدا خۆی گەشە بە ئۆپۆزیسیۆن بدات و بتوانێ ئۆپۆزیسیۆن وەك بەشێك لە پرۆسەی سیاسی هەرێم ببینێ. بەبێ ناسینەوەی دەسەڵات بۆ ئۆپۆزیسیۆن وەك بەشێ لە جەوهەری خۆی، دەسەڵات ئەزموونە دیکتاتۆری و ستەمکارییەکان دووبارە دەکاتەوە و بە هەڵوێستەکانی لەدژی ئۆپۆزیسیۆن مێژوویەکمان بیر دەخاتەوە، کە کودەتا، شۆڕش و ئاژاوە و هەستانی جەماوەری چاوەڕواننەکراوی لێدەکەوێتەوە. پێویستە دەسەڵات لەوە تێبگات کە بۆ بەردەوامی پرۆسەی دیموکراسییەت پێویستە باجی گەشەسەندنی ئۆپۆزیسیۆن بدات، بۆ ئەوەی ڕێبگرێ لە تووڕەیی بەرفراوانی گشت کۆمەڵگا و هەستان لە دژی سیستەمەکە بەگشتی و گۆڕینی یەکجارەکی.

**ئۆپۆزیسیۆن و دەروەستی:**

پێگەی ئۆپۆزیسۆن لەسەر پێویستی و ناچارییەکی جەوهەرییەوە دامەزراوە، کە پانتاییەکی سیاسی کارا و کراوە، پێویستی پێیەتی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بەردەوام لە کۆمەڵگادا. ئۆپۆزیسۆن بەو پێیەی لەناو چین و توێژەکانی خەڵکی و هاوڵاتیانەوە دەدوێت و



سەرچاوەی ئیعتیباری خۆی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەنگیان پێداوە، ئەوە بەشێوەیەکی ئیلزامی دەروەستییەکی ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خستۆتە سەرشانی خۆی. بۆ ئەوەی ئەو دەروەستییە بە ئەنجامی ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێت و دەنگی هاوڵاتیان لە شوێنەکانی بڕیار و بەرژەوەندی گشتی لە پانتایی سیاسیدا بپارێزێت، پێویستی بەوە هەیە هەمان ئیلتیزامیشی هەبێت بەو پانتاییە سیاسیە هاوبەشەوە، کە ڕێگەی پێداوە ئەو تیایدا وەك ئۆپۆزیسیۆن کارا بێت.

بەم مانایەش ئۆپۆزیسیۆن چاوی زیادەی دەسەڵاتە لە دەرەوەی دەسەڵات خۆی، بەبێ ئەوەی دوژمنی بێت، چونکە بەپێی دەستوور ئۆپۆزیسیۆنی ناو هەمان پانتایی سیاسی بۆی هەیە ناکۆك بێت لەگەڵ بەرەی دەسەڵاتدا[١٢]. چەندە ئۆپۆزیسیۆن بەرهەم و گەشەکردووی ناو پرۆسەیەکی دیموکراتیانە بێت، ئەوەندەش دەروەستی و ئیلتیزامی بەرامبەر بەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتیە لەسەر شان زیاتر دەبێ، کە شوناسی ئۆپۆزیسیۆنیان پێبەخشیوە بەبێ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنبوون بۆی ببێتە مەترسی. ئەگەر پانتایی سیاسیی کوردی، بەڕاستی قەبووڵی ئۆپۆزیسیۆن بکات و کردبێتی، ئەوە سەلماندویەتی پانتاییەکی سیاسی تەندروستە و ئەمەش یەکەمین تەقەلایە بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی دیموکراسی و مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕاستەقینە.

بەڵام لە ئێستادا ئەم پانتاییە سیاسییە بەتەواوی خۆی لە بیرۆکەی "پیلانگێڕی" لەئاست ئۆپۆزیسییۆندا، ڕزگار نەکردووە. ئەگەرچی تیۆرەی پیلانگێڕی، تەفسیرێکی هاوبەش و گشتییە بۆ دەربڕینی هۆکارەکانی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جیاوازەکان[١٣]، بەڵام بە بۆچوونی من، ئەم بیرۆکەیە لەپانتایی سیاسیی ئێمەدا پێش هەموو شتێك ڕەگوڕیشەیەکی کۆمەڵایەتیانەی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی و شێوازی ڕوانینی کەلتووری عەشیرەیی بۆ ئەویتر، لە کوردستاندا.

وەك زانراوە عەشیرەت و هۆزە ناکۆکەکان هەمیشە یەکتریان وەك پیلانگێڕێك و خاوەن پڕۆژەیەکی شاراوە لە دژی خۆیان، بینیوە و ئەم بونیادە سایکۆلۆژیە لێرەوە دەپەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی یەکەم ڕێکخراوە سیاسی و حیزبیەکانیش. بەمجۆرەش بیرۆکەی پیلانگێڕی دەبێتە بەشێك لەپانتایی سیاسی ئێمە و چ لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەم پانتاییە سیاسیە لێوەی تەماشای یەکتریان کردووە، چ هەمان بیرۆکەش بۆتە پێوەری دەست بکەرانی پانتایی سیاسیی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دراوسێکان و زلهێزەکانی جیهان لەئاست مەسەلەی نەتەوایەتیماندا.

بۆ هەردوو بارەکە، بەڵگەی مێژوویی زۆرن، کە ئاشکرای دەکەن باڵە جیاوازەکانی ناو پانتایی سیاسیی کوردی لە ڕوانگەی پیلانگێڕییەوە یەکتریان بینیوە و کەوتونەتە هەڵەی کوشندەشەوە. یەکێتی و پارتی مێژوویەکی بیماریان لەمبارەوە هەیە. هەروەکچۆن بەڵگەش لەسەر پیلانگێڕی حکومەتە ناوچەیی و زلهێزەکان هەیە لەدژی مافەکان و



چارەنووسی گەلی کورد، وەك ڕێکەوتنی سیڤەر و جەزائیر و هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران و تورکیا و پاشقوولی سیاسەتی ئەمەریکا لە کوردەکان و گووشارەکانی بۆ دەستهەڵگرتن لە مافە دەستووری و یاسایی و مێژووییەکانی.

مەترسیی گەورەی تیۆرەی پیلانگێڕی لە ئاستی پانتایی سیاسیی کوردیدا ئەوەیە، هەر شتێ ڕوویدات لایەنەکان وەك پیلانێك لەدژی خۆیان لێکیدەدەنەوە و هەرگیز ڕووداوەکان، نشوستییەکان، کەمتەرخەمییەکان و تەنانەت لەسەر کار لابرانەکانیش بە هەبوونی کەموکوڕی خۆیان نازانن و نابینا دەبن لەئاست هەر کەمتەرخەمییەکدا، کە خۆیان ئەنجامیان داوە و بۆتە هۆکاری نشوستیەکەیان. بەمجۆرەش ئەم بڕوایە بە پیلانگێڕی، دەبێتە هۆی کوشتنی دیدی ڕەخنەیی دەسەڵات لەئاست کەمتەرخەمییەکانی خۆیدا و خۆی وەك قوربانییەك دەبینێ، کە لە هەرلاوە پەلاماری دەدرێ. پیلانگێڕی لەم ئاستەدا وەك جۆرێك لە نیشانەی نەخۆشیی سیاسیی خۆی دەنوێنێ.

پێش چەند ساڵێك، کە تەقینەوە خۆکوژییەکان باویان بوو، دەسەڵاتدارانی هەرێم باسی (دەستی ڕەش) و (بێگانە) و ئەو جۆرە شتانەیان دەکرد. ئەگەر کەسێ بیگوتبا هۆکاری توندوتیژی و تەقینەوەکان پەیوەندیشی هەیە بە سروشتی سیاسەت و کەلتوور و کۆمەڵگای خۆشمانەوە، پێیان دەگوتی: (تۆ دوژمنی ئەمنی قەومیت). نمونەی تر زۆرن بەڵام لەبەرئەوەی تراژیدیامان بیردەخەنەوە، باسکردن و وەبیرخستنەوەیان بە شیاو نازانم. چەندساڵێك لەمەوبەر

دەسەڵات بۆ هەر ڕووداوێك ڕوویدابا، یان پەلاماری بارەگای حیزبە ئیسلامییەکانی دەدا، یاخود هەڵیدەکوتایە سەر گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێر و سلێمانی بە بیانووی ئەوەی مۆڵگەی ئیسلامی سیاسین. بەڵام حاڵی حازر، لە هەرشوێنێکی کوردستاندا جۆرێ لە پێکدادان و خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری ڕوویدات، دەسەڵاتی سیاسیی بە دەسیسەی بزووتنەوەی گۆڕانی دەزانن. لە کەلار یان ئاکرێ و پیرەمەگروون، خەڵك لەسەر نەبوونی ئاو و بەنزین و خزمەتگوزاری سەرەتایی ناڕەزایەتی دەربڕێ، دەسەڵات و ڕۆشنبیری سیاسیی باو، بە پیلان و دەستی بزووتنەوەی گۆڕانی دەزانێت. ئەمەش وایکردووە هیچ متمانەیەك لە نێواندا نەمێنێت و پرۆسەی سیاسی تووشی قەیران ببێت.

یەکێ لە خاڵەکانی دروستبوونی قەیران، بریتیە لە نەبوونی کۆنتاکت و پەیوەندیی ڕاستە و خۆ لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا و بەخشینی ئەم پەیوەندییە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە تا ئێستا بەخراپی ئەو کارەیان ئەنجام داوە. نەبوونی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، نەبوونی زمانێکی هاوبەش، پێکەوە دانەنیشتن، نەبوونی کۆبوونەوەی هاوبەش، هەموویان زیان بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمەکەدا دەگەیەنن. بوونی ئەو جۆرە پەیوەندیانە لە پرۆسەی سیاسیدا و لە پێشزەمینەی کەلتووری سیاسیانەی وڵاتی ئێمەدا، کە هەر چواردەوری بە وەهمی لایەنەکان لەسەر یەکتر گیراوە، سوودێکی زۆری هەیە. هەمووومان ناکۆکی و شەڕەناوخۆییەکانی نێوان یەکێتی و پارتیمان لەبیرن. بەڵام پێویستە



پرۆسەی دانیشتنەکانی (لیژنەی ئاشتی) لە نێوان یەکێتی و پارتیدا بهێنینەوە پێشچاوی خۆمان. ئەو دوو لایەنە بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە ئاشت نەبوونەوە، پێناچێت خۆشیان بەو نیازە خێرە چووبنە ناو ئەو پرۆسەیەوە، بەڵام وەختێ لە ئەنجامەکانەوە تەماشای دەکەین، ئەو پرۆسەیە لانیکەم پرۆڤەیەکی باش بووە بۆ ئەندامانی هەردوولا تاکو لە نزیکەوە بۆ یەك ئامانج تێبکۆشن و لەیەکتر تێبگەن و لەو ڕێگەیەشەوە ئەو ئەندامانە چێژی کەلتووری ئاشتی بچێژن و جۆرێ لە هاودەنگی و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا دروست ببێت. ئەمەش بە ئەندازەیەك، کە ئێستا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و یەکێتی لە نیوەڕۆخوانەکانی هوتێل شیراتۆندا پێکەوە نانەخۆن و پێدەچێت لە پرۆژە بازرگانیەکانیشدا هاوکار و ئاسانکاری یەکتر بن.

بەمجۆرەش لە نێوان سەرەتاکانی مێژوو و ئەنجامەکانیدا جیاوازی و مەودایەکی زۆر هەیە. ئەقڵی دروست ئەو ئەقڵەیە سەرەتاکان تۆمار بکات و ئەنجامەکانیش قەبووڵ بکات، ئەوەی لە نێوان سەرەتا و ئەنجامیشدایە دەکرێ بسپێردرێ بە یادوەری و دەکرێ لێبووردووانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. بەڵام برینەکان و کۆستەکان لە ئاستی شەخسیدا بەئاسانی سارێژ نابن. ناکرێ ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە بڕوامان پێیەتی، بکەینە بڕوای هاووڵاتیانی بریندار، ئەگەر زەمینەسازی نەکرێ بۆ ئەوەی خۆیان قەناعەتی پێبهێنن.

دەکرێ پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتیش بەهەمان پرۆسەدا بڕوات. پێویستە ئەوان سووربن لەسەر ئەوەی چ پێگە و هەڵوێستێکیان

بەرامبەر یەکتر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکەوەدانیشتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بەشێکە لە کەلتوورێکی سیاسی دیموکراتیزە بوو. ئەم کەلتووره لەنێوان دوو پانتایی سیاسیی جیاوازدا، کە لەئاستی نەتەوەیی، زمان، مەزهەب یەك نەبن، ئاستەمە و بگرە جێگەی گومانە. بەڵام بۆ لایەنەکانی ناو هەمان پانتایی سیاسی، ئەگەرچی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتیش بن، شتێکی ئاساییە. لەبەر ئەوە ئۆپۆزیسیۆن دەروەستییەکی بەردەوامی هەیە بەرامبەر هەر دەرفەتێك کە بۆی دێتە پێش لەگەڵ دەسەڵاتدا. نابێت هیچ شێوازێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا، بخاتە پێش گفتوگۆ و دانوستان و ڕێگای ئاشتیانەی داخوازییەکانیەوە. پێش تاقیکردنەوەی ڕێگاکانی ئاشتی و پێکەوە دانیشتن و شێوازە مەدەنییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، گرتنەبەری هەر شێوازێکی دیکەی موعارەزە، پاساوەکەی لاوازە و ئۆپۆزیسیۆن لەبەرامبەر یاسا و ڕای گشتیدا بەرپرسیار دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە، دەروەستیی و ئیلتیزامی ئۆپۆزیسیۆن لە ئاست چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و بەرزکردنەوەی داخوازییەکان، بۆ پانتایی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی شارۆمەندان، زۆر زیاترە وەك لەو ئەرکە ئەمنییەی کەوتۆتە ئەستۆی دامەزراوەکانی دەسەڵات. بۆیە هیچ لاقرتەپێکردن و بەپەراوێزخستنێکی لایەنی دەسەڵات بۆ ئۆپۆزیسیۆن، هیچ کەمتەرخەمییەك و فڕوفێڵ و تاکتیکێکی دەسەڵاتداران، نابێت ئەم ئەرکە گەورەیە لەبیری ئۆپۆزیسیۆن بەرێتەوە و هانیبدات بۆ پەرچەکردارگەلێك، کە هەیبەتی ئۆپۆزیسیۆن



لەبەرچاوی هاوڵاتیاندا بشکێنێ و وای لێبکات نادەروەستانە بڕیار بدات. لەبەرامبەر ئەمەشدا پێویستە دەسەڵات خۆی لە هەر جۆرە بیرۆکە و داڵغەیەکی پیلانگێڕانە و بڕوابوون بە دەسیسە و دەستی شاراوە، لە ئاست ئۆپۆزیسیۆندا ڕزگار بکات و ئۆپۆزیسیۆن بە بەشێ لە کۆی پانتایی سیاسی بزانێت، کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر زۆرترن، نەك دابڕانەکانیان.

## ترس لە بەشداریی سیاسی:

لە کۆمەڵگایەکی نیمچە کراوەشدا، بەشداریی سیاسی مافی هاوڵاتی و تاکەکەسە. بەشداریی سیاسی بە پێویست بەمانای ئەندامبوون لە ئۆرگانێکی سیاسیدا (ڕێکخراو، دامەزراوە، ڕەوت، یان پارت)ێکی سیاسیدا نایەت. دەکرێ بەشداربوونی تاکەکەس و هاووڵاتیان، لە چالاکییەك، ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکەوە بگرە، تاکو ئەندامێتی و چالاکیی سیاسیی لە حیزبێکی دیاریکراو، یان هەر ڕێکخراوێکی سیاسیی تردا، بگرێتەوە. من بەشداریی سیاسی وەك دەربڕینێك بەکار دەهێنم کە تیایدا هاووڵاتی پابەند دەبێت بە کار و چالاکییەکی مەدەنیانەوە، بە هۆی بەکارهێنانی گوشار، ئاشکراکردنی ستراتیژی و خۆڕێکخستنەوە[١٤]. هەر بۆیەشە کاتێ ***فەرهەنگی زانستە سیاسییەکانی ئۆکسفۆرد*** پێناسەی بەشداریی سیاسی دەکات، نوسیویەتی: **"ئاستی هەمەلایەنەی بەشداریکردنی کۆمەڵگایەك، پێوەری چالاکبوونی خەڵکە، وەك گشتێك، لە سیاسەتدا"**[١٥]

جاری وا هەیە وەڵامدانەوەی هاووڵاتی بۆ ڕاپرسییەکی توێژینەوەیەکی زانستی، یان وەڵامی پرسیاری یەکێ لە ڕاگەیاندنەکان و چوون بۆ کۆبوونەوەیەکی لۆکاڵی، (کە لە گەڕەك، ناوچە و دەوروبەردا دەبەسترێن)، یاخود بەشداریی لە هەڵمەتی خوێنبەخشین، پاککردنەوەی شوێنێك، یان هەر چالاکییەکی تر، کە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای لۆکاڵی و سوودی مرۆیی و ژینگەیی تێدا بێت (وەك دابەشکردنی کیسەی خۆڵ لە ڕۆژانی سەیران و پشوودا، بەسەر سەیرانکەراندا)، دەکرێ وەك بەشداریی سیاسیی تەماشای بکرێت. بۆیە شیاوە بگوترێ: ***هەر چالاکییەك کە بەمەستی سوودی مادی تایبەت نەبێت و لەبەرژەوەندی نێوان مرۆیی و ژینگەی دەوروبەردا بێت، بۆی هەیە بە چالاکی و بەشداریی سیاسیی بژمێردرێت.***

بەڵام بەشداریی سیاسیی پێویستیی بە پانتایی و شوێنێکی تایبەتی ئامادەکراو هەیە، چونکە هیچ چالاکییەك بەبێ ئەوەی مەیدانی پراکتیکیانەی خۆی هەبێت، نابێتە چالاکی. تەنانەت ئەم قسەیە بەرهەمی هزری و داهێنەرانەش دەگرێتەوە. با هزر و بیرکردنەوەی کەسێك جوان و نمونەیی بن، بەڵام ئەگەر لە شێوەی چاپ و بڵاوکردنەوەدا، یان لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاراستەی مەیدانی نەکران و نە خوێنرانەوە و کاریگەریی خۆیان لەسەر وەرگر دانەنا، وەك بەشداریی ڕۆشنبیریی و سیاسیی ناژمێردرێت. لەبەر ئەوە بۆ هەر چالاکی و بەشدارییەکی سیاسیی پانتایی کۆمەڵایەتی و شوێنی لێوەدەرکەوتنی، بایەخی زۆر گرنگی هەیە. شوێن، گۆڕەپان، شەقام،



هۆڵی کۆبوونەوە، مەیدانی شار، ڕێگای سەرەکی نێوان دوو ناوچە، یان هەر شوێنێکی تر ئەو کاتە بە شوێن و پانتایی بەشداریی سیاسیی دەژمێردرێت، کە ئەم خەسڵەتانەی تێدا بن:

یەکەم: لە ڕووی **ئاسایشەوە** ئەو شوێنە گونجاو بێت. واتە شوێنێکی ئەوتۆ بێت کە تیایدا گیانی چالاکوانی سیاسیی پارێزراو بێت و پێشتر ئامادەکرابێت، یاخود لایەنەکانی پەیوەندیدار سەلامەتی شوێنەکە بگرنە ئەستۆی خۆیان، تەنانەت ئەگەر خودی چالاکیەکە دژیش بوو بە دەسەڵاتی سیاسی. ئەمەش لەبەر ئەوەی پاراستنی ئەمنییەتی ئەو شوێنە جگە لەوەی لە ئەستۆی حکومەتە، ئاواش نابێت ڕێگە بدرێ بە لایەنی چەواشەکار و خراپکەر، فەزای چالاکییەکە بشێوێنێ و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری بهێنێت، یان دەستی خۆی تێدا بوەشێنێ.

دووەم: پێویستە بەشداربووانی چالاکیەکە **متمانە**یان بە سەلامەتی ئەو شوێنە هەبێت و دڵنیابن لەوەی نابنە شوێنپەلاماری لایەنی نادیار و گورزوەشێنان، ئەمە جگە لەوەی پێویستە دڵنیاش بن لەوەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ئەوان دەپارێزێت، نەك هێرشیان دەکاتە سەر. بەبێ ئەم دڵنیایی و متمانەیە، سرووشتی چالاکیەکە، لەوەی کە ئامانجی بەرزکردنەوەی هووشیاریی سیاسیی هاوڵاتیان بێت، دەبێتە پەرچەکردار و دەربڕینی ڕق و کینە و ئەمەش ناچێتە خانەی بەشداریی سیاسیەوە، هێندەی ئەوەی بە گورزێکی سیاسی، یان دەستوەشاندنێکی سیاسیانە دەژمێردرێ.

سێیەم: لە ڕووی **ڕەمزییەوە** پێویستە ئەو شوێنەی چالاکیەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی پەیامی بەشداری و چالاکییە سیاسیەکەوە هەبێت. بۆ نمونە ئەگەر ئەو چالاکیە لە دژی بڕیاری قایمقامیەتی شارەدێیەك بێت، باشترین شوێن بەردەمی ئەو فەرمانگەیەیە. خۆ ئەگەر داواکاریی بێت بۆ دانان و گۆڕینی یاسایەك، ئەوە بەردەمی پارلەمان شیاوترین شوێنە بۆ چالاکیەکە.

ئەگەر ئەم مەرجانە لەئارادا نەبن و هاوڵاتی لە ناخی خۆیدا دڵنیا نەبێت لە (ئاسایش) و (متمانە) و (ڕەمزییەت)ی شوێنی چالاکیەکەی، ترسیی دەبێت لە بەشداریکردن. بۆیە **ڕێژەی بەشداریی سیاسیی هاووڵاتیان بە ئاستی دیموکراسیەتی سیاسی و هەبوونی دۆخێکی تەندروستانەی پەیوەندی لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا، هەڵدەسەنگێنرێ.** لەم ڕوانگەیەشەوە، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریی سیاسیی هاوڵاتیان، نیشانەی هەبوونی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی (باش)ی ناو پانتاییەکی سیاسی دیموکراتیزەبوون. لێرەشەوە، هەر هەنگاوێکی دەسەڵاتی سیاسی بە ئاراستەی قەدەغەکردن، لێپێچینەوە، هەڕەشەی پێشینە و پاشینەی چالاکیە سیاسییەکە، یاخود، ڕێگرتن لە بەشداریی هاوڵاتیان و سەرکوتانەوەیان، سەرزەنشکرجیهانن و سزادانیان، بە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی مەدەنی هاوڵاتیانەوەن. لەبەرامبەر ئەمەشدا، هەر جۆرە هەوڵدانێکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بە لاڕێدابردنی هاووڵاتیان، خرۆشاندنیان بۆ کاری توندوتیژی و نایاسایی، پێدانی



زانیاری ناڕاست و چەواشەکارانە، کە ببنە هۆی تووڕەکردنی جەماوەری خەڵك و پەلاماردان و توندڕەوی، جگەلەوەی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە، ئاواش لە مانا و ناوەڕۆکی بەشدارییە سیاسییەکەی هاوڵاتیان کەمدەکاتەوە.

یەکێك لە ڕێگرە هەرە سەرەکیەکانی بەردەم بەشداریی سیاسیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بریتیە لە ئامادەیی بەدگومانییەکی زۆری نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات. سەرچاوەکانی دروستبوونی ئەو بەدگومانیە هەمان سایکۆلۆژیایە کە بڕوای بە تیۆرەکانی پیلانگێڕی هەیە. هەورەها بەشێکی ئەم سەرچاوانە مێژوویین و لە باوانەوە بۆ نەوەکانی پاشتر ماونەتەوە و کۆمەڵگای نەرێتخوازی ئێمەش لە هێشتنەوەیاندا، کاریگەریی هەبووە.

سەرچاوەیەکی تر بریتیە لە دەستێوەردانی دەرەکی و کڕینی خەڵك و دروستکردنی جاسووس و باوەڕپێکراو، بەتایبەتی لەلایەن دەوڵەتانی عێراق، ئێران و تورکیاوە. بەشێکی دیکەی سەرچاوەکانی بەدگومانی ناو پانتایی سیاسیی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەخلاق و ڕوانینی خێڵ و عەشیرەت لەناو هەمان پانتایدا و لەلایەن ئەکتەرە سیاسیەکانییەوە. ئەمەش زیانی گەیاندووە بە کاری ڕێکخراوەییان و بەرجەستەنەبوونی هاوڕێیەتی و هاوبەندی و پەیمانییێکی پتەوتر لەوەی لە پانتای میراتیەکەدا هەیە. چونکە ئەوان لەناو حیزبیشدا، هەر کوڕی عەشیرەت و خێڵەکەی خۆیان بوون.

بەپێی تێگەیشتنی من، سەرەتا بەدگومانی دۆخێکی سایکۆلۆژییە و لە پانتایی سیاسیدا هەبوونی بەدگومانیی سیاسی نیشانەی لاوازیی ئەقڵانیەتی سیاسیە. بەدگومانی سیاسی ئەوجۆرەی بەدگومانیەیە کە پشت بە تەفسیری تاکڕەهەند بۆ ڕەفتاری سیاسیی خەڵك دەبەستێ، لە کاتێکدا مەرج نیە تەفسیرەکە دەربڕی ڕاستەقینەی نیەتمەندیی خەڵك و هاوڵاتیان بێت بۆ هەستانیان بەو چالاکییەی ئەنجامیانداوە.
زۆر جار دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی تەنیا پشتبەستنی بە دەزگا هەواڵگرییەکان، یان بڕواپێکراوەکانی خۆی، وێنەیەکی کەموکوڕی لەسەر واقیعی نیەتمەندیی خەڵك دێتە دەست و ئیتر بەدگومانیی خۆی لەسەر ئەمەوە بینا دەکات و کێشەکە دروستدەبێت. ئەو بەدگومانیە وایکردووە، ***دەسەڵات نەتوانێت بەشداریی سیاسیی هاوڵاتیان لە پەرچەکرداریی سیاسی ئەوان جیا بکاتەوە***. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە بنەمادا، لە هاوڵاتیان بەدگومانە. بۆ نمونە لە ساڵانی ڕابردوودا، کاتێك قوتابیان و خوێندکارانی دەرەوەی ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیان) و (خوێندکاران) گرووپی خۆیان دروستدەکرد و چالاکییان دەنواند، دەسەڵاتی (سیاسی و ئەکادیمی) بۆ هەڵوێستوەرگرتن لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەدا، پشتی بەو تەفسیرە دەبەست کە ئەو دوو ئۆرگانەی حیزب لەسەر ئەو قوتابیی و خوێندکارە سەربەخۆیانەی بەرز دەکردەوە. کێشەکە ڕێك لە جۆری ئەو تەفسیرەدا بوو، نەك لە خودی ناوەڕۆکی چالاکییەکاندا. لەبەر ئەوەی قوتابی و خوێندکارە سەربەخۆکان لەدەرەوەی هەردوو ئۆرگانی ڕەسمیی دەسەڵات بوون، ئەوە ئەم دوو



ئۆرگانە چالاکیی ئەوانی تریان بە گێرەشێوێنانە بۆ دەسەڵات وەسف دەکرد، نەك وەك بەشداریی سیاسی. لەبەر ئەوە کاتێ زانکۆکان و دەسەڵات هەڵوێستیان لەبەرامبەر قوتابیە سەربەخۆکان وەردەگرت (دەرکردن، هەڕەشە، لێدان و سووکایەتیپێکردن و گرتنی کاتی)، هەڵوێستەکەیان زیاتر بۆ کەسانێ شیاوتر بوو کە هەستاون بە "وەشاندنی گورزی سیاسیی" و کودەتا، نەك "بەشداریی سیاسیی".
دەسەڵاتی کوردی کە خۆی لە پارتی و یەکێتیدا بەرجەستە دەکات، پێیانوایە هەر شتێ لەم وڵاتەدا ڕوویدات گورزێکی سیاسییە و لەدژی ئەوان ئەنجام دەدرێ، لەکاتێکدا زۆر چالاکیی و بەشداریی سیاسی هەن، ناچنە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە بەرتەسکەوە. بۆ نمونە کاتێ شوفێرانی تەکسی داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی لە ئەنجامی جۆری کرینی ژمارەی تەکسیەکانیانەوە لە کۆمپانیای جیهان، لێیانکەوتووە، دەکەن، ئەمە پەرچەکرداری سیاسی نیە و بەشداریی سیاسیە لە پێناوی گێڕانەوەی دادوەریدا. مادام ئەو داواکارییەی ئەوان، نەك هەر تەنیا پەیوەندیی نیە بە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوە و لە کۆتاییدا پەیوەندیی هەیە بە عەدالەتەوە، ئەوە بەشدارییەکی گرنگیی سیاسیە.
زۆرینەی ساڵان لە پێش جەژنەکاندا نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی لەلایەن فرۆشیارانەوە بەرز دەکرێنەوە و هاووڵاتیان دەنگیان بەرز دەکەنەوە. ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە هەرچەندێکیش بێت، هەروەك بەشدارییەکی سیاسی دەژمێردرێ، چونکە گووشارخستنە سەر دەوڵەتە

بۆ ئەوەی نرخی کەلوپەلەکان جێگر بکات و لەو ڕێگەیەشەوە، ڕێبگرێ لە هەر دەستێکی نادیار، کە بیەوێ لە پێناوی دەستکەوت و قازانجی تایبەتدا، ئالۆزیی ئابووری لە کۆمەڵگادا دروستبکات.

پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی بەشداریی سیاسی لە ئاژاوەنانەوە و پشێوی، ئەوەیە کە بڕوانینە (**ئامانج**)ی ئەو چالاکییە سیاسییەی هاوڵاتیان پێیهەڵدەستن[١٦]: **هەتا ئامانجەکە بۆ وەرگرتنی ماف بێت، نابێت کۆڕەفتاری هاووڵاتیان بکرێتە پێوەر.** ئەمەش لەبەر ئەوەی لۆژیکی مرۆڤ ڕێگە نادات کەسانێك داوای (ماف) بکەن بەبێ ئەوەی ڕێگای ئەقڵانی نەگرنە بەر. لە پشت هەموو داواکارییەکەوە بۆ وەرگرتن و سەندنی ماف، خواست و پلانێکی ئەقڵانی هەیە، با ئەوانەی هەڵدەستن بەمکارەش نەتوانن خۆیان ئەمە بە هۆی چەمکی تیۆرییەوە ڕوونبکەنەوە. ئەو پلانە ئەقڵانییە، کە ئاشکراکەری سرووشتی مرۆڤە ئالێرەدایە: لە پشت هەموو داواکارییەکەوە بۆ ماف، هەستکردن و تێگەیشتن هەیە بەرامبەر ناداوەری و ستەمکاری و چەوساندنەوە. هەر ئەمەش خاڵی جیاکارەی مرۆڤە لە ئاژەڵ، کە ناتوانێ هەست و تێگەیستنی بەرامبەر بە مافەکانی هەبێت. مرۆڤ بەوەی هەستەوەر و هۆشمەندە، دەتوانێ دادوەری لە نادادوەری جیا بکاتەوە و ئەوە بخوازێ و خەباتی بۆ بکات، کە نیەتی، بەڵام مافی بەدەستهێنانی هەیە.

بەڵام هاووڵاتیان لە کاتی بەکۆمەڵبوون و چالاکیی جەماوریدا، ڕەفتارگەلێك لە خۆیان پیشاندەدەن، کە لە بارودۆخی ئاسایی و تەنیایی خۆیاندا بەوجۆرە هەڵسوکەوت ناکەن. ئەوە ڕاستە کە "بکەرە



کۆمەڵایەتییەکان کردەی یەکسان و چوونیەکی هاوکات ئەنجام دەدەن"، بەڵام ئەمکارە ناپایەدارە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، نەك لە بارودۆخی هاوسەنگدا بێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی تاکەکەسەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەڵناستن بە ئەنجامدانی کردەکەیان[١٧]. بۆی هەیە باوکی شەهیدێك، یان ئەنفالکراوێك، لە ئاپۆرەی[١٨] جەماوەردا جۆرێ لە ڕەفتار بنوێنێ، کە لە خەڵوەتی تەنیایی باوکانەی خۆیدا هەرگیز ناچێتەوە سەریان. ئەو هاوڵاتیانەی لە (پیرەمەگروون) توڕەیی خۆیان بەوجۆرە دەربڕی، بەهیچ شێوەیەك نە ڕەفتارەکەیان تەعبیرە لە کەسایەتیان و نە ئەو نمونەیەش کە ئەوان پیشانیان دا، نوێنەرایەتی خەڵکی ناوچەکە بەگشتیی دەکات. ئەوەی پێویستە تێبینی بکرێت، بریتیە لە گوشاری ئاپۆرە بۆسەر دەروونی تاکەکەس و بەرهەمهێنانی کۆڕەفتاری ڕیزپەڕ و نائاسایی لەکاتی چالاکیی سیاسی و بەشداریی سیاسیدا..

بەڵام ئەگەر **ئامانجەکەمان کردە پێوەر، دەتوانین لە کۆڕەفتاری ئاپۆرەیی جەماوەر تێبگەین.** بەهۆی ئەمەشەوە دەست لە هەر جۆرە بەدگومانیەك لە ئاست چالاکیی سیاسی و بەشداریی سیاسیانەی هاوڵاتیاندا هەڵبگرین و جیای بکەینەوە لە بیرۆکەی کودەتا و گورزوەشاندن و ئاژاوەگێڕی. گرنگە سەرکردەی سیاسی و پسپۆڕەکانی، ڕاگەیاندنەکانی و وتەبێژانی ڕەسمی دەسەڵات بتوانن، وشە و زاراوەی دروست بۆ وەسفی چالاکییە مەدەنی و بەشدارانی سیاسی وڵات بەکار بهێنن و بارودۆخی **ئارامکردنەوە**[١٩] ڕابگەیەنن،

چونکه ئەمە لە خاوکردنەوە و ئاراستەکردنی چالاکوانانی سیاسیدا بەرەو مەبەستەکەیان، یارمەتیدەر دەبێت و نابێتە هۆی گرژی و پشێوی زیاتر لە دوای ڕووداوی یەکەم.

لەبەر ئەوە، سەرکۆنەکردنی خەڵك، تەریقکردنەوەیان، بێڕێزیکردن بە ئازاریان و بچووککردنەوەی داخوازییەکانیان، جگە لە مۆبیلیزەکردنی ڕق و کینە و لادانی سیاسیی زیاتر، هیچیتر بەرهەم ناهێنێ. لەکاتێکدا، داننان بە مافی هاوڵاتیاندا و نرخدانان بۆ بەشداریی سیاسییان، ئەوان هاندەدات بۆ ئەوەی لە سنووری چالاکییەکی سیاسیی و بەشداربوونێکی سیاسیانە نەچنە دەرەوە. بە بڕوای من، ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکانی شوێنەکانی وەك کەلار، دەربەندیخان و دواجار پیرەمەگروون (لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٩)دا، کراوە، بۆخۆی ڕۆڵ و کاریگەریی هەبووە لەوەی، خەڵکی چالاکی ئەو ناوچانە نەتوانن ئاراستە و ئامرازی گونجاو بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان بدۆزنەوە. دەسەڵات بە میدیاکانی و ئاسایش و دواجار لێدوانەکانییەوە، لەو شوێنانەدا بەجۆرێ مامەڵەی لەگەڵ چالاکوانانی سیاسیدا کردووە، وەکئەوەی (شۆڕش)ێکی سەرکوت کردبێ. بۆیە زۆرینەی جاران بەشداریکردنی سیاسیانەی ئەوان، بۆتە قوربانیی بەدگومانیی پێشوەختیی دەسەڵات و ڕاگەیاندنەکانی[٢٠] و ئەمەش وایکردووە، ڕووداوی هاوشێوە بەرهەمبهێنرێنەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە دەستپێشخەری جەماوەر نا، بەڵکو بە سوکایەتیپێکردن و بەکەمگرتنی دەسەڵات لە ئاست چالاکیە جەماوەرییەکاندا.



ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا ترس لە بەشداریی سیاسیی لەلای هاوڵاتیان هەیە، ئەمەش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی (شوێن)ی پێویست بۆ چالاکیە سیاسیەکان ئامادە نیە، یان (متمانە)ی خەڵك کەمە و ڕێگە بە خەڵك نادرێ لەو شوێنانەدا کە (ڕەمزییەت)ی تایبەتیان بۆ پەیامی بەشدارانی سیاسیی هەیە، هەستن بە نواندنی چالاکیی سیاسی و بەشداریی سیاسیی بکەن. بەڵکو لەبەر ئەوەی بەدگومانییەکی زۆری دەسەڵات و بڕیاری پێشینەی زۆر هەن لەبەرامبەر هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسیی هاووڵاتیاندا و لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە، کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەساڵانی زووتری شەڕی ناوخۆدا، ترسێکی جەماوەریی زۆریان بەرهەمهێنانەوە کە بەشداریی سیاسی تیایدا یەکسانکراوە، بە لایەنگیری بۆ (ئێمە) و دووژمنایەتی (ئەوان)یتر. ئەم ترسە هێشتا لە ناخی هاووڵاتیانی ئێمەدا ماوە و کار بۆ سڕینەوەی نەکراوە، بگرە بە هۆی دەنگدانی ژمارەیەك لە هاووڵاتیانەوە بۆ لیستی بزووتنەوەی گۆڕان و سزاکانی یەکێتی بۆیان، ئەو ترسە نوێکرایەوە، کە خۆی لە گرتن، دەرکردن، مووچە بڕین، پلە و پایە سەندنەوە و بەرکەنارکردندا بینیەوە. سڕینەوەی ئەو ترسە هەنگاوێکی گرنگە بۆ دروستکردنی کەلتووری لێبووردەیی و هەڵکردن لەگەڵ جیاوازیدا، کە دیسانەوە پێویستییەکی گرنگیی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونە و پێویستە پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان دەستپێشخەری بۆ بکەن.

## چارەسەر: لێبووردەیی و لێکبووردن

دەسەڵات لە کوردستاندا نە بەهۆی پارە و نە زەبر و کۆنترۆڵی کۆمەڵگا و دروستکردنەوەی سیستەمی سیاسیی داخراوەوە، نە بەهۆی میدیاکانیشییەوە، ناتوانێ ئایندەی خۆی دروستبکات. پێویستە پارتی و یەکێتی کە چارەنووسی خۆیان بەهۆی رێککەوتنی ستراتیژییەوە پێکەوە بەستۆتەوە، بۆ بەردەوامیی خۆیان لە کۆمەڵگایەکدا کە چەندین ئەزموونی بەرپەرچدانەوە و لادان و رووخاندنی ستەمکار و دەوڵەتی جەللادی هەیە، پشت بە هیچ کامێ لەو میکانیزمانە نەبەستن کە پێشتر تاقییکراونەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگای کوردستانی. دەسەڵاتەکانیتری پێشوو لە کوردستاندا، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم و حکومەتی مەلەکییەوە تا هاتنەسەرکاری بەعسییەکان، هەم پارە و هەم زەبر و هەم سیستەمی سیاسیی داخراو و هەم میدیاکانیشیان لەبەردەستدا بوون، بەڵام نەیانتوانیوە بەهۆی درێژەدان بەو کەلتوورە تا ئەو شوێنەی ویستویانە، تا پیریی و بە میراتکردنی دەسەڵاتەکەیان بۆ نەوەکانی پاشخۆیان، بەردەوام بن. کاتێکیش رووبەرووی ساتەوەختە شوومەکەیان بوونەتەوە، نە پارە، نە زەبر و نە میدیای دەوڵەتەکەیان بە فریایان نەکەوتوون. بۆیە نمونەی بەردەم ئەم دوو هێزە سیاسیەی کورد، هیچ یەکێ لە نمونەکانی ناو مێژووی عێراق و کوردستان نییە و پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بۆ داهاتووی خۆی بیر لەو کەلتوورە



بکاتەوە کە لە مێژووی عێراق و سیستەمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیەدا دەگمەن بووە، یان هەر نەبووە.

لێبووردەیی، کرانەوە، شەففافییەت، خاکەڕایی، متمانە و لێکبووردن نامۆن بە پانتایی سیاسیی ئێمە و پێویستن بۆ پتەوکردنی ئەو پانتاییە، بە هەموو جیاوازییەکانی خۆیەوە، بەتایبەتی لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا. هەر یەك لەو زاراوانە دەوڵەمەندییەکی هزری دەدەنە پانتایی سیاسیی و یارمەتیی دەدەن کە شوناسیی ناوخۆی نوێبکاتەوە و پەیوەندیی خۆی بە شێوازێکی هاوچەرخانەتر لەگەڵ کۆمەڵگادا، دابمەزرێنێتەوە. ئەمکارە توانای بینین و تێگەیشتنێکی نوێ لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەداتە ئەکتەرانی سیاسی و لە ئەنجامیشدا خودی پانتاییەکە نوێدەکاتەوە. لەم روانگەیەوە پێویستە پانتایی سیاسیی کوردی بایەخێکی زۆر بە کەلتووری لێبووردەیی بدات.

کەلتووری لێبووردەیی **بە ئاستێکی رۆشنبیریی تاکەکەس لە پانتایی سیاسیدا، پێناسە دەکەم، کە بڕوای بە بنەماکانی ئەم رۆشنبیرییە هەبێت و کاریان پێبکات**[٢١]**، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و بەشدارانی سیاسیی لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.**

بەبێ کەلتوور و رۆشنبیریی لێبووردەیی، پانتایی سیاسیی ئێمە ناتوانێ جیاوازیی قەبووڵ بکات و هەر لەسەر حسابی رابردوو، هەڵوێستی خۆی لە ئۆپۆزیسیۆن وەردەگرێ و ئەمەش بۆی دەبێتە سەرئێشە و ململانێکان لە ئاستی ساردەوە دەگۆڕێن بۆ ئاستی گەرم و بۆی هەیە بشگەنە پێکدادان.

لێبووردەیی وەك کەلتوور و ئاستێکی ڕۆشنبیری، لە بواری سیاسیدا هەڵوێستێکە پێویستە لە سەرەوە، دابەزێتە خوارەوە بۆناو بنەکەی جەماوەریی و لایەنگرانی حیزبەکان، کە بێگومان کارێکی قوورسترە لەوەی توندوتیژی لە سەرەوە دابەزێتە خوارەوە بۆناو بنکە جەماوەرییەکانی حیزب. ئەمەش لەبەر ئەوەی حیزبی کوردی لەمەی دواییاندا ئەزموونێکی زۆری هەیە و لەوەی یەکەمدا، واتە دابەزاندنی کەلتووری ئاشتەوایی و لێبووردەیی بۆ ناو جەماوەرەکەیان، ئەزموونیان زۆر کەمە[٢٢].

بەڵام دۆخەکە بەتەواوی گۆڕاوە: کاریگەریی ڕاگەیاندن، بارودۆخی بە جیهانیبوون، بەرزبوونەوەی هووشیاریی سیاسی، لەدەستنەدانی بەرژەوەندیی گەورەی حیزبی و پاراستنی دۆخی ئارام بۆ بەردەوامیی پرۆژە بازرگانیە گەورەکانی حیزب و دەیان هۆکاری تر هەن، کە دەیسەلمێنن، کەلتووری ئاشتەوایی و ڕۆشنبیریی لێبووردەیی بوونەتە پێویستییەکی ناو پانتایی سیاسیی کوردی.

ئەمڕۆ ئەم پانتاییە سیاسیە، وێڕای گوشارە ناوچەییەکانی وەك ئێران، تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکان و وێڕای مەترسیی گەورەبوونی هێزە توندڕەوە ئایینیەکان و بەچاوپۆشین لەوەی دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیمان نیە، پێویستییەکی زۆری بە هێشتنەوەی کەشێکی ئارامی سیاسیی هەیە و ئەمەش تەنیا بەهۆی لێبووردەیی سیاسیی و ڕێزگرتن لە جیاوازیی بیروبۆچوونی کەسان و لایەنیترەوە مەیسەر دەبێت. لەبەر ئەوە، هەرجۆرە هەنگاوێکی پارتی و یەکێتی لەدژی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی،



دەبێتە هۆی گرژی نانەوە و دواخستنی پرۆسەی لێکبووردن. **لێرەوە پرۆسەی لێکبووردن، هەروەك پێشتریش نووسیومانە، بەو پرۆسە نێوان مرۆییە پێناسە دەکەین، کە تاکەکەسەکان لە هەڵسوکەوتیاندا دەبەستێتەوە بە ڕۆشنبیریی لێبووردەییانەوە**[٢٣]. (بڕوانە وتاری: ***قەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی*** لەم کتێبەدا). بەمجۆرەش ڕەفتاری تاکەکەس دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئاستێکی ڕۆشنبیری، نەك پەرچەکردارێکی دەروونی کە هەموو جارێ بەهۆی گەڕانەوەی وێنە مێژووییەکانەوە، لە ناخیدا، بەرامبەر لایەنەکانی تر و تاکەکەسەکانیتر دروستدەبێت. ئەم قسەیە بە مانای ئەوەیە پێویستە پارتی و یەکێتی بایەخێکی تیۆری و زانستی بە لێبووردەیی سیاسی بدەن و لە پلینیۆم و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پاشتریاندا بیچەسپێنن، تاکو بتوانن لەوەدوا لە پرۆسەی پێگەیاندنی کادیر و لایەنگرانیاندا سوودی لێوەر بگرن. ئەمکارەش بەهیچ شێوەیەك نەدەنە دەست ڕاگەیاندنەکانیان، چونکە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە *متمانەی بیستن* و *متمانەی بینیان* لە کۆمەڵگای ئێمەدا لاوازە[٢٤].

لەم ڕوانگەیەوە، ڕەفتاری دەسەڵات بەرامبەر بازنەی ئۆپۆزیسیۆنەکان، چ لەسەردەمی هەڵبژاردنەکان و چ پاشتر و چ لە ئێستاشدا، ڕەفتارێکی دابڕکارانە و نالێبووردانە بووە. ئەمەش بەر لەوەی زیان بە ئۆپۆزیسیۆن بگەیەنێت، زیان بە خودی دەسەڵات دەگەیەنێت و لەبەرچاوی هاوڵاتیاندا دەیکاتە دەسەڵاتێکی نەویستراو. بۆیە پێویستە یەکێتی بچێتە ناوەندێکی هێمنانەتری پەیوەندییەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، هەروەکچۆن پێویستیشە پارتی لە لایەنێکەوە، کە چاودێریی دۆخی یەکێتی و گۆڕان دەکات، ببێتە

لایەنێك، كە گوشاری پۆزەتیڤ دەخاتە سەر یەكێتی بۆ ئەوەی گوتاری خۆی لەئاست ئۆپۆزیسیۆندا بگۆڕێ، چونكە بەشێكی زۆری بەرژەوەندییەكانی پارتی خۆی دەكەونە مەترسییەوە.

بە بڕوای من، لە كاتی ئێستادا ئەوەی یەكێتی دەیكات و ئەوەی پارتی لەلاوە تەماشای دەكات، هەردووكیان خۆراكبەخشینن بە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێكی سەراپایی بازنە فراوان، كە لە ئێستادا لەبەر زۆر هۆكار، لە ژێر سێبەری بزووتنەوەی گۆڕاندا دەبینرێت، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان بەتەنیا (وەك پێشتریش گوتمان) تەنیا لایەنێكی ئۆپۆزیسیۆن لە كۆمەڵگای كوردستانیدا نییە.. لەبەر ئەوە بە گۆڕینی ئەو گوتاری ڕووبەڕووبوونەوەیە و قەبووڵكردنی ئۆپۆزیسیۆن، چ لە چوارچێوە گۆڕانییەكەیدا و چ لە بازنەكانی تری ئۆپۆزیسیۆنی متبوودا، دەبێتە هۆی دروستبوونی كەشێكی ئارامتر، تا ڕۆشنبیریی لێبووردەیی بتوانێ تیایدا كرداری لێبووردووانە بەرهەم بهێنێ. واتە ئەو ڕۆشنبیرییە لە ئاستێكی تیۆرییەوە دابەزێتە ناو هەڵسوكەوتی تاكەكان و گرووپەكانەوە و ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەر كارێكی توندوتیژانە و ڕەفتار پشێوی جەماوەریدا، كە كۆمەڵگاكەمان، دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن پێویستیان پێی نییە. چونكە فەزا دروستكردن بۆ هەر جۆرە توندوتیژییەك، دەرپیچەیەك بۆ هاتنەژوورەوەی دوژمنان و نەیاران دەكاتەوە و ئەو كاتەش پێویستە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە ئاست وەها مەترسییەكدا یەكدەنگ و یەك هەڵوێست بن.

٢٧-١٢-٢٠٠٩ تا ٢-١-٢٠١٠



## پەراوێز و سەرچاوەكان:

١- بۆ باسێكی چڕ و پڕ لەسەر بزووتنەوە كۆمەڵایەتیەكان و سرووشتی كاركردنیان بڕوانە:

- دۆناتیلا دلاپۆرتا & ماریۆ دیانی: **مقدمەای بر جنبش های اجتماعی**. ت: محمد تقی دلفروز، تهران: انتشارات كویر، (١٣٨٤)، ٢٠٠٥.

٢- لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كە ئەگەرچی بۆی هەیە لە دۆخی كوردستاندا، مەسەلەی شار و ناوچەگەرایی و تەنانەت خێڵەكیش، دۆخێكی سایكۆلۆژیی بۆ هەر یەك لە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، لە وێنەی یەكێتی و گۆڕان و گۆڕان و پارتیدا، دروستكردبێت، بەڵام هیچكام لە وانە لەسەر مەسەلەی ئایین، مەزهەب، نەتەوە، ئەتنیك و جێندەر خۆیان لە ئەویتریان جیا نەكردۆتەوە و لە ئۆپۆزیسیۆنبوون و دەسەڵاتمەندییاندا ئەو فاكتەرانە كاریگەرییان نییە.

٣- لەمبارەیەوە تەماشاكردنی ئەم دوو سەرچاوە گرنگ و كارێكی پڕ سوودە، كە تیایاندا پێویستی و هاوپەیمانی و ناكۆكیی گرووپەكان بەپێی كات و شوێن و بەرژەوەندیی و مەترسیی، بە دووروودرێژی باسیان لێوە كراوە:

- لوئیس ا. كورزر: **نظریە ی تقابل های اجتماعی**. ت: دكتر عبدالرضا نواح، تهران: نشر رسش، (١٣٨٤)، ٢٠٠٨، بە تایبەتی بەشی چوارەم و پێنجەم، صص: ١٣١-١٦٦، ١٦٩-٢١٣.

دانلسون. ر. فورسایت: **پویایی گروە**. ت: د. جعفر نجفی زند، د. حسین پاشا شریفی. تهران: نشر دوران، (١٣٨٠)، ٢٠٠١، بەتایبەتی بەشی (١٣) ص: ٤٩٩ و بەشی (١٤) ص: ٥٤٧.

٤- لە باگراوندی ئەم بڕوایانەدا، بیر لە شیكردنەوەكانی فرۆید بۆ گرێیی ئۆدیب و خواستی كوشتنی باوك دەكەمەوە.

٥- ئەمە جگە لەوەی هەردوو لایان هاوخەبات بوون لە دژی دیكتاتۆریەت و ستەمكاری و لە ماوەی ١٨ساڵی ڕابردووشدا پێكەوە لە دەسەڵاتدا بوون.

٦- پێویستە خوێنەر لێرەدا تێزەكانی سۆسیۆلۆژی فەرەنسی، پیر بۆردیۆ لە كتێبی (جیاوازی)دا بهێنێتەوە بیری خۆی:

- Bourdieu، Pierre: "**Distinksjonen** -*en sociologisk kritikk av dommekraften*". Oslo: pax 1995.

٧– حمید عضدانلو: **اشنایی با مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی**. تهران: نشر نی (١٣٨٤)، ٢٠٠٥، ص: ٦٧٨

٨– بۆ ئەم بەشەی باسەکە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوانە:

- حسین بشیریە: **عقل در سیاست**. نشر نگاه معاصر، تهران: (١٣٨٣)، ٢٠٠٤، بەتایبەتی وتاری "*اپوزیسیون در نظام های دمکراتیک و در رژیم های اقتدارطلب*"، ص: ٤٩٩–٥٣١.
- انتونی گیدنز: **جامعه‌شناسی**. ت: منوچهر صبوری، تهران: نشر نی (چ: ٥ (١٣٧٨)، ١٩٩٩، ص: ٦٧١–٦٧٨.

٩– ئەو ڕێکخراو و کەسایەتی و ڕۆشنبیرانە، دەتوانن بە سازدانی دیدار، ناوبژیکردن، خستنەڕووی پێشنیاری هێورکەرەوە، نووسینی وتار و بەیاننامە و لە کۆتاییشدا بەهۆی خۆپیشاندان و مانگرتنی هێمنانە، پەیامی خۆیان ڕابگەیەنن.

١٠– یەکێ لە دەرکەوتەکانی لەبەرچاوکەوتنی کۆمەڵگا و نامۆیی، بە تایبەتی لەلای گەنجان و لاوان، بریتیە لە سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچ و جێهێشتنی بە کۆمەڵیانەی وڵات.

١١– بە بڕوای من بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەرچی لەڕووی جەماوەرییەوە، فراوانتر خۆی دەنوێنێ، بەڵام لەڕووی دەستپێشخەرییەوە ناکەوێتە پێش لایەنەکانیتری ئۆپۆزیسیۆنەوە، کە ساڵەهایە خەبات بۆ بیروڕای خۆیان دەکەن، لێرەدا بیر لە ئۆپۆزیسیۆنی لایەنە ئیسلامییەکان و چەپەکان و بزووتنەوە ڕووناکبیرییەکانیش دەکەمەوە، کە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاریش دەگرێتەوە و ئەمانە لە هەندێ برگەدا، ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بینیوە. لەناو ئەوانەدا ئۆپۆزیسیۆنی لایەنە ئیسلامیەکان پتر جەوهەریانەتر بیریان کردۆتەوە و بگرە بایەخدارتریش بوون بۆ کۆمەڵگای کوردی، ئەگەرچی لە ڕووی ستراتیژی کارکردنیانەوە نەیانتوانیوە ئەو متمانەیە دروست بکەن و شوناسی نەتەوەیی بکەنە خاڵێکی جەوهەری بۆ کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زیاتر لە خۆیان. بە بڕوای من پێویستە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنانەی حیزبە ئیسلامی و چەپ و حیزبە بچووکەکانیش بایەخی پێبدرێت و مێژوو و کاریگەرییان بنووسرێتەوە. بایەخداریی هەریەك لەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنانە و مانەوە و کارکردنیان لە ناو هەمان پانتایی سیاسیی کوردستانیدا، لەو شوێنەدا دەبینم کە ڕیگرێك بوون بۆ دواخستنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، لەوەی بە ئاراستەی حکومڕانی و ستەمکار و دیکتاتۆرانەدا نەڕۆن. ئەو ڕێگریکردنە هەم خزمەتێکی



زۆری بە کۆمەڵگای کوردی و هەم بە حکومڕانیی پارتی و یەکێتیش کردووە. لەلایەکی ترەوە، ئەو باجەی هەریەك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی و چەپەکان و ڕۆشنبیرانی بێلایەن داویانە، زۆرجار قورستر بووە لەو باجەی بزووتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆیدا دەیدات و داویەتی.

١٢– حسین بشیریە: **عقل در سیاست**. ٢٠٠٤، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٩٩ بەشیرییە دوو جۆر ئۆپۆزیسیۆن لێکتر جیا دەکاتەوە، ئەوەیان لە دەروونی هەمان پانتایی سیاسیدا ناکۆکە لەگەڵ دەسەڵات و بۆی هەیە دواجار لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، دەسەڵات بەدەست بهێنێ، لەگەڵ ئەو جۆری ئۆپۆزیسیۆنەی کە لە شێوەی حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی سیاسیدا خۆی لە دژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدا تەییار دەکات، بەبێ ئەوەی پشتیوانی یاسایی هەبێت و بەبێ ئەوەش کە بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەشداریی لە دەسەڵاتدا بکەن.

١٣– محمد ابراهیم فتاحیان: (گرداوری و ترجمە): لە "**جستارهایی درەبارە تئوری توطئە در ایران**"، تهران: نشر نی (١٣٨٢)، ٢٠٠٣، ص: ٩

14- Heine Andersen (Redigeret): **Sociologi –en grundbog til ET fag**. Kopenhavn: Hans Reitzels Forlag, 1998, s: 131 ff.

١٥– ایان مك لین: **فرهنگ علوم سیاسی اکسفورد**. ت: د. حمید أحمدی. تهران: نشر میزان (١٣٨١)، ٢٠٠٢، ص: ٥٩٢

١٦– بۆیە لێرەدا جەخت لەسەر (ئامانج)ـەکە دەکەمەوە، نەك میکانیزم و ئامرازەکان)، لەبەر ئەوەی خودی بەشداریی سیاسی ئامراز و میکانیزمی چالاکیەکەیە و بەشداریی سیاسی بۆخۆی ئەو ئامراز و میکانیزمەیە کە شارۆمەند دەیگرێتەبەر بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

١٧– جیمز کلمن: **بنیادهای نظریە اجتماعی**. ت: منوچهر صبوری. تهران: نشر نی (١٣٧٧) ١٩٩٨، ص: ٣٠٣

١٨– بۆ تێگەیشتنێکی تیۆریکی تر لەسەر چەمکی ئاپۆرە، بڕوانە:

– هانس گریت و سی رایت میلز: **منش فرد و ساختار اجتماعی** (*Character and Social Structure*). ت: اکبر افسری، تهران: اگە، (١٣٨٠)، ٢٠٠١، ص: ٤٢٣–٤٤٠

١٩– انتونی گیدننز: **فراسوی چپ و راست**. ت: محسن ثلاثی، تهران: انتشارات علمی (١٣٨٢)، ٢٠٠٣، ص: ٣٦٦–٧٢

٢٠– بۆ نمونە هەر دوای چەند شەوێك لە ڕێكەوتی ڕووداوەكانی پیرەمەگروون، لە كەناڵی گەلی كوردستان و بەرنامەی (گەرماو گەرم)دا زۆر دەربڕین بەكارهێنران كە خزمەتیان بە خاوكردنەوەی بارودۆخەكە نەدەكرد و بەرنامەكە پتر سەركۆنەكردنی چالاكوانانی سیاسی ناوچەكە و خەڵكی دەڤەرەكە بوو، تاكو شرۆڤەی ئۆبجەكتیڤانە بۆ ڕووداوەكان.

٢١– ڕێبوار سیوەیلی: "***ڤەیرانی هووشیاریی لێبووردەیی لە پانتاییەكانی كۆمەڵگای كوردیدا***" لە ڕیبوار س، هیوا حاجی، نەوزاد جەمال و ئەوانیتر: **لێبووردەیی و فەلسەفە**. پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانكۆی س( ەلاحەدین و دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل: ١٠٩–١١٠

٢٢– ئەوەی سەبارەت بە دابەزاندنی كەلتووری لێبووردەیی لە بواری سیاسیدا دەیڵێم، مەبەستم تەنیا دابەزاندنی ئەم كەلتوورەیە بۆ ناو خانەكانی حیزب، نەك سەرتاپای كۆمەڵگا. چونكە دروستبوونی كەلتووری لێبووردەیی و دواجار بوونی بە ڕۆشنبیریی تاكەكانی كۆمەڵگا، بە بڕیاری سەرەوە نابێت و ئەمە پێویستی بە گۆڕانێكی بنەمایی هەیە لە كۆی پانتاییەكانی كۆمەڵگادا، بەتایبەتی پانتایی ئایین و پەروەردە و یەكەكانی وەك خێزان و دامەزراوە كارگێڕییەكانیش.

٢٣– "لێكبووردن بریتیە لە چالاكی و ئاكتێكی كۆمەڵایەتی، كە تاكەكەسی هووشیار پێی هەڵدەستێت لە پێناوی فراوانكردنی بیروڕای لێبووردەیی لەپانتای كۆمەڵایەتیەكاندا"، بێگومان دەبێ ئەوەش زیاد بكەین و بڵێین: هومزوشیاری تاكەكەس كە هەڵدەستێ بە كردەی لێكبووردن، هووشیارییە بە *ڕۆشنبیریی لێبووردەیی* و هەر تەنیاش لێبووردەیی لە پانتایی كۆمەڵایەتیدا فراوان ناكات، بەڵكو پانتایی سیاسیش پڕ تەحەموولتر دەكات. بڕوانە سەرچاوەی پێشووتر، ل: ١١٠

٢٤– لێرەدا هەردوو زاراوەی (***متمانەی بیستن و متمانەی بینین***) وەكو دوو چەمكی پێشنیاركراو بەكار دەهێنم و مەبەستم لە بەكارهێنانیان ئەوەیە، كاتێ نێرەر (لێرەدا پارتی و یەكێتی) دەیانەوێ پەیامەكەیان (لێرەدا لێبووردەیی) بۆ وەرگرەكانیان بنێرن (لێرەدا مەبەستم لایەنگرانی خۆیان و جەماوەری كوردستانیە)، پێویستە پێشتر متمانەی ئەوەیان لەلای وەرگر دروستكردبێت كە (گوێیان لێدەگرن و ئەوەی دەیبینن بڕوای پێدەكەن). بەبێ ئەم دوو جۆری متمانەیە كە لە ئێستادا بە ڕاگەیاندنی ئەو دوو



حیزبە نیە، پەیامەكەیان ناگات و وەرناگیرێت. لەدوای بانگەشەكردنەكانی دوایین هەڵبژاردن، كە كۆی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی ئەو دوو حیزبە و لیستی گۆڕانیش بەهەمان شێوە، بەشدارییەكی ***توندوتیژانە***یان تێداكرد (بەدەر لە كەناڵی كوردسات، كە بەشدارییەكەی هێواشتر بوو)، كەناڵێك لەو كەناڵانە پێشنیاریان كرد لەبەرنامەیەكدا لەسەر لێبووردەیی قسە بكرێت. نووسەری ئەم بابەتە بڕوای وا بوو هیچ متمانەیەك لەلایەن گوێگر، بینەرەوە نیە بۆ بڕواكردن بە لێبووردەیی لەكاتێكدا مانگێك تێنەپەڕیبوو بەسەر شەڕی ڕاگەیاندن و ئەو توندوتیژییەی ئەو ڕاگەیاندنانە بەرهەمیان هێنابوو.

## سەرچاوەكان:


١. دۆناتیلا دلاپورتا & ماریو دیانی: **مقدمەای بر جنبش های اجتماعی**. ت: محمد تقی دلفروز، تهران: انتشارات كویر، (١٣٨٤)، ٢٠٠٥.

٢. لوئیس ا. كوزر: **نظریە ی تقابل های اجتماعی**. ت: دكتر عبدالرضا نواح، تهران: نشر رسش، (١٣٨٤)، ٢٠٠٨.

٣. هانس گریت و سی رایت میلز: **منش فرد و ساختار اجتماعی**. ت: اكبر افسری، تهران: اگە، (١٣٨٠)، ٢٠٠١.

٤. دانلسون. ر. فورسایت: **پویایی گروە**. ت: د. جعفر نجفی زند، د. حسین پاشا شریفی. تهران: نشر دوران، (١٣٨٠)، ٢٠٠١.

5. Bourdieu، Pierre: "**Distinksjonen** -*en sociologisk kritikk av dommekraften*". Oslo: pax 1995.

٦. حسین بشیریە: **عقل در سیاست**. نشر نگاە معاصر، تهران: (١٣٨٣)، ٢٠٠٤.

٧. برواند ابراهامیان، أ. اشرف & م. علی هـ. كاتوزیان: **جستارهایی درەبارە تئوری توطئە در ایران**. (گرداوری و ترجمە): محمد ابراهیم فتاحی، تهران: نشر نی (١٣٨٢)، ٢٠٠٣.

٨. ایان مك لین: **فرهنگ علوم سیاسی اكسفورد**. ت: د. حمید أحمدی. تهران: نشر میزان (١٣٨١)، ٢٠٠٢.

٩. ڕێبوار سیوەیلی، هیوا حاجی & نەوزاد جەمال و ئەوانیتر: **لێبووردەیی و فەلسەفە**. زنجیرەی بڵاوكراوەكانی بەشی فەلسەفەی زانكۆی سەلاحەدین و دەزگای موكریانی، ژمارە (٢)هەولێر، ٢٠٠٩.

١٠. انتونی گیدنز: **جامعەشناسی**. ت: منوچهر صبوری، تهران: نشر نی (چ: ٥ (١٣٧٨)، ١٩٩٩.

١١. انتونی گیدنز: **فراسوی چپ و راست**. ت: محسن ثلاثی، تهران: انتشارات علمی (١٣٨٢)، ٢٠٠٣.

12. Heine Andersen (Redigeret): Sociologi –en grundbog til et fag. Kopenhavn: Hans Reitzels Forlag, 1998.

١٣. حمید عضدانلو: **اشنایی با مفاهیم اساسی جامعەشناسی**. تهران: نشر نی (١٣٨٤)، ٢٠٠٥.

١٤. جیمز كلمن: **بنیادهای نظریه اجتماعی**. ت: منوچهر صبوری. تهران: نشر نی (١٣٧٧) ١٩٩٨.

١٥. حمزه محمدی: "*درامدی بر جنبش های اجتماعی*" لە گۆڤاری (**زرێبار**) : وەرزنامەی فەرهەنگی، ئەدەبی و كۆمەڵایەتی. ژمارەی تایبەت بە (بزاڤە كۆمەڵایەتیەكان)، ژمارە (٦٠) ساڵی دەیەم، بەهاری (١٣٨٥)٢٠٠٦، ل: ١١–٣٠

## ( کۆمەڵناسی ) لە قەیراندا

### ( خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی بارودۆخی کۆمەڵناسی لە کوردستاندا )

**کورتەی وتار:**

ئەم وتارە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی شیکارییەوە ئاماژە بۆ هەندێ کێشە و دەستنیشانی هەندێك لەو ڕێگرانە دەکات، کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم گەشە و پێشکەوتنی ئەوەی پێیدەگوترێ کۆمەڵناسی لە بەشە زانستیەکانی سەر بەزانکۆکانی کوردستان. هێشتنەوەی ئەو بەربەستانە و قسە نەکردن لەسەریان و بێدەنگ بوون لەو هۆکارە مرۆیی، کارگێڕی، مەنهەجی و تەکنیکیانەی قەیرانیان بۆ کۆمەڵناسی وەك زانستێك و بۆ کۆمەڵناسان وەك کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئەو بوارە، دروستکردووە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم زانستە و بکەرەکانی بەزوویی متمانەی خۆیان لەناو کۆمەڵگا و زانستەکانیتردا لەدەست بدەن. ئەمە جگەلەوەی کارنەکردن بۆ کاراکردنی ئەو بوارە گرنگەی زانستی کۆمەڵگا، ناچارمان دەکات ساتەوەختی تیۆری لەناو بەشەکانی کۆمەڵناسیدا بەچاوی خۆمان نەبینین و جارێکی تر وەك هەمیشە ببینەوە بە کلکە و پاشکەوتەی ئەو تیۆریانەی لە شوێنەکانی دیکەی جیهان بەرهەم هاتوون و لێرە بەشێوەیەکی ساکار لە بۆتەی مەلزەمە و ئامادەکردنێکی



بێدەروەستانەدا دەگوترێنەوە. نیەتی وتارەکە پیشاندانی گرنگیی کۆمەڵناسیە لەم بارودۆخەی ئێستامان و دواڕۆژمان، هەروەها خستنەڕووی پێشنیارە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و سەرنجڕاکێشانی لایەنە پەیوەندارەکانە بۆ یارمەتیدانی بەشەکانی کۆمەڵناسی تاکو هەستن بە ئەرکی تیۆری و پراکتیکی خۆیان.

**دەستپێك:**

ئایا بارودۆخی کۆمەڵناسیی لە هەرێمی کوردستاندا لە چیدایە؟ دەکرێ کتێبێك بە ناوی ( کۆمەڵناسیی فەلسەفی ) بڵاوبکرێتەوە و هیچ پرسیارێکمان لەسەر بارودۆخی ئەم دیسیپلینە لە کوردستاندا نەبێت؟ چۆن بتوانین ئاراستەی فەلسەفییانەی پرسیارەکان لەسەر کۆمەڵگا و دیاردە و کایەکان و ململانێکانی ناویانەوە، بگوێزینەوە بۆسەر دیسپلینی کۆمەڵناسیی خۆی؟ ئایا بە هەمان شێوەی کە دەتوانین بە دیدێکی فەلسەفییانەوە قسە لەسەر بابەتەکانی کۆمەڵناسی و کۆمەڵگا بکەین، دەشتوانین قسە لەسەر کۆمەڵناسیی خۆیشی بکەین؟ لێرەدا هەوڵدەدەم ئەو شێوازە لە پراکتیکیردنی زانستی کۆمەڵناسیی وەکئەوەی لە بەشەکانی کۆمەڵناسیی زانکۆکانی کوردستاندا پیادە دەکرێ، بخەمە ژێر پرسیارەوە و لە کەموکوڕی و دەستکەوتەکانی بدوێم. بۆ ئەمەش پشت بە ئەزموون و تێبینیکردنی تایبەتی خۆم دەبەستم کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا و لە میانەی کارکردنم لەو بەشانە، کۆمکردوونەتەوە.

ئێمە، چەند ساڵی لەمەوپێش کاتێ دەستمان دایە وەرگێڕانی کتێبی (**دەروازەکانی کۆمەڵناسی**)[1]، خەونمان بە دامەزراندن و دروستکردنی زەینییەتێکی کۆمەڵناسیانە دەبینی و لە دڵ و چاوەڕوانیەکانی خۆماندا بیرمان لەو کاریگەرییە گەورەیەی ئەو زانستە دەکردەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداریمان.. هەمووی چەند ساڵێ بەسەر ئەو خەونەدا تێپەڕ نابێت و دەبێ ئێستا باس لە (قەیرانی کۆمەڵناسی) و تەنانەت (مەرگی کرمەڵناسی) لە وڵاتی خۆماندا بکەین. قسەکردن لەسەر قەیران و مەرگی ئەم زانستەش لە وڵاتی ئێمەدا، هەر جۆرێکە لە بیرکردنەوە بە کۆمەڵناسی و دەلالەت لە هۆشیارییەك دەکات، کە کۆمەڵناسی پێماندەبەخشێت تاوەکو بەهۆیەوە بتوانین پرسیار لە بارودۆخی کۆمەڵناسی لە وڵاتی خۆماندا بکەین. ئەمەش ئاشکرای دەکات کە بیرکردنەوەی کۆمەڵناسیانە هزرین و بیرکردنەوەیەکی ئەقلانیانەی یاسامەندە و ئامادە نیە هیچ شتێ وەك دۆگم و نەگۆڕ تەماشا بکات.

کۆمەڵناسی ئایین نیە تاوەکو بۆ هەمیشە بڕوای بە کۆمەڵێ نەگۆڕ هێنابێ و نەتوانێ لە چوارچێوەیان رزگاری ببێت. کۆمەڵناسی زانستی چاودێریکردنی گۆڕانەکانە و یەکێ لەو گۆڕانانەی پێویستە کۆمەڵناسی وەك زانستێ، ببینێ بریتیە لەو گۆڕانەی بەسەر هەلومەرج بیرکردنەوەی کۆمەڵناسیانەی کۆمەڵناسان و خەڵکدا دێت. کۆمەڵناسی بەبێ تێبینیکردنی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر خۆشیدا دێت، ناتوانێ زانست بێت و ناشتوانێ زانستێکی متمانە پێکراو بێت، ئەگەر نەتوانێ



خۆیشی بکاتە بابەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسیانە... بۆیە کاتێ ئێمە باس لە قەیرانی کۆمەڵناسی و مەرگی گریمانەکراوی کۆمەڵناسی لە بەشەکانی سەر بەزانکۆماندا دەکەین، ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لە کۆمەڵناسی و دەرچوون نیە لە دیسپلینەکانی ئەم زانستە و رەنگە ئەم جۆرە قسەکردنە لەسەر کۆمەڵناسی زیاتر خزمەت بە کۆمەڵناسی بکات وەك لە پیا هەڵگوتنی و بەرگریکردنی بێ بەڵگە لە پێشکەوتنی بەشەکانی کۆمەڵناسی لەناو زانکۆکانماندا.

**قەیرانی کۆمەڵناسی:**

قەیران باردۆخێکی نائاساییە کە تیایدا لە مەترسیی و شێوان و نەخۆشی و مەرگ نزیکدەبینەوە. قەیران نیشانەی بەڕێوەبوونی مەترسییە لەسەر بابەتێك، یان بارودۆخێك، کە بۆی هەیە بە نەمان و کۆتایی ئەو بابەتە تەواو ببێت. کۆمەڵناسی زانستە و زانستی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئەو لادان و شێوان و تەنانەت نەخۆشییە کۆمەڵایەتیانەشە کە کۆمەڵگا و گرووپ و پەیوەندییە دەروونگرووپی و دەرەگرووپیەکان دووچاریان دەبن. بەڵام کۆمەڵناسی بۆخۆشی لە قەیران بەدەر نیە. قەیرانی کۆمەڵناسی ئەگەر کۆمەڵناسیانە باسی لێوەکرا و شرۆڤەی هۆکار و دەستنیشانی چارەسەرەکانی کرا، باشترین جۆری قەیرانە. چونکە لەو رێگەیەوە دەکرێ دیسیپلینەکانی ئەو زانستە تۆکمەتر و دەوڵەمەندتر بکرێن.

وەلێ ئێمە بەچ مانایەك و لەسەر چ تێگەیشتن و بەڵگەیەكەوە، باس لە قەیرانی زانستی كۆمەڵناسی و مەرگی زەیینیەتێكی كۆمەڵناسیانە لە كوردستاندا، دەكەین؟ هەوڵدەدەم لە میانەی خستنەڕووی یازدە خاڵدا مەبەستی خۆم و تێبینیەكانی خۆم ڕوونبكەمەوە. لە خستنەڕووی سەرنجەكانمدا ئەوەندەی مەبەستمە دیاردەكە وەكخۆی بخەمە پێشچاو، بۆ ئەوەی بتوانرێ بەشەكانی كۆمەڵناسی و زانستی كۆمەڵناسی لەو قەیرانەی تێیكەوتووە، ڕزگار بكرێ.

**برەوی كۆمەڵناسی:**

یەكەم: لە ماوەی دەساڵی رابردوودا كۆمەڵناسی لە زانكۆكانی ئێمەدا و بەشێوەیەكی گشتی، لە كۆمەڵگای ئێمەدا، برەوێكی زۆری پەیدا كرد. ئەمڕۆ بەشێوەیكی گشتی، قوتابیانی بەشەكانی كۆمەڵناسی زانكۆكانی كوردستان ژمارەیان لە قوتابیانی بەشەكانی دیكەی هەمان ئەو زانكۆیانە زیاترە.. زۆرینەی خەڵكی وڵاتی ئێمە كاتێ دێنە سەر باسكردنی كێشەكانی ژیانی خۆیان (*هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان*) لە بیر ناكەن! ڕۆژنامەنووسان، برینپێچەكان، شۆفێرەكان و خاوەن نووسینگەكانی كڕین و فرۆشی زەوی، دەڵاڵەكانی پیشانگای ئۆتۆمبیل و هتد، هەموویان كاتێك بواری قسەكردنیان لە میدیاكانەوە بۆ دەرەخسێ، باسی (هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان) و (كۆمەڵگا)و (یەكە كۆمەڵایەتیەكان) دەكەن.. باسی خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەكانی تر دەكەن و ڕۆشنبیرییەكی تاڕادەیەك كۆمەڵناسیانە دەخەنە ڕوو..



ئەمە بۆخۆی نزیكیی كۆمەڵناسی و بواری ئەم زانستە لە ژیانی ئاسایی خەڵكەوە دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی لەم جۆری قسەكردنانەدا ئاشكرایە بریتیە لە بچووككردنەوە و سنورداركردنی كۆمەڵناسی لەوەدا كە گوایە زانستی هۆ و هۆكارە.. هەموو كەسیش دەتوانێ كۆمەڵناسیانە قسە بكات و تەنانەت قوتابیانێكیش كە ئەو بەشە تەواو دەكەن، وەك (كۆمەڵناس) خۆیان دەناسێنن و دەردەكەون و بەشداریی لە گفتوگۆكاندا دەكەن، بەبێ ئەوەی بیریان بێت كە ئەوان ئەو بەشەیان بە ڕێژەیەكی زۆر (غیابات، كەمتەرخەمی، مانەوە، قۆپیەكردن و چەندین تەكتیك و مەهارەتی دیكەی خۆدزینەوە، تەواو كردووە و بەدەگمەن تیایاندایە باسێكی نووسیبێ كە پێویستیی بە خوێندنەوەی سەرچاوەی زۆر هەبووبێ..

به مانایەكی دیكە، ئەم تێگەیشتنە لە كۆمەڵناسی لەناو كۆمەڵگای ئێمەدا خۆشەویستی و لایەنگرانێكی زۆری بۆخۆی كۆكردۆتەوە. تەنانەت هەندێ لە سیاسیەكانیش بەمەیان زانیوە و لەم ڕۆژگاری بە نەفرەتكردنی سیاسییەدا، كاتێ بیانەوێ سیمای خۆیان بپارێزن و سەرنجی خەڵكی بەلای خۆیاندا رابكێشن، لێمان دەبنە كۆمەڵناس و كۆمەڵناسانە بیروڕاكانی خۆیان كاناڵیزە دەكەن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە، كتێبفرۆشەكانی سەر جادەش كاتێ باسی جیهانی خۆیان و بازاڕی كتێبمان بۆ دەكەن، ئامۆژگاریمان دەكەن بەوەی كتێبەكانی كۆمەڵناسی باشتر دەفرۆشرێن..

لەبەرامبەر ئەم بازاڕی کۆمەڵناسیەدا پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین و کۆمەڵناسی وەك هزرێکی هەڕەمەکی و وەك ئاستێکی بیرکردنەوەی تاکەکان، جیا بکەینەوە لە کۆمەڵناسی وەك زانست و کۆمەڵناسان وەك پسپۆڕان و خاوەن زەیینەکانی ئەو زانست و پسپۆڕییە. من لەو بڕوایەدام، ئەوەی لە وڵات و کۆمەڵگای ئێمەدا، لە زانکۆ و بەشەکانی کۆمەڵناسیدا بۆتە هۆکاری خۆشەویستکردنی کۆمەڵناسی، نزیکبوونەوە و دابەزینی رەهەندی زانستیانەی ئەم بوارەیە لە رەهەندی هەڕەمەکیانەی، نەك بە پێچەوانەوە. ئەوەی زیانیکردووە کۆمەڵناسییە وەك زانست و جیهانبینیەکی قووڵ، نەك ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیانە، کە ئاستێکی هەڕەمەکی بیرکردنەوەیە. ئەمڕۆ هەموو کەس عاشقی کۆمەڵناسی و بە کۆمەڵناسی دەوێرێ، هەموو کەس دەتوانێ کۆمەڵناس بێت و هەموو کەس لە تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵناسیدا دەردەچێ و هەموو کەس ماستەر و دکتۆرا لە بواری کۆمەڵناسیدا دەهێنێ و دەیەوێ ببێتە پرۆفیسۆر.. لێرەوەیە کە تێدەگەین بۆچی کۆمەڵناسی وەك زانست لەمەترسیدایە و زەیینیەتی کۆمەڵناسیانەش لە سەرەمەرگدا.

**ململانێی بەشەکان:**

هۆکاری دووەمی ئەو کێشەیە پەیوەندیی هەیە بەو ململانێیەی کە لەناو بەشەکانی کۆمەڵناسیدا هەیە. ئەمڕۆ لە هیچ بەشێکی کۆمەڵناسییدا نیە ململانێ و دەستەگەری و ناکۆکی کوشندە نەبێت،



کە لە زۆرینەی نموونەکاندا هیچ پەیوەندییان بەلایەنی زانستییەوە نیە، چونکە ململانێی زانستی بە سوودی زانست و بیرکردنەوەی میتۆدیانەی زانستی دوایی دێت، نەك بەزیانی گەشەکردنی زانست.. بۆیە ئەو ململانێیانەی لەبەشەکانی کۆمەڵناسیدا هەن، پەیوەندییان بە تێڕوانینی کەسەکانەوە هەیە بۆ یەکتر، نەك بە جیاوازی بیرکردنەوەکانیانەوە لەبواری کۆمەڵناسیدا.. ئەوان هەرگیز لە روانگەی میتۆدی و بۆچوونی زانستییەوە رەخنە لەیەکتر ناگرن، هەرگیز ململانێیەك نیە بە ناوی ململانێی ( دۆرکهایمیەکان ) و ( فیبەریەکان )، ململانێ نیە لە نێوان بۆچوونی ( پۆزەتیڤیستەکان ) و ( فرانکفۆرتیەکان )، کێشەی ( فیمینیستەکان ) و ( پۆستمۆدێرنەکان ) و هتد، هەر باسی لێوە ناکرێ.. بەکورتی جەوهەری ئەو کێشانەی لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و لەنێوان کۆمەڵناسە پسپۆڕەکاندا هەن، هیچ پەیوەندییان بەلایەنی زانستی و تیۆرییەوە نیە.. کێشەکانی ئەوێ هەموویان شەخسی و میزاجیانەن و لەناو پەرچەکردارە دەروونیەکاندا رەگیان داکوتاوە. کێشەی ناو بەشەکانی کۆمەڵناسی زانکۆکانی ئێمە، کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی نێوان کەسەکانە، نەك کێشەی تیۆری و مەنهەجی و زانستی. لەوێ باس باسی ئەوەیە کێ کۆنەبەعسی بووە و کێ پاك و شۆڕشگێڕ. باسی ئەوەیە کێ نامەی ماستەرەکەی چۆن هێناوە و کێ دکتۆراکەی چۆن و بەچ دەستماچکردنێ وەرگرتووە. کێشەی ئەوەیە چۆن دەستەیەك، یەك دوانێ، یان تاکە کەسێ دەست بگرێ بەسەر بەشەکەدا و ئەوانیتر

ناچار بە بڕیارە میزاجیەکانی خۆی بکات. کێشەیە لەسەر ئەوەی پسپۆڕی کێ، چیە و چۆن کاربکرێ بۆ دوورخستنەوەی لە بەشەکە.. کێشەی وەرگرتنی دەسەڵات و هێزە بەسەر بەش و زانستدا بەهۆی بڕوانامە و نازناوی زانستیەوە. کێشەی رێگری دروستکردنە لەوانەی بە دڵمان نین و دەبێ دژایەتیان بکرێ.. کێشەی ئەوەیە چۆن دژایەتی مامۆستا گەڕاوەکانی هەندەران بکرێ و داواکارییەکانیان بۆ دامەزراندنیان لەبەش رەتبکرێنەوە و دوایش لەبەردەم (واقیع) و (واسیطە)دا دایانمەزرێنن..

بەشەکانی کۆمەڵناسی پڕن لە قسەوقسەلۆك، پڕن لەو مامۆستا و پسپۆڕانەی بەردەوام هەست دەکەن غەدریان لێکراوە، لەبەرئەوەی نایانکەن بە سەرۆکی بەش، یان لە لیژنەی زانستیی بەشدا نین.. لەبەرئەوەی لە هەولێر وەك (یەکێتی) حسابیان بۆ دەکەن و لە سلێمانیش بە (پارتی) لەقەڵەم دەدرێن! ئەم دیاردانە هیچیان نابنە هۆی تازەکردنەوەی زانست و بیری میتۆدی و ناشبنە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی لە بەشەکاندا.. کاتێ مامۆستاکان و کێشەکانیان لەم ئاستانەدا بن، نابنە نموونەی سەرمەشق لە بەردەم قوتابیان تاکو چاویان لێبکرێ.. بۆیە هەمان ئەو کێشانە دابەزیونەتە سەر ئاستی قوتابیەکانیش و دەبینین قوتابیانی ئەو بەشەی کە دەبوو کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات، بۆخۆی پڕ کێشەترین شوێنە و ئەوانیش بەکێشەترین گرووپی قوتابی.. بەمجۆرەش توانای مەنهەجی و زانستی بۆ چارەسەرکردن و بیرکردنەوە لە کێشەکان شوێنی خۆی



چۆڵکردووە بۆ غەزەبی تاکەکسی و غەزەبی تایبەتی کەسەکان لەیەکتر و ئەمەش وایکردووە هزری کۆمەڵناسی بچووك ببێتەوە لە میزاجی تایبەتی کەسەکاندا و لێرەشەوە زانستی کۆمەڵناسی بکەوێتە ناو قەیرانێکەوە کە هی ئەو نیە..

سێیەم: تاقە گروپێ کە چاوەڕێدەکرێ و چاوەڕێمدەکرد بەشەکانی کۆمەڵناسی لەو قەیرانە رزگار بکەن، ئەو مامۆستا نوێیانە بوون کە بە ئەزموونی ئازارەکانی ناو بەشەکانی کۆمەڵناسیدا تێپەڕ ببوون و پێشتر لەوێ قوتابی بوون. دەبوو ئەمانە بە هەوڵ و کۆششیان بیانتوانیبا دەسەڵاتی زانستی و کارگێڕیی خۆیان بەکار هێنابا بۆ تازەکردنەوەی بەش و گۆڕینی ئاراستەی ململانێکان لە ئاراستەیەکی تایبەتەوە بۆ ئاراستەیەکی زانستی. بەڵام زۆرینەی ئەمانەش دوای وەرگرتنی ماستەرەکەیان و گەیشتنیان بە دەسەڵاتی ئیداری، ئیتر وردە وردە لەخۆیان بایی بوون و کەوتنە وەبەرهێنانەوەی هەمان ئاستی مامەڵە و هەڵسوکەوت کە پێشتر بە دەستیەوە دەیان ناڵاند. لەناو ئەمانەدا، تیایاندایە پێگەی خۆی زۆر زیرەکانە بەکارهێناوە بۆ نزیکبوونەوە لە سەنتەرەکانی بڕیاردان و دەسەڵات و پچڕینی ئیمتیازاتی تایبەت لە سەیارە و خانوو و مووچە و تەنانەت سەفەرکردن بۆ دەرەوە.. ئەوانی تریشیان بەخەونی وەرگرتنی (دکتۆرا)وە، ملکەچی هەمان ئەو ئەقڵیەتە مۆنە ئامادەیەی ناوبەشەکانیان بوونەوە تاکو لە رەحمەتی مامۆستاکان و پسپۆڕەکان بێبەش نەبن و وێڕای هەر وەڕەسییەك کە هەیانە لە ئاستی وانەکان، دەستەمۆیانە و هەژارانە بەردەوامن لە خوێندن.. دەستەیەکی

دی کە دەتوانن و دەبوو گۆڕانیان دروستکردبا لە بەشەکانی کۆمەڵناسیدا ئەوانەن کە لە هەندەرانەوە بەسەردان، یان یەکجارەکی دێنەوە بۆ کوردستان، ئەوانەی بەسەردان دێنەوە لەبەشەکاندا تا ئەندازەك هاوکارییان دەکرێ و ڕەنگە جاروبار گوێشیان لێبگیرێ، بەڵام ئەوانەیان کە بەیەکجارەکی دێنەوە، وێڕای کۆنترۆڵێکی توند لەسەر بروانامەیان و بەکەمگرتنی تواناکانیان و سنوردارکردنی چالاکییان بۆ وانەگوتنەوە و بەشداریکردنیان، لە چوارچێوەی (پسپۆڕیی ورد، تخصص دقیق)یاندا، ئەوە ڕووبەڕووی ئەو لەشکرەش لە کۆنەخوازی و داخراوەیی زەینی قوتابیان دەبنەوە کە ئێستا لەناو پۆلەکاندا جمەیان دێت..

هەموو ئەو قوتابیانەی ئەمڕۆکە لە پۆلەکانی بەشەکانی کۆمەڵناسیدا ئامادە دەبن و تاقیکردنەوەکان تێپەڕ دەکەن و دواجار دەبنە خاوەن بروانامەی کۆمەڵناسی، حەزیان لە کۆمەڵناسی نییە و زۆربەیان کۆمەڵناسی تێکەڵ دەکەن لەگەڵ ئەو زانیاریە هەڕەمەکیانەی لە ژینگەی خۆیاندا فێربوون و بە دەگمەنیش دەتوانن خۆیان لەو خووە کۆمەڵایەتیانە ڕزگار بکەن کە لە دەرەوە هێناویانن. بێجگە لەمەش ململانێی ئایدیۆلوژی و حیزبیایەتی تاکو ناو پۆلەکانیش هاتووە، بەجۆرێ کە هەر پۆلە و تیایدا چەند گروپێکی ئایدیۆلۆژی جیاواز پێکەوە ململانێ دەکەن و کاتی زانست و فێر بوون هەڵدەگێڕنەوە بۆ کاتێك کە بۆ خۆیان بتوانن ماسولکە ئایدیۆلۆژیەکانی خۆیان پیشانبدەن و بەرگریی لە ئاین و حیزب و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بکەن و هەڕەشەکانیان بەسەر قوتابیانی تر و مامۆستا و کەشی زانستیدا بڵاوبکەنەوە..



گرووپێکی دیکەی قوتابیان هەن کە دەیانەوێ کەشی زانستی و بابەتەکانی کۆمەڵناسی، لە بابەتی تاقیکردنەوەیی و لەبەرکردندا سنوردار بکەن و مەیل و ئارەزوویان بۆ نمرە و دەرچوون، زاڵبووە بەسەر مەیل و خواستیان بۆ خۆپێگەیاندن و خۆدروستکردندا. ئەمانە خوازیارن مامۆستاکان "مەلزەمە"یان بدەنێ و ئەوانیش لەبەریان بکەن و تاقیکردنەوەیان تێدا بکەن. لێرەوە ئەوان خوێندنیان لەبەشی کۆمەڵناسی کردووە بە بوارێك کە تیایدا دەتوانن خۆیان لە توێژینەوە و گەڕان و تێبینیکردن و کاری تیۆری بدزنەوە و کاتێ هەندێ لە مامۆستاکان دەیانەوێ لە ڕووی تیۆری و بەسەرچاوەی نوێ بابەتی وانەکانیان پڕ بکەنەوە، ڕووبەڕووی مانگرتنی ئەم گرووپە دەبنەوە، کە هەر خوازیاری بابەتە تەقلیدیەکانن.. بۆیە لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆکانی ئێمەدا، (مەلزەمە) هەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی رابردوو.. مامۆستا هەیە بە پلەی زانستیی بەرز، ئیملای مەلزەمەیەك بە قوتابیانی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا دەکات، کە مێژووی نووسینی پازدە ساڵ زیاتری بەسەردا تێپەڕیوە و لە هەشت تاکو (١٠) لاپەڕەی کۆمپیوتەر بە فۆنتی (١٦) تێپەڕ ناکات!

هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەو قەیرانەی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی ئێمەدا پێیدا تتێپەڕ دەبێت و بۆ کەسانێ بیانەوێ بە دوای بەڵگەی دیکەشدا بگەڕێن، بە ئاسانی دەتوانن بە دەستیان بهێنن..

## کۆمەڵناسیی ئێواران:

چوارەم: هۆکارێکی دیکە، کە قەیرانی بۆ زانستی کۆمەڵناسی لە وڵاتی ئێمەدا دروستکردووە، بریتیە لە کردنەوەی بەشی کۆمەڵناسی ئێواران. کۆمەڵناسی ئێواران چەندە هەلڕەخساندنە بۆ کەسانێ کە دەیانەوێ لەو بوارەدا خوێندن تەواو بکەن و چەندە ئاشکراکەری ئەو راستیەیە، کە پێماندەلێت: کۆمەڵناسی خواست و داواکاریی زۆری لەسەرە، ئەوەندەش هۆکارە بۆ قەیراناوی بوونی کایەی کۆمەڵناسی. ئێوارانی ئەم بەشە بەهۆی ژمارە زۆری قوتابیەکانیەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی ڕابردوودا، بەهۆی هۆکاری جیاوازی تەمەن و ئەزموونیانەوە و بەهۆی نەبوونی مەرجی زانستی بۆ وەرگرتنی قوتابیان، بۆتە بەشێکی پڕ لەکێشە، کە ئاسۆی چارەسەرکردنیان بە دوور دەبینم.. ئێوارانی کۆمەڵناسی قەیرانێکی زۆری بۆ بیرکردنەوەی کۆمەڵناسیانە لە وڵاتی ئێمەدا خولقاندووە، چونکە نە توانایی زانستی بەشەکان، نە چاوەڕوانیی زۆرینەی قوتابیان بۆ دەرچوون و نە وابەستەیی ئیدارییانەی ئەم بەشە لەو ئاستەدا نین، کە لە رووی زانستییەوە چاوەڕوان دەکرێت. سەبارەت بە توانایی زانستی بەشەکان دەبێ بگوترێ، کە بە زۆری هەمان ئەو مامۆستا و وانەبێژانەی لە دەوامی بەیانیاندا وانە دەڵێنەوە، لە ئێوارانیش درێژە بە کارەکەیان دەدەن و ئەمەش ماندوویان دەکات و زۆر جار ناتوانن وەکو پێویست وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانی قوتابیەکان و پرۆسەی زانستیی بن، ئەمە



جگە لەوەی کە ئەو پارەیەی بۆ وانەبێژی وەریدەگرن، زۆر ناچیزەیە. سەبارەت بە توانستی قوتابیەکانیش بەهەمان شێوە، زۆرینەیان وابەستەن بە دەوامێکی ترەوە و لە ماندووبونەوە دێنە ناو پۆلەکانەوە. هەیانە لە فەرمانگەیەکی حکومیە، هەیانە کاسپکارە، تیایاندایە خێزاندارە و زیاد لە سێ منداڵی هەیە. پاشان جیاوازیی ئەزموون و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و پۆستی ئیدارییان، رێگرە لەبەردەم ئەوەی گروپێکی هۆمۆگین و گونجاویان لێدەربچێت و ناو پۆلەکان چەندین دابەشبوون و پۆلێنبەندی بەخۆیەوە دەبینێ،.. هەموو ئەمەش رێگرە لەبەردەم دروستبوونی کەشی زانستی لەناو پۆلدا و رۆحیەتی مونافەسە و گرووپەبوون زاڵە بەسەر رۆحی هاوکاری و تەباییاندا. ئەمە جگەلەوەی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی کە پۆستی ئیداری و سیاسیان هەیە، رێگرە لەبەردەم ئەوەی کە خولقیات و رەفتاری قوتابێتییان تێدا دروستببێ. بەشێکی ئەو قوتابیانە بەهەمان ئەتەکیەتی پێگە ئیداری و پۆستە حیزبیەکانیانەوە لەناو بەش و کەشی زانکۆدا هەڵسوکەوت دەکەن و تێکەڵ دەبن.. ئەمە جگە لەوەی لەلایەن هەندێ لە قوتابیە خاوەن دەسەڵاتە سیاسیەکانەوە، دەستێوەردانی راستەوخۆ هەیە لە کاروبارەکانی بەش و کۆلێژدا، کە هەموویان بە زیانی بەرژەوەندیی زانستیانە تەواو دەبن و کۆمەڵناسی وەك زانستێ دەخەنە ناو قەیرانێکەوە، کە دەربازبوون لێی ئاسان نیە.. کۆمەڵناسی ئێواران ئومێدێکی ئەوتۆی دروستکردووە، کە هیچ کەس نامێنێتەوە و هەمووان دەردەچن و دواجار بڕوانامەی خۆیان وەردەگرن، بێگومان

ئەمە چاوەڕوانیەکی هەڵەیە و ئەو ڕۆحە لەلای هەندێ قوتابی دروستدەکات کە تەنیا ڕۆژەکان و کاتەکان بە پیاسەکردن لەناو گۆڕەپانی کۆلێژدا، یان بە ئامادەبوونی لەناو پۆلدا تێپەڕێنی، نەك بە هەوڵدان و کۆششی بەردەوام لەناو کایەی زانستی کۆمەڵناسیدا. بێگومان ئەو قوتابیە جیدیانەش کە دەیانەوێ سوودمەند بن لە کۆمەڵناسی، زیانێکی زۆر دەکەن و پەشیمانن لە مانەوەیان لەو بەشەدا.

**نەبوونی کەرەستەی خوێندن:**

پێنجەم: خاڵێکی دیکەی قەیرانی کۆمەڵناسی لە وڵاتی ئێمەدا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیمکانیاتی پێویست، کەرەستە، هۆڵی خوێندن، نەبوونی سەنتەری زانستی و پێوەری تۆکمە لەبەردەم بەشەکانی کۆمەڵناسی.. بەشەکانی کۆمەڵناسی، پێویستیەکی تایبەتیان هەیە بە هەموو ئەو کەناڵانەی کە پسپۆڕان و قوتابیانی کۆمەڵناسی دەبەستنەوە بە کۆمەڵگاوە، لەکاتێکدا هیچ کامێ لەو پێویستیانە لە بەشی کۆمەڵناسی وڵاتی ئێمەدا نین و هۆڵ و پۆلەکانی ئەو بەشانە لە پۆلی هەر قوتابخانە و فێرگەیەکی ئاسایی دەچن، کە دەبێ بە پێی ( خشتەی وانەکان ) زۆرترین ژمارەی قوتابیان ڕاپێچی ناو پۆلەکان بکرێن. لەناو ئەم کەش و هەوایەدایە، کە گفتوگۆی تیۆری، سەرچاوە گۆڕینەوە، کەشفکردنی زانستی، وۆرکشۆپ، هاوکاریی و کاری گروپی بایەخیان نامێنێ و بوار بۆ داهێنانی تایبەت و کەسیی کەم دەبێتەوە. ئەوەی قوتابیانی ئەم بەشەی پێوە سەرقاڵدەکرێ بریتیە لە



ئامادەبوون لە پۆلەکاندا و بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکاندا.. بەمجۆرەش کۆمەڵناسی وەك زانستێ لەبارەی دیاردە و گۆڕان و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە، دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵناسی وەك بابەتێ بۆ دەرخکردن و تاقیکردنەوە و ڕەتکردنی مادده دەرسیەکان..

شەشەم: من هەتا ئێستا ئەم هۆکار و بەڵگانەم خستنە ڕوو کە بەهۆیانەوە زەبینیەتی کۆمەڵناسانە و کۆمەڵناسی لە وڵاتی ئێمەدا کەوتوونەتە قەیرانەوە.. کۆی ئەو هۆکارانەش پەیوەست بوون بە بەشەکانی کۆمەڵناسی و دەسەڵاتی زانستیی ئەو بەشانە و لایەنی ئیداری و قوتابیانەوە. دەمەوێ بەهۆی خاڵی شەشەمەوە ئاماژە بە هۆکارێکی دیکە بدەم، کە پەیوەستە بە بەرهەمی کۆمەڵناسان و مامۆستایانی ئەو بەشەوە. وێڕای کۆی ئەو سەرنجانەی تا ئێستا خستمنە ڕوو، هێشتا لەبەشەکانی کۆمەڵناسیدا کۆمەڵێ تواناو دەنگ و هەوڵی زانستی لە ئارادان، کە توێژینەوەیان لە بواری جیاواز و پەیوەست بە کەلێنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە خستۆتە ڕوو، بەڵام هیچ کامێ لە دەزگا و دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە سیاسیەکانی وڵاتی ئێمە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی وەك خاڵێکی گرنگ لە کاروبارەکانی خۆیاندا جێگە ناکەنەوە. بەرهەمی کۆمەڵناسان ئاوڕیان لێنادرێتەوە، ئەوان ئەرکی توێژینەوە، ڕاوێژکاری بەرنامە داڕشتنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیان پێناسپێردرێت.. بە دەگمەن ئەو وەزارەتانەی سەروکاریان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەیە، لەکاتی پلاندانان و هەنگاونان بۆ پرۆژە کۆمەڵایەتیەکانیان، ڕاوێژ

به پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی دەکەن. بۆیە ئەو هەوڵدانانەی مامۆستایان و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی، ئەو توێژینەوانەی ئەنجامیان دەدەن و ئەو دەرەئەنجام و راسپاردانەی دەیانخەنە روو، کەمتر کاریگەریی کردەییان لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و کاری دەزگایی و ڕێکخراوەییدا هەیە و تەنیا وەك دەقی ناو گۆڤارە زانستی و بڵاوکراوە رۆشنبیرییەکان، دەمێننەوە. هۆشیاری حکومەت و دەزگا و وەزارەتخانەکانی، بە بۆچوون و راڤەکردنی کۆمەڵناسانە ئەوەندە لاوازە، کەمتر خەیاڵیان بۆ ئەوە دەچێ لەبواری کاری خۆیاندا پەنا بۆ کۆمەڵناسان ببەن و داوای توێژینەوە و بەرچاوڕوونیان لێبکەن.. نەبوونی شارەزایی زانستی لە بواری کۆمەڵایەتی و کاری ڕێکخراوەییدا، ئەوەندە بەئاشکرا بەبەرنامەی هەندێ لە وەزارەتەکانەوە دیارە، کە پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات.. تەنانەت زۆرێك لەو دامودەزگا و ڕێکخراوانەی ناو حکومەت بودجەیەکی تایبەتیشیان بۆ توێژینەوە نیە و لەجیاتی توێژینەوەی زانستی پشت بە ئیجتیهاداتی شەخسی و ئەزموونی هەندێ کەس دەبەستن کە لەو بوارەدا شارەزایی کردەیی و هەڕەمەکیانەیان هەیە.. بەمجۆرەش بۆمان دەردەکەوێ، کە حکومەت و لایەنە رەسمییەکان پشتگیری ئەم بوارە زانستیە ناکەن و دەرفەت بۆ توێژکاران و مامۆستایان ناڕەخسێنن تاکو لە جیاتی وانەبێژی، کاری توێژینەوەی راسپێردراو ئەنجام بدەن.. دیارە ئەمەش سەرچاوەیەکی ئاشکرای ئەو قەیرانەیە کە کۆمەڵناسی لەوڵاتی ئێمەدا تێیکەوتووە..



**توێژکارە کۆمەڵایەتیەکان:**

حەوتەم: هەر لە درێژەی خاڵی پێشوودا، دەتوانین ئاماژەیەکیش بە بواری ژیان و شێوازی دامەزراندنی توێژکارە کۆمەڵایەتیەکان بکەین.. (*توێژکاری کۆمەڵایەتی پێشنیارێکە بۆ ناوبردنی ئەو قوتابیانەی لە بواری کۆمەڵناسیدا خوێندنی بەکالۆریۆس تەواو دەکەن و پاشان هەم کار دەکەن و هەم بەردەوامیش دەبن لە توێژینەوە*)، چەندە کردنەوە و پەرەپێدانی بنکە تەندروستیەکان بۆ هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکان گرنگن، توێژکاری کۆمەڵایەتیش ئەوەندە بۆ ئۆرگانیزەی کۆمەڵایەتی و یەکە کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و پەروەردەییەکان گرنگن و چ لایەنەکان و چ توێژکارەکان بۆخۆیان، پێویستە لە ئێستادا لەم ڕاستیە تێبگەن.. ئەگەرچی ئەمڕۆکە توێژکارەکۆمەڵایەتیەکان لەناو ڕێکخراوی (کۆمەڵەی کۆمەڵناسان)دا خۆیان ئۆرگانیزە کردووە و لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەیەدا بەرگری لە پێشینەی زانستی و پیشەیی خۆیان و مافەکانیان دەکەن، بەڵام وەکو پێویست بە خواستەکانی خۆیان نەگەیشتوون. ڕێژەی دامەزراندنی شیاوی توێژکارە کۆمەڵایەتیەکان لەناو فەرمانگە حکومییەکان زۆر کەمە و لەوەش کەمتر جۆری دامەزراندنیانە لە شوێنە جۆر بە جۆرەکان و دوور لەو بوارەی وانەیان تێدا خوێندووە. چونکە بەڕاستی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی ئێمەدا، قوتابی بۆ ئەوە پێناگەیەنێ ببێتە وانەبێژ و مامۆستا، یان ئیداری ناو فەرمانگەکان.. کاری بەشی کۆمەڵناسی

ئامادەکردنی توێژکارە کۆمەڵایەتیەکانە بۆ ئەوەی لەناو فەرمانگە تەنفیزی و پەروەردەیی و ئیدارییەکاندا، هەندێ کێشەی تاکەکەسی و ئیداری لە روانگەی چارەسەرسازی کۆمەڵناسیانەوە، کەم بکەنەوە. ئەو قوتابیانەی لە بەشی کۆمەڵناسی دەردەچن پێویستە دوو خەسڵەتیان تێدابێت،

یەکەم: شارەزاییان لە بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەبێ و (کۆمەڵگا) لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەتر و بابەتیتردا ببینن. واتە ئەو زانیاریانەی وەریاندەگرن بواریان بۆ برەخسێنن تاکو لە کۆت و بەندی (ئەندامێتیان لەناو کۆمەڵەکەی خۆیان)دا دەرباز ببن و لە (مەوداوە)، لە (دەرەوە)، بروانن‌ەوە ناو هەمان کۆمەڵگا و کێشە و ململانێکانی و دەوری خۆیان لەوێدا بەرجەستە بکەن. واتە کۆمەڵناسی پێویستە مرۆڤ و (قوتابییەکان)ی لە کۆیلایەتی کۆت و بەندەکان رزگار بکات و لە (بکەرێکی پاسیڤ)ی کۆمەڵایەتییەوە بیانکاتە (بکەرێکی ئاکتیف)و هزرمەند. بە تێگەیشتنە بۆردیۆییەکەی، وەکئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمانکردووە، پێویستە قوتابیی کۆمەڵناسی بتوانێت بەشێوەیەکی ئۆبڤەکتیڤ و بابەتیانە جیهانی دەوروبەری خۆی بکاتە بابەتی توێژینەوە. لێرەدایە کە زانست بەگشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەتی، زانین و مەعریفەیەکی ئازادکەرە و ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆمەڵناس بەو زانیاریانەی پێویستە وەریانبگرێ، دەوڵەمەند دەکات.

بۆیە توێژکارە کۆمەڵایەتیەکان لە هەموو یەکە ئیداری و پەروەردەییەکان و تەنانەت یاساییەکانی وڵاتی ئێمەدا پێویستە



شوێنی تایبەتی خۆیان هەبێ و دابمەزرێندرێنەوە، چونکە ئەوان بەهۆی ئەو زانیاریە زانستیانەی لەبەشەکەیانەوە، لەسەر کۆمەڵگاکەیان وەریانگرتوون، دەتوانن بەشداریی بکەن لە گۆڕینی ئەو بۆچوون و زانیارییە هەڕەمەکییانەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر خۆیان و دەوروبەریان هەیانە.. ئەم خەسڵەتە لە قوتابی و توێژکارە کۆمەڵایەتیەکاندا خەسڵەتێکی زانستی و مەعریفییە و زەروورەتێکە، پێویستە قوتابی هەستی پێبکات و هەوڵی تەواوی خۆی بدات تاکو ببێتە (دکتۆر)ێکی کۆمەڵایەتی. لە هۆکار و دەرەنجامی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان تێبگات و بیانبەستێ بە کۆی هۆکارە کاریگەربەخشەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤەکانی ناو هەمان کۆمەڵگا و تەنانەت گۆڕانە هەرێمی و جیهانیەکانیش لە پێشچاو بگرێ.

دووەم: بەڵام قوتابیان و توێژکارە کۆمەڵایەتیەکان پێویستە خەسڵەتێکی تەکنیکی و میتۆدیش بزانن کە بەهۆیەوە بتوانن ئەو زانیارییەی لەسەر کۆمەڵگا و رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان بە دەستیانهێناون، شرۆڤە بکەن، پۆلێنبەندییان بکەن و ئەنجامی تایبەتیان لێوە بەدەستبهێنن و دواجار لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا هەوڵی تێگەیاندنی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگاش بدەن. واتە ئەوان پێویستە رابهێنرێن کە چۆن بەهۆی تەکنیکگەلێکی تایبەتەوە (زانینێکی تایبەت) بکەنە بەشێ لە هووشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا، دامەزراوەکان و یەکە ئیدارییەکان لەسەر خودی خۆیان.

گریمان بەشەکانی کۆمەڵناسی ئەمجۆرە قوتابی و توێژکارانەمان بۆ پەروەردە دەکەن و بەرهەمیان دەهێنن، گریمان کۆی ئەو زانیاریانەی لەو بەشانەدا فێری قوتابیان دەکرێن، زانستی مەعریفیانە و ئەلتەرناتیڤن بۆ زانیاری هەرەمەکی.. گریمان هەموو قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی، کاتێ لە ساڵی یەکەمەوە لە تاقیگەی ئەو بەشە زانستیەدا تێپەڕ دەکرێن، کە لە ساڵی چوارەمدا دێنە دەرەوە، بوونەتە مرۆڤێکی دیکە و گۆڕانێکی نەوعییان بەسەردا هاتووە.. گریمان هەموویان فێری ئەو تەکنیك و میتۆدانەی شیکردنەوە، کۆکردنەوە و رەخنەگرتن و ئەنجام وەرگرتنی زانستیانە بوون،.. گریمان مامۆستا و پسپۆڕەکانی ئەو بەشە لە رووی فێرکردنی تیۆرییەوە ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکارهێنا و هتد.. وەلێ ئەگەر قوتابی نەیتوانی لەو شوێنەی پێویستە دامەزرێ و ئەگەر توێژکاری کۆمەڵایەتی ئەو ئەرکەی پێویستە، نەخرایە سەرشانی، وەکو ئەوە وایە هیچمان نەکردبێ.. لەبەرئەوە فێرکردنی تیۆری و تەکنیکی چەندە پێویستن شوێنی کارکردن و دابینکردنی بواری توێژینەوەش زیاتر پێویستن..

قەیرانێ کە ئەمرۆ زانستی کۆمەڵناسی لە وڵاتی ئێمەدا بە دەستیەوە دەناڵێنێ هەر تەنیا پەیوەست نیە بە هۆکارە ناوەکیەکان و ململانێی ناو بەشە زانستیەکانی کۆمەڵناسیەوە، بەڵکو ئەو قەیرانە پەیوەستیشە بە نەبوونی زەمینەیەکی کارکردنەوە کە بۆ توێژکارە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵناسان و مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی پێویستە. کۆمەڵناسی لەکۆمەڵگای ئێمەدا نابێتە زانستێکی کارا لە



بواری تێگەیشتنی کۆمەڵناسیانەی کۆمەڵگا و کار و کێشە و ململانێ و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەگەر بواری بۆ نەڕەخسێ کە وەك زانستێك لەناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، ئامادەیی هەبێ.. بۆیە دەتوانم بڵێم، ئێمە کۆمەڵناسیی ناو سەری مامۆستاکان، کۆمەڵناسیی ناو کتێب و سەرچاوەکان و کۆمەڵناسیی ناو پۆلەکانی تاقیکردنەوە و کۆمەڵناسیی وەك بەشێك لەکۆلێژەکەمان هەیە، بەڵام کۆمەڵناسیی گەنجان، کۆمەڵناسیی ئافرەتان، کۆمەڵناسیی ژیانی هەستەوەری، کۆمەڵناسیی تەندروستی، کۆمەڵناسیی هەڵبژاردنەکان، کۆمەڵناسیی زانست و کۆمەڵناسیی ژیانی رۆژانەو دامەزراوەکان و.. مان نیە. بەمجۆرەش کۆمەڵناسی وەك زانست و کۆمەڵناسان و توێژکارانی کۆمەڵایەتی لە پەراوێزدان و ناچار بە کارکردن لەو شوێنانە دەکرێن، کە تیایاندا زەمینەی کارکردنی کۆمەڵناسیانە نیە و ئەمەش باری ئەو قەیرانەی زۆرتر کردووە کە باسمان لێوە کرد.

**دیواری ئەستووری نێوان زانستەکان:**

هەشتەم: هۆکارێکی دیکەی قەیرانی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئێمەدا، بریتیە لەو (ئۆتۆمیزەبوونە زانستیە)ی بەشەکان وەك دەستەکەوتێ تەماشای دەکەن و لە راستیدا (نابیناییەکی زانستی) دروستکردووە. ئەمڕۆ لە زانکۆکانی ئێمەدا هەر بەشێکی زانستی لە رووی کارکردن و ئیدارەی کارکردنەوە، بەشێکی سەربەخۆیە و خاوەن ئۆتۆنۆمی خۆیەتی و هیچ بەشێ دەست ناخاتە کاروباری ئیداری و چالاکی

بەشەکانی ترەوە، هیچ بەشێك پلانی زانستیی هاوبەشی لەگەڵ بەشەکانیتر نیە، مەگەر بە ڕێکەوتنی هەر دوو لا بێت. ئەوەی جێگەی سەرنج و لە هەمان کاتدا مایەی پێکەنینە، ئەوەیە، کە بەشە زانستیەکان بیانەوێ ئەو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیە ئیداریە، بواری زانستەکانیش بگرێتەوە و هیچ کایەکی زانستی پەیوەندی بە ئەوانیترەوە نەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە بەشەکاندا دەبینرێ ئەوەیە، وا پێدەچێ ئەندامانی فلآن بەش لەو بڕوایە دابن لە ڕووی زانستیەوە هیچ پێویستیان بە زانستەکانی تر نییە. بۆ نموونە ئەوە تراژیدیای زانستەکانە کە بیانەوێ لە ئاست یەکتردا خۆیان ئۆتۆمیزە بکەن و وەها پیشانبدەن کە پێویستیان بە زانستەکانی دی نیە. ئەمڕۆ دەگەمەنن ئەو قوتابیانەی بەشی کۆمەڵناسی بزانن پەیوەندی زانستەکانی وەك مێژوو، جوگرافیا، شوێنەوار، فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆژیا و.. هتد، بە زانستی کۆمەڵناسییەوە، چیە. قوتابیانی بەشی مێژوو شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە کۆمەڵناسی و ئیستاتیکا و ئاکارناسی نازانن.. هەر بەشەی پەیوەندیی زانستیانەی لەگەڵ بەشەکانیتردا پچڕاندووە و چۆتە ناو ئەشکەوتی خۆیەوە و لەگەڵ خۆیشیدا، زانستی بەهەمان چارەنووس گەیاندووە. دیوارێکی ئەستوور لەنێوان زانستەکاندا هەیە و ئەمەش وا دەکات کە قوتابیانی بەشێك تەنیا ئەو بابەتانە فێر بکرێن کە پەیوەستن بە بەشەکەی خۆیانەوە، ئیدی لەو دیو ئەو بابەتانەوە ئەوان نابینان و ناتوانن لەگەڵ قوتابیانی بەشە زانستیەکانیتر بکەونە گفتوگۆوە.



من لەگەڵ سەربەخۆیی ئیداریانەی بەشەکاندام، بەڵام سەربەخۆیی زانستیانەی بەشەکان، ئەگەر بە مانای لێکدابڕانی بوارە زانستیەکان بێت، وەکئەوەی لە زانکۆکانی کوردستاندا دەبینرێ، شتێکی زۆر مەترسیدارە و تەنیا گەمژەیی لێدەکەوێتەوە. قوتابیەکی بەشی کۆمەڵناسی، جگە لە پێویستی بە دەروونناسی گشتی، پێویستە دەروونناسی منداڵان و ژنان و گەورە ساڵانیش بخوێنێ تاکو سوود لە بوارێکی دیکەی وەك دەروونناسی کۆمەڵایەتی، ببینێ و بۆ ئەمەش پەیوەندی ئەم بەشەی بە بەشی دەروونناسی پەروەردەوە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانە، کە هەمووی سەد مەتر لە یەکترییەوە دوور نین. بەڵام بڕواناکەم قوتابیانی ئەو دوو بەشە هەرگیز تێکەڵ بە یەکتر کرابن. بەهەمان شێوە، قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی پێویستیەکی زۆریان بە زانستی مێژوو هەیە و بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، بەڵام کاتێ بەشی مێژوو پێیوابێ کاری ئەو بریتیە لە نووسینەوەی قۆناغەکانی مێژوو: ( مێژووی جیهان، مێژووی کورد، مێژووی ئیسلام، مێژووی هاوچەرخ و... هتد ) شانازی بەوەوە بکات کە قۆناغ نیە ئەوان لەبارەیەوە کاریان نەکردبێ، دەبێ کۆمەڵناسەکان بە بیریان بهێننەوە، ئەوان ( مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی، مێژووی ژیانی ڕۆژانە، مێژووی جل و بەرگ، مێژووی خواردن، مێژووی تەندروستی، مێژووی دامەزراوەکان، مێژووی کەلتوور، مێژووی ئایینەکان ) و دەیان بابەتی گرنگی دیکەیان لە بیرکردووەوە..

**پشتگوێخستنی بەرهەمی کۆمەڵناسان:**

نۆیەم: یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی کە قەیرانی بەشی کۆمەڵناسی و ئەم زانستەیان پێکهێناوە، بریتییە لە نەبوونی سیاسەتێکی پلاندانانی یەکگرتووی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە بواری وەرگێڕان و نووسینی بەرهەمی کۆمەڵناسیانەدا. لە راستیدا ئێمە کەموکورییەکی زۆرمان لە بواری بەرهەمهێنانی کۆمەڵناسیدا هەیە، زۆرینەی ئەو نامانەی لەم بەشەدا نووسراون، هێشتا لە لایەن زانکۆوە چاپنەکراون و خاوەنەکانیان پشتگیری نەکراون. لە بەشەکانیشدا هەر کەس نامەکەی پێشکەشکرد، یەکسەر سەرقاڵدەکرێ بە وانەبێژی و دەرسگوتنەوە، نەك پشتگیری بکرێ بۆ بەردەوامبوون لە توێژینەوە و بەرهەمهێناندا. بۆ هەندێ مامۆستاکانی ئەو بەشە، نامەی ماستەر، یان دکتۆراکەیان یەکەمین و دوایین نووسینیان بووە. گرنگی نەدانی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستیەکانی ناوبەشەکان، بۆخۆی سەرچاوەی زانستی بۆ ئەو بەشە سست و لاواز دەکات. بەولای تردا، لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بینیمان بەرهەمێکی زۆر لە بواری کۆمەڵناسیدا وەرگێڕدرانە سەر زمانەکەمان و ئەمەش لە تێڕوانینێکی خێراماندا دڵخۆشکەرە، چونکە رێژە و چەندایەتی بابەتەکانی ئەو لقە زانسیتەی بردۆتە سەرێ. بەڵام کاتێ لە ناوەڕۆکی زۆرینەی ئەو



بەرهەمانە ورد دەبینەوە و کەمێ بەراووردی وەرگێڕانەکان دەکەین و لە زمان و زاراوەکانی ناویان ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، ئەو بەرزبوونەوەی چەندایەتیە، بە هیچ جۆرێ نابێتە بەڵگە و پاڵپشت بۆ چۆنایەتی ئەو بەرهەمانە لە رووی زانستیەوە. دەزگاکانی وەرگێڕان دەزانن پارە و کڕین و فرۆش لە بەرهەمی کۆمەڵناسیدا، هەیە، بەڵام هیچ مەرجێکی ستانداردی یەکگرتوویان نیە لەسەر ئەو بەرهەمانە، چجای مەرجی زانستی. بەشێکی زۆری ئەو کتێبانەش کە لە بواری کۆمەڵناسیدا چاپ و بڵاود دەکرێنەوە لەلایەن نووسەری خراپەوە نەنووسراون و بەرهەمی گرنگیان تێدایە، بەڵام هەموویان زانستیانە و هاوبیر بە کۆمەڵناسی و دیسپلینەکان و زاراوەکانی ئەو زانستە، تەرجەمە نەکراون. لەبەرئەوە بۆی هەیە بەرهەمێکی گرنگی نووسەرێکی باش لە بواری کۆمەڵناسیدا، لەسەر دەستی وەرگێڕی خراپ و لەناو کەشی بێمەرجی بڵاوکردنەوەی کوردیدا، خراپی بەسەر بێت! بە بڕوای من زۆر جار وەرگێڕانی بەرهەمێکی باش لە بواری کۆمەڵناسیدا بە دەستی وەرگێرێکی کۆمەڵناس لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، زۆر باشترە لە بڵاوکردنەوەی هەمان بەرهەم لە زمانی یەکەمەوە، بە دەستی وەرگێرێکی نە شارەزا بە کۆمەڵناسی و جیهانی چەمك و زاراوە و تیۆرەکانی ئەو زانستە.

کەواتە دەکرێ پێشنیارمان بۆ دەزگاکانی چاپ و بڵاوککردنەوە ئەوە بێت، لەجیاتی ئەوەی هەر بەرهەمێ کە بۆیان دەچێ سەبارەت

بەلایەنەکانی کۆمەڵناسی، لەچاپ بدەن، چاکترە سەرمایەگوزارییەکی زیاتر بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ شارەزایان و تەنانەت قوتابیە لێهاتووەکانی ئەو بەشەدا، گرێبەست بنووسن بۆ وەرگێڕانی هەندێ بەرهەمی گرنگ و نەوعی، نەك بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێ کە خەڵکانێکی نەشارەزا وەریانگێڕێت..

هەروەها دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب لە بواری کۆمەڵناسیدا، پێویستە لەسەر لیستێکی یەکگرتووی زاراوەکانی بواری کۆمەڵناسی رێکبکەون و لانیکەم هەوڵبدەن ئەو لیستە وەك داخوازییەك بۆ وەرگێرەکانیان بخەنە روو بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردندا خۆیاندا سوودی لێوەر بگرن.. دانانی لیستێکی ئەوتۆ، دەکرێ ئەرکێك بێت و بە دەستەیەك لە شارەزایانی ئەو بوارە لە مامۆستا و وەرگێڕکان، بسپێردرێ، یاخود داوا لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسان بکرێ لیستێکی پێشنیارکراوی ئەو تۆ بۆ پەسەندکردنی بەرز بکەنەوە تاکو لەو بوارە زانستیەدا پەیڕەو بکرێ. لەکاتی پشتگوێ خستنی هەر وەرگێڕێك، یان دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆ ئەو لیستی زاراوانە، دەکرێ بەشە زانستیەکان و قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی و هەروەها کۆمەڵەی کۆمەڵناسان بە کۆی دەنگ ئەو بەرهەمانە بایکۆت بکەن و بڕیار بدەن سوودیان لێوەر نەگرن و دەسەڵاتی زانستیبوون لەو بەرهەمانە وەربگرنەوە..



**بەشی کۆمەڵناسی بەبێ میراتی کۆمەڵناسی:**

دەیەم: ئێمە دەتوانین هێشتا لەسەر قسەکردن لە بارەی هۆکاری قەیران و نزیکبوونەوەی کۆمەڵناسی لە مەرگی گریمانەکراوی خۆی، بەردەوام بین، چونکە بڕوامان بەوە هێناوە کە ئەم زانستەمان هەیە، یان هەبووە، لەبەر ئەوە ئەو جۆرە قسەکردنە، ئەو هۆکار ژماردن و بەڵگە هێنانەوانە بۆ قەیرانی کۆمەڵناسی لە کوردستاندا، لە بڕوابوونێکی پێشینەوە هاتوون بەوەی کە ئەو زانستە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە. وەلێ با بێین و بپرسین: ئایا لە بناغەدا کۆمەڵناسی، نەك لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەڵکو لە خودی بەشەکانی کۆمەڵناسیدا هەبووە و هەیە؟

کۆمەڵناسی بۆخۆی جۆرێکە لە مەعریفە و زانین، وەك جۆرێ لە زانین خاوەن تیۆری و مێژوو و بنەماکانی خۆیەتی، ئەو تیۆرانە لە لایەن گەورە کۆمەڵناسانەوە داڕێژراون و خراونەتە ناو کتێبە بەناوبانگەکانەوە و بوونەتە سەرچاوەی ئەو زانستە. بەمجۆرەش کۆمەڵناسی لە دوو ووشەی لێکدراو پێکدێت (کۆمەڵ، یان کۆمەڵگا) و (ناسین)، یاخود مەعریفە و زانین بە کۆمەڵگا. بۆ ئەوەی لەم پێناسەیە پتر تێبگەین، پێویستە بڵێین: ئەم زانستە لەلایەکەوە سەروکاری هەیە لەگەڵ ئەو کایەدا کە پێیدەگوترێ (کۆمەڵگا) و کەسێ کە پسپۆڕە لە بواری کۆمەڵگادا پێویستە خاوەنی زانین بێت نەك هەر تەنیا لە بارەی ئەو کۆمەڵگایەوە کە تیایدا دەژی، بەڵکە پێویستیشە زانینی هەبێ لە بارەی ئەو (زانینە)وە، کە نەرێتی کۆمەڵناسی لەسەرەوە دروستبووە.

بەم مانایەش کۆمەڵناس کەسێکە هەم خوێنەرەوەی رەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە و هەم خوێنەری ئەو کتێبانەشە، کە بوونەتە میراتی بەشەکانی زانستی ناو براو. بە مانایەکی دیکە، کۆمەڵناس کەسێکە لە نێوان (کۆمەڵگا)، وەك (واقیعێکی بابەتی و بەرجەستە) و (زانستی کۆمەڵناسی)، وەك واقعێکی تیۆری داڕێژراوی زەینی، لە هاتووچۆدایە. هەروەکو چۆن هیچ قسەکردنێکی کۆمەڵناسان لەسەر کۆمەڵگا بەبێ گەڕانەوە بۆ تیۆرەکان و میراتی زانستیانەی کۆمەڵناسی مانای نیە، ئاواش هیچ قسەکردنێکی تیۆریانە لە بارەی کۆمەڵگاوە، بەبێ ئاماژەدان و نموونە هێنانەوە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی تایبەت و دیارەوە، مانای نابێ.. کۆمەڵناسەکان پێغەمبەرانی بواری کۆمەڵایەتی نین، لە بورجی عاجدا دانانیشن و شاعیرانێکیش نین کە لەبارەی کۆمەڵگاوە، سروش و وەحیان بۆ بێتە خوارەوە، بەڵکو کاری ئەوان خۆ دروستکردنە، بوونە پسپۆڕ و دکتۆری کۆمەڵایەتیە لە دوو ئاستدا: ئاستی قاڵبوونەوە لە واقیع و ئاستی قاڵبوونەوە لە تیۆردا. بەمجۆرەش دەکارین بڵێین: لەهەر کۆمەڵگایەکی زانستیدا، لە هەر زانکۆیەکدا ئەو کاتە کۆمەڵناسیی زانستیمان هەیە، کە پسپۆڕانی ئەو بوارە لە هەردوو ئاستدا سەرقاڵ بن.

ئەوەی کە هەموومان دەزانین ئەوەیە، لەبەردەم بەشەکانی کۆمەڵناسیی ناو زانکۆکانی ئێمەدا (واقیعێکی کۆمەڵایەتی)مان هەیە، کە دەتوانرێ بکرێتە بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵناسیانە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە لەهەمان ئەو بەشانەدا ئەو میراتە زانستی و



مێژوویی و کەلتوورییەی کۆمەڵناسیمان، وەك زانستێکی تۆمارکراوی تیۆری، نیە. بۆیە دەکرێ بپرسین: ئایا لە بەشێکدا کە هێشتا شارەزای میراتەکەی خۆی نەبێ، زانستێکمان هەیە بۆ نموونە ناوی کۆمەڵناسی بێت؟ ئاخر کاتێ لە هیچکام لە بەشەکانی کۆمەڵناسی وڵاتی ئێمەدا هیچ کتێبێکی (دۆرکهایم، مارکس و ماکس فیبەر، پارسۆنز، شولتز، گیدنز، هابرماس، بۆردیۆ، لۆمان، بێك، باومان و ئالان تۆرین و فیمینیستەکان و پۆستمۆدیرنەکان) و دەیان کتێبی دیکەی ناو نەریتی زانستی کۆمەڵناسی نەبن و نەکرابنە مەنهەج، ئایا کۆمەڵناسیمان هەیە؟ ئایا بەشێکی زانستی کتێبێکی وەکو (خۆکوشتن) و (فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی) و (دابەشکردنی کار)ی ئەمیل دۆرکهایم نەناسێ، یان کتێبێکی وەك (ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان)ی لویس کۆرزەر، تیایدا نەکرابێتە مەنهەج، یاخود ئاشنا نەبێ بەیەك چەمك و زاراوەی ناو کتێبی (جیاوازی) و (ئەقڵی پراکتیکی) پییر بۆردیۆ و بەسەدان سەرچاوەی دیکە نامۆ بێ، ئایا ئیدیعایەکردن بۆ هەبوونی ئەو بەشە لە وەهم و خۆفریودان زیاتر، شتێکی تر هەیە؟ چۆن دەکرێ بەشێك لە زانکۆیەکدا بەشێکی زانستی بێت و یەك تاقە مامۆستای تێدا نەبێ پسپۆڕیی وردی هەبێ لە یەکێ لەو میراتە زانستیەی ئەو بەشەی کردۆتە بەشێکی زانستی؟ لە راستیدا من کەس نائومێد ناکەم، بەڵام با یەك کەس لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵناسی زانکۆکانی کوردستاندا، پسپۆڕییە وردەکەی لە بوارێکی ئەو میراتە زانستیەدا بێت کە کۆمەڵناسی دروستکردووە؟ بەمجۆرەش دەکرێ بڵێین: لە پشت ئەو

زانستەی، زانستە لەسەر کۆمەڵگا و ژیان و پەیوەندی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، میراتێکی تیۆری و سیستەماتیك هەیە، بەڵام لەناو بەشی کۆمەڵناسی زانکۆکانی ئێمەدا، کۆی ئەو میراتە زانستیە بۆتە (مەلزەمە) و (کورتکردنەوە) و (لەبەراگرتنەوە)...

مەلزەمە دروستکردن، کۆمەڵناسی زانستی دروستناکان. کورتکردنەوە، تیۆرە نیە و لەبەراگرتنەوە و کۆپیکردنەوەش بەرهەمهێنان نین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەرکی کۆمەڵناسە پسپۆڕەکان و باسکارانی کۆمەڵناسە، تاکو تێگەیشتنە وردەکانی خۆیان لە شێوەی جۆر بە جۆردا بۆ قوتابیان بخەنە روو بەبێ ئەوەی دووچاری کۆپیکردنەوە و کورتکردنەوە بن..

**پلانی خراپ و دەستێوەردانی سیاسی:**

یازدەهەم: من لەو لێکدانەوەی پێشوودا هەوڵمدا ئەو بەڵگانە بخەمەڕوو کە کۆمەڵناسیان لە وڵاتی ئێمەدا خستۆتە قەیرانەوە. قەیران بارودۆخێکی مەترسیدارە و تیایدا کۆی نیشانەکانی بیماری بە لوتکەی خۆیان گەیشتوون و مردن ئەگەرێکە لەبەردەم بیماردا.. تاکە هەوڵدانێ کە بیمار لە مردن رزگار بکات هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و بنەبڕکردنیان و سنووردانانە بۆ تەنینەوەی زیاتری بیمارییەکە. هۆکارەکانی قەیران و بیماری کۆمەڵناسی زۆرن، فرە رەهەندن و کەس لەو لایەنانەی بەشەکانی ئەو قەیرانە پێکدەهێنن بە تەنیا کەمتەرخەم و خەتابار نین. لەم نووسینەدا رووی قسەمان



بەتەنیا لەلایەنێك نیە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموومان (لە خوێنەرێکی ئاسایی و سادەی بابەتەکانی کۆمەڵناسییەوە بگرە، کە کتێبە خراپ تەرجەمەکراوەکان بەبێ هەڵسەنگاندنێکی رەخنەییانە دەخوێنێتەوە، تاکو قوتابیانی زانکۆ، کە پێیانوایە کۆمەڵناسی هەر ئەوەیە کە دواجار بەکالۆریۆسی تێدا دەهێنن، لە ئاست قەیرانی کۆمەڵناسیدا بەرپرسیارین. لە مامۆستایانی بەشەوە تاکو پسپۆڕەکانی خاوەن بڕوانامەی بەرز و پڕۆفیسۆرەکان، تاکو ئیدارەی بەشەکان و راگرایەتی کۆلێژەکان و ئەنجوومەنی زانستی زانکۆکان و هەتا خوێندنی باڵا لەم قەیرانە و لە مانەوەی ئەگەری مردن لەبەردەم کۆمەڵناسیدا، بەرپرسیارن. ئیدی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتە کۆمەڵناسییەکان و وەرگێڕە نەشارەزاکان لەولاوە بوەستن..

کاتێ دەگوترێ هەموو بڕپرسیارن بەمانای ئەوە نیە کەس بەرپرسیارێتی سەرەکی وەئەستۆ ناکەوێ، بەرپرسیاریی سەرەکی بە پلەی یەکەم لەئەستۆی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو زانستەیە، ئەوجار لە ئەستۆی دەستە باڵاکانی بڕیاری زانستی لەم وڵاتەدا.. وەلێ ئەوەی کە دەڵێم: بەتەنیا لایەنێك بەرپرسیار نیە، مەبەست لەوەیە کە بۆ دەرچوونی ئەو زانستە لە قەیرانەکانی، هەوڵی هەموو ئەوانە پێویستە کە لە دروستکردنی پارچەکانی ئەو قەیرانەدا بەشدارن. کاتێ دەگوترێ هەموو بەرپرسیارن، واتە ئەو قەیرانەی بەشەکانی کۆمەڵناسی لە وڵاتی ئێمەدا هەیەتی، بەشێکە لە قەیرانێکی گەورەتری زانستی و فیکری و رۆحی کە لەم وڵاتەدا

هەیە، سەرچاوەکەیشی بریتیە لە سیاسەتێکی قەیراناوی و قەیران دروستکەر بۆ هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و تەنانەت زانستیش.. لە راستیدا ئەوەی سەرچاوەی قەیرانە، سیاسەتێکی قەیراناوییە لە وڵاتی ئێمەدا، کە لەئاستی یاسادا، ناعەدالەتیەکی زۆری بەرهەمهێناوە. لە ئاستی ئیداریدا سەدان جۆری گەندەڵکاری و لە ئاستی ئەخلاقیدا دوو روویی و لە ئاستی ئێستاتیکیدا ڕووالەتگەرایی و لە ئاستی زانستیشدا، ناعەقڵانیەتی بەرهەمهێناوە.. سیاسەتی قەیراناوی جگە لەوەی بۆخۆی قەیرانێکی گەورەیە لەبەردەم سیاسەتدا، ئاواش ئەو قەیرانە خۆی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا دەتەنێتەوە و ئەوەندە ئاسایی دەبێتەوە، کە هەموو وابزانن شتێکی سروشتیە. ئەم سیاسەتە نە بڕوای بە زانست و هێزی زانستی هەیە و نە زانستکار و پسپۆڕەکانیش بە گرنگ دەگرێ، هەر بۆیەش ئەو دەستێوەردان و بڕیارانەی لە بواری زانستەکاندا پێیانهەڵدەستێ، نەك هەر ناچنە خزمەتی رەوتی زانست و عەقڵانیەتەوە، بەڵکو رێك پێڕابواردنن بە زانست و ئەقڵانیەت.. ئەم سیاسەتە دەیەوێ کۆنترۆڵی بەشەکان، کۆلێژەکان و گشت پێگە زانستیەکانی لە دەستدا بێت، بەڵام لە جیاتی ئەوەی کەسی زانستی و خاوەن بڕیار و هزری عەقڵانی لەو شوێنانە دابنێ، دێت ئەو خاوەن (خەبات) و (شۆرشگێڕ)ە دێرین و (دڵسۆزانەی حیزب) و (سەربەخۆمان)، لەو شوێنانە دەکاتە بەرپرس کە لە هەموو ژیانیاندا حەفتا و دوو



کاتژمێریان بۆ زانست و بیری زانستی تەرخان نەکردووە. ئەوان لە بواری پێگە زانستیەکانیشدا بەهەمان ئەقڵیەتی هەڕەمەکیەوە بیر دەکەنەوە و تەنیا لە خەمی فراوانکردنی تۆڕی ئەو کەسانەدان کە لە (خۆمانن).. بۆیە ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا، رەوتی زانستی لە لایەن شارەزایانەوە و بە پێی (پەیوەندییە خۆمانەییەکان) دەچن بەڕێوە. بەم پێیەش ئەوەی لە خۆمان نەبێت، با پسپۆڕ و زانستیانەش بیر بکاتەوە، ئەوە دوژمنمانە..

بڕوا ناکەم لە هیچ وڵاتێکی دیکەدا، ئەوەندەی وڵاتی ئێمە زانست ئەوەندە لە مەترسی و لەبەردەم هەڕەشەدا بێت، هەڕەشەیەك کە لە لایەن سیاسەتێکی قەیراناوییەوە لێیدەکرێت و ناچاری دەکات زانست لەگەڵ سیاسەتدا بگونجێنێ، نەك سیاسەت بە زانستی بکات.

٢٠٠٨

# له بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:

**ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی هزری:**

- **دیاردەگەرایی تاراوگە**، چاپی یەکەم: دەزگای باران، سوید ١٩٩٥. چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢
- **سۆفیستەکان**، چ١ ستۆکهۆڵم ١٩٩٨، چ٢ دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چ ٣ دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی کتێبە فەلسەفییەکان: ٢٠٠٩
- **دنیای شتەبچووکەکان**، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چاپی دووەم، ڕەنج ٢٠٠٥
- **کتێبی نالی**، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠١
- **نەتەوە و حەکایەت**، بەرگی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆك ٢٠٠٢، چاپی دووەم دەزگای موکریانی، هەولێر: ٢٠٠٨
- **قەفەسی ئاسنین**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٣
- **مێژووی هزری کۆمەڵایەتی**، زنجیرەی هزر و کۆمەڵ ٢، هەولێر ٢٠٠٣



- **هاوکاتی و هاوشوناسی**، دەزگای سپیرێز، دهۆك ٢٠٠٤
- **لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی**، دەزگای سپیرێز، دهۆك ٢٠٠٤، چاپی دووەم، کتێبخانەی سۆران، هەولێر ٢٠٠٤
- **نووسین و بەرپرسیاری** (لێکۆڵینەوە)، چ یەکەم: ٢٠٠٦، چاپی دووەم بە دەستکارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦
- **زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع** (وتار و گفتوگۆ لەسەر زانکۆ و پەروەردە)، چاپی یەکەم: دەزگای گەنجان: سلێمانی ٢٠٠٧
- **ترسان لە فەلسەفە**. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩
- **دیکارت و ئەقڵانییەت**. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێبە فەلسەفییەکان، هەولێر ٢٠٠٩.

**گفتوگۆ:**

- **مرۆڤ وەك بەخشندە**. چاپی یەکەم (بەرگی یەکەم) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦

**بەرهەمی ئەدەبی:**

- **گۆرانییەك بۆ گوندە سووتاوەكان** (شیعر)، كۆپنهاگن ١٩٨٩
- **كۆپنهاگن!** (شیعر)، كانونفرهنگ ایران، دانمارك ١٩٩٤
- **زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال** (شیعر) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٠
- **من و مارەكان** (چیرۆك) مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی ١٩٩٩

**وەرگێڕان:**

- **ئەفسانەی خۆشەویستی** (سەمەد بیهرەنگی) ئەفسانەچیرۆك، چاپخانەی سەركەوتن، سلێمانی ١٩٨٣
- **دەنگی پێی ئاو** (سهراب سپهری) چ١، ١٩٨٩، چ٢ كۆپنهاگن ١٩٩٠
- **در امدی بر شعر معاصر كُردی**، (شیعری هاوچەرخی كوردی بە فارسی)، كۆپنهاگن، ١٩٩٠
- **پیدرۆپارامۆ** (ڕۆمان)، خوان ڕۆڵفۆ (بەهاوكاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چ ٢، سلێمانی ٢٠٠٩



- **دەروازەكانی كۆمەڵناسی** (منوچهر محسنی)، بەهاوكاری كۆمەڵێ وەرگێڕ، دەزگای موكریانی، هەولێر ٢٠٠٢، چ ٢ و چ ٣
- **ئەلبوومی كیژی جنۆكان** (چیرۆكی منداڵان لە دانماركییەوە)، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
- **خۆبەكۆیلەكردن** (ئەتین دۆلابۆتی) بە هاوكاری لەگەڵ مراد حەكیم. دەزگای موكریانی، هەولێر٢٠٠٥.
- **ژیان كورتە** (ڕۆمان)، یۆستین گۆردەر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر ٢٠٠٥، چ ٢ دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٩